# کەرکوك :
# شاری قەڵاو ئاگرو خوێن

## چارەسەر : نموونەی برۆکسل یان بەرلین ؟

عەلی مەحمود محەمەد ـ هۆڵەند



ناوی کتێب: کەرکوك : شاری قەڵاو ئاگرو خوێن
بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسەر : عەلی مەحمود محەمەد
لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکوك ژمارە ـ ٥٦
نەخشەسازیو بەرگ: محەمەد مەهدی
سەرپەرشتی چاپ: محەمەد سەعید زەنگنە
چاپخانە: ئارابخا ـ کەرکوك
چاپی یەکەم ـ ٢٠٠٦

**تێبینی: ئەو پەرەگرافانەی وەرم گرتوون، وەرگێڕانی وشەیی نین، بۆیە هەرکەم و کورپیەك لە دەربڕینەکانم هەبێت، داوای لێبوردن لە خاوەنەکانییان دەکەم.**



تا ئێستا کەم نەوتراوە لەسەر مێژووی دروستبوون و ناسنامەی نیشتمانی و جوگرافیای شاری کەرکوك ، پسپۆران و مێژوونوسان و جوگرافیا ناسانی کارامەو خامە ڕەنگین و بیر تیژی وەك د.نوری تاڵەبانی و د.جبار قادر و د.خلیل ئیسماعیل و د.جمال ڕەشید و ..... هتد زۆریان لە سەر ئەم شارە لەهەموو بوارەکانەوە نووسیوە . هەموو ئەو لایەنە گرنگانەی کە پێویستن لەسەریان هەڵوێستە بکرێت بۆ سەلماندنی کوردستانی بوونی ئەم شارە ، پڕیان کردۆتەوە ، هەردەم کوتان و قسە کردنێکی دیکە لەم لایەنانەوە دەچێتە خانەی کۆپی کردنەوەیەکی سەقەتی ئەو نوسینانەی ڕابردوو ، ئەنجامەکەی تەنها ماندوو کردنی خوێنەر و لێڵ کردنی دۆزەکەیە ، بۆیە ترسی ئەوەم هەیە ئەم هەوڵە تەوازعەی منیش بەو ئاقار و ڕچە ڕێیەدا بڕوات ، لە بڕی خزمەت کردن بە ماندوو کردنی خوێنەر و شێواندنی ڕاستییەکان بگات .

لە بەر گرنگی دۆزی کەرکوك لەم ڕۆژگارەدا ، ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە سەرچاوەیەك نەك تەنها بۆ سوتاندنی عێراق لە ئاگری ململانێکانی خۆیدا ، بگرە کاریگەری لەسەر پڕۆژە سیاسیە جیهانییەکان و جەمسەرگەری جیهانی و نەخشە ڕێژ کردنی سیاسەتی جیهانیش دابنێت لە داهاتوودا .

ئەگەر شەڕی کەنداوی یەکەم ڕەنگرێژی باڵا دەستی ئەمەریکای کردبێت ، ئەوا داهاتووی ململانێکانی عێراق ڕەنگرێژی سیاسەتی داهاتوی ئەمەریکا لە جیهان دەکات ، دۆزی کەرکوك شوێنێکی گەورەی لەو ململانێیە گرتووە لە جیهاندا بە ڕێوەیە بۆ تاك جەمسەری و فرەجەمسەری ، هەر تەقینەوەیەکی نەتەوەیی لەو شارە ئاگر لە جەستەی پرۆژە سیاسییەکان ئامەریکا لە ناوچەکە بەر دەدا و خەونە خۆشە پەنبەییەکانی دەکات بە قەرەبڵووت و جەستەی لە ناو زێڕە ڕەشەکەیدا دەسوتێت .

زۆرێك لەوانەی تەنانەت بۆ جارێکیش بێت بە ڕێکەوتیش بەناو کەرکوکدا گوزەرییان نەکردووە ، بە هێنانەوەی هەندێك بۆچوونی ئەم و ئەوو و سەر و گوێلاك شکاندنی هەندێك نووسینی کەسانی دیکە بە سەقەتی ، بەوان بێت بە چەند دروشمێك شارەکە بکەن بە قەسابخانەیەك ، یەك مرۆڤی جیا لە نەتەوەی خۆیانی بە زیندویی تێدا نەهێڵن ، بەوان بێت بە پانایی خاسە خوێن شەپۆڵ بدات ، نازانن

مرۆڤایەتی ئەو قۆناغە وەحشیەتەی بەجێ هێشتووە ، جارێکی دیکە جێی قڕ کردنە بە کۆمەڵەکانی تێدا نابێتەوە .

ناسیۆنالیزم ڕاستە هەموویان لە یەك سەرچاوەی فکری ئاو دەخۆنەوە ، بەڵام ناسیۆنالیزمی هیچ نەتەوەیەك ، تا سەر پەیوەندیی هاوڕێیەتی بە هیچ ناسیۆنالیزمێکی نەتەوەیەکی دیکەوە نای بەستێتەوە، بە تایبەتیش ئەوانەی بەرژەوەندیان پێچەوانەی یەکدییە . بەردەوام بەرژەوەندییە دژەکان لەبەرامبەر یەکتری دایان دەنێت ، داوای ململانێ و دەسکەوتییان لێدەکات ، هەموو کات بیر لە قڕ کردنی بەرامبەر دەکەنەوە .

توندڕەوەکانیان لە شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسەکەوتدا کۆپی یەکترن . ئەم یەك ڕەنگییەی ناسیۆنالیزمە توندڕەوەکانی دانیشتووی کەرکوك ، لە هەڵوێستیان بەرامبەر بە ناسنامەی نیشتمانی کەرکوك بە ڕوونی دەردەکەوێت ، لە شێوەی دوژمنی سەرسەختدا لە بەرامبەر یەکتر دایان دەنێت ، بەوان بێت لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆیاندا شارەکە بە خاك و مرۆڤەوە بسوتێنن ، جیا لە هاوزمانانی خۆیانی تێدا نەهێڵن .

ئەو گاڕانی نوسین و دروشم و کتێبانەی لەم چەند ساڵەی دواییندا لەسەر کەرکوك نوسراون و دەرچوونە ، جگە لەوانەی پێشتر ئاماژەم پێیان دا ، بە داخەوە نەیانتوانیووە چەند وشەیەکی نوێ بخەنە سەر نوسراوەکانی ڕابردوو و خزمەتێك بە ڕەوشی ئەم شارە بگەیەنن . کولتورێکی مرۆڤ پەروارانە لەناو نەتەوە جیاجیاکانی شارەکە بڵاو بکەنەوە ، بە ناچاری دەبێت بڵێین نەبوونییان زۆر باشتر بوو لەو هەموو زۆری و بۆرییە .

ڕوخانی ڕژێم و دەست بەسەردا گرتن بەسەر کۆمەڵێك بەڵگەنامە لە لایەن حیزبەکانەوە ، زۆر نیمچە خوێنەواری حیزبی کرد بە نووسەری چەندین کتێب لە سەر کەرکوك و تەعریب و ئەنفال ، لە ڕاستیدا ئەو کتێبۆکانە لە ئەلبومێکی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی کۆپی کراو زیاتر هیچی دی نیین ، ئەم نوسینانە نەیانتوانی کورد و حیزبەکان لە قەرزار باری ئەو نووسەرانەی ئاماژەم بە ناوەکانییان دا لە سەرەتاوە دەربکات . کوردستانی بوونی کەرکوك بە بەرز کردنەوەی دروشمی سیاسی زەق و داتاشینی ئەفسانە هیچ بەرهەمێکی نابێت ، جگە لە چاندنی تۆوی قینی نەتەوەیی لە شارەکە .



ئەگەر ئەفسانەکان لە ڕابردوودا ئاینەکانیان دروست کردبێت و زۆر نەتەوەیان کردبێت بە گەلی هەڵبژاردە و زۆر شاریان پیرۆز کردبێت ، ئەوا ئێستا سەردەمی ئەفسانە و پێغەمبەرایەتی تێ پەڕیووە ، بە ئەفسانە کردن جارێکی دیکە دانیال پێغەمبەر لە گۆڕەکەیەوە بە خۆی و ئاڵای کوردستانەوە دەرناچێتە دەرەوە و کەرکوك ناکات بە قیبلەگای ئومەتەکەی .

لەم باسەدا هەوڵ دەدەم تا پێم بکرێت خۆم لە لاسایی کردنەوەو کۆپی کردنەوەی نووسینەکان پێشتری نووسەران دەپارێزم ، هەرچەندە زۆربەی زۆری زانیارییەکانم لە نووسەرانی دیکەوە وەرگرتووە .

لەچەند بەشێکدا لە گەشەی شار لە جیهان و عێراق بە شێوەی گشتی ، وە کەرکوك بە تایبەت دەدوێم ، هۆکارەکانی گەشە کردنی شار کامانەن ؟؟ ، گۆڕانکارییەکانی شاری کەرکووك لە نێوان دوو سەدەی ڕابردوو بە گشتی وە ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ بە تایبەت ، چۆن بووە و بە چ قەبارەیەك بووە ؟ . هەوڵە دەدەم ڕایەڵەیەك لە نێوان گەشەی کەرکوك وەك شار وە هەر شارێکی دیکە لە جیهان و عێراق و کوردستان بدۆزمەوە ، وەك وەڵامێك بۆ ئەوانەی دەیانەوێت کۆچی جوتیارانی کورد لە دەوروبەرەکەیەوە بۆ ناوەندی شار لە یاسای سروشتی گەشەی شار بخەن ، یاساو ڕێسایەك تایبەت بۆ کەرکوك بە کردن بدەن ، کەرکوك دابڕێنن لە دەورو بەرەکەی خۆی لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی . لێرەشەوە بەربەستێك لەبەردەم بەشاریبوونی خەڵکی ناوچەی کەرکوك دروست بکەن . هەموو ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کۆچی جوتیارانی کورد لە لادێوە بۆ ناو سەنتەری شار ، بە دەرە لە یاسای دیالێکتیکی گەشەی سروشتی شار لە جیهان . بە بۆچوونی ئەوان بێت جیا لە سەرتاپای جیهان ، خەڵکی دەوروبەری کەرکووك ناتوانن ببن بە هاووڵاتی لە سەنتەردا ، بۆ ئەوەی لێرەوە ناسنامەی نیشتمانی شارەکە بە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن .

## یەکەم

## گەشەی شارنشینی  لە جیهان  لە دوو سەدەی ڕابردوودا





شار وەك شوێنگەیەك  بۆ نیشتەجێ بوون و ژیانکردنی خەڵك ، لە ڕابردوو شوێنی ژیانی کەمایەتییەك بچووك بوو لە کۆمەڵدا ، شارەکان لە ناو شوراو قەڵاکان زینداني کرابوون ، دەرگایان  بۆ هەموو هاووڵاتیان ئاوەڵا نەبوو ، خەڵکەکەی  دابەش ببوون بەسەر چەند چینێکدا، سەرباری ئەوەی چالاکییە ئابورییەکانی لە ئاستی تێر کردنی ئەو ژمارەیە زیاتر نەبوو کە بریتی بوون لە : کاری سەربازی ، بازرگانی ، پیشەگەری ، فەرمانبەری ، پیاوانی ئاینی  ، کشت و کاڵ لە کەناری شارەکان ، ئەمانە گرنگترین ئەو کارانە بوو لە شاردا هەبوون  ، ئەمانەش پێویستییان  هێزی کاری زۆر نەبوو  ، وڵات بە دەسکەوتی جەنگ و پەلامارەکان دەچوو بەڕێوە (( دانیشتووانی شاری ئیکرۆنی فەلەستین لە دوو یان سێ چین پێك دەهاتن : چینی فەرماندە سەربازییەکان (شاکاناکی) ، چینی  وەجاخ زادە ، چین زۆربەی خەڵك ، هەمان شت لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاین لە وڵاتی ئاشور ١.

شۆڕشی پیشەسازی تەکانێکی گەورەی دا بە گەشە کردن و گەورە بوونی  شار ، ڕۆڵ و پایەی  شاری  لە کۆمەڵگا و بەرهەم هێناندا بەرز کردەوە ، دامەزراندنی کارگاو کارخانەی گەورە ، کەم بوونەوەی ڕۆڵی کشت و کاڵ لە بەرهەمی نەتەوەیی

وڵات ، بە ئەندازەیەك ئەمڕۆ كشت و كاڵ لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا ، پشكی كەمترە لە ٤٪ ی كۆی بەرهەمی نەتەوەییە ، لە بەرامبەردا بەشی هەردوو كەرتی پیشەسازی و خزمەتگوزاری چوّتە سەر ، ئەم دوو كەرتەش لە بواری ئابوریدا هەردووك ئابوری شارین ، بە پێچەوانەی كەرتی كشت و كاڵەوە كە ئابورییەكی گوندییە ، تاكو بێت ڕۆڵی گوند لە ئابوری لاوازتر دەبێت ، بە وتەی كیشان فارما بەرپرسی بانكی نێو دەوڵەتی لە چین : سەدەی ٢١ سەدەی شارە .

لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە ، قورسایی شار لە كۆی بەرهەم هێنانی وڵاتاندا چوّتە سەر ، شار لە ناوەندی سەربازییەوە بووە بە ناوەندی بەرهەم هێنانی كاڵا ، ڕۆڵی لە كاروباری سەربازی كەم بۆتەوە ، تا ئەو ڕادەیەی ئەمڕۆ لە زۆربەی زۆری وڵاتان ، سەربازگاكان فڕێ دراونەتە دەرەوەی شارەكان ، لە دوری ئاوەدانییەكان نیشتەجێ كراون . هیچكە قەڵاو شوراكان مۆڵگای سەربازگاكان نین ، بەڵكە بوونە بە ناوەندی بازاڕ و چالاكی ئابوری .

ئەم بۆچونە دەربڕی ئەوە نییە ، شار لە ڕابردوودا ڕۆڵی سیاسی ، ئابوری ، فەرهەنگی نەبوبێت ، یان گرنگی پێ نەدرابێت ، بەڵكە بەهۆی پەیوەندی ئابوری فەرهەنگی كۆمەڵایەتی زاڵەوە ، نایتوانی لەو ڕۆڵەی كە هەیبووە ، نەخشی زیاتر دیاری بكات ، بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەكان و ئاستی بەرهەم هێنان تیایدا ڕێگر بوو لەوەی شار لەو قەبارەیەی هەیبووە مەزنترەوە بێت .

لە ڕابردوو و ئێستادا ، شار ناوەندی بڕیارە سیاسییەكان بووە لە وڵات ، لە شارەوە دەسەڵات لە دایك بوو ، پەلوپۆی هاویشت ، شارەكان پایتەختی ئیمپراتۆرییەكان بوون حوكمی جیهانیان لێوەی كردووە ، ئاین و بیروباوەڕە سیاسیە مۆدێرنەكان هەموو كات شاری بوونە نموونە ئاینی ئیسلام و كریستان لە شارەوە لە دایك بوون و پەلوپۆیان هاویشت .

شار دایانگای مۆدێرنەیە ، هاوكات مۆدێرنەش گەشەی بە شار دا ، شاری لە فەوزاو ناوەندی ئەشكەنجەو داپلۆسین و مشە خۆری ڕزگار كرد ، نەزمی دا پێی ، جوانی پێ بەخشی ، ئازادی دا بە هاووڵاتیانی ، پان و پڕ و جوانی كرد .

ئیسلامییەكان پێیان وایە ، مرۆڤایەتی لە دوای لافاوە مەزنەكە ، لە شارەوە دەستی بە ژیان كردۆتەوە ، نەك شار لە ئەنجامی گەشەی قۆناغی كشت و كاڵ و نیشتەجێ بونی هاووڵاتیان لە دەوری یەكتر هاتبێتە دامەزراندن . ئەو شارەش



بەلای ئەوانەوەی سەنعای پایتەختی یەمەنە ((سەنعا یەكەم شارە لە لایەن سام كوڕی نوحەوە دروستكرا ، لە دوای كەعبە ٢ ، بێ گومان ئەم بۆچوونە زۆر دوورە لە چیرۆكی گەشەو گەورە بوونەوەی شار و كات و شوێنی سەرهەڵدانی لە جیهاندا ، هەروەها قۆناغەكانی گەشەی كۆمەڵ لە ڕاوو شكارەوە بۆ شوانكارەیی و كشت و كاڵ ... ، شار بە ئامادەكراوی پێشكەش بە مرۆڤایەتی نەكراوە ، بەڵكە مرۆڤایەتی هەزاران ساڵی ویست تا پێی گەیشت .

فەلەستینییەكان هەرچەندە لە پێناو ئاینداخۆ دەتەقێننەوە ، كەچی شانازی بەوەوە دەكەن كە لە نیشتمانەكەیانەوە یەكەم شار و ناوچەی نیشتەجێ بوون هاتە دروستكردن ، ئەو شارەش ئەریحایە نەك سەنعا : ((ئەریحای كۆن یەكەم ناوچەی نیشتەجێبوونە لە جیهان مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ٩٠٠٠ ساڵ پێش زاین ٣ .

ئەغریقییەكان زۆر گرنگیان بە شار دەدا لە ڕوی بیناسازییەوە ، هەموو شارێك لە شارەكانییان هێنایە ئاستی وڵاتێك ، ئەوان لە وڵاتی شارەكاندا ژیان ٤.

یۆنانییەكانیش بە هەمان شێوە لە دەوڵەتە شاردا دەژیان . هەردەوڵەتێكیان پێك دەهات لە شارێك و زەوییەكان دەوروبەری . بە هەمان شێوە لە وڵاتی سۆمەرییەكانیش شارەكان هەموو بە پاڵ یەكترەوە ، وڵاتی سەربەخۆ بوون ((سۆمەرییەكان شاهەنشانشینییان دانەمەزراند ، بەڵكە چەند شارێك بوون هەریەكەیان وڵاتێكی سەربەخۆ بوون ٥ .

شار لە ڕووی پێكهاتە و قەبارەوە ، شێوەی خانوو نەخشە سازی ناو شارەوە ، لە هەر ناوچەو هەرێمێكی جیهان تایبەتمەندی خۆماڵی هەبووە ، بە كۆمەڵێك قۆناغدا تێپەڕیووە ، بەردەوام لە پێشكەوتن و گەشەكردندا بووە ، لێ تا سەردەمی ڕۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی ، پێشكەوتنەكان بە پێی كیسەڵ نراوە .

ڕۆمانەكان لە هەموو بوارەكانی بیناسازی و جوانكاری و ئاوەدانی شوێن پەنجەیان بە مێژووەوە دیارە ، سەرباری ئەوەی لە بواری داهێنانی كەل و پەلی كاركردن لە پەیكەرتاشی و خانەسازی ، هەروەها یەكەم پردی بەردینیان لە مێژووی مرۆڤایەتی دروستكرد لە ساڵی ١٧٩پ ز ، كە بە پردی ئەیمیلیۆس ناسراوە . تەنانەت یەكێك لە پردەكان كە لە ئیسپانیا دروستیان كرد ، لە ساڵی ١٠٠ زاینی تا ئێستاش ماوە ، پردی فابریكۆسیش كە لە ٦٢ی زاینی دروستكراوە تا ئێستا بەكاردەهێنرێت ((

تاريخ العالم —السيرجون.ا.هامرتن—المجلد الرابع مكتبه النهقه المصريه —ص٨,٩. ))
((ئەرستۆ باس لە نەخشەی تۆڕی دەکات بۆ شارەکانی وڵاتی ئەغریق ، کە داهێنەرەکەی ئەندازیاری ئەغریقی (( هیپۆداموکس)) ە ، بە ڕێنوێنی هیپۆقرات ئەو نەخەشەیەی دانا ، بەجۆرێك نەخشەی شار بکێشن خۆرەتاو ماڵەکان بگرێتەوە ٦ .
((شاری olynthus لە سەدەی ٥ پێش زاین بەو شێوەیە نەخشەی کێشرا ، خانووەکانی ڕوو لە خۆرهەڵات دروستکران ٧ )).
تا ئێستاش پاشماوەی ئەو شارانەیان بە نموونەی بەرزی بیناسازی دادەنرێن ، هەر ئەغریقییەکان بوون بۆ یەکەمجار لە خزمەت گەشەدان بە شارەکانییان بیرییان لە ئەندازیاری کرەوە (( ئەغریقییەکان ئەندازیارییان داهێنا ٨ .
ساسانییەکانیش داهێنەر بوون لە دروستکردنی گومبەتی گەورە بۆ سەر خانوەکانیان ، ( هەیوان کیسری ) نموونەیەکە لەم تەلارسازییە .
دیارە کاروباری سەربازی ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە دیاریکردنی نەخشەی شار ، چونکە شار بۆ خۆی سەربازگەی گەورەی ناوچەکان بووە . دروستکرنی شار بەشێوەی تۆڕی ستونی یەکتر بر ، دروستکردنی ئاسانترەو بە سانایش حوکم دەکرێت ، بەردەوام لەبەر دیدەنە ، بۆیە داگیر کەران هانایان بۆ ئەم جۆرە نەخشەیە بردووە (( شاری خان بالیغ گواستراپەوە( دانیشتووانی دەگەیشتەملیۆنان کەس —پایتەختی چین ) ، بەهۆی تەنگەبەری و پێچ و پەنای کۆڵانەکانییەوە ، شاری تازە قەڵای خان چوارگۆشە بوو ، شەقامی پان و بەرین ڕاستەو ڕاست و خانووەکانی بەشێوەی ڕێك و پێك دروست کرابوون ، ڕووبەرەکەی لە دەورو بەری ٣٦ میلی چوار گۆشەی ئیتاڵیایی دەبوو ، بە ئاسانی چاودێری دەکرا ٩ .
لە بەر ئەوەی خانوو بۆ حەسانەوە و پاراستنی مرۆڤ و سامانییەتی ، بۆیە ژینگە کار لەسەر قەبارەو شێوەی خانوو دروستکردن و نەخشەی شاریش دەکات ، تەنانەت کار لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشتی هاووڵاتیانیش دادەنێت .
ناوچەی بیابان و لماوی ، بەرداوی ، شاخاوی ، خۆڵ ، شێوەی خانووەکان و پێکهاتەیان جیایە لەگەڵ یەکتر ، هەرچەندە بە تێپەڕ بوونی مێژوو شێوەی خانوو گۆڕاوە ، لەسەردەمی گڵۆباڵدا هەموو لەیەك تەرز نزیك دەبنەوە .
ئاوهەوا جوڵەو ڕوخۆشی و زەوق و تەندروستی کەسەکان دیاری دەکات ، بۆیە دەبینین پێش مۆدێرنە و زاڵبوونی تەرزی خانووی ڕۆژئاوایی بەسەر جیهاندا ، هەر



ناوچەیەك مۆدێلی خانووی خۆی هەبووە ، ئەو جیاوازییە ئێستاش لە لادێی وڵاتە هەژارەکان ماوە .
خانوی ئەسکیمۆ لە ژێر بەفر بووە ، قەمیشەڵان و کەپر خانووی خەڵکی ئافریقیا بووە . لە هێڵی ئیستیوائی شێ ، بیابانی گەرم ، ڕەنگی لم و نەخۆشی ئیسیوائی کاریان کردۆتە سەر سەرتاپای ژیانی ئەو خەڵکە بە شێوەی خانو و شار و شەقامەکانیشەوە ((ناوچە گەرمەکان خانوو لە قوڕ و قامیش دروست دەکەن ١٠
ئاین ڕۆڵی خۆی بە شارەوە ناوە ، سەرباری ئەوەی پەرستگاکان سەرچاوەی هێزی شار و کۆبونەوەی جەماوەر بوونە لە دەوری ، لە قۆناغە بەراییەکانی سەرهەڵدانی ئاین و شار ، هەموو کات ناوەندی شار یەکسان بووە بە پەرستگاو شوێنە پیرۆزەکان ، بەدەوریا ئاوەدانی دەستی پێکردووە ، جگە لەوەی بەشی زۆری وزەو توانا مرۆییەکان لە بواری تەلار سازی لە خزمەت خانووە پیرۆزەکان و پەرستگاکان بووە ، شوێنە ئاینییەکان نمونەی بالای تەلارسازی هەر وڵات و ناوچەیەك بووە . ئاین و باوەڕی بەهێز بە ژیانی پاش مردن ئەهرامەکانی دروستکرد . هەر ئاین بوو پاڵی بە معاویەوە نا مزگەوتی ئەمەوی دروست بکات ، بە گەورەترین ئینجازی تەلارسازی لە شام دادەنرا ، کاتێك دروستی کرد وتی : خەڵکی دیمەشق شانازی بە چوار شتی شارەکەیانەوە دەکەن ، ئاو ، هەوا ، میوە ، حەمام ، منیش دەیکەم بەپێنج و مزگەوتێك دروست دەکەم نموونەی نەبێت .
ئاین کار لەسەر شێوەی دروستکردنی خانوو دادەنێت ، پەرستگاو شوێنە ئاینییەکان ، هەر چەندە زۆرجار لەیەك چوونێك لە نێوانییان دەبینرێت ، لە لاسایی کردنەوە ، بە تایبەت پەرستگای ئاینە سامیەکان ، بەڵام هەموو کات ئاینەکان ، بە دوای ناسنامەی سەربەخۆی خۆیانەوە بوونە،لە دروستکردنی پەرستگاو شوێنە پیرۆزەکانیان .
شاری ئیسلامی تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەبووە ، مزگەوتی گەورە قوتابخانەی ئاینی ، تەکییەی زیکر ، بە هەمان شێوە شاری کریستان ، ژمارەی کەنیسە گەورەکان سەرتاپای شارەکانی ئەوروپای داگرتووە .
تەنانەت نەخشەی شاری وڵاتانی سەر بە ئاینە جیاجیاکانیش لە یەکتر جیا بووە (( بۆشایی دەرەوە لە شاری ئیسلامی ١١٪ ، لە شاری ئەغریقی ٢٧٪ لە شاری ڕۆمانی ٣١٪ بووە ، بەم هۆیەوە وڵاتانی ئیسلامی کۆڵانەکانی تەسك و تەنگەبەر

بوون ، دیارە گەرمی کەش و هەوای ناوچەی ئیسلامی ، ڕۆڵی لە کەمی بۆشایی دەرەوە بینییەوە لە شاری ئیسلامی ، هاوکات سادەیی هۆیەکانی گواستنەوە لەو کاتەدا ١١ .

(( شاری مەدینە شەقامی سەرەکی ٤ مەتر بوو ، بەڵام ئەو گەڕەکانەی چالاکی بازرگانی تێدا بوو ٢–٣ مەتر بوون، بەڵام کۆڵانە لاچەپەکان ١,٥–٢ مەتر بوون ، چالاکی بازرگانیان تێدا نەبوو ١٢.

ئەم نموونەیە زۆربەی زۆری شارە ئیسلامییەکان دەگرێتەوە کە بە شێوەی گشتی ،کۆڵانی تەنگەبەر ، کەمی باخچە ، خانووی لە پاڵ یەك ، کۆڵانی داخراو بەدی دەکەین .

پێگەی ئابوری شاریش ڕۆڵی خۆی هەبووە لەسەر سیمای شار ، ناوچەی دەوڵەمەند و خاکی بە پیت و بە بەرەکەت ، شاری جوان و ڕێك و پێك بەرهەم دەهێنێت . هەروەها فەرمانی ئابوری شارەکە ڕۆڵی هەبووە لە دیاریکردنی پێکهاتەی شار ، مەکە شاری بازرگانی بوو ، بۆیە دەبینیین بازاڕی وەرزی گەورەی عوکازی لێبووە ، مەدینەش شارێکی کشت و کاڵی بوو ، بۆیە خاوەندی جۆگەلەو ڕەزو باخ بووە .

شارە پیرۆزە ئاینییەکان ، شارە سەربازییەکان ، شارە بازرگانییەکانی قەراغ دەریا ، شارەکانی سەر ڕێگای کاروانە بازرگانییەکان ، ڕۆڵی مەزنیان هەبووە لە مێژوودا .

لە سەردەمی پێش مۆدێرنیتەدا ، بە شێوەی گشتی لە زۆربەی بارەکاندا ، وەزیفەی شار ، زیاتر وەزیفەیەکی سەربازی بووە . شار ئەو قەڵا و شورا گرنگە بووە ، لەو دیوییەوە ، سەربازان داکۆکییان لەسنوری دەسەڵات کردووە ، وڵاتیان لە دوژمنان پاراستووە ، لە ڕێگەیەوە باج و سەرانەیان تێیدا بۆ فەرمانڕەوایان کۆکردۆتەوە .

ژمارەی دانیشتوان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و ئاستی داهاتی تاك لە هەر وڵاتێکدا ، قەبارەی شارەکانی وڵاتەکە دیاری دەکەن . ژمارەی دانیشتوانی کەم و پەیوەندی ئابوری دەرەبەگایەتی و خەڵکێکی هەژار و نەخۆش و نەخوێنەوار پێویستیان بە شاری گەورەی ملیۆنی نییە . پەیوەندیی ئابوریش ، ڕێگە بە



دروست بوونی شاری وا مەزن نادات . گەشەی شار بەو شێوە بەرفراوانەی ئێستا هاوتایە لەگەڵ قۆناغی شۆڕشی ڕۆشنگەری و پیشەسازی و مۆدێرنەیا .

دوو سەرچاوەی مرۆیی بۆ زۆربوونی دانیشتوانی شار هەیە ، کۆچی جوتیاران لە لادێوە بۆ شار ، بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتوان ، بۆیە ناتوانیین بە دابڕان لەم دوو سەرچاوەیە باس لە گەورەبونەوەی شار و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی بکەین .

## زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان

مرۆڤایەتی لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تاکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە هەم ، هەندێك لەوە زیاتریش دەڕۆن بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست ، نەیتوانی ژمارەی ملیارێك دانیشتووان لەسەر گۆی زەوی پڕ بکاتەوە .

پڕ کردنەوەی ژمارەی یەکەم ملیار مرۆڤ دانیشتوانی سەر گۆی زەوی ، سەدان و هەزاران هەزار ساڵی ویست ، ملیۆنان پزیشك و ملیاران ملیۆن مرۆڤ ، هەموو هەوڵێکیان خستە گەڕ ، کۆششیان دا ، بۆ زاڵ بوون بەسەر مەرگ و باشتر کردنی باری ژیانی مرۆڤەکان ، لە خواردن ، تەندروستی و پەروەردە، تاکو لە مەرگە بە کۆمەڵەکان ڕزگاریان بکەن و ڕێژەی تەمەنیان بەرز بێتەوە ، با ڕێژەی تەمەن لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا بە نموونە وەربگرین ، لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ، دەبینیم چەند گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەرەو سەر هەڵکشاوە لەم ماوە کەمەدا:

| ((ساڵ | ژن | پیاو |
|---|---|---|
| ١٩٠٠ | ٤٦ | ٤٨ |
| ٢٠٠٠ | ٧٩ | ٧٤(ساڵ تەمەن)١٣ |

مرۆڤایەتی تاکو ژمارەی ئەندامەکانی گەیشت بە یەکەم ملیار مرۆڤ ، چەندین قۆناغی ئابوری کۆمەڵایەتی بڕی ، چەندین جۆر سستەمی دەسەڵاتداریەتی و شێوەی فەرمانڕەوایی تاقیکردەوە .

دەرد و ئافاتەکان ، تاعون و ڕشانەوەکان ، سیل و زەردوییەکان ، شەڕ و بە کۆیلە کردنەکان ، بومە لەرزە و قات و قڕییەکان ، برسێتی و لافاوەکان ، هەموو بەربەست

بوون و ڕێگەیان لە گەیشتن بەو ژمارەیە دەگرت لە ڕابردوودا ، هەموو ئەمانە شەڕی مان و نەمانیان لە گەڵ مرۆڤایەتی کرد ، لە زۆرانبازی بەردەوامدا بوون لەگەڵیدا ، ڕێگر بوون لەبەردەم گەشەکردنی نموونە شارێکی وەك لەندەن ، بەردەوام نەخۆشی تاعون پەلاماری داوە ، سەرچاوەی نەخۆشیەکەی مشك و جرجی ناو شار بووە (( شار پڕ بوو لەمشك و جرج ، جرج هۆکارێکە بۆ بڵاو بونەوەی نەخۆشی تاعوون لە شاری لەندەن ١٤ .

پاش گەیشتنی مرۆڤایەتی بەو ژمارەیە ، مرۆڤایەتی دوواتر لە ماوەی نزیك بە سەدەیەك ، توانی ژمارەی ٦ ملیار دانیشتوان پڕ بکاتەوە ، ئەمەش لە سایەی ئەو داهێنانەی لە بواری پزیشکی و پەیوەندیکردن و گواستنەوە ، بە دوای شۆڕشی پیشەسازی دا هاتن ، نەخۆشی و ئافاتە گەورەکانی بنەبڕ کرد ، ڕێژەی بەرهەمی خۆراك چووە سەر ، ڕێژەی نەخوێندەواری هاتە خوار ، ڕۆشنبیری پزیشکی بڵاو بوەوە ، دەستی چارەسەر لە ڕێگەی پیاوانی ئاینی و جادو کورتکرایەوە ...... ، هەموو ئەمانە ڕێژەی مردنی منداڵیان کەمکردەوە ، ڕێژەی تەمەنییان بردە سەر ، ئاکامەکەی بەو گەشەیەی ژمارەی دانیشتوانی جیهان گەیشت .

شۆڕشی پیشەسازی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمەوە ، دەرگای بۆ گەشە کردن و زۆر بوونی دانیشتوانی جیهان خستە سەر پشت ، بە تایبەت ئەو داهێنانەی لە بواری پزیشکی بە دی هاتن یارمەتی دەری گرنگ و هۆکاری سەرەکی بوون بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن ، بە تایبەت مردنە بە کۆمەڵەکان .

بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ، ڕێژەی مردن بە ڕادەی بەرز هاتە خوار ، مردنە بە کۆمەڵەکان وردە وردە بەرەو نەمان و پوکانەوە چوون ، ڕێژەی لە دایك بوون چووە سەر ، بە تێپەڕ بوونی کات ڕێژەی تەمەن بەرەو سەر هەڵکشا .

هاوکات بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی و ئامرازە بەرهەم هێنەرە کشت و کاڵییەکان و داهێنانەکان لە بواری هۆیەکانی گواستنەوە ، وایان کرد خۆراك زۆر بێت ، تا ڕادەیەك زۆر چارەسەر بۆ برسێتی و کەم خۆراکی مرۆڤەکان بدۆزرێتەوە ، ئەمڕۆ سەرباری زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی گۆی زەوی ، لێ بەرهەمی کشت و کاڵ لە پێداویستی مرۆڤایەتی زۆر زیاترە ، هەروەها بە هۆی خێرا بوونی پەیوەندییەکانی گواستنەوەو گەیاندن ، لە کاتی قات و قڕی و لێقەوماندا مرۆڤایەتی دەتوانێت بە خێرایی فریای ناوچە زیان لێکەوتووەکان بکەوێت .



بە شێوەی گشتی گشتی زۆربوونی خۆراك ، پێشکەوتنی کەرتی تەندروستی ، گەشەی پەروەردە ، کاریگەرییان لەسەر بەرز بوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی دانا .

هەرچەندە تاکو ئێستا زیاتر لە یەك ملیار و دووسەد ملیۆن مرۆڤ بە ئاوازی جوڕەی سکەوە شەوان سەر دەنێنەوە ، ناتوانن ڕۆژانە ٣ ژەم خواردن بخۆن ، لە وڵاتانی بیابانی گەورەی ئەفریقا ، منداڵان گەڵای وشکەوە بووی دارەکانیشیان دەست ناکەوێت تا ورگیانی پێ پڕ بکەن ، لە جیهاندا لە هەر دەقەیکدا ٣ منداڵ لە برسان دەمرێت ، لە کاتێکدا لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا تەنها قەبارەی بازاڕی ئایس کرێمیان زیاترە لە ٧٠ ملیار دۆلارە .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا ، مرۆڤایەتی لە سەرەتای پەیدا بوونییەوە تاکو سەدەی بیست نەیتوانی ژمارەی ١ ملیار مرۆڤ پڕ بکاتەوە ، لە ناوەڕاستی سەدەی ١٧ ەدا ، توانی لە ژمارەی نیو ملیار نزیك بێتەوە ، بە دوو سەدەو نیوی دواتر ، توانی بگات بە ژمارەی یەك ملیار ، ئەو ماوە زەمەنییە بە گوێرەی مێژووی پێشتر زۆر کەمە ، بەڵام بۆ مێژووی دواتر زۆر زۆرە ، ئێستا مرۆڤایەتی لە ماوەی کەمدا ملیارەکان دەبڕێت .

(( سەرەتای چەرخی زاینی ژمارەی دانیشتوانی زەوی ٢٣٠ ملیۆن بوو . لە ١٨١٢ز توانی یەك ملیار تەواو بکات ، بە ١٨١٢ ساڵ توانی ٧٧٠ ملیۆن زیاد بێت . ساڵی ١٩٣٠ گەیشتە ملیاری دووەم ، ساڵی ١٩٦٣ گەیشتە ملیاری سێیەم ، ساڵی ١٩٧٥ گەیشتە ملیاری چوارەم ١٥ . پێشبینی وایە ساڵی ٢٠١٢ ژمارەی دانیشتووانی سەر زەوی دەبێتە ٧ ملیار ١٦ .

((بە گوێرەی ڕاپۆرتی ویکلۆکس ، ساڵی ١٦٥٠ ز مرۆڤایەتی گەیشتە ٤٧٠ ملیۆن مرۆڤ ، لە ساڵی ١٨٠٠ ز گەیشتە ٩١٩ ملیۆن ، لە ساڵی ١٩٠٠ز گەیشتە ١٠٧١ ملیۆن )) ١٧ .

ئەو ژمارانە بەهۆی نەبوونی ئاماری هەمەلایەنەی وردەوە ، تەنها پێشبینی و ئەگەرە ، چونکە ئاماری مۆدێرنی ورد ، تا ئەم چەند دەیەی دوایی ئەنجام نەدراوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی زۆر کۆمەڵە مرۆڤی داخراو لە جیهاندا هەبوونە ، لەو کاتەدا زانیاری پێویست لە بارەیانەوە نەبووە ، یاخود خۆیان لە ئامار کردن شاردۆتەوە ، ئاخر چۆن بتوانرێت ئاماری ورد لە سەدەی ١٨–١٩ بکرێت لە جەنگەڵەکانی ئافریکا ، لە کاتێکدا ڕاوە مرۆڤ بکرێت بۆ بە کۆیلەکردن؟ .

بۆیە ئەم ژمارانە تەنها گریمانەو پێشبینی کراوە ، هەر بۆیە هەر یەکە لە توێژەرەوان ئامارێکمان دەدنێ لەوانەی دی جیایە ، بۆ نموونە ئەمەش ئامارژەیەکی دیکەیە بۆ ئاماری دانیشتووانی جیهان لە دەسپێکی سەدەی ١٩ (ساڵی ١٨٠٠ ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی تەنها ٩٠٦ ملیۆن بوو) ١٨ .

لە سەدەی چواردەوە دانیشتووانی گۆی زەوی لە گەشە کردنی بەردەوامدایە ، بەڵام بەرزترین ڕێژەی گەشەکردن لە مێژووی مرۆڤایەتی لە سەدەی ١٩ و ٢٠ بەدی هات (( لە سەدەی ١٤ و ١٥ ەوە بۆ ئێستا ژمارەی دانیشتووانی گۆی زەوی زیاتر لە ٢٧ جار چۆتە سەر )) ١٩ .

ئەم زۆر بوونەی دانیشتوانەش تا ئێستاش هەر لە بەرز بونەوەدایە . هەرچەندە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەرز بوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان نزیك لە ڕاوەستانە ، تەنانەت لە هەندێك وڵات لە دابەزینیدایە ، نموونە ژاپۆن ( معدل خصوبە للمراە الیابانیە (١,٢٩) ٢٠ و ئەڵمانیا( ١,٣٩) ٢١......، ئەمەش مەترسی گەورەی بۆ ئەم وڵاتانە پێك هێناوە .

## کۆچ بۆ شار

دوو سەدەو نیوی ڕابردوو ، بە دوای شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپای خۆرئاوا ، بازرگانی جیهانی گەشەی گەورەی کرد ، بەرهەمە زۆر و زەبەنەکانی پیشەسازی ئەورووپا ، پێویستی بە بازاڕ هەبوو بۆ ساغکردنەوە . بازرگانەکان قوماشی ئینگلیزی و هۆڵەندی ، حەریر و شەرابی فەرەنسی ، شوشەی بندقییان ، لەم وڵاتەوە دەگەیاندە ئەو وڵات ، لەم بازاڕەوە بۆ ئەو بازاڕ ، لە وڵاتانی ژێر دەستەو دواکەوتوشەوە ، عاج و پێستی خۆشەکراوو دانەوێڵە و خوری و قالی کاشان و بهارات و ... دەنارد بۆ بازاڕەکانی ڕۆژئاوا .

هۆیەکانی گەیاندن گەشەیان کرد ، تۆڕی ڕێگاو بانی نوێ و پەیدا بوون ، ڕێگای ئاوی کورت وەك نۆکەندی سویس کاریگەریان لە سەر گەشەی بازرگانی و خێرا کردنی دانا .



کارگاو کارخانەکان پێویستیان بە هێزی کار هەبوو ، ئەو هێزی کارەیان لە کۆیلەی ڕەش پێست و بێکارانی لادێوە دابین کرد ، بەمەش شارەکان ژمارەی دانیشتوانییان زیادیکرد ، کۆچ لە لادێوە بۆ شار دەستیپێکرد .

چەندە ژمارەی دانیشتوان بچێتە سەر ، بازار گەورە دەبێتەوە ، بازاڕی تازە دەکرێتەوە ، هاوکات لە گەڵ پیشەسازیدا یەکتر تەواو دەکەن ، بەردەوام هێز لە گەشەی یەکتر وەردەگرن (( شار گالیسکەی ئابورییە ، تا گەورەتر بێت ، زۆرتر بار دەگرێت ٢٢ .

کاربردی تاك لە شاردا زیاترە وەك لادێ ، بۆیە وڵاتە شارنشینییەکان هەموو کات بارستایی بازاڕی ناوخۆییان گەورەترە لە وڵاتە لادێنشینییەکان ، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی داهاتی تاکی بەرزە .

تاکو هێزی کڕینی هاونیشتمانیان بچێتە سەر ، بازاڕ گەشە دەکات و دەبوژێتەوە ، پیشەسازی ئارایشی و کاربردی ناوخۆ گەشە دەکات ، هاوکات لە گەڵ گەورە بوونەوەی شار و دامەزراندنی دەوڵەتی دەزگاکان ، سستەمی کارگێڕی پێویستی بە گەورە بوونەوە دەبێت ، بارەگای هەموو سستەمە کارگێڕییەکان شارە .

شار شوێنێکی ناوەندییە لە نێوان دانیشتوانی ناو شار و لادێکان ، وڵات و دەرەوە . کەلوپەل و خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکانی دەوروبەری خۆی دابین دەکات . لە بەرامبەردا ناوچەکانی دەوروبەری شار ( لادێ و شارۆچکەکان) بۆ خەڵکی شار خۆراك و بەروبومی کشت و کاڵی و ئاژەڵداری و بەرهەمی پیشەگەری دابین دەکەن و باجی پێشکەش دەکەن ، ئەو بەرو بوومەی لە پێویستی ناوچەکە زیاتر بێت لە ڕێگەی شارەوە ، ڕەوانەی بازاڕی ناوچە و شار و وڵاتانی دیکە دەکرێت .

لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا ، زۆربەی زۆری هێزی کار ، لە کەرتی کشت و کاڵ کاریان دەکرد ، لە دوای شۆڕشی پیشەسازی ، بە پێشکەوتنی پیشەسازی و داهێنانی کەل و پەلی بەرهەم هێنانی نوێی کشت و کاڵی ، هێزی کاری لادێ لە پێداویستی کەرتی کشت و کاڵ زیاتر بوو ، پیشەسازی لە شار پێویستی بەو هێزی کارە زێدەیە هەبوو ، بۆیە کۆچی جوتیارانی بێکار بۆ شار دەستی پێکرد . کەرتی پیشەسازی ئەو هێزی کارە پێویستەی لەو جوتیارانە دابین دەکرد کە لە لادێکان یاسای چاککردنی زەوی سەرمایەداریانە و شۆڕشی پیشەسازی و داهێنانەکانی بێکاری کردبوون . لە گەڵ کۆڕەوی بە کۆمەڵی جوتیاران ڕوو لە شار و زۆربوونی

ژمارەی دانیشتووان ، قەبارەی شارەکان گەورە بونـەوەو ڕێـژەی شارنـشینی چـووە سەر . پیشەسازی نوێ ، هێڵی شەمەندەفەر ، ئۆتۆمۆبێـل ، لـە سـەرەتای سـەدەی ٢٠ ەوە کاریان دانا لە گەشەکردنی سەر سوڕهێنەری شار .

پیشەسازی پێگەی شاری لە ئابووری وڵات سەرخست ، شەمەندەفەرو ئۆتۆمۆبێـل جوڵەی هاووڵاتیان و کاڵایان خێراتر کرد ، زەمینـەی مادییـان بـۆ گـەورە بوونـەوەی شارەکان و خێرا کردنی بازرگانی خولقاند ، هاوکاری کۆبونەوەی دانیـشتوانیان کـرد لە دەوری ناوەندەکانی بەرهەم هێنان و هێڵەکانی پەیوەندی .

ئەمـە سـەرباری ئـەوەی مۆدێرنـەو شۆڕشـی پیـشەسازی و قۆنـاغی ڕۆشـنگەری لـە بواری تەلار سازی و ڕێکخستنی شاریشدا کاریگەری خۆیان دانا .

مۆدێرنە لەگەڵ چاخی ڕۆشنگەری ئەوروپا پەیوەنـدی هـەبووە ، لـە بنەڕەتـدا لـە سەدەی هەژدەهەم دەستی پێکردووە ، نەزم سـیمای مۆدێرنەیـە ، بۆیـە ڕێکخـستنی شەقام و نەخشەی شار ، جوانکاری ڕوو لـە دەرەوە سـیمای تەلارسـازی و شـارن لـە دوای ئەو قۆناغەوە .

شۆڕشی پیشەسازی و کاردانـەوە هەمەلایەنـەکانی بنـەمای گەشـەکردنی شـارە (( قۆنـاغی یەکـەم لـە سـەرمایەداری کـە لـە سـەدەی هەژدەهـەم تـا کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهـەم لـە وڵاتـەکانی ئـەوروپای ڕۆژئـاواو ، ئینگلـستان ، وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمەریکا (( هەموو دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتەکانییان )) ڕوی دا . یەکەمین قۆناغ بـە چەشـنێکی تایبـەت کـەڵکی لـە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییـەکان واتـە مۆتـۆڕی هـەڵم و جواننـاسی و ئاتەرئالیزم وەرگرت .

قۆناغی دووەم لە کۆتایی سەدەی ١٩ تا ناوەڕاستی سـەدەی ٢٠ ((شـەڕی جیهـانی دووەم))ڕوی دا . ئـەم قۆناغـە واتـە سـەرمایەداری تایبـەت خوازانـە ، کـە لـە گـەڵ مۆتۆڕە ئەلکتریکییەکان و مۆتۆڕە سوتانەکانی ناوخۆیی و مۆدیرنیزم ، پەیوەنـدییان هەیە .

قۆناغی سێهەم هەر ئێستا لە ناویداین ، واتە قۆناغی سـەرمایەداری فـرە نەتـەوەیی و بەکارهێنانێك کە زیاتر جەخت لەسـەر دۆزینـەوەی بـازاڕ ، فرۆشـتن و بـەکارهێنانی کاڵایەو ..... پەیوەندیەکی چڕو پڕی لەگەڵ تەکنەلۆژیای ناوکی و ئەلکتریك و پۆسـت مۆدێرنزمدا هەیە ٢٣ .



لە دوای قۆناغی مۆدێرنەوە تەلارسازی پێی نایە قۆناغێکی نوێوە ، لە سـەردەمی پۆست مۆدێرنیزم ، شەقامە سەیرو سەمەرە یەکتر بڕەکان لە ئاسمان و ژێر زەمـین ، ئاپارتمانـە بـەرزەکان لـە قـولایی ئاسمـان ((١٠٤ نهـۆمی بـە بـەرزایی ٤٩٢ مـەتر لەشەنگەهای بۆ ساڵی ٢٠٠٨ تەواو دەبێت ٢٤ .

فـرە بـازاڕە ناوچـەییە ناوەندییـەکان ( سـەردەمی ١ بـازاڕی ناوەنـدی بـۆ هـەموو ناوچـەکانی شـار تێپـەڕی) و ............. سـیمای شـارەکانییان بـە هاوتـای قۆناغەکە ڕێك خست ، هاوکـات جیاوازییـەکی ئەوتۆشـیان لـە نێـوان شـار و لادێـدا نەهێشت .

جیهان تاکو ئێستاش لە قۆناغی بەشار بوونی بەردەوامدایە، ئـەم قۆناغـە درێـژەی دەبێت ، ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە شار بوون گەیشتووە بـە ترۆپکـی خـۆی و زۆرجار کۆچی پێچەوانە و هەڵاتن لە شارە جەنجاڵەکان دەستی پێکردووە ، ئەوە لـە وڵاتـە تـازە پەرەسـتێنەکاندا قۆنـاغی بەشـار بـوون بەردەوامـە ، نموونـەی زینـدوو و بەرچاو هیند و چینە .

چین لە ٣ دەیەی ڕابردوو ، گەورەترین کۆڕەوی جوتیارانی لە لادێوە بـۆ شـار ، لە مێژووی مرۆڤایەتیـدا بـە خـۆوە بـینی ، ئـەم پرۆسـەیە هێشتا بەردەوامـە ، بـۆ ساڵی ٢٠٣٠ زیـاتر لـە ٤٠٠ ملیـۆن چینی دەچـنە شـارەوە ، چـین بـە ٢٥ سـاڵ ئەمـە دەکات ، لە ڕۆژئاوا ئەم قۆناغە دوو سەدەی ویست . گواستنەوەی جەماوەری لـە لـە کۆمەڵگەی جوتیارییەوە بۆ کۆمەڵگەی شارنشینی ٢٥ .

لادێکان هیچکە ناتوانن کار و بژێوی تەواوی دانیشتووانەکەی دابین بکەن ، ئـەوەی کاری دەسـتی جوتیـاران دەیکـرد لـە ڕابـردوو ، ئێـستا تراکتـۆر و دەڕاسـە ئـەنجامی دەدات ، بۆیە چارەنوسـیان بێکارییـە ، هـەروەها ئـەو جیـاوازی داهاتـەی لـە نێـوان خەڵکی شـار و لادێدایـە وا دەکـات جوتیـارانی ئـەمازۆن و ڕۆژئـاوای چـین و بـەنگالی ڕۆژئاواو ............. بـە کۆمـەڵ بـە دوای جیهـانی بـەڵێن پێدراودا ڕوو لـە شـارە جەنجاڵەکان بکەن .

لـە مـاوەی ٢ سـەدەی ڕابـردوودا ژمـارەی دانیـشتوانی شـار لـە جیهانـدا لـە ٣٠ ملیۆنەوە بۆ زیاتر لە ٣ ملیار سەرکەوت ٢٦ .

لە وڵاتـە پێـشکەوتووەکان هێـزی کـار زیـاتر لـە هـەردوو کـەرتی خزمـەتگوزاری و پیشەسازی کار دەکەن ، ئەو دوو کەرتە هەردوك ئابوری شارییـن . بـە تێپـەڕ بـوونی

کات و گەشە کردنی تەکنەلۆژیا و بەرینبونەوەی بازاڕی ناوخۆیی و بەرزبونەوەی داهاتی تاك و کاربوردی هاوولاّتیان ، ڕۆڵی کەرتی خزمەتگوزاری لە ئابوری ولاّتان دەچێتە سەر .

لە هەندێك ولاّتی پێشکەوتوودا (ژاپۆن — ئەمەریکا) پشکی کەرتی خزمەتگوزاری گەیشتووە بە ٨٠٪ لە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی ولاّت .

لە ساڵی ١٨٠٠ دا وەك لە یەکێك لە سەرچاوەکانەوە ئاماژەمان پێیدا ، ژمارەی دانیشتوانی جیهان ٩٠٦ ملیۆن بوو ، لەو ژمارەیە تەنها ٣٪ بیان لە شار گەلێکدا دەژیان ، ژمارەی دانیشتوانیان لە ٥٠٠٠ کەس زیاتر بوو . ٢,٤٪ یان لە شاری زیاتر لە ٢٠٠٠٠ کەس دا دەژیان . هەروەها لە ١,٧٪ لە شارانێکدا دەژیان ژمارەی دانیشتوانیان لە ١٠٠٠٠٠کەس زیاتر بوو .

ئەمەی خوارەوەش خشتەیەکە بۆ ڕێژەی شارەکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانیان و گەشە کردنیان لە ماوەی دوو سەدەو نیویدا :_

| سالّ | زیادەی دانیشتوان | ٥٠٠٠ | ٢٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ |
|---|---|---|---|---|
| ١٨٠٠—١٨٥٠ | ٢٩,٢٪ | ١٧٥,٤٪ | ١٣٢٪ | ٧٦,٣٪ |
| ١٨٥٠—١٩٠٠ | ٣٧,٣٪ | ١٩٢,٠ | ١٩٣،٪ | ٢٢٥,٢ ٪ |
| ١٩٠٠—١٩٥٠ | ٤٩,٣٪ | ٢٢٥,٧٪ | ٢٣٩,٦٪ | ٢٥٤,١ ٪ ٢٧ |

لە سەرەتای سەدەی ١٩، لە هەموو جیهان تەنها ١ شاری ملیۆنی هەبوو ، ئەو شارەش لەندەن بوو ٢٨ ، شۆڕشی پیشەسازی ڕۆڵی سەرەکی دیاریکرد لە گەشەکردنی لەندەن .

سەرەتای سەدەی نۆزدە ، دەستپێکی شۆڕشی شارنشینییە لە جیهاندا ، سەرەتای کودەتایە بەسەر گوندنشینیدا ، ئەم شۆڕشە دیمۆگرافییە لە ولاّتانی ڕۆژئاواوە دەستی پێکرد ، دواتر ولاّتانی تازە پەرەستێنیشی گرتەوە ، ئەم پرۆسەیە تاکو ئێستاش بەردەوامە ، هەرچەندە لە ڕۆژئاوا گەیشتووە بە ترۆپکی خۆی ، لێ لە هەموو ولاّتان بە هاوتەریبی یەکتر نەچۆتە پێش .



لە ساڵی ١٨٠٠ ڕێژەی شارنشینی بە شێوەی گشتی لە ٣,٤٪ ی دانیشتووانی جیهان تێپەڕی ناکرد ، ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارانەی لە ٥٠٠٠ کەس زیاتر بوون لە ٣٪ ناچووە سەر . ساڵی ١٩٠٠ ڕێژەی شارنشینی گەیشتە نزیك بە ١٣,٦٪ ی دانیشتووانی جیهان ، لە ساڵی ١٩٢٠ بەرز بووەوە بۆ ١٩,٣٪ و لە ساڵی ١٩٤٠ گەیشتە ٢٤,٨٪ ، واتە ٥٧٠ ملیۆن شارنشین هەبوو ، لە کۆی دانیشتووانی گۆی زەوی کە ٢٢٩٥ ملیۆن کەس بوو . لە ساڵی ١٩٦٠ دا ڕێژەی شار نشینی بەرز بووەوە بۆ ٣٣,١٪ (٩٩٠ ملیۆن لە کۆی ٢٩٩٠ ملیۆن دانیشتووانی جیهان ) ، لە ساڵی ١٩٧٠ دا گەیشتە ٨٦٠ ملیۆن کەس . واتە لە ماوەی ٢٠ ساڵدا دوو بەرامبەر چووە سەر .

لە ساڵی ١٩٩٥ لە کۆی ٥٧١٦ ملیۆن دانیشتووانی هەموو جیهان ، ژمارەی شارنشینان گەیشتە ٢٥٨٤ ملیۆن کەس ، واتە لەو ساڵەدا ٤٩٪ ی کۆی گشتی دانیشتووانی جیهان لە شارەکاندا دەژیان . ساڵی ٢٠٠٠ ڕێژەی شارنشینی ٥٠٪ ی تێپەڕاند و بوو بە ٥١٪ ی دانیشتووانی گۆی زەوی ، ژمارەی دانیشتوانی شار لە جیهاندا گەیشتە ٣١٣٢ ملیۆن ، واتە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتی گوندنشینی کەمتر بوو لە شارنشینی لە ئاستی جیهانیدا ( ٤٩٪ گوندنشینی بەرامبەر بە ٥١٪ شارنشینی ).

پێشبینی وایە لە ساڵی ٢٠٢٥ ، ڕێژەی دانیشتووانی شارنشین بگاتە ٦٥,٢٪ ی هەموو هاوولاّتیانی جیهان ٢٩ .ژمارەی دانیشتووانی شارەکان لە ساڵی ٢٠٢٥ ئەگەری ئەوە هەیە بگاتە ٥ ملیار کەس ٣٠ .

لە ماوەی ٨ دەیەی ڕابردوودا ، ڕێژەی شار نشینی ٧٠٠٪ چووە سەر ، لە ٣٦٠ ملیۆنەوە گەیشتە ٣١٣٢ ملیۆن لەساڵی ٢٠٠٠ . ئێستا لە جیهاندا ، ٣,٢ ملیار مرۆڤ لە شارەکاندا دەژێن ٣١ .

لە ولاّتانی تازە پەرەستێن ڕێژەی بەرزبونەوەی بە شاربوون بەردەوامە ، لە ساڵی ١٩٢٥ ، ژمارەی شارنشینان تەنها ١٢٠ ملیۆن بوو لەو ولاّتانە ، لە ساڵی ١٩٩٥ ژمارەیان گەیشتە ١٢٥٥ ملیۆن ٣٢ .

لە هەموو وڵاتانی جیهان ، ڕێژەی شار نشینی وەك یەك نییە ، تەنانەت لە وڵاتە پەرەستێن و پێشکەوتوەکانیش ڕێژەی شار بوون تیایاندا یەکسان نییە بە یەکتر . جگە لە لایەنی ئابوری ، پێك هاتەی جوگرافیاش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لەم بوارەدا ، کەم بوونی پانتایی ڕوپێوی خاك وا دەکات چڕی دانیشتوان بەرز بێتەوە لە هەندێك وڵاتدا ، خەڵکەکە لە شارەکان ژیان بەرنە سەر . بۆ نموونە ڕێژەی شارنشینی لە ڕواندا ٥٪ ، لە بەلجیکا ٩٧٪ ، هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە و کوەیت ١٠٠٪ دانیشتوانەکەی لە شارەکاندا دەژێن ٣٣ .

کیشوەری ئەفریقا ١٠ شاری تێدایە ژمارەی دانیشتوانیان لە ١,٥ ملیۆن زیاترە ، لە ١٩٥٠ ەوە بۆ ١٩٧٥ ژمارەی شاری ملیۆنی لە وڵاتانی تازە پەرەستێن لە ٢٣ شارەوە گەیشتە٩٠ شار، لەوڵاتە پێشکەوتوەکان لە٤٨ شارەوە گەیشتە٩١ شار ٣٤

هەموو شارەکان لە جیهاندا بە یەك ئاراستەو شێوە و تەکان گەشەیان نەکردووە ، بە یەك پرۆسەدا تێپەڕ نەبوونە . جاکارتای پایتەختی ئەندەنوسیا لە ساڵی ١٩٤٥ ژمارەی دانیشتوانی ٩٠٠٠٠ کەس بوو ، کەچی لەسەردەمی سوهارتۆ گەیشتە ١٥ ملیۆن ٣٥ . ئەستەمبوڵ لەکۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی ، کە یەکێك بوو لە پایتەختە گرنگەکانی جیهان ، ژمارەی دانیشتووانی تەنها نیو ملیۆن بوو ، لە کۆتایی پەنجاکان یەك ملیۆنی تەواو کرد ، لە کۆتایی ٢٠٠٠ گەیشتە ١٠ ملیۆن ٣٦ (( ساڵی ٢٠٠٠ شاری ئەستەمبوڵ ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە ٨,٨٠٣,٤٦٥ کەس ، بە دەوروبەرەکەیەوە کە تێکەڵی بوون ژمارەی گەیشتە ١٠٠٠٠٠٠٠ کەس ، وەك گەورەترین شاری ئەوروپا )).

ساوباولۆ لە بەرازیل بوو بە زەوی بەڵێندراو (ارچ میعاد) بۆ هەزارانی بەرازیلی . لە ساڵی ١٨٨٥ ژمارەی دانیشتوانی ناگەیشتە ١٣٠٠٠٠ کەس ، لە ١٩٥٨ ژمارەی دانیشتووانی گەیشتە ٢,٨ ملیۆن کەس ، لە ساڵی ١٩٦٠ بە دەوروبەرەکەیەوە گەیشتە ٤,٦ ملیۆن کەس ، ساڵی ١٩٧٠ گەیشتە ٩ ملیۆن کەس . ئێستا ١ ملیۆن لە ١٠ ملیۆن هەژارەکەی قەراغ شاری ساوباولۆ لە خانوی کارتۆنیدا دەژێن ، ٦٠٠٠٠٠ هەزاریش چەند خێزان لە یەك خانودا ژیان بەسەرە بەن ، ساڵی (٢٠٠٢) ساوباولۆ ژمارەی دانیشتوانی زیاتر بوو لە ١٨ ملیۆن کەس ٣٧ .

٣,٧٪ دانیشتووانی گۆی زەوی لە شارانێکدا دەژێن ، ژمارەی دانیشتوانییان لە ١٠ ملیۆن زیاترە ، پێشبینی وایە لە ساڵی ٢٠١٥ ئەو ڕێژەیە بگاتە ٤,٧٪ ، هەروەها



ساڵی ٢٠٠٠ نزیك بە ٢,٨٪ دانیشتوانی گۆی زەوی لە شارانێکدا دەژیان ، ژمارەیان لە نێوان ٥–١٠ ملیۆن بوو ، ئەو ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠١٥ بەرز دەبێتەوە بۆ ٨٪ .

لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بەهۆی ناخۆشی ژیان لە شاری گەورە ، ژمارەی شاری بچووك وردە وردە زیاتر دەبێت، وەلێ لە وڵاتە هەژارەکان شاری گەورە گەشە دەکات و زۆر دەبێت ، بەهۆی کۆچی چین و توێژە هەرە هەژارەکان بۆی و نیشتەجێ بوونیان لە گەڕەکەکانی کەنار شارەکان ٣٨ .

لە شارە کۆسمۆپۆلییەکان ، گەڕەکەکان لەسەر بنچینەی چینایەتی دابەش دەبن نەك نەتەوەیی ، هەژاران بە پێکهاتەی نەتەوەیی جیایانەوە ، لە کۆلێتەکانی قەراغ شار ، بە بێ جیاوازی نەتەوەیی ، سەریان ناوە بەسەر یەکترەوە ، دەوڵەمەندەکانیش لە گەڕەکە پڕ ڕوناکییە بێدەنگەکاندا ، لە تەنیشت یەکتری بە ئارامی ژیان بەسەر دەبەن ، کەرکوك نموونەیەکی زیندووی ئەم جۆرە شارانەیە ، لە گەڕەکەکانی بلاخ و قەڵاو گڵچییەکان و .... هەژارانی کورد و تورکمان پێکەوە چەند ماڵ لە یەك حەوش دەژیان ، لە گەڕەکەکانی شاترلوو و ڕێگەی بەغدا و عەرەفە و ... دەوڵەمەندەکانیش لەقەسرەکانیان لە گەڕەکە بێدەنگەکان بە تەنیشت یەکترەوە بە بێ جیاوازی نەتەوەیی ژیانیان بەسەر دەبرد .

ئەو شارە زەوی بەڵێندراوانەی هەژاران ، لە لادێوە جەماوەری برسی بە ڕێوەیە بۆی ، بۆیە هێشتا لە گەورە بوونەوەی بەردەوامدایە و تێر نەبوونە بە دانیشتوان .

سەیری شارێکی وەك قاهیرە بکەین دەبینین ، زیاتر لە سێیەکی خەڵکی قاهیرە لە دەرەوەی شار لەدایك بوونە ٣٩ ، قاهیرە * گەورەترین شاری ئیسلامی بوو لە سەدەکانی ڕابردوو .

ئەم گۆڕانکاری و ئەو ژمارەیە بۆ شارێکی وەك ئەستەمبولیش هەر ڕاستە ، لە جاکارتاو شەنگەهای و ساوباولۆو مەکسیکۆو کەلکەتا ڕێژەکە لەوەش بالاترە ، ئەوانەی لە دەرەوەی شار لە دایك بوونە زۆر لەوە زیاترن وەك لە نموونەی قاهیرەدا دەبینرێت .

لە وڵاتی سعودیە گۆڕانی دیمۆگرافی لە ماوەی ٦ دەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، وەك نموونەیەك بۆ ڕێژەی بەشار بوون لە وڵاتە تازە پەرەستێنەکان (( ژمارەی دانیشتووانی مەملەکەتی سعودییە لە کاتی یەکگرتنەوەیدا لە ساڵی ١٩٣٢ ٢ ملیۆن

بوو ، ٢٠٪ بیان شارنشینی بوون ٤٠ . ((دوای شەش دەیە لە سەربەخۆیی ڕێژەی شارنشینی ٨ جار زیادی کرد)) ٤١ .

ئەگەر چاوێك بە ئاماری دانیشتوانی ژێر کارتۆن و کۆلێتەکانی شارەکان بخشێنین ، بە تایبەت لە شارە زۆر گەورەکانی وڵاتە هەژار و تازە پەرەستێنەکاندا ، دەبینیین ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ژیانی ئەو خەڵکە لە خراپ بووندایە ، ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەیان دەچێتە سەر ، پێشبینی وایە ساڵی ٢٠٢٥ زیاتر لە ٢ ملیار مرۆڤ لەم شوێنانەدا بژێن ، هیچ هەلومەرجێکی خزمەتگوزاری بۆ ژیان لەو خانییە نا فەرمیانە بوونی نییە ، کە هەژاران لە قەراغ شارەکان بە ناچاری قیتیان کردۆتەوە و تیایدا دەژێن ، ئەمە گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر شار و ژیانی شارنشینی لە داهاتووی جیهان .

ئێستا لە جیهاندا ژمارەی ئەوانەی بێ جێگاو خزمەتگوزارن لە شارەکان ، دەگاتە ٧٥٠ ملیۆن مرۆڤ ٤٢ .

ئەم مەرگە ساتەی هەژارانی قەراغ شارەکان تیایدا دەژین ، نەبۆتە هۆی ڕاوەستانی شەپۆلی کۆچ لە لادێوە بۆ شار ، بەڵکە پرۆسەی بە شاربوون بەردەوامە .

* ((قاهیرە قەرەباڵغترین شاری جیهانی ئیسلامی و سەنتەری خوێندنگە بە ناوبانگەکانی بوو (( ل٣٤ – عصبیەت و تیۆری دەوڵەت لە بیری ئیبن خەلدوندا – ئەلبیرت عیسا –٢٠٠٥– چاپخانەی ڕوون)) . ((ساڵی ١٧٩٨ ژمارەی دانیشتوانی قاهیرە ٢٦٣ هەزار کەس بوو ، کە هێشتا شوێنەواری نەخۆشی تاعوون و برسێتی لە سەر شار مابوو، لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوو ، حەڵەب ژمارەی دانیشتوانی ١٥٠٠٠٠ و دیمەشق و بەغدا هەر یەکەی ١٠٠٠٠٠ ، شارەکانی کەنار دەریا ژمارەیان لە نێوان ٥–١٥ هەزار ، شاری ئۆرفە ٣٠–٤٠ هەوار ، موصڵ ٦٥٠٠٠ .

((شاری بەغدا فولنی بە ١٠٠٠٠٠ و غازی برقم خیالی بە ٤٠٠٠٠دیاری کردووە )) ((بە بێ گومان لە ساڵی ١٧٥٩ برسێتی ٨٧٠٠٠ کوشت )) ، ئەسکەندەریە ژمارەی دانیشتووانی ٢٠٠٠٠ کەس ، ڕەشید ٤٥٠٠٠ کەس و بەسرە ٤٥–٥٠ هەزار کەس و تەرابلس ساڵی ١٧١٥ بە ١٨٠ هەزار کەس، حمس بە ٢ هەزار کەس و حەما بە ٤ هەزار کەس دیاری کراون ٤٣ .

بەم شێوەیە دەبینیین لەو ماوە مێژوییە ، لە لایەکەوە شارەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووەو گەشەیان کردووە ، لە لایەکی دیکەوە جێ گۆڕکێ بە قەرەباڵغی و



گەورەیی و گرنگی شارەکان هاتووە نموونە حەڵەب ڕۆڵی خۆی بۆ بەغدا .. لە دەست دەدات .

* دەوڵەتشار سنوورێکی دیاریکراوی هەبووە کە یەك شار و ئەو گوندانەی نزیکی ئەو شارەی گرتۆتەوە کە بەرهەمی کشتوکاڵیان تێدا بە دەستهێناوە .

ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتشارەکان جیاواز بووە ، ژمارەی دانیشتوانی ( ئەسینا) کە بە ناوبانگترین دەوڵەتشاری ئەو سەردەمە بووە ، لە یەك شاری مام ناوەندی هەنووکەیی ئەوروپا کەمتر بووە .

بە گوێرەی ئامارەکانی ئەم سەردەمە ، ئەسینا کە لە سەدەی چوارەمی پ ز یندا ، لەوپەڕی گەشە دا بووە ژمارەی دانیشتوانی لە نێوان ٢١٥٠٠٠–٣٠٠٠٠٠ کەس بووە . لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆدا، واتە لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی پ ز یندا ، ژمارەی دانیشتووانی ئەسینا ، بۆ نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کەس کەم بۆتەوە ، بەڵام فراوانی ئەسینا بە گوێرەی پێوەرەکانی ئەو سەردەمەیش هێشتا زۆر بووە . زۆربەی دەوڵەتشارەکانی دی بە ئاشکرا لە ئەسینا بچووکتر بوون . دەوڵەتشارەکان لە یەکگرتنی چەند خێڵ و تیرەیەکی جۆراوجۆر دروست بوون ، مۆرکی خێڵەکی لە ئەسینادا ، تا ماوەیەکی دوورو درێژ ، بە ئاشکرا لەسەر بارودۆخی سیاسی کاریگەری هەبووە . بۆ نموونە ئەسینا بە سەد دیمێر گەڕەك دابەشکراوە کە هەریەکەی پەیوەندی ناوخۆیی تایبەتی هەبووە ( مێژووی بیروباوەڕی سیاسی – سیڤین ئێریك لیدمان –وەرگێڕانی لە فارسییەوە ( عەلا نوری– دلێر میرزا)– خانەی وەرگێڕان ل١٩–٢٠).

ڕۆم لە سەرەتاوە ، دەوڵەتشارێکی سنوورداری ، لێکچووی دەوڵەتشارەکانی دیکەی یۆنان بوو ( هەمان سەرچاوە ل٨٤).

** ئەستەمبوڵ لە ساڵی ١٩٣٥ ژمارەی دانیشتووانی ٧٤٠٠٠٠ کەس بوو ، لە ساڵی ١٩٦٠ گەیشتە ١,٥ ملیۆن کەس ( الاتراك الیوم – اندرو مانغو – جزیرە نیت – ٩–١–٢٠٠٥).

**سەرچاوەکان :**


١–(بلاد ما بين النهرين – ليوا اوينهايم – ت سعدى فيچى – وزاره الپقافه–ص١٣٧).
٢–(موقع النورس نيت – صنعاء اول مدينة عرفها الانسان - ذو يزن اليماني).
٣-( المرأة التي اكتشفت اقدم مدينة في العالم – ايلاف ١٨-٩-٢٠٠٥).
٤-((د.محمد السيد غلاب و د.يسرى الجوهري –جغرافية تاحضر ، منشاة المعارف الاسكندرية –ص٦ )) .
٥–(خەبات ٨–١٠–٢٠٠٥– وەرگێڕانی ڕەوەند محەمەد) .
٦-((العمارة اسلامية والبيئة –تاليف : د.م. يحيى وزيري –عالم المعرفة عدد ٣٠٤- يوني٢٠٠٤-ص١٧)).
٧-((العمارة اسلامية والبيئة –تاليف : د.م. يحيى وزيري –عالم المعرفة عدد ٣٠٤- يوني٢٠٠٤-ص١٨)) .
٨-( الشرق الاوسط - عدد ٩٨٥٠-١٦-١١-٢٠٠٥- خدمات انترنيتية...... ) .
٩–(گەشتەکانی مارکۆپۆلۆ –وەرگێڕانی ڕێباز مستەفا–٢٠٠٥ سلێمانی–ل٥٠).
١٠– عصبیەت و تیۆری دەوڵەت لە بیری ئیبن خەلدوندا – ئەلبیرت عیسا ٢٠٠٥– چاپخانەی ڕوون– ل١٤٢)).
١١–((العمارة اسلامية والبيئة –تاليف : د.م. يحيى وزيري –عالم المعرفة عدد ٣٠٤- يوني٢٠٠٤-ص٩٦)).
١٢-((العمارة اسلامية والبيئة –تاليف : د.م. يحيى وزيـري –عـالم المعرفـة عـدد ٣٠٤- يوني٢٠٠٤-ص٩٧)).
**١٣–( فۆکۆیاما – شۆڕشی تەکنەلۆژی هەڕەشە لە کەرامەتی مرۆڤایەتی دەکات وەرگێڕانی تاهیر عوسمان –١–١٠–٢٠٠٥ خەبات).**
١٤-( مختصر تاريخ لندن – فوينيكس لندن – ا.ن. ويلسون – بيان ٥-٩-٢٠٠٥).





١٥–( عبدالرحمان ئیشوری – حوار المتمدن ١٣٠٣ تاريخ ٣١–٨–٢٠٠٥).
١٦–(بيان ٤–١٠–٢٠٠٥).
١٧-(( السكان - ديموغرافيا و جوغرافيا - د. محمد السيد غلاب و د.محمد صبحي - مكتبة انجلو مصرية - ١٩٦٩ -ص ٩٥).
١٨-(( جغرافية المدن- صبري فارس الهيتي –٢٠٠٢ –عمان-در الصفاء-ص٣٨).
١٩-(( حداثة المتاجرة بالعبيد - تاليف - ايف بينو - بيان ٢٥-٧-٢٠٠٥).
٢٠-(( بيان ١٤-١١-٢٠٠٥ - في يابان :القوة العاملة....).
٢١-(الاتحاد – عدد ١١٠٥١ تاريخ ٧-١٠-٢٠٠٥).
٢٢-- شبكة صين ١٤-١٠-٢٠٠٥)).
٢٣–((چاودێر ژمارە ٥٣ ١٤–١١–٢٠٠٥– پۆست مۆدێرنیزم– و لە فارسییەوە ئازاد بەهێن – ن پرۆفسۆر مێری کلاجێر )) .
٢٤-– ١٧–١١–٢٠٠٥ شینخوا .
٢٥– (بيان ١٥–١٠–٢٠٠٥) .
٢٦–(( حياة - نصف سكان العالم يسكنون المدن.... ففي اي ظروف )) .
٢٧–(( –ص٢٣١ : السكان –ديموغرافيا و جوغرافيا –تاليف د.محمد السيد غلاب- ١٩٦٩ مكتبة انجلو مصرية )) .
**٢٨–((جغرافيا المدن - د.كايد عثمان - دار وائل للنشر - ص٦٧)).**
٢٩–جغرافية المدن- صبري فارس الهيتي –٢٠٠٢ –عمان-در الصفاء-ص٣٨-٣٩.
٣٠-( الصين اليوم – عدد ١١ شهر ١١-٢٠٠٥ - الكوارث الطبيعية والمسئولية الانسانية – لوة يوان ) .
٣١-(( ايلاف ١٧-٢-٢٠٠٥ )).
٣٢-((جغرافية المدن- صبري فارس الهيتي –٢٠٠٢ –عمان-در الصفاء-ص ٤١ ))
٣٣-((-جغرافيا المدن - د.كايد عثمان - دار وائل للنشر - ص٧٥)) .
٣٤-(( جغرافيا المدن - د.كايد عثمان - دار وائل للنشر - ص٨٩)) .
٣٥-(( جزيرة نيَت ٤-١١-٢٠٠٢)).
٣٦-( اسطنبول- ذكريات مدينة –خلقة الخامسة – اورهان باموك – بيان ١٠-٨-٢٠٠٥).
٣٧-((حياة - عدد ١٤٣٩٧ - ٢٠-٨-٢٠٠٢)) .

٣٨-(( عنف المدن – شارل ليولد ماير – باريس ٢٠٠٥ - بيان ٢-٨-٢٠٠٥)) .
٣٩-(( -جغرافيا المدن - د.كايد عثمان - دار وائل للنشر - ص٥٦)) .
٤٠-( المساكن والبيئة العمرانية للمدن الرئيسية في المملكة العربية السعودية – د.فهد بن نويصي – مجلة دراسات الخليج – عدد ١١٨ – يؤليؤ ٢٠٠٥ -ص ٨٢).

٤١-(( المساكن والبيئة العمرانية للمدن الرئيسية في المملكة العربية السعودية – د.فهد بن نويصي – مجلة دراسات الخليج – عدد ١١٨ – يوليو ٢٠٠٥ -ص ٨٢).
٤٢-(( حياة - نصف سكان العالم يسكنون المدن.... ففي اي ظروف يعيشون- هاوكات له گۆڤارى– بيئه والتنميه عدد سپتمبر ٢٠٠٢)) .
٤٣-(( المجتمع الاسلامي والغرب – جزء الاول – هاملتون جيب – هارولد بوين - ترجمة عبدالمجيد القيسي – دار المدى –١٩٩٧-ص-٣١٣-٣١٤)).



# دووەم

# گەشەی شار لە عێراقدا

# دیرۆکی شار لە عێراق

هەرێمی میزۆپۆتامیا ، بەم دواکەوتوویی و وێرانیی و کلتوری مرۆڤ کوژی و هەرج و مەرجەی ئێستایەوە ، لە مێژوودا دایانگا و لانکەی یاسا و شارنشینی و شارستانییەت بووە .

شار لەم دەڤەرەوە لە دایك بوو ، دیوارەکانی چووە بە ئاسماندا ، کۆڵانەکانی نەخشەی بۆ داڕێژرا ، نەش و نمای کرد و مۆدێلەکەی بە جیهاندا بڵاو بوەوە .

بێ سڵەمینەوە و دوودڵی دەتوانین بڵێین ، مێژووی شارستانییەت و شار لە جیهاندا ، هاوتایە بە مێژووی شارستانیەت و شار لەم دەڤەرە .

پێداویستی پەیدا بوونی شار ، سەرباری بوونی ژمارەی زۆری دانیشتووان ، بەبێ کۆمەڵ بەستنی مرۆڤەکان لەدەوری یەکتر و نیشتەجێ بوونییان لەناو خانوەکانییان لە پاڵ یەکتر ، شار بوونی نابێت ، مرۆڤ ناچاربووە لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆی کۆبێتەوە ، پێکەوە بە هەرەوەزی و کۆشش بکەن بۆ بەردەوام بوون لە ژیان و بەرەڕووبونەوەی هەرەشەو قین و پەلاماری سروشت و ئاژەڵانی دڕندە .

هاوزەمان شار پێویستی بە بوونی سستەمێکی کشت و کاڵی پێشکەوتووە ، دەبێت کۆمەڵگا لە قۆناغی ڕاوو شوانکارەییەوە هەنگاوی نابێت بۆ قۆناغی کشت و کاڵی پەرەسەندوو ، لە توانایدا بێت ، زیاتر لە پێداویستی خۆراکی جوتیارەکانی ناوچەکە بەرهەم بهێنێت ، خۆراك بۆ ئەو خەڵکانەش دابین بکات ، کە بە کاری دەرەوەی کەرتی کشت و کاڵەوە لە دەڤەرەکەیان خەریکن ، نموونە ئەندامانی سوپا ، پیاوانی ئاینی ، بەرهەم هێنەرانی کەل و پەلی ناومال ، کار ، جل و بەرگ ، پێداویستی جەنگ ، ڕاووشکار ، ئارایش .. .. هتد . بۆیە شارەکان لە سەرەتاوە گوند بوون گەشەیان کرد و گەورە بوونەوە بوون بە شار(( گوندە کشت و کاڵییەکان گەشەیان کرد بوون بە شار ١.

بۆیە دەبینیین شارییەکان لە سەرەتاوە لە زەوییەکانییان دانەبڕان ، هەر پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە ما هەرچەندە لە شاریشدا دەژییان (( ئەوانەی لە شار دەژیان لە زەوی دانەبڕابوون کە لە دەرەوەی شاردا بوو ٢ .



کۆمەڵێك هۆکار بوونە هۆی گەشەی شار گرنگترینیان بریتی بوون لە : (( گەشەی شار بەهۆی زۆربوونی بەرهەمی کشت و کاڵی ، زۆربوونی ناوەندی دەسەڵات ، گەشەی پەیوەندی لە نێوان شار و ناوچە خێڵەکییەکان ٣.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە هەردەم بەرهەم هێنەرانی گەنم و جۆ ، کاتی زۆرتریان بە دەستەوەیە بۆ بیرکردنەوە وەك بەرهەم هێنەرانی چەڵتوك ، چونکە جوتیاری بەرهەم هێنەری گەنم و جۆ تەنها وەرزێك لە ساڵدا بەکارەوە خەریکن ، کاتی بەتاڵییان زۆرە بۆ بیرکردنەوە لە داهێنانی دیکە ، بە پێچەوانەوە بەرهەم هێنەرانی برنج ، کە ساڵ ١٢ی مانگ خەریکی بەرهەم هێنانن ، کاتیان کەمە بۆ بیرکردنەوە و داهێنان ، دەتوانیین ئەمە بە هۆکارێك لە هۆکارەکان بزانیین بۆ چەکەرە کردن و نەشونما کردنی شار و شارستانییەت لە ناوچەکەمان ، چونکە ئەم دەڤەرە هەرێمی وەبەرهێنانی گەنم و جۆیە نەك برنج .

شارە کۆنەکان بە بەراورد لەگەڵ شاری ئێستادا ، سادەو ساکار بوون و قەبارەیان بچووك بوو ، بێ نەخشە و پلان ، بەشێوەی هەرج و مەرج دروست دەکران (( نەخشە بۆ شار نەبوو ٤.

نموونە شارێکی وەك بابل ، لە ساڵی ٦٠٠ پ ز ، خانوو لەسەر کەلاوەی خانوی کۆن دروستکراوەتەوە (( لەبەر ئەوەی خانووەکان لەسەر کەلاوەی یەکتردروست دەکران بۆیە شوێنیان بەرز بوو ٥ .

ئاشورییەکان داهێنەری ڕێکخستنی شەقام بوون ، پێش ئەوان نەخشە نەبووە بۆ شەقامکانی شار ((ئاشورییەکان بیری ڕێکخستنی شەقامیان داهێنا ، هەروەها شورای شار ، سەرجۆنی دووەم بۆ شاری خرساباد شورایەکی دروستکرد دوو گالیسکە بەسەریا تێدەپەڕی ٦ .

شاری سۆمەرییەکان کە هەریەکەیان وڵاتێکی سەربەخۆ بوون ، هەموو هاوسنوری یەکتر بوون (( شارەکان هەموو لە سنووری یەکتردا بوون ئەریدۆ ، ئور ، لارسا ، ئۆرك دابڕانی سروشتی لە نێوان ئەو شارانە نەبوو ٧.

هەموو شارەکانیش کەوتنە یەك ناوچەی جوگرافییەوە (( دەوڵەتە شارییەکانی سۆمەرییەکان (( وەرکا ، ئوور ، لکش، ئوما بە دەوری زێی فوراتدا دروستکران ٨

شورا و قەڵای شار ، پارێزەری شار و دەسەڵات و هاوولاتیانی شار بوون لە مەترسی هێرشی دەرەوە ، هەیبەتی سەربازی شار لە پۆشتەیی سوپاو جۆری

چەکی سەربازان و سەختی و مەزنی قەڵاو شوراکان پێك دەهات (( شورای شار ئەوەندە بە گەورەیی دروستکرابوو دوو گالیسکە بەسەریا دەڕۆیی ٩ .

لاوازترین خاڵی لاوازی شار دەرگاکەی بوو ، بۆیە هەموو کات دەرگاوانەکان لە جێی متمانەترین بەشی هێزی چەکداری وڵات پێك دەهات (( دەرگای شار خاڵی لاوازی شار بوو ، بۆیە بەهێز دەپارێزرا لە ناوەو دەرەوە ١٠ .

ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لە نێوان ١٥ تا ٢٥ هەزارکەس بووە ، جگە لە شارەکانی ئەریك و بابل کە ٥٠ و ٨٠ هەزار دانیشتوانیان هەبووە .

ژمارەی دانیشتوانی شاری ئوور لە ساڵی ٣٠٠٠ پ ز ٢٤٠٠٠ کەس و شاری لانماش ١٩٠٠٠ کەس بووە . ساڵی ٢٠٠٠ پێش زاین ژمارەی دانیشتووانی ئوور زیادی کردووە بۆ ٣٤٠٠٠ ، ئوری گەورەش ژمارەی دانیشتووانی گەیشتۆتە ٣٦٠٠٠٠ کەس ١١ .

شارەکان زۆرجار لە دوو بەش پێك دەهاتن ، بەشە سەرەکییەکە دەکەوتە ناو شورای شارەوە ، بەشەکەی دیکە درێژکراوەی بەشی یەکەم بوون وەلێ لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی شارەوە ((شار لە دوو بەش پێك دەهات ، بەشی کۆنی شار پێك هاتووە لە پەرستگا و قەسر و فەرمانبەرانی دەوڵەت و ماڵی هاووڵاتیان ، دەرگای سەرەکی شار یان دەرگاکان و شورای سەرەکی شار لەم بەشەدا بوو ، لێرەدا کۆبونەوەی گشتی فەرمانبەران و هاووڵاتیان ئەنجام دەدرا ، بەڵام بەشی دووەم کە بە سۆمەری بەئور ناسراوە لێرەدا کشتیاران وبەخێو کەرانی مەڕوماڵاتی لێ کۆ دەبنەوە ، زۆر جار شورای دووەمینی تێدا بووە ١٢ .

لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ، زۆربەی پیاوانی کۆمەڵ لە سەربازان و کەمایەتیەکیش لە پیشەگەر و بازرگان و پیاوانی ئاین پێك دەهاتن ، سەرباری شوان و ڕاوچی (ئاژەڵ و ماسی) ، کشتیاران .

لەبەر ئەوەی پانتایی بەرهەم تەسك بوو ، لەچەند پێداویستییەکی سەرەتایی ژیان و جەنگ و کشت و کاڵ و ڕاوشکار تێپەڕی ناکرد ، بۆیە هێزی کاری ناوخۆ دەیتوانی پێداویستییەکانی ناوخۆ دابین بکات ، بەم هۆیەوە لەم کۆمەڵگایانە ژمارەی کۆیلەش کەم بووە (( کار کەم بوو بۆیە ژمارەی کۆیلەش کەم بوو ١٣ .

ئاین ڕۆڵی کارای گێڕا بۆ گەشەکردنی شار لە بواری تەلار سازی و جوانکارییدا ، هۆکاری داهێنانی تەرزی نوێ، مێژوو پڕە لە پاشماوەی شوێنەواری ئاینی سەرسوڕهێنەر ، هەروەها ناوچە پیرۆزەکانی شار ، گرنگترین بەشی شار و



سەنتەری کارگێڕی و بازرگانی شار بوونە ، هەموو کات پەرستگاکان کەوتونەتە ناو شورای شارەوە ، سەرباری ئەوەی ئاین ڕۆڵی کارای گێڕا لە گەورە کردنەوەی قەبارەی شار و گەشەدان بە تەرزی تەلارسازی ((حەمورابی لەماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتدارییەتیدا ، لە بابل ١١٧٩ پەرستگا و ١٠٠ پەیکەری دروست کرد ١٤. بەهۆی کەم بوونی ڕووبەری شارەکان (لە عێراق) ، کۆبونەوەی دانیشتووانەکەی لە ناو قەڵاو شوراکاندا ، چڕی دانیشتوان لە ١ میل چوارگۆشە لە ١٠٠٠٠ تێی دەپەڕاند ، ئەم ژمارەیەش بالاترە لە چڕی دانیشتووان لە شارەکانی ئێستای وڵاتانی ڕۆژئاوا ١٥.

## شاری عێراقی  لە سەردەمی عوسمانییەکان

بە دوای هەزاران ساڵ  لەو مێژووەی ئاماژەمان پێیدا  ، دەبینین  شار لە عێراقدا ، لە  ڕووی تەرزی تەلارسازی و ژمارەی  دانیشتوانەوە گەشەیەکی وا ناکات شیاوی ئاماژە پێکردن بێت ، بە تایبەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکاندا ، شارەکان نەك  هیچ گەشەیەکیان نەکرد ، لە ماوەی ئەو  ٥  سەدەیە  ، بەڵکە بەشێکیان بوونە کەلاوە و وێرانە و لە بنەڕەتەوە  نغرۆ بوون  ((  هەندێك لە سەردەمەکانی خەلافەتی عوسمانی سەردەمی پاشەکشە بوو لە تەلار سازی ١٦ .

ئەو سالآنە سەدەکانی خاوبونەوە و دواکەوتن و گەندەڵی و تێکشکان و هەرەسهێنان بوو لە مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامی ، بەشێوەی سستماتیك سستەم بەرەو هەڵوەشاندنەوەو هەرەس دەچوو ، هەر سستەمێکیش لەقۆناغی پاشەکشەو هەرەس بێت ، چاوەڕوانی داهێنانی نوێ و گەشەی  لیٚناکرێت .

((شارەکانی عێراق لە سەدەی ١٥ ەوە لەهەموو خزمەتگوزارییەکی تەندرووستی بێ بەری بوون ، کەوتنە بەر  شالآوی  زۆر جۆرە نەخۆشی کوشندە لە چەشنی تاعون و کولێرا و مەلاریا و تیفۆید ، لە ساڵەکانی ١٦٨٩ و ١٧١٩ و ١٧٧٣ و ١٧٧٤ و ١٧٧٦ و ١٧٨٠ و ١٧٩٠ و ١٨٠١ و ١٨٢٧ و ١٨٣٠ و ١٨٧٣ و ١٨٧٤ و ١٨٧٥ و ١٨٧٦ و ١٨٧٧ و ١٨٩٩ و ١٩٠١ و ١٩٠٢ و ... هتد .

زۆر جۆر نەخۆشی عێراقیان گرتەوە . هەر یەکێك لەم نەخۆشیانە ، زیانی ئابوری و مرۆیی گەورەیان لیٚ کەوتەوە ، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەی  دەسەڵاتدارییەتی عوسمانی گرنگی نادا بە کەرتی تەندروستی  ١٧. چەند نموونەیەك لە مردنە بە کۆمەڵەکان لە شارەانی عێراقدا :

(( ژمارەی دانیشتوانی شاری بەغدا فولنی بە ١٠٠٠٠٠ کەس  و غازی برقم خیالی بە ٤٠٠٠٠کەسی دیاری کردووە )) (( بە بیٚ گومان لە سالّی ١٧٥٩ برسێتی ٨٧٠٠٠ کوشت لەم شارە  )) ، لەو کاتەدا  ژمارەی دانیشتوانی شاری  موصلٚ ٦٥٠٠٠ کەس و بەسرە ٤٥–٥٠ هەزار کەس بووە  ١٨.



(( سالّی ١٨٣١ تاعون بە بەرفراوانی لە عێراق  بلآو بووەوە ، بەغدا لە ١٥٠٠٠٠دانیشتووان ، تەنها ٢٠٠٠٠ کەسیان لەو نەخۆشی یە کوشندەیە ڕزگاریان بوو ، بەسرە لە ٨٠٠٠٠ دانیشتووان ، تەنها ٥–٦ هەزاری لیٚ دەرچوو  ، زۆر شارو شارۆچکە بە یەکجاری کەسی تێدا نەما و قڕییان تیٚ کەوت . دەرگای ماڵەکان داخران ، کارگاو کارخانە و دوکانەکان لە کار ڕاوەستان ، زەوییە کشت و کاڵییەکان کوێر بونەوە ، ...  ١٩ .

(( د.عبدالعزیز نوار لە پەرتووکی (داود باشا والی بغداد) دەنووسێت  : لە ٣ بەشی دانیشتووانی بەغدا تەنها  ١ بەشی ڕزگاریان بوو . ئەو دەردە بە ئەندازەیەك عێراقی بۆ دواوە گەڕاندەوە ، تا ٢٠ ساڵ دوای ئەو تاعوونە عێراق خۆی نەگرتەوە  ٢٠ .

فرێزەر لە یاداشتی گەشتەکەی بۆ شاری سلێمانی ئاوا باسی شارەکە  دەکات ((لە بەرامبەر بەو  هەموو  پرسیارانەی لە بابەت ئەم چۆڵی و وێرانییەوە ئەمکرد یەك وەڵامم وەرگرت (( سی ساڵ لەمەوبەر تاعون وڵاتەکەی قەڵاچۆکرد ، دوای ئەویش لەشکری ئێران هات و ئەوی لە تاعوون  ڕزگاری ببوو ئەویشی نەهێشت ٢١ .

(( ڕۆژی دووەم هەندیٚ بەناو شاردا گەڕام بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای وڵاتەکە ببم . لە هەموو لایەکەوە هەژاری و کەساسی و لیٚ قەوماوی پێوە دیاربوو.وا دیاربوو خەڵکەکە دڵ و هەناوی ئەوەیان نەمابوو کە خانوە وێرانەکانیان چاك بکەنەوە .گڵی سلێمانیشڕەنگەباش نەبیٚ هەر کەچاودێری نەکرد خانوەکان لەخۆیانەوەئەڕوخێن  ٢٢ .

لە میانی قات و قڕی گرانی گەورەدا  لە زستانی ١٩١٨  ،  زیاتر لە ١٠٠٠٠کەس تەنها  لە شاری موصلٚ لە برسان مردن ، لە کاتێکدا شاری موصلٚ خەڵکەکەی دەوڵەمەندتر و توانای کڕینییان بەرزتر بوو لە شارەکانی دیکە  . دەوڵەت و  بازرگان و دوکاندارەکان  پێداویستییە سەرەکییەکانیان لە بازاڕەکان  شاردەوە، دوای بە نرخی بەرز لە بازاڕ دەیان فرۆشتەوە .لە شاری سلێمانیش شوێنەواری گرانی گەورە بەم شێوەیە ڕەنگی دایەوە (( تا ئەو سالآنەش ئەنجامی ناهەمواری و کەساسی و برسێتی ماڵوێرانی ئاشکرا تیایدا دیاربوو کە بە هۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوەو لە گەڵ ئەو گرانیە قاتیەی کە هەر عوسمانیەکان دروستیان کرد چونکە هەموو پیاوانی لە (١٦سال)بەرەو ژووریان ڕەشبگیر نارد بۆ غەزا هەردوای ڕەوانەکردنی ئەوان دەستکرا بە پشکنینی ماڵەکان و هەرچی ئازووقەو خواردەمەنیێك ببوایە بە بیٚ

ئەوەی هیچ گوێ بدەنە دوارۆژی ئەو منداڵ و پیرو ئافرەتانەی کە بە بێ کاسبکار مابوونەوە ئەیانبرد... ٢٣ .

ساڵی ١٩٢٤ بەم شێوەیە وێنای شاری سلێمانی کراوە ((هەر لە میانەی یەك دوو خانودا چەند کەلاوەیەك هەبوو واتە کەلاوە گەلیچ زۆرتربون لە خانووەکان ئەمەش لە ئەنجامی گرانیەکەوە بێ پیاوی و بۆردومانەوە هاتبونە کایەوە ، بەشی زۆری کەلاوەکان دیوارەکانیان بە پێوە مابوون کە ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە دارو بەرد و پەنجەرەو دەرگاکانیان دەرهێنابوون بۆ فرۆشتن یان بۆ سووتان .. ٢٤.

لەو کاتەدا بەهۆی شوێنەواری گرانی و تاعون و شەڕەڕ ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی زۆر لە خوار بوو ((ژمارەی دانیشتووانی شارەکە لە١٢–١٤ هەزار کەس زیاتر نەبوو ٢٥ .

دیارە لەگەڵ هاتنی هەر برسێتی و شەڕ و تاعون و سیل و کولێرایەکدا ، بە دوایدا شارەکان دەبوونە وێرانە ، لە دانیشتووان پاك دەبونەوە ، ئەوانەی مەرگ دەیبردنەوە کەس نەبوو بیانشارێتەوە، لاشەکان لە ناو ماڵ و سەر ڕێگاکان دەبوونە خۆراکی سەگ و دەعباکان ، بۆنی گەنیویان دەرەوەی شاریشی دادەگرت ، زیندووەکانیش لە ترسی مەرگ ، شاریان بۆ کەمتیار و سەگە لاشە خۆرەکان بەجێ دەهێشت .

ماوە لە دوای ماوە ئەم کارەساتە تراژیدیانە دووبارە دەبونەوە ، هەر جارە بە دڕندەییەکی زۆرترەوە سەریان دەردەهێنایەوە ، شوێنەواری هەر جارێك زیاتر بوو لە جارانی پێشووتر . ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو ، تاکو پریشکی ڕوناکی گۆڕانکاریەکانی ئەوروپا ، ناوچەکەی گرتەوە ، شوێنەواری داهێنانەکان لە بوارە جیاجیاکان بە تایبەت پزیشکی گەیشتە ئەم دەڤەرەش .

شۆڕشی سیاسی فەرەنسە و شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپای ڕۆژئاوا ، پەیوەندیەکی ئابوری سیاسی فەرهەنگی وایان بەرهەم هێنا ، بوونە مامان و مۆتیڤی گەشەکردنی شار . ئەو پەیوەندی یە ئابوری سیاسی کۆمەڵایەتی فەرهەنگییەی ئەو شۆڕشانە بەرهەمیان هێنا ، پێویستی بە شاری گەورە و بازاڕی چالاك و وڵاتی پێشکەوتوو هەبوو ، بۆیە دەبینین بە دوای سەدەی هەژدەهەمدا ، شارەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا گەشە دەکەن و بەرین دەبنەوە و پەلو پۆ دەهاون و نەش و نما دەکەن .



ئەو گۆڕانکاریانەی لە ئەوروپا بەدی هاتن ، لە سەرەتاوە نەیتوانی پەل و پۆ بهاوێ و خۆ بگەیەنێتە ناوچەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی عوسمانی ، بەهۆی داخراوی سستەمەوەو ترسی لە بیری جیا .

عوسمانییەکان جگە لەوەی لە قۆناغی جەنگدا بوون لەگەڵ ئەوروپا ، هاوکات بەرامبەر بە ڕینانس و ڕۆشنگەری پەرچەکردارێکی توندیان هەبوو ، بە کفریان دەزانی ، ئەوەی لە دەرەوەی خۆیانەوە بهاتبایە ئەوان لە دژی دەوەستانەوە .

((تا سەرەتای سەدەی ١٨ ، شارەکانی ژێر قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی کارگێڕی عوسمانی ، هیچ پەیوەندییەکیان نەبوو بە جیهانی دەرەوە ، کۆمەڵگەی شارەکان نەکەوتبوونە ژێر کاریگەری گۆڕانکاریەکانی ڕۆژئاواوە ٢٦ .

ئەگەر پێشتر لە عێراقدا ، لە بواری بیناسازیدا ، داهێنان و پێشکەوتن هەبووبێت ، بە تایبەت سەردەمی پێش ئیسلام و عەباسییەکان ، ئەوا لە سەردەمی عوسمانیەکاندا نەك شوێنەواری ئەو پێشکەوتنە نەما، بەڵکە شارەکان لە ڕوی خانە سازییەوە بوونە وێرانە . بەهۆی گرنگی پێ نەدانییان لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە ، هاوکات عێراق گرنگییە جیوسیاسیی خۆی وەك ناوەندی خەلافەتی عەباسی بە قازانجی ئەنادۆڵ و ئەستەمبوڵ لە دەست دا .

(( لە عێراقدا ، نەخشەسازی خانوو لە سەدەی ١٩ بەهەمان شێوەی سەدەی ١٦ بوو ، پێشکەوتنێکی وای نەکرد شیاوی سەرنج بێت ٢٧.

دیارە نەخشەسازی و پێشکەوتنی هونەری خانوو دروستکردن ، هۆکاری جوان بوونی شار و گەشەکردن و مەزنبونییەتی .

## خەلافەتی عوسمانی و گۆڕانكارییە سیاسییەكان

خەلافەتی عوسمانی نایەتوانی هیچكە بە شێوازی كۆن درێژە بە ژیانی دەسەڵاتەكەی بدات ، تاكو سەر چاو لەو گۆڕانكارییانە بپۆشێت ، كە لەو دیوو سنوری دەسەڵاتەكەیەوە دەگوزەرا ، گوێی بگرێت لە ئاست ئەو دەنگانەی داوای تازەبونەوەیان دەكرد لە دەرگاكەیان دەدا .

ئیمپراتۆریای خەلافەت لە گەندەڵی و دواكەوتویی و كۆنەپەرستیدا خنكا بوو ، عوسمانییەكان لە سەدەی شانزەهەمەوە تاكو ڕوخانیان یەك شتیان بۆ مرۆڤایەتی دانەهێنا ، بگرە هەموو كۆمەڵگای ئیسلامی بە ئێستاشەوە . ئاگایان لە كانت و هیگل و نیوتن نەبوو ، نایانەزانی لەودیو شورای سنورەكانییەوە چی دەگوزەرێت ، لە دوای ڕوخانی عوسمانییەكانەوە وەرگێڕان دەستی پێكرد ، دەرگا ڕوو لە دەرەوە كرایەوە .

ئیسلام بۆ یەكەم جار لە مێژوی خۆیدا كە تێمشكا لە ئەوروپا ، ئیتر خۆی نەگرتەوە و هەڵنەستایەوە . بۆ یەكەمجار لە مێژووی ئیسلامدا ، غەیرە دینەكان بەسەر ئیسلامدا سەركەوتن ، سەركەوتنێك ئەنجامەكەی بە هەڵوەشاندنەوەو تێكشكانی خەلافەت گەیشت .

لە ناوەڕاستی سەدەی ١٨هەمەوە، بۆ بەرەو ڕووبونەوەی مەترسیەكانی دەرەوە، بەتایبەت پاش تێكشكانی سوپاكەی لە ناوەڕاستی ئەوروپا و هەرێمی بەڵقان ، خەلافەت پێویستی بە نوێكردنەوەی ناوخۆ هەبوو . ئەم نوێكردنەوەیەش بە درێژەدان بە شێوازی دەسەڵاتدارییەتی كۆن بەدی ناهات .



هێرشی ئەوروپای گەشەكردوو ، هەموو لایەنەكانی ژیانی گرتەوە ، سەربازی ، ڕۆشنبیری ، بازرگانی ، لە هەموو بەرەكاندا سستەمی كۆنی عوسمانی ، نایەتوانی خۆیبگرێت بەرامبەر بە سستەمی نوێی ئەوروپای گەشەكردوو .

هاوكات دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر باری قورسی قەرزدا دەتلایەوە ، قەرزارییەكەی بە ئاستێك بوو ، یەكێك لە سوڵتانەكان بێ سڵەمینەوەو دودڵی ئیفلاسی گشتی سەڵتەنەتی ڕاگەیاند .

لە ڕووی بەرهەمیشەوە ، بەرهەمی كاری دەستی كلاسیكی عوسمانی ، نایەتوانی لە دوای سەدەی ١٨ هەمەوە ، وەك ڕابردوو درێژە بە تەمەنی خۆی بدات بە هەمان شێوازی كۆن ، لە بەرامبەر داهێنانەكانی شۆڕشی پیشەسازی . بۆیە خۆی لە بەرامبەر بەرهەمی نوێ و زۆر و زەبەنی ئەوروپا نەگرت و بەزی .

وەكو پێشتر ئاماژەمان پێیدا ، قەیرانی توندی ئابوریی ، لە سەدەی هەفدەهەمەوە سەرتاپای خەلافەتی گرتەوە ، بە ئاستێك ، بەرەو لێك هەڵوەشاندنەوەی دەبرد .

خەلافەت بەو ئابوری یە لاوازەوە نایەتوانی میراتی سەركەوتنەكانی ڕابردووی ئیسلام بپارێزێت . خەلافەت لە قۆناغی هەڵوەشاندنەوەدا بوو نەك یەكگرتنەوە ، هەوڵەكان هەموو بۆ جیابونەوە بوو نەك یەكگرتنەوە ، هەر ڕۆژەی بەشێكی لێ دەبوەوە ((كۆتایی سەدەی حەفدەهەم خەلافەتی عوسمانی توشی قەیرانی توندی هەمەلایەنە بوو ، ئابوری وڵات لە قەیرانی توندا بوو ، گەندەڵی بە هەموو هەرێم و دەزگاكاندا تەشەنەی كرد ، هەرێمەكان لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دەرچوون ، سوپا توانای جەنگی خۆی لە دەست دا . ئەنگلز توركیای ئەوكاتی بە كەلاكی ئەسپە گەنیوەكە شوبهاند ٢٨.

لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لەوپەڕی جەهالەتدا دەژییان (( بۆ یەكەمجار لە ساڵی ١٧٢٩ چاپخانە هاتە ناو خەلافەتەوە ، بەڵام لە ساڵی ١٧٤٢ دەرگای داخرا ، بە هۆی دژایەتی و نەیاری پیاوانی ئاینییەوە . ئەو چاپخانەیە تەنها ١٧ پەرتووكی ئاینی چاپ كرد ٢٩ .

هاتنی فەرەنسییەكان بۆ سوریا لە ساڵی ١٨٦٦ ، كاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەكە دانا ، پەنجەرەیەك بە ڕووی دەرەوە لە دڵی خەلافەتدا كرایەوە . بە

تایبەت  سوریا هاوسنووری عێراقە ، کاریگەری زۆری هەمە لایەنەی لە سەر عێراق دانا .

لە بەرواری ١٩ –١٢–١٨٧٦ ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامدا ، لە چوار چێوەی دەسەڵاتی خەلافەتدا ، دەستوورێك ڕاگەیەندرا ، بە دەستووری عوسمانی ناسرا ، کە لە مێژوودا بە مەشرووتەی یەکەم بەناوبانگە ، لە ژێر کاریگەری هەردوو دەستووری بەلجیکی و ڕوسی نوسرابووەوە ، ئەمەش بۆخۆی هەنگاوێکی ڕیزپەڕ بوو لە ئیسلامدا ، سەرەتایەك بوو بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سستەمی دەسەڵات ، هەنگاو بوو بەرەو تازەگەری ، هەوڵێکی سەرەتاییش بوو بۆ ڕزگار بوون لە دەوڵەتی ئاینی .

پەرلەمانی ناوبراو لە ڕووی پێکهاتەی ئاینی ئەندامانییەوە پێك هاتبوو لە ( ٧٤ موسڵمان – ٤٤ کریستان – ٤ جولەکە) ، دەبینین بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەلافەتدا ، ماف هاووڵاتی بوون بە بێ جیاوازی ئاینی تا ڕادەیەکی زۆر دیاریکراو بە فەرمی ناسرا .

وەلی لەم قۆناغە تەمەنی چاکسازییەکان درێژ نەبوو ، دوای ١١ مانگ دەرگای پەرلەمان داخرا ، کارکردن بە دەستوور ڕاوەستێنرا و شوێنەوارەکانی چاکسازییەکان پاکتاو کرا ، بەڵام پاش ٣٠ ساڵ ، دەرگای پەرلەمان بۆ جارێکی دیکە کرایەوە سەر پشت و ژیانی پەرلەمانتاری گەڕایەوە بۆ وڵات .

پێش دەستووری ١٨٧٦ ، خەلیفەو وەزیرەکانی بۆ ئارەزووی خۆیان دەسەڵاتیان بەڕێوە بردووە ، بەڵام کە پەیوەندییان لەگەڵ ئەوروپا بەست ، بیرییان لە ڕزگار کردنی خەلافەتی عوسمانی کردەوە ، بیرۆکەی بوونی دەستوورییان داهێنا ، لێ ترسییان لەوە هەبوو دەستوور سەری عەرشەکەیان بخوات .

پێشکەوتن ، ئاوەدانی ، دەستوور هەموو لە ئەوروپاوە هاتە ناو خەلافەتی عوسمانییەوە ، هیچ کام لەمانە داهێنانی خۆماڵی نەبوون ، خەلافەتی عوسمانی دەوڵەتێکی سەربازی ڕووت بوو .

پەرلەمان بە بڕیاری سوڵتان عەبدوالحەمید دامەزرا ، هەر بە فەرمانی ئەویش دەرگای داخرا ، بە هەمان شێوە لە بەرواری ٢٣ – ٧ – ١٩٠٨ جارێکی دیکە هەر بە فەرمانی خۆی دەرگاکەی کرایە سەر گازی پشت ، قۆناغی مەشروتەی دووەم لە مێژووی خەلافەتی عوسمانی دەستی پێکرد .



لە ساڵی ١٩٠٩ سوڵتان عەبدوالحەمید جارێکی دیکە لە چاکسازییەکانی پەشیمان بووەوە ، بەڵام تورکیای گەنج سوپایان کۆکردەوە بە سەرکردایەتی مەحمود شەوکەت چوونە ناو ئەستەمبوڵەوە لە بەرواری ٢٤–٤–١٩٠٩ ، سوڵتان عەبدوالحەمیدیان لە دەسەڵات لادا ، محەمەدی پێنجیان لە جێگەی دانا ، وەك خەلیفەی هێمایی . تورکیای گەنج بەشێوەی لیبراڵی خۆیان دەسەڵاتییان بەڕێوە دەبرد ٣٠ .

بەم شێوەیە دەبینین نموونەی ئیسلامی عوسمانی لە بەرامبەر نموونەی دەوڵەتی عەلمانی ئەوروپی هەرەسی هێنا . خەلافەتی عوسمانی پێش هەرەسی ناوەکەی لە ساڵی ١٩٢٤دا ، لە ناوەڕۆکدا پێش ١٦ساڵ ، ئەگەر زیاتر نەڕۆین و بڵێین ٤٦ساڵ لەو مێژووە هەرەسی شەرعییەتی ئاینی هێنابوو .

گۆڕان تەنها لە سەرەوە نەبوو ، بەڵکە کاریگەری گۆڕانکارییەکان ئەوروپا بەسەر خوێندەوارانەوە هەبوو (( لە سەرەتاوە چاکسازی لە سوپاوە دەستی پێکرد ، ئەفسەر و ڕاهێنەرەکان لەسەر دەستی ئەوروپییەکان پەروەردە کران ، بە دوای ئەواندا پزیشك و ئەندازیار . هەموو ئەفەندییەکان کە دەگەڕانەوە لاسایی ڕۆژئاوایان دەکردەوە ٣١ .

تەنانەت ئەو ئەفەندییانە کە دەگەڕانەوە هەندێکیان لە ڕۆژئاوایی ڕۆژئاواییتر دەرەچوون . ئەو گەنجانەی دەنێردران بۆ ئەوروپا ، کە دەگەڕانەوە بە ئەقڵ ئەوروپی و بە جەستەش عوسمانی بوون ، لەگەڵ خۆیاندا ئەندازیارەکانیان وێنەی شارەکان و نەخشەی باڵەخانەکان و کولتووری شارنشینییان دەهێنایەوە ، پزیشکەکانیش دەوای دەردی تاعون و مردنە بە کۆمەڵەکانیان لە گیرفان نا و بە دیاری پێشکەش بە گەلیان کرد .

## گەشەکردنی  باری ئابوری

پێش ئەم  گۆڕانکارییە یاسایی و سیاسییانە ،  لە ساڵی ١٨٣٩ دا ، بە گوێرەی بەیانی کولخانە کۆمەڵێك چاکسازی ئەنجامدرا ، بە فەرمانی   سوڵتان عەبدوالمەجید ، لەو چاکسازییانە  ڕێژەی باجی دیاریکرد ، سەربازی زۆرە ملێی داسەپاند بەسەر هاووڵاتییان  ، مانگانەی فەرمانبەرانی دیاریکرد ، سستەمی دادوەری چاکسازی کرد ، گرنگی بەکەرتی پەروەردە داو لە هۆی خراپی کەرتی  کشت و کاڵ  کۆڵییەوە .

لەو گۆڕانکارییە یاسییانە زیاتر ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامدا ، بڕیاری ئەوە درا بێگانە پارچە زەوی لە دارالئیسلام هەبێت ((لە ساڵی ١٨٦٧دا بڕیاری ئەوە درا بێگانەکان دەتوانن زەوییان لە سنوری دەوڵەتی عوسمانی هەبێت ٣٢ .

ئەمە هەنگاوێکی دیکە بوو بۆ ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری بێگانە بە غەیرە موسڵمانەکانیشەوە  .

هەروەها سستەمی یاسایی کۆن بۆ گەشەکردنی بازرگانی لە بار نەبوو  ((گومرگ کە دەسەڵاتی عوسمانی سەپاندبووی ڕێگر بوو لە بەردەم گەشەی بازرگانی ٣٣ .

بۆ گەشەدان بە ناردەو پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی لە بەرامبەر هێرشی  شمەکی دەرەوە ، کۆمەڵێك چاکسازی ئەنجام درا (( لە ساڵی ١٨٦١ گومرگی ناردە لە ١٢٪ وە کەمکرایەوە بۆ ١٪، بەڵام گومرگی هاوردە لە ٥٪ بەرز کرایەوە بۆ ٨٪، لە ساڵی ١٩٠٧ کرا بە ١١٪ . بەریتانیا ڕێگر بوو لەبەردەم بەرزکردنەوەی گومرگی هاوردە لە بەرژەوەندەی خۆی ٣٤ .

بەم بڕیارە ناردەی بەرهەم لە لادێ زیاد دەکات ،  هاوردە زیاتر جووتیار گرێ دەدات بە بازاڕەوە نەك ناردە  ،  ئەم هەنگاوەی عوسمانییەکان بەقازانجی گرێدانی جووتیار بە بازاڕ و گەشەی شار تەواو نەبوو ، بەڵکە بووە هۆی زۆربوونی بەرهەمی لادێ و گەشەکردنی کار لە کەرتی کشت و کاڵ و گەشەدان بە لادێکان ، بە هۆیەوە جوتیاران زیاتر گرێدران بە لادێوە  .



بە هۆی ئەم بڕیارەوە ناردەی عێراق گەشەیکرد (( لە ساڵی ١٨٦٤–١٨٧٤ ناردەی عێراق بایی ١٤٧٠٠٠ دینار بوو ، لە ساڵی ١٩١٢ کۆی ناردە گەیشتە ٢,٩ ملیۆن دینار ٣٥ .

ناردەی دانەوێڵە لە ٥٥١١٤ تەن بوو    لە ساڵی ١٨٦٤–١٨٦٩ ، بەرز بوەوە بۆ ٩٣٥٤٤٥ تەن لە ساڵی ١٩١٢ ، لە هەمان ماوەدا ناردەی خورما لە ٧١٤٣٣ تەنەوە بەرز بوەوە بۆ ٤٣٠٢٩٣ تەن .

بەرهەم ئاژەڵداری لە ٦٤٤٢٢ تەنەوە بەرز بوەوە بۆ ٤٧٩٢٤٣ تەن  ٣٦ .

ئەم بەرز بوونەوەیەی ڕێژەی ناردەیە  ، سەرباری چاکسازییە ئابورییەکان ، کاریگەری کردنەوەی کەنداوی سویسیشی لەسەر بوو ((بە دوای ساڵی ١٨٦٩ دا کە کەنداوی سویسی تێدا کرایەوە ، بارستایی  کەل و پەلی ڕەوانە کراو لە عێراقەوە بۆ دەرەوە لە نێوان ساڵانی ١٨٦٤–١٨٧١ دا گەیشتە ١٥٠٠٠٠دینار ، لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم گەیشتە ٣ ملیۆن دینار . واتە نرخی کەل و پەلی ڕەوانەکراوی عێراق لە ماوەی نزیك ٥٠ ساڵدا ٢٠ جار زیادی کردووە ، ئەمە لە کاتێکدا بە درێژایی چەندین ساڵی پێشوو لە شوێنی خۆی چەقیبوو ٣٧.

چەندە قەبارەی  ناردەی بەرهەم بەرز بووەوە ، بەڵام هاوکات کەرەسەی خاوو و بەرهەمی وڵاتانی ژێر دەستە نرخیان لە بازاڕ دابەزی ، بۆیە زۆربوونی بەرهەم زۆر کاریگەری لەسەر کۆی داهاتی وڵات  دانەنا .

(( تەنی خورما تەنی لە ٨,١ دینارەوە دابەزی بۆ ٥,٥ دینار ٣٨ .

دەوڵەتە ئەوروپییەکان ئەوانەی بەشەڕ بەشی خۆیان لە ئیمپراتۆریای نەخۆش کردەوە ، ئەوانی دیکە بەشە چۆرەکی خۆیان لە ڕێگەی بەستنی پەیماننامەوە برد .

بەگوێرەی پەیماننامەی بەرلین ، کە لە ساڵی ١٨٧٨ دا لە نێوان خەلافەت و دەوڵەتی ئەڵمانیا مۆرکرا ، دەرگای خەلافەت  کرایە سەر پشت بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی بێگانە بە تایبەت ئەڵمانیا ، بۆ جوڵەی  ئازادانەی سەرمایەکانیان  لە سنوری دەسەڵاتی خەلافەت ، لقی بانکەکانیان  کردەوە ، بەرهەمەکانیان گەیشتە بازاڕەکانی ، کەرەسەی خاوی هەرێمەکەیان بۆ کارگاکانیان پێچایەوە  . ئەم هەنگاوە  گەشەی  بە بازرگانی  دا  .

وڵاتە ئەوروپییەکان دەچونە هەر  وڵاتێك  ، یەکەم کاریان ئەوە بوو ، گرنگیان بە باشتر کردن و بەرینکردنەوەی ئەو ژێر خانانە دەدا  ، بۆ بازرگانی و گواستنەوەی

کەرەستەی خاو پێویست بوون ، وەك هێڵی شەمەندەفەر ، ڕێگاو بان و بەندەرەکان و هۆیەکانی پەیوەندیکردن .

لە عێراقدا بازرگانی لاواز بوو بەهۆی خراپی ڕێگاوبان و سستی بازاڕی ناوخۆییەوە، کە هەژاری و بێکاری هاووڵاتیان هۆکارەکەی بوو .

ئەم هەنگاوانە بووە هۆی گەشەی هۆیەکانی گواستنەوەو پەیوەندی لە عێراقدا ((لە ساڵی ١٨٦١کۆمپانیای لنج بۆ گواستنەوە بەڕێگەی دەریا دامەزرا ، یەکەم کەشتی لە ئاوی دجلە لە ساڵی ١٨٦٢ەوە دەست بەکار بوو ، دوای دوو ساڵ تەنها دوو کەشتی هەبوو بۆ گواستنەوە ، یەکێکیش یەدەك . هەمان ساڵ کۆمپانیای ئامان–عوسمان ٢ کەشتی لە نێوان بەغدا و بەصرە خستە گەڕ ، دوایی ژمارەیان بووە ٥ کەشتی ٣٩.

مێژوو نوسی ڕوسی ل.ن.کولتوف لە پەرتووکی شۆڕشی ٢٠ ی نیشتمانی ڕزگاریخوازی عێراقی ، ئاماژە بەوە دەدات ، لە ماوەی ٥ ساڵی نێوان ١٨٨٧–١٨٩١ ، لە بەندەری بەسرە ٦٠٣ کەشتی بارییان بارکردووە ، کۆی گشتی بارەکەیان ٤٠,١ هەزار تەن بووە ٤٠ .

هاوکات ساڵی ١٨٦٤ ، بەغدا لە ڕێگەی هێڵی تەلەگرافەوە گرێدرا بە بەصرەوە، هەروەها بەغدا لەگەڵ تاران و هند و ئەستەنبوڵ ٤١. لە ساڵی ١٨٦٨ فەرمانگای پۆستی هیندی– بەریتانی لە بەغدا و بەصرە کرایەوە ٤٢ .

سەرباری ئەمانە ، دامەزراندنی کاسایەتییەکی مۆدێرنخوازی وەك مەدحەت پاشا بە والی لە ساڵی ١٨٦٩، گەشەی دا بە ڕەوتی چاکسازییەکان لە عێراق .

مەدحەت پاشا لە ماوەی کورتی دەسەڵاتیدا ، زۆر کاری گرنگی ڕاپەڕاند لە بواری یاسای زەوی و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم ، کە هەنگاوی گونجاو بوو لەگەڵ کردنەوەی نۆکەندی سوەیس . ڕێکخستنی گواستنەوەی دەریایی ، ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر، دابینکردنی ئاسایشی هێڵەکانی گواستنەوە بۆ برەودان بە بازرگانی و جوڵەی سەرمایە ، چاککردنی باج بەگوێرەی پێداویستی گەشەی بەرهەم هێنانی کشت و کاڵ و بەخێو کردنی ئاژەڵ ، زیادکردنی زەوی کشت و کاڵ ، کردنەوەی قوتابخانە ، دەرکردنی ڕۆژنامە ، ئەمانە بەشێك بوون لە دەسکەوتەکانی ماوەی کورتی دەسەڵاتدارییەتی مەدحەت پاشا لە عێراقدا .

هەرچەندە ماوەی والیبوونەکەی لە عێراقدا زۆر نەبوو ، دوای ٢ ساڵ لە بەغدا گواسترایەوە ، وەلێ لە ماوەی کورتی دەسەڵاتیدا توانی عێراق بە وڵاتانی دەوروبەر و ناوەند ببەستێتەوە .



## بەرەو قۆناغێکی نوێ

وەك بینیمان باب العالی (دەروازەی باڵا) لە بەرامبەر سەرمایەی جیهانی بەزی و تەسلیم بە ڕیبا بوو ، دەرگای خەلافەت و دارالئیسلامی بۆ سەرمایەگوزاری غەیرە دینەکان خستە سەر گازی سەرپشت .

لە بەرەکانی جەنگیشدا وەزعی لەوە باشتر نەبوو ، جەنگ بە دوای جەنگی دەدۆڕاند ، یەك بە دوای یەك هەرێمەکانی لێ دەبوەوە و داگیردەکرا ، پارچە لە دوای پارچە لە جەستەی دەکرایەوە ، هیچکە خەلافەت پیاوە نەخۆشەکە ئەو دەوڵەتە نەبوو بتوانێت هەموو نەتەوەکان لە ژێر سەرکردایەتی ئاستانەی تورك زمان کۆبکاتەوە ، هەستی نەتەوەیی پەرەی سەند ، هەواڵەکانی ڕۆشنگەری سنورەکانی دەبڕی .

هاوکات چاکسازییە ئابوری یە ناوخۆییەکانی ساڵانی سی و شەستەکان ، ئەنجامەکەیان بووە هۆی باشبوونی باری ئابوری وڵات ٤٣ .

ئەو باش بوونەی باری ئابوری بەو ئەندازەیە نەبوو مردوو زیندوبکاتەوە ، تەنها دەیتوانی ماوەی گیاندانەکەی درێژ تر دەکردەوە .

وەك ئاماژەمان پێیدا ، لە دەیەی حەوتی سەدەی نۆزدەهەمەوە ، ناردە بوژایەوە ، دانەوێڵەو خورما نێردرا بۆ دەرەوە ، گۆڕ درا بە ناردنی بەروبوومی کشت و کاڵی ، ئەمەش بووە هۆی گەشەی کشت و کاڵ و ڕەزەکان ، هاوکات ناوەندەکانی بازرگانی و بازاڕەکانی شار بوژانەوە .

لە هەمان کاتدا هەڵگرتنی گومرگی ناوخۆیی لە ساڵی ١٨٦١ ، بووە هۆی گەشەی زیاتری بازرگانی ناوخۆیی ٤٤ .

دیارە ئەم هەنگاوە پەرە بە کاربوردی هاووڵاتیان دەدات و بازاڕی ناوخۆیی دەبوژێنێتەوە .

بازرگانی نێوان عوسمانی و ئەوروپا بە شێوەی گشتی پێك دەهات لە : (( کەلوپەلی هاوردە لە ئەوروپاوە پێك دەهات لە قوماش و میوەی وشکەوە کراوو فەرۆ و دار و خەڵوز چەك ، لە بەرامبەردا برنج و گەنم و خورما و شەکر و پێستە و لۆکەو

کەتان و شیر و بەرووبوومی هیندی و سودانی لە ناویا کۆیلەشی تێدا بوو دەچوو بۆ ئەوروپا ٤٥ .

بەڵام عێراق بە زۆری ناردەی لە خورما پێك دەهات (( عێراق شتی زۆرکەمی دەنارد دەرەوە جگە لە خورمای بەسرە ٤٦ .

(( هاوردەی سەرەکی لە هیندستانەوە پێك دەهات لە بۆیە ، شەکر ، بهارات ، لە ئێرانەوە حەریر و سوف و پێست و قالی و میوەی وشکەوە کراو ... ، لە وڵاتی عەرەبییەوە بخور و مرواری ... بەڵام هاوردە لە ئەوروپاوە بریتی بوو لە قوماش و خشڵ و زێڕ و ئاسن ٤٧ .

بە بەهاترین کاڵا لەو سەردەمانە ئاورێشم و قوماشی زێڕ چن و بخوور و عاجی فیل و چەك و تەقەمەنی و بۆن و بۆیەی ڕەنگاو ڕەنگ بوو .

با چاوێك لە ئەحواڵی بازاڕی سلێمانی بخشێنین لە وتەی کەسایەتییەکی بێگانەوە (( بازاڕەکەی ، لە هیوا بەدەر ، چاکبوو ، هەرچەندە دوکاندارەکان وردە فرۆش بوون بەڵام قەرەباڵغییێکی باشی تێدابوو . لە مایەکانیدا بەرووبوومی وڵاتەکە دەفرۆشرا ، وەکوو بیستم نزیکەی هەزار ، هەزار و پێنج سەد ماڵێك لە سلێمانیدا هەیە ، بەڵام بە بینینی خۆم هەر بە هەزار ماڵێکم دەخەمڵاند کە ئەوەش دەگاتە ٥٠٠٠ کەس ٤٨.

لە ساڵی ١٩٠١ بە وتەی کۆتلۆف ٨ کۆمپانیای ناردە هەبوو لە عێراق ، ساڵانە ٣٠٠٠٠سندوق خورمای دەنارد بۆ دەرەوە . کۆتلۆف باس لەوەش دەکات لە کۆتایی سەدەی ١٩ کۆمپانیایەکی تێکەڵ تورکی – ئەمەریکی پێك هێنرا بۆ کۆکردنەوەو دروستکردنی عارەقی سوس و ناردنی بۆ ئەمەریکا . کۆتلۆف درێژەی پێ دەدات و دەڵێت : ساڵانە عێراق بایی ٣٠–٨٠ هەزار جونییەی ئەسترلینی بزن دەفرۆشت بە سوریا ، لە ڕێگەی سوریاوە بە میسر ، هەروەها گامێش بە ئەنادۆڵ ٤٩ .

گەشە کردنی بازرگانی ، پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە و پەیوەندی (( بەندەر ، هێڵی شەمەندەفەر و تۆڕی ڕێگاوبان و لاسلیکی و تەلەگراف )) کردنەوەی بانکەکان ، کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی شار دانا . شار ناوەندی چالاکی بازرگانی یە ، لەو هەرێمە جوگرافیایەی تێیدا هەڵکەوتووە . چەندە بازرگانی گەشە بکات ، هاوتەریب لە گەڵیدا شار گەشە و نەش و نما دەکات و گەورە دەبێت و پێش دەکەوێت . چەندە بازرگانی بەربڵاو بێت ، ئەوەندە شار پێویستی بە هێزی



کاری زیاتر و بەرینکردنەوەی بازاڕ و گەشەدان بە کەرتە خزمەتگوزارییەکان دەبێت و کاربردی دانیشتوانەکەی و هێزی کڕینییان دەچێتە سەر .

لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتی تاك ، پاشەکەوتی هاووڵاتیان دەچێتە سەر ، سەرباری گەشەکردنی بازاڕ ، تەلارسازییش پێش دەکەوێت ، خانی و قەسری گەورە و جوان دروست دەکرێت ، لەگەڵیدا شار جوان و دڵگیر و بەرین دەبێتەوە و سیمای مۆدێرن بە خۆوە دەگرێت .

بارو دۆخی ژیانی هاووڵاتیانی عێراق بە تەواوی پێچەوانەی ئەو هۆو مۆتیڤانە بوو کە پێویستن بۆ گەشەی شار ، بەهۆی هەژاری دانیشتوانەکەیەوە .

((سیستەمی دەرەبەگایەتی وولاتانی ڕۆژهەڵات هەر لەسەرەتای پێکهاتنیانەوە سیمای تایبەتی و خسووسی بیەتی خۆیان هەبووەو لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازی یان لەگەڵ دەرەبەگایەتی ئەوروپادا بووە ، بەڵام لە جەوهەردا هەردووکیان یەك شت بوون ، چونکە جەوهەری پەیوەندی بەرهەمهێنانی ئەو سیستەمە لەسەر بناغەی موڵکانەی زەوی بنیات نراوە .

گومان لەوەدا نییە کە دەوڵەتی عوسمانی هەرگیز نەی ویستووە وولاتانی ژێر دەستی خۆی پەرە پێ بدا ، بە پێچەوانەوە هەمیشە دانیشتووانی لە ژێر باری چەندین جۆر زوڵمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دا چەوساندۆتەوە . پێش نەکەوتنی ووڵات لە رووی پیشەسازی یەوە و کەم دەرەتانی بازاڕی ناوخۆو بایەخ نەدان بەو زانست و زانیارییانەی ئەوروپای ڕۆژئاوا بە دەستیان هێنابوو ، لەگەڵ چەندین هۆی تری سیاسی دا ، کارێکیان کرد گەلانی ژێر دەستەی دەوڵەتی عوسمانی گەشەکردنێکی ڕاستەقینەوە بەخۆیانەوە نەبینن ٥٠ .بازرگانی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە گۆڕانکارییە ئابوری و ئاوەدانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان ، بە پێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە ، ئەم ڕۆڵە پیشەسازی پێی هەڵەستێت . لە وڵاتانی دواکەوتوو لە جیاتی ئەوەی پیشەسازی مامانی لە دایك بوونی چینی کرێکار و کۆمەڵگەی سەرمایەداری و تازەگەری بێت ، بازرگانی بەو ئەرکە پێشەنگی یە هەڵدەستێت .

گەشە کردنی بازرگانی لەهەر وڵاتێك ، پێویستی بە هێزی كڕینی باڵای هاووڵاتیان هەیە ، هێزی كڕینیش پەیوەستە بە داهاتی تاكەوە . لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا ، لە عێراق زەمینەی گەشەكردنی بازرگانی نەبوو ، بەهۆی نزمی ئاستی داهاتی تاكە كەسەوە . كەمی هەقدەست هۆكاری سەرەكی لە خواربوونی داهاتی تاك بوو .(( لەوكاتەدا ڕۆژانەی كرێكار لە عێراقدا ، كەمترین ڕۆژانە بوو لە سەرانسەری ئیمپراتۆری عوسمانلی دا ٥١ . ئەم كەمترین كرێیەی كرێكاری عێراقی وای كرد ، هێزی كڕینی هاووڵاتیانی عێراقیش هەمان هێز گۆڕی هەبێت ((بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەكەم تێكڕای هێزیكڕین لە لای هاووڵاتی یەكی عێراق لە باشترین حاڵدا لە سێ یەكی تێكڕای هێزی كڕینی هاووڵاتی یەكی ئیمپراتۆری عوسمانی كەمتر بوو ٥٢ .

تاكی عێراقی بەهۆی ئەوەوەی هەژارترین تاكی ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتی عوسمانی بووە ، بۆیە بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەی نەخۆشی و برسێتی و نەزانیدا بووە . ئەم هەژارییە تا كۆتایی سەردەمی پاشایەتی بەردەوام بووە ، تەنانەت لە ساڵی ساڵی ١٩٥٨ ، داهاتی تاك لە لادێ ساڵانە تەنها ٢٥,٣ دینار بووە ٥٣ .

هاوكات لە پاڵ شەڕ و هەژاری نەخۆشی مەلاریا ، زەردویی ، تیفۆید و درنتری و كولێرا و سیل و .... پرستی لێ بڕیبوون ، جار جارە پەلاماری دەدان لە ڕیشەوە دەریانی دەهێنا . بەم هۆیەوە دەبینیین تا مێژوویەكی درەنگ ، ژمارەی دانیشتووانی عێراق و قەبارەی شارەكانی گەشە ناكەن وەك خۆیان لە ژمارەی دانیشتوان و شێوەو قەبارەدا دەمێننەوە .

تەنانەت تاكو دەستپێكی سەدەی بیست شارەكانی عێراق بە دواكەوتویی مانەوە ((ساڵی ١٩٠٠ شارەكانی عێراق گۆڕانی وای بەسەردا نەهات شیاوی سەرنج بێت، وەك چەند سەدە لەوە پێش مایەوە ٥٤ .



## كاریگەری گەشەكردنی ئابوری لەسەر گەشەكردنی شارەكان

یەكێك لە هۆكارەكانی گەشەكردنی شار ، پێشكەوتنی هێز و هۆیەكانی بەرهەم هێنانە ، پێشكەوتنی پیشەسازی و گەشەكردنی بازرگانی ، ئەكتیڤ بوونی كەرتی خزمەتگوزاریی ڕێژەو هێزی ئەم گەشەكردنە دیاری دەكەن .

لە پێش قۆناغی نوێگەری پیشەكانی شار بریتی بوون لە (( بازرگانی — عەتاری — فەرمانبەری—كەوش دووری — جۆلایی — خومخانەچی — زەڕەنگەری — دارتاشی —چەخماخساز — ناڵبەندی — دەباغی — سەراجی — بیر هەڵكەنی — كۆپاندرویی — بەنایی — كڵاولیفكە چنینی ژنان —تۆكمەچی — كەوش درویی و .......... )) ، لێ دوایی ئەم پیشانە گۆڕان بۆ ئەندازیاری ، پزیشكی ، مامۆستایی ، تەكنۆقرات ، كرێكاری هاوچەرخ، ڕۆژنامەوان ، پارێزەر ، هونەرمەند ، ..... .

لە بەر ئەوەی عێراق خاوەندی پیشەسازی خۆماڵی نەبوو ، بازاڕی ساغكردنەوەی پشەسازی بێگانە بوو ، بۆیە هەلی كار پەیدا كردن لە شاردا سانا نەبوو ، تاكو بێكارانی لادێ كۆچی بۆ بكەن ، ئەمە بۆخۆی كێشەیەكی گەورە بوو و لەمپەرێكی سەخت بوو لەبەردەم گەشەی شار .

لە سەردەمی عوسمانییەكان ، هەڵبژاردنی پیشە ئازاد نەبوو بۆ هاووڵاتییەكان ، بۆیە ڕێگری لەبەردەم داهێنانی تاك و بەرینكردنەوەی بازاڕ دەكرا ، هانی گەشەی پیشەگەری نادرا (( دوكان كردنەوە ئازاد نەبوو جگە لە بۆ وەستاكان نەبێت ، ژمارەی دوكانەكان بۆ هەر پیشەیەك زۆر دیاریكراو بوو . كردنەوەی دوكان پێویستی بە مۆڵەت هەبوو ، ئەو مۆڵەتە بە توركی پێی دەوترا (( كیدك))، شوێنی كاركردن موڵكداری تایبەتی نەبوو ، بەڵكە خاوەندكار بە ساڵانە بەكرێی دەگرت ، لە كاتێكدا كیدك بۆ خۆی كڕین و فرۆشتنی لە سەر بوو ، یاخود بە كرێ دەدرا ، لە كاتی مردنی خاوەندەكەی دەدرا بە میراتگرەكەی ، بە مەرجێك لە پیشەكە توانای شوێن گرتنەوەی هەبێت ٥٥ .

پیشەگەرانیش لە ناو خۆیاندا خاوەند ڕێكخستنی تایبەت بە خۆیان بوون (( هەر پیشەیەك سەرۆكی خۆی هەبوو ، لە لایەن بە تەمەنانی پیشەكەوە هەڵدبژێردران ٥٦ .

پیشەکانیش لەناو خۆیان دابەش دەبوون بە گروپی بچوکتر (( هەر پیشەیەك بە گوێرەی گروپەکان دابەش دەکران ، کە بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی خۆیان هەبوو ، یەکێتی خۆیان هەبوو ، باجییان لێ دەستێنرا ، گروپی مامۆستایان ، گروپی قوتابیان ، گروپی خزمەتکاران ، گروپی شۆفێرەکان ... تەنانەت گروپی دز و سواڵکەر و لەش فرۆشیش هەبوو ٥٧ .

هەموو گروپێکیش سەرۆك و بەرپرسی تایبەتی هەبوو ، کارەکانی گروپەکەی ڕادەپەڕاند . لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ ەوە ئابوری وڵات جوڵا ، تەکانی خوارد (( ژمارەی کارگوزارییەکان (ورشە) لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ لە شاری بەغدا نزیك بە ١٢ هەزار بوو ، لە بەسرە پشەگەری پێش کەوتبوو ، قوماشی بازەو و شاش بەرهەم دەهێنرا ٥٨ .هەرچەندە هێشتا بەشێکی زۆری خەڵکی کەناری شارەکان ، بەکاری کشت و کاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریك بوون ، هێشتا لە پیشەی کیشاوەرزی ڕزگارییان نەببوو بە تەواوی لێی دانەبڕابوون و تێکەڵ بە کارە شارییەکان نەببوون (( بە زۆری هەموو ماڵەکانی قەراخ شار جووت و گایان هەبوو کشت و کاڵیان ئەکرد و مەڕ و ماڵاتیان بە خێو ئەکرد ٥٩ .تاکو ساڵی ١٩٥٨ کەرتی کشت و کاڵ نزیك بە چارەکی بەرهەمی نەتەوەیی وڵاتی بەرهەم دەهێنا ، چارەکی دووەمیش بۆ نەوت بوو ((داهاتی نەتەوەیی وڵات ٣٦٢,٢ ملیۆن دینار بوو ، لەوە ٨٩,٢ ملیۆن دیناری بەشی کەرتی کشت و کاڵی بوو ٦٠ .

((ساڵی ١٩٥٨ کۆی ناردەی نەوتی عێراق ٩٠ ملیۆن دینار بوو ٦١ .

بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی هێنانی نەوت ، پێویستی بەهێزی کاری زیاترە ، بۆیە ژمارەی کرێکارانی کارکردوو لەم کەرتە بە پێی بەرز بوونەوەی بەرهەم دەچێتە سەر ، زیاد بوونی کرێکار بە مانای گەشەدان بە ئابوری و زۆربوونی هەلی کارکردن دێت لە شاردا ((ساڵی ١٩٣٣ ژمارەی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراقی گەیشتە ٦٠٠٠ پاشان لە ساڵی ١٩٤٧دا بوو بە ١٤٠٠٠ ٦٢ .هەرچەندە لە سەرەتاوە ئینگلیزەکان لە کۆمپانیای نەوت ، کەڵکیان لە کرێکاری بێگانە وەردەگرت، بەڵام تاکو سەر نەیانتوانی درێژە بەم سیاسەتەی بدەن ، بەهۆی داخوازی خەڵك و سەرهەڵدانی بزاوتی مەدەنی و ناڕەزایەتی کرێکاری و جەماوەری و گەشەی بزاڤی چەپ لە عێراقدا (( لە سەرەتاوە ڕێژەی کرێکارانی عێراقی زۆر کەم بوون ، لە نەوتخانە ١٠٪ و ئێسگەی پاڵاوتن ٦٪ و ئێسگەی بارکردن ١٢٪ بوو ٦٣ .



بە بەرزبوونەوەی داهاتی وڵات بەهۆی هەناردەی نەوتەوە ، توانای ئابوری دەوڵەت تا ڕادەیەك چووە سەر ، بەمەش بزاوتی ئاوەدان کردنەوە گەشەیکرد . لە قۆناغی گواستنەوە لە دەوڵەتی کۆنەوە بۆ دەوڵەتی مودێرن پێویستی بە پڕ کردنەوەی ئەو دەزگایانە هەبوو لە سستەمی کۆندا نەبوون ، یاخود بە گوێرەی پێداویستی گەشەی دەزگاکانی دەوڵەت و گەورە بوونەوەی شار نەبوون ، وەك قوتابخانەی سکۆلار ، نەخۆشخانە ، کتێبخانە ، بانك ، دادگا ، باخچە ، دایانگا ، پارێزگا ، پۆلیس ، ئاسایش ، شارەوانی ، کارەبا ، بەرق ، ڕادیۆ ، پرد ، ڕێگاوبان ، سەرا ، شارەوانی ، .... ئەمانە هەموو بە نوێی لە شارەکان دروستکران .

هەرچەندە داهاتی نەوت هەمووی بۆ دەوڵەتی عێراقی نەبوو ، بەشی شێری کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان بۆ خۆیان دەیان برد و تاڵانیان دەکرد ، بۆیە کاریگەری زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی داهاتی تاك و پێشکەوتنی وڵات دانانا ((داهاتی نەوت بۆ کۆمپانیا پاوان خوازەکان دەچوو ، ئابوری پێش نەکەوت و داهاتی تاك ناچووە سەر ٦٤ .

هەناردەی نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٤٨ەوە بۆ ساڵی ١٩٥٨بەم شێوەیەی خوارەوە گەشەی کردووە .

| ساڵ | بەهای هەناردراو |
|---|---|
| ١٩٤٨ | ٢,١٣٠ |
| ١٩٤٩ | ٣,١١٩ |
| ١٩٥٠ | ٦,٦٧٤ |
| ١٩٥١ | ١٥,١١٣ |
| ١٩٥٢ | ٣٣,١١٢ |
| ١٩٥٣ | ٥١,٢٥٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٥٤ | ٥٧,٧١١ |
| ١٩٥٥ | ٧٣,٧٤٢ |
| ١٩٥٦ | ٦٨,٨٥٨ |
| ١٩٥٧ | ٤٨,٩٢٠ |
| ١٩٥٨ | ٧٩,٨٨٧ (٦٥). |

لە ساڵی ١٩٥٢ بە دواوە ، هەناردەی نەوت تەكانی گەورە دەدا (بە تایبەت دوای ئەو رێككەوتننامەیەی لە ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ كۆمپانیای نەوت مۆركرا لە سەر زیادكردنی وەبەرهێنانی نەوت ٦٦ .هاوكات كەرتی پیشەسازیش بەشێوەی گشتی لە عێراقدا تا ڕادەیەك گەشەی بەرچاوی كرد ، لە پیشەسازی بەرهەم هێنانی شمەكی سەرەتاییەوە ، پێی نایە ناو بەرهەم هێنانی پێداویستییە بەكاربەرییەكانی تاك ، وەك بەرهەم هێنانی قوماش ، ڕۆن ، شەربەت ، جگەرە ، سابون ، تایت ، ... ...هتد . بەرینبوونەوەو گەشەكردنی پیشەسازی ، بەكارخستنی زیاتری هێزی كار و گەورە بوونی شار لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت ، چونكە پیشەسازی لە شارەوە دەست پێدەكات .

(( لە پوختەی ئاماری پیشەسازی عێراق ، بەگوێرەی لیواكان ، لە ساڵی ١٩٥٤دا دەرەكەوێت ، كەركوك ١٣٢٨ پڕۆژەی پیشەسازی تێدا بووە ، ٣٥٢٧ كرێكار كاریان تێدا كردووە ، ١٧٢٠٠٠ دینار كرێی ساڵانەی كرێكاران بووە ، داهاتی گشتییان ٢,٠٨٦,٠٠٠ دینار بووە . لە سەرجەم عێراق ٢٢٤٦٠ پڕۆژەی پیشەسازی هەبووە ، ٩٠٢٩١ كرێكار كاریان تێیدا كردووە ، داهاتی گشتییان ٣٩,١٩٨,٠٠٠ دینار بووە . شاری بەغدا بەشی شێری لەو پڕۆژانە بەركەوتووە ، ژمارەی پڕۆژەكانی ٤٧٠٦ و ژمارەی كرێكارەكانی ٣٢٥٩٤ بووە . لەو كاتەدا دهۆك سەر بە لیوای موصڵ بووە ، سلێمانی ٨٠٤ پڕۆژە و هەولێر ١٤٦٤ پڕۆژەی پیشەسازییان تێدا بووە . لە شاری هەولێر ٢١٥٢ كرێكار و سلێمانی ١٧٧٤ كرێكار كاریان لەو پڕۆژانە كردووە . كۆی كرێ لە هەولێر ٥١٠٠٠ دینار و لە سلێمانی ٤٧٠٠٠ دینار بووە ٦٧ .



هەرچەندە تاكو ئەوكاتە بەشی زۆری هێزی كاری عێراقی ، لە كەرتی كشت و كاڵ كاریان دەكرد ، بەڵام وردە وردە ئەم زۆرایەتی یە بە تێپەڕ بوونی كات ، بەقازانجی كەرتەكانی دیكەی ئابوری ( پیشەسازی و خزمەتگوزاری) دەپوكێتەوە.

(( ١,٤٠٠,٠٠٠ كەس لە هێزی كاری عێراقی لە كەرتی كشت و كاڵ بە شێوەی بەردەوام كارییان دەكرد، كە دەیكردە ٧٠٪ ی كۆی هێزی كاری عێراقی . جوتیارانی گەڕۆك ١٦٠٠٠٠ كەس ، ڕێژەیان لە كۆی گشت هێزی كاری عێراقی ی دەیكردە ٨٪ ، ٢٪ ی هێزی كار لە بەشەكانی دیكەی كەرتی كشت و كاڵ كاریان دەكرد ، كۆی گشتی كشتكاران دەیكردە ١٦١٠٠٠٠ ، كە ٨٠٪ ی هێزی كاری عێراقی پێك دەهێنا . پیشەسازی و گواستنەوە و نەوت سەرجەمییان ١٨٥٠٠٠ كرێكار كارییان تێدا دەكرد ، كە دەیكردە ٩٪ ی هێزی كاری عێراقی ، كەرتی خزمەتگوزاری ٢١٥٠٠٠ كرێكار كاری تێدا دەكرد ، كە دەیكردە ١١٪ ی هێزی كاری عێراقی ، كۆی گشتی هێزی كار لە عێراقدا ٢٠١٠٠٠٠ كەس بوو ٦٨.

پیشەسازییەكانی چیمەنتۆ ، شخاتە ، خۆشەكردنی پێست ، سابون ، ڕۆن ، خورما لە (دەیەی دووەمی پەنجاكان ) لە عێراقدا بوونیان هەبوو ، لە دوای پیشەسازی نەوت ، ئەمانە سەرەكیترین بەشی كەرتی پیشەسازی وڵات بوون ((٧ جۆر پیشەسازی عێراق ، ڕستن و چنین ، نەوت ، چیمەنتۆ ، بیرە ، كهول ، ڕۆنی ڕوەك ، پێست ، لە ساڵی ١٩٤٩–١٩٥٠ دا ، سەرمایەی گشتییان بایی ٤,٩١٤,٠٠٠ دینار بووە ، كۆی بەرهەمیان بایی ١,٥٥٥,٢٤٨ دینار بووە ، لەو ٧ كەرتە ٢٦٢٦ كرێكار كارییان تێیدا كردووە ، كرێی گشتییان بایی ٣٣٣٦٩٢ دینار بووە ٦٩.

هاوكات دەوڵەت لە ڕووی یاسایی و كارگێڕیشەوە هەنگاوی نا بۆ ئاوەدان كردنەوە ((میری بۆ چاك كردنی ئابوری لە ساڵی ١٩٥٠ هەڵستا بە دروست كردنی ئەنجوومەنی ئاوەدان كردنەوە ٧٠ .

یەكێك لە ڕێگرییەكانی بەردەم گەشەی شار و نزمی هێزی بەكاربەری و كەمبوونی داهاتی ساڵانەی هاووڵاتیان بوو ، داهاتی تاك لە كۆتایی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكان لە عێراق گەیشتە ترۆپكی خۆی ٤٠٠٠ دۆلار لە ساڵێكدا ، ئەمە تەكانی گەورەی بە جموجۆڵی ئابوری و گەشەی شارنشینی دا ، هەرچەندە ئەو ئەو بەرزبونەوەیە بەردەوام نەبوو دوایی نیشتەوە ، شارنشینان داهاتییان هاتە خوار ، كەرتی كشت و كاڵیش تیا چوو بوو ، ئاكامەكەی بەو نەبونییە گەیشت لە سەروبەندی ئابلوقەی ئابری هەموو تاقیمان كردەوە .

## پەروەردەو فێرکردن

بە هاتنی خوێندنی سکۆلار بۆ ناو بەرنامەی خوێندن ، ئاستی پەروەردە چووە سەر . خوێندنی سکۆلار کاری لەسەر پێشکەوتنی سستەمی پەروەردە دانا ، پێشتر خوێندن لە مزگەوت بریتی بوو لە ئەزبەر کردن و خوێندنی قورئان ، زمانی عەرەبی و شەرع ، لێ لە خوێندنی سکولار ماتماتیك شوێن نەحو ، ئینگلیزی شوێن فقە ، فیزیا شوێن نوێژ ، گیانەوەرزانی شوێن دوعاو نوشتەی گرتەوە ، ئەم ڕشتانەش هەموو پێداویستی مرۆیی گەشەکردنیان دابین دەکرد .

زاڵ بوونی سستەمی خوێندنی سکۆلار ، کردنەوەی زانکۆکان ، وەبەرهێنانی ئەندازیار و پزیشك و دەرچووانی ڕشتە زانستیی و مرۆییەکان ، کاری لەسەر ئامادە کردنی کادیری زانستی و گەشەدان بە چینی ناوەند دانا . پێشتر توێژێکی بچووك لە خوێندەوارانی ئەستەمبوڵی و ئەوروپی هەبوون ، کە دەگەڕانەوە کاریگەری ئەستەمبوڵ و ئەوروپایان بەسەرەوە بوو .

سەدەی بیست دەستپێکی ئەو گۆڕانکارییە بوون لە عێراقدا ((ساڵی ١٩٢١–١٩٢٢ ژمارەی قوتابیانی کۆلێژەکان لە هەموو عێراق تەنها ٩٩ قوتابی بوو ، لە ساڵانی ١٩٤٠–١٩٤١ بەرز بوەوە بۆ ١٢١٨ قوتابی ، لە ساڵی ١٩٥٨–١٩٥٩ گەیشتە ٨٥٦٦ قوتابی .

هەتا ساڵی ١٩١٧ تەنها کۆلێژی یاسا لە عێراقدا ب هەبوو ، لە ساڵی ١٩٠٧ کرابوەوە . خانەی باڵای مامۆستایان لە ساڵی ١٩٢٣ و کۆلێژی پزیشکی لە ساڵی ١٩٢٥و کۆلێژی دەرمانسازی لە ساڵی ١٩٣٦ کرانەوە .

لە ٢٦–٢٩–٣–١٩١٧ یەکەم تاقی کردنەوەی بەکەلۆریا لە عێراقدا ئەنجامدرا ، لە ساڵانی ١٩١٩–١٩٢٠ یەکەم قوتابخانەی دوا ناوەندی لە بەغدا کرایەوە ، لە ١٩–١–١٩٢٠ یەکەم قوتابخانەی کچان لە بەغدا کرایەوە ٧١ .



کردنەوەی قوتابخانە ، گەشەکردنی خوێندنی سکۆلار ، نەش و نماکردنی چینی ناوەند لە عێراقدا ، زەمینەی مرۆیی کۆمەڵگەی مۆدێرن و گەشەی شار و پێشکەوتنی ئابوریيان لەگەڵ خۆدا هێنا .

شار بە بوونی ئەندازیار نەزم وەردەگرێت و تەرزی نوێی تەلارسازی تێدا بنیات دەنرێت ، بۆیە بوونی خوێندنی سکۆلار هەنگاوی جدی گەشەی شاری لێکەوتەوە ، لە ڕوی چەندایەتی و چلۆنایەتی .

نەخوێندەواری دەردێکی کوشندە بوو ، خەڵکی عێراق بەدەستیەوە دەتلایەوە (( بەگوێرەی ئاماری ١٩–١٠–١٩٤٧ لە عێراقدا ، لە کۆی ٤٨١٦١٨٥ کەس لە دانیشتوانی وڵات ، ٣٣١٩٤٦٩ کەسییان نەخوێندەوار بوون ٧٢ ، واتە ڕێژەی نەخوێندەواری زیاتر بوو لە ٧٠٪ ی دانیشتوانی عێراق .

### کۆڕەوی جوتیاران ڕوو لە شار

کۆچی جوتیاران لە دوای سییەکانەوە لە عێراقدا چووە سەر ، لە ناوەڕاستی چلەکان تەکانی گەورەی دا ، لە کۆتایی پەنجاکان شێوەی ڕەوکردنی بە گەلەی بەخۆوە گرت .

((بە گوێرەی ئاماری ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ ،ژمارەی کۆچکردووان لە لادێوە بۆ شار ، لە ساڵانی پێش ١٩٤٧ گەیشتە نزیك بە ٣٠٠٠٠٠ کەس ، لە نێوان ١٩٤٧ بۆ ١٩٥٧ گەیشتە نزیك بە ٤٥٠٠٠٠ کەس ، بەشی هەر ٣ شاری بەغدا و بەصرە و کەرکوك ، لەقۆناغی یەکەم ١٠٠٠٠٠ کەس و لە قۆناغی دووەم ١٦٠٠٠٠ کەس بوو . زۆربەیان لە گەڕەکەکانی کەناری شار ، لە خانووە خراپەکان نیشتەجێ بوون ٧٤ .

لەدوای ئەو مێژوەوە ، شارەکان بە خێرایی گەورە دەبن ، ڕێژەی شارنشینی و گوند نشینی گۆڕانی بەسەردا دێت ، پەیتا پەیتا گەڕەکی نوێ لە کەنار شارەکان دروستدەکرێن ، ژمارەی گەڕەکەکانی شار لە زیاد بونن ، تەنانەت لە هەندێك کاتدا ، خێڵ و عەشیرەتەکان بە کۆمەڵ لە گەڕەکەکان نیشتەجێ دەبن ، بەناو خۆیانەوە ناوی گەڕەکەکان دەنێن ، کۆمەڵگەی خێڵایەتی خۆیان دەگوازنەوە ناو شارەکان ، لە ناوەڕاستی چلەکانەوە کۆچی جوتیاران بە تەواوی چووە سەر ((کۆچ لە لادێوە بۆ شار لەساڵی ١٩٤٧ ەوە چووە سەر ٧٥ .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا ، زەوتکردنی زەوی لادێکان و دەست بەسەردا گرتنی لە لایەن ئاغاکانەوە ، پەیدا بوونی ئامرازەکانی کشتکاری(تراکتۆر و دەڕاسە) بووە هۆی بێکارکردنی بەشی زۆری جوتیاران لە لادێ ، لاواز بوونی دەسەڵاتی ئاغاکان بەسەر جوتیارانەوە ، زیاتر جوتیارانی ئازاد کرد لە هەڵبژاردنی شوێنی ژیان ، ((ئاغاکان هۆکارێکی کۆچی جوتیاران بوون ٧٦. لە بەرامبەردا پەیدا بوونی هەلی کارکردن لە شارەکان ، بەهۆی گەشەی هۆیەکانی بەرهەم هێنان ، گواستنەوەی قورسایی هەلی کارکردن بۆ شار ، سەرجەمیان هۆکاری ئەم کۆچکردنە بە کۆمەڵەی جوتیارانن لە لادێوە بۆ شار . لە عێراقدا بەکارهێنانی ئامێر لە کەرتی کشت و کاڵ لە ماوەی ١٠ ساڵدا (١٩٤٨–١٩٥٨) بەم شێوەیەی خوارەوە چووە سەر ، هەرچەندە ئەم ژمارانە زۆر بچوکن لە چاو گەشەکردنی حەفتاو هەشتاکان .

| الماكنة او الاداة الحديثة | ١٩٤٨ | ١٩٥٨ |
|---|---|---|
| الساحبة (بالاطارات) | ١٦٥ | ١٣٢٨ |
| -----(بسلاسل) | ٢١٣ | ١٣٧٦ |
| حاصدة اوتوماتيكية | ٤٧ | ٧٥٩ |
| ----تسحب بالسحابة | ٤٧ | ١٤٣ |
| ---تسحب بالخيل | ٩ | ٦٥٦ |
| دراسة | ١٩ | ٤٩ |
| باذرة | ٢٣ | ١١٤ |
| محراث قلاب | ٢٨٢ | ١٤٥٢ |
| محراث قرصي | ٤٢ | ٤٧٤ |
| خرماشات | ١١٦ | ٩٥٠ |
| ناقلات(تريلر) | ١٢ | ٢٠١ |
| مرازات | – | ٥٤ |
| معدلات(كريدر) | – | ١٢٠ |
| بلدوزر | – | ٣٤ |
| مضخة على نهر | – | ٥٤٤٤ |
| بئر | -- | ٥١٤ .٧٧ |



هەرچی تراکتۆرە ، کە بە بڕ بڕە پشتی گەشەکردنی کەرتی کشت و کاڵ دێتە هەژماردن ، لە ڕابردوودا جووتکردن زۆرترین هێزی کاری لادێی هەڵدەلووشی ، بەم شێوەی خوارەوە وەك لە خشتەکەدا دەیبینین ، ژمارەی لە عێراقدا چووە سەر :

| ساڵ | ژمارەی تراکتۆر |
|---|---|
| ١٩٥٠ | ٦١٢ |
| ١٩٥١ | ٦٦٢ |
| ١٩٥٢ | ٤٣٩ |
| ١٩٥٣ | ... |
| ١٩٥٤ | ٤٦٩ |
| ١٩٥٥ | ١٧١٥ |
| ١٩٥٦ | ٢٠٩٦ |
| ١٩٥٧ | ٢١٨٨ |
| ١٩٥٨ | ٢١٨٨ (٧٨). |

لە ساڵی ١٩٢٧ ەوە دەوڵەت هانی خاوەند زەوییەکانی دا بۆ کڕینی ترۆمپای ئاو ، ساڵی ١٩٢٧ کۆی گشتی ١٠٨٣ ترۆمپا لە هەموو عێراق هەبوو ، لە ساڵی ١٩٢٩ ژمارەیان گەیشتە ٢٠٤٧ ٧٩ ، لێ کوردستان لە دواوەی هەموو ناوچەکانی عێراقەوە بوو لە بەکارهێنانی ترۆمپا .

لە ساڵی ١٩٣٤ دا ژمارەی ترۆمپاکان گەیشتە ٢١٥٠، لەوانە ١٨یان لە موصڵ ، هەولێر هیچ ، سلێمانی ١ ، کەرکوك ٢ ، بەغدا ٨٧٠ و کوت ٣٦٢ ٨٠ .

هەرچەندە بە شێوەی گشتی بەکارهێنانی ئامێری کشت و کاڵی لە عێراق ، لە کۆدا گەشەی وای نەکرد کە هەستپێکراو بێت و شیاوی ئەوە بێت کاریگەری لەسەر بەرهەم هێنان هەبێت ، تەنها لە بەشێکی زۆر بچوکی کێڵگە کشتوکاڵییەکان کەڵك لە ئامێری نوێی کشت و کاڵی وەردەگیرا (( لە ساڵانی ١٩٥٨–١٩٥٩ لە کۆی ٨٩٧١١ کێڵگەی کشت و کاڵی ، تەنها ٣٩٦٥کێڵگە ئامێری کشت و کاڵی بەکار هێناوە ، کە دەیکردە تنها ٣٪ ی کێڵگەکان ، لە بەرامبەردا ٦٠٪ی کەڵگی لە ئاژەڵ و ٣٧٪ مرۆڤ کارەکانی ئەنجام دەدا ٨١ .

ئەگەر دەست بەسەرداگرتنی زەوی جوتیاران ، لە لایەن ئاغاکانەوە و بەکار هێنانی کەل و پەلی بەرهەم هێنەری کشت و کاڵی مۆدێرن ، هۆکارێك بێت بۆ بێکاریی جوتیاران ، ئەوا گوێ پێ نەدان بە زەوییەکان و بەکار نەهێنانی لە لایەن ئاغاکانەوە ، هۆکارێکی دیکەی بێکارکردنی جوتیاران بوو ، دەبینین لە سەروبەندی شۆڕشی ١٤ گەلاوێژدا زیاتر لە ٣٥٪ زەوی عێراق بەکارنەهێنراوە (( لە ٦٠ ملیۆن خاکی بە پیت ئامادە بۆ کشت و کاڵ تەنها ٢٢ ملیۆن دەچێنرا ٨٢ .

عێراقی پێش ١٤–٧–١٩٥٨ ، یەکێك بوو لەو وڵاتانەی ، لە ئاستی جیهانیدا ، زاڵمانەترین سستەمی خاوەنداریەتی زەوی تێدا پەیرەو دەکرا . ئاستی خاوەنداریەتی دەرەبەگایانەی زەوی لە عێراقدا ، تەنانەت وڵاتانی ئەمەریکای لاتینیشی تێپەڕاندبوو ، کە لە جیهاندا بێوەنەن ، مەلاکەکان لە ئەمەریکای لاتین ٦٤٪ ی زەوی بەدەستیانەوە بوو ، بەڵام لە عێراق ئەم ڕێژەیە گەیشتە ٦٩,٢٩٪ ٨٣ .

تەنها ١٪ ی عێراقییەکان زەوییان بەرکەتبوو ، وەك حنا بەتاتۆ باسی دەکات ، مەلاکەکان نزیك ٥٥,١٪ زەوی وڵات بە دەستیانەوە بوو . لەوانە ٧ مەلاکی گەورە کە هەریەکەیان زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ دۆنم زەوییان هەبوو ٨٤ .

وەلێ لە ڕاستیدا ژمارەکە لەوەش زیاتر و جیاوازییەکە لەوە فراوانتر و سستەمەکە لەوە زاڵمانەتر بوو ، وەك بەڕێزی ئاماژەی پێ داوە . ١٦ دەرەبەگ لەو ژمارەیە لە هەموو مەلاکەکان زیاتر زەوییان هەبووە ، لە ناویاندا بەگەکانی جاف زیاتر لە نیو ملیۆن دۆنم و سەرۆك خێڵەکانی ڕەبیعەو شەمەر نزیك بە نیو ملیۆن دۆنم زەوییان هەبووە ٨٥ .

لە کۆی ٤٨ لە دەرەبەگە هەرە گەورەکان عێراق ، کە ١٦,٨٪ زەوی کشت و کاڵی سەرجەم عێراق بە دەستیانەوە بوو ، سەرۆکی کاکەیی بە پلەی هەشتەم و تاڵەبانییەکان ١٠یەم و بابانییەکان ١٨یەم و سەید ئەحمەدی خانەقا ٣٧هەمین دەهاتن ٨٦ .

خاوەند زەوییە دەوڵەمەندەکان ، ئەوانەی هەریەکەیان زاتر لە ٥٠٠ دۆنم زەوییان هەبوو ، ژمارەیان ٧٢٢٨کەس بوو ، ، ڕێژەیان بۆ کۆی گشتی خاوەندارانی زەوی دەگەیشتە ٢,٨٥٪ ، ڕووپێوی ئەو زەویانەی بە دەستیانەوە بوو دەگەیشتە ٢٢٢٨٣١٣٦ دۆنم ، کە دەیکردە ٦٩,٢٩٪ زەوی کشت و کاڵی سەرجەم وڵات ، بە شێوەی گشتی هەر یەکەیان ٣٠٨٢,٨٩ دۆنم زەوییان بەر دەکەوت ٨٧ .



بەڵام ئەوانەی لە نێوان ١٠–٥٠٠ دۆنم زەوییان هەبوو ، کۆی گشتی ٢٩,٦٣٪ زەوی وڵات بە دەستییانەوە بوو ، ژمارەیان ١٣٢٤٤١ خاوەند زەوی بوو ٨٨ .

لە لادێکاندا ، بە تێپەڕ بوونی کات ، بێکاری لە گەشەی بەردەوامدا بوو ، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان و گەشەکردنی بەکارهێنانی ئامێری کشت و کاڵی ، بێکاریش هاوتەریب بەرز دەبوەوە (( ژمارەی ئەوانەی توانای کاریان هەبوو لە عێراق لە ساڵی ١٩٤٧ ، لە ١٣٩٩٠٠٠ ەوە ، بەرز بوەوە بۆ ١٨١٤٠٠٠ لە ساڵی ١٩٥٧ . ژمارەی کرێکاران لە لادێ لە ٧٤٨٠٠٠ ەوە بەرز بوەوە بۆ ٨٥٢٠٠٠ . ژمارەی بێکاران لە ٦٥١٠٠٠ ەوە بەرز بوەوە بۆ ٩٦٢٠٠٠ ، بە گەشەی ساڵانەی ٣١١٠٠ بێکار لە ساڵێکدا ٨٩ .

نابێت ئەوەش لەیاد بکەین ، کەرتی کشت و کاڵ لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا ، بە نەخشەوە لە لاوازکردندا بوو ، عێراق کرا بە بازاڕی خۆراك بۆ کێڵگەی وڵاتانی زل هێز ، لە بەرهەم هێنەری خۆراکەوە بوو بە وڵاتی هاوردەی سەرەکی خواردن لە دەرەوە ، بۆیە ئەم کەرتە بە نەخشەوە گرنگی پێ نەدراوە و پشتگوێخراوە .

لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەی ئاماژەمان پێیدا ، ١٠٤ هەزار کار زیادیکردووە ، لە بەرامبەردا ژمارەی بێکاران ٣١١ هەزار چۆتە سەر .

(( بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ، ژمارەی دانیشتووانی لادێ گەیشتە ٣٨٥٣٥١٧ ، لەوانە تەنها ٨٥٢٠٠٠ کاریان دەکرد ، ژمارەی بێکاران گەیشتە٩٦٢٠٠٠ . واتە بێکاری زیاتر لە نیوەی هێزی کاری پێك دەهێنا ٩٠ .

## کاردانەوەی هاتنی ئینگلیز بۆ عێراق لەسەرگەشەکردنی شار

پاش داگیر کردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە لە ساڵی ١٩١٨ ، عێراق لە ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستی عوسمانی ڕزگاری دەبێت ، هەرچەندە دەسەڵاتی نوێ هەمان سستەمی ئابوری کۆمەڵایەتی کۆنی پاراست ، بەهەمان شێوەی دەروازەی باڵا بووە هاوپەیمانی ئاغاو دەرەبەگەکان ، بەڵام لەگەڵ خۆیدا تۆوی گۆڕانکاری هێنا لە پێناو بەرژەوەندییە ئیستعمارییەکان خۆی . لە بەرژەوەندی نەخشەکان خۆی ، بۆ دابینکردنی بازاڕ و کەرەسەی خاوی هەرزان و گواستنەوەی کەل و پەلە سەربازیەکانی ، دەستیکرد بە دروستکردنی ڕێگاو بان و دروستکردنی بارەگاو نەخۆشخانەو پێداویستییەکانی هێزەکانی . لەگەڵ هاتنی بەریتانییەکان دروستکردنی تۆڕی ڕێگاو بان و کەڵك وەرگرتن لە شەمەندەفەر لە وڵاتدا گەشەیان کرد ، ئەمانەش ڕوحی گەشەدان بە شارن .هەموو ئۆباڵی هەژاری و بێکاری و نزمی هەقدەستی عێراقییەکان لە ئەستۆی دەسەڵاتی عوسمانیەکان نەبوو ، بەڵکە بوونی سستەمی زاڵمانەی دەرەبەگایەتی دواکەوتووی خۆماڵی لە هەرێمەکان ، کە خەلافەت پارێزگاری لێدەکرد ، هۆکارێکی دیکەی ئەو هەژاری و دواکەوتووی یە بوو ، پاشان لە سایەی دەسەڵاتی ئینگلیز و پاشایەتی درێژەیان پێ دا . تەنانەت لە سەردەمی پاشایەتی وابەستە بە ئینگلیز زۆر یاساو ڕێسا لە خزمەت بە دەرەبەگەکان دەرچوون کە ئیمتیازاتی زیاتری پێیان دەدا ، بۆ نموونە باجی زەوی لەساڵی ١٩١١ گەیشتە ٤٤,٣٪ کۆی داهاتی ولایەتەکانی عێراق ، لە ساڵی ١٩٢١ دابەزی بۆ ٢٧,٦٪ ، ساڵی ١٩٢٦ بوو بە ٢٣٪ ، لە ساڵی ١٩٣٠ دابەزی بۆ ١١,٧٪ ، ئەمەش بە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی باجەوە بوو لە بەرژەوەندی ئاغاو خاوەند زەوییەکان ٩١ .

نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت گۆڕانی پێگەی بەرهەم هێنانی عێراق لە وڵاتی کشت و کاڵییەوە بۆ بەرهەم هێنانی نەوت ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لەم تێکچوونی پارسەنگە ، لە بەشی باجی زەوی لە داهاتی وڵات . ئەو گۆڕانکارییانەی پێشتر



ئاماژەمان پێیان دا ، وایان کرد لە شارەکان دەرفەتی کار زیاتر بێت ، ئەمەش زەمینەی ڕەوکردنی جوتیارانی بێکار لە لادێوە بۆ شار خوشکرد .

((سستەمی نیمچە دەرەبەگایەتیش لەو قۆناغەدا هۆیەکی تری تەشەنەکردنی بێکاری بوو . چەوساندنەوەی جووتیاران لەسەر دەستی دەرەبەگ و خاوەن زەوی سەرەك عەشیرەتەکاندا کارێکی کرد ، ئاستی گوزەرانی جووتیاران بە ئەندازەیەك هاتە خوارەوە نەیان دەتوانی لە لادێ بمێننەوە . ئەوانە لە سایەی ئەو سستەمەدا ، لەبەرهەمی ساڵانەیان ئەوەندەیان بۆ نەدەمایەوە تا وەرزی داهاتوو بیان ژێنێ . ساڵ بەساڵ لە ژێر باری سەلەم و سوودا زیاتر پشتیان دەچەمایەوە . دیارە بەم حاڵەیشەوە نەیان دەتوانی کەڵك و سوود لە پیشەسازی نیشتمانی و بەرهەمی پیشەیی خۆ ووڵاتی وەربگرن و بیان کڕن ، پێویستییەکانی ژیانی خۆیانی پێ دابین بکەن ٩٢ .

سوپای ئینگلیز خواردنیان لە جوتیارانی ناوخۆ دەکڕی بۆ سوپاکەیان ، ئەم هەنگاوەش گەشەی زیاتری دا بە بازاڕی بەروبوومی کشتو کاڵ ، بەمەش ئاغاکان دراوێکی باشییان کۆکردەوە . هەرچەندە پاش قەیرانی ئابوری ١٩٢٩ ناردە بۆ دەرەوە کەم بووەوە .

هاوکات بە هۆی گەشەی بازرگانی ، ناردنی بەروبوومی کشت و کاڵی و ئاژەڵداری (خوری) بۆ دەرەوە ، دەست بەسەرداگرتنی زەوی جوتیاران لە لایەن دەرەبەگەکانەوە لە لادێکاندا ، دەرەبەگەکان دەوڵەمەند بوون . نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت ، بەشی زۆری خاوەند زەوییەکان ، خێزانە دەسەڵاتدارەکانی شار بوون ، لە ڕێگەی وەکیلەکانییانەوە زەوییەکانیان بەڕێوە دەبرد ، نموونە زەوییەکان بان ساڵەیی کەرکوکە ، تورکمانە بەگەکان کەرکووك خاوەندی بوون ، دەلالی خۆیان هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی زەوییەکانیان کە کوردی خاوەند نفوزی ناوچەکە بوون . ئەم خاوەند زەوییانە بەهۆی دەوڵەمەندبوونییانەوە (( قەسری گەورەیان لە شارەکان دروستکرد ٩٣ .

ئەم قەسرانە زۆریان لە دەرەوەی قەڵاو شوراکان دروست دەکران . بە هۆی دەست ڕۆیشتویی خاوەنەکانیان ، خەڵك لێیان کۆبونەوە و بە دەوریانا ئاوەدانی پەیدا بوو

، بەمەش شارەکان سنورە کۆنەکان ڕابردویی خۆیان بەزاند و گەورە بوونەوە ، لەو جوگرافیا دیاریکراوەی هەزاران ساڵ لە ناوی زیندانی ببوون ، دەرچوونە دەرەوە .

هاوکات لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق ، سەرباری ئەوەی دەرگا ڕوو لە دەرەوە کرایەوە ، هاوکات ئینگلیزەکان ، بۆ دابینکردنی پێداویستی سوپاکەی خۆیان ، دەستیان کرد بە هەڵمەتی ئاوەدان کردنەوە ، بۆ نموونە دروستکردنی بارەگای پۆلیسی گومرگ ، نەخۆشخانەی سەربازی ، یاخود میوانخانە .... ئەمانە پێویستی ئینگلیزەکان بوو ، کەوتنە دروستکردنییان لە سەرجەم شارەکانی عێراق (( زۆربەی ئەو دام و دەزگا و بیناکارییانەی ئەو کاتە جێبەجێ کراوەو بەهۆی هاوپەیوەستی ڕاستەوخۆی ، پێویستییەکانی هێزەکانی سەربازی داگیرکەر ، لە گەڵ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی حکومەتی نیشتمانی بووە بۆ کار ڕایکردنی ئینگلیزەکان ... ئەویش زۆر بە ڕوونی بە دەردەکەوێت لە دروستکردنی نەخۆشخانە بۆ تیمارکردنی سەربازەکان لە خاڵی هێرشە سەربازییەکانییان ، یا لە دروست کردنی یانەی تایبەتی بۆ حەوانەوەو کات بردنە سەر و یان لە دروست کردنی دەزگای پۆستەو بروسک ، بۆ ئاسانی گەیشتنی هەواڵەکان بە ئیمپراۆریەتی بەریتانیای گەورە تەنانەت بایەخ دانیان بە ئاسەوارو کۆنینەکانیش خۆی دەبینێتەوە لە دەست بەسەراگرتن و ڕەوانەکردنی بۆ مۆزەخانەی بەریتانیا ٩٤ .

هەروەها بە هاتنی ئینگلیزەکان ، لەگەڵ خۆیان تەرزی تەلارسازی ڕۆژئاوایی ، کەرەسەو کەلوپەلە تەلارسازییەکانیان و نەخشەی شەقام و شارەکانیشیانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا ، دەتوانین هاتنی ئینگلیز بە خاڵی وەچەرخانی تەلارسازی و بەشاربوون دابنێین لە عێراقدا ، لە دوای ئەو قۆناغەوە شارەکان بە هاوچەرخ بوون و هاوڕێکییان بەخۆوە گرت .

شار ئەگەر لە هەناوی شۆڕشی کشت و کاڵییەوە گەرای دانابێت و گەشەی کردبێت ، ئەوا لە قۆناغی شۆڕشی پیشەسازیدا کە لە ئەوروپا لە سەدەی ١٩ ەوە دەستی پێکرد ، شارەکان بەرینتر بوونەوەو گەشەیان کرد و شێوەی مۆدێرنییان بە خۆوە گرت . لە شۆڕشی یەکەم شارەکان دروست بوون ، پاش هەزاران ساڵ چەقین و ڕاوەستان لە شوێن خۆیان ، لە شۆڕشی دووەم شارەکان بە تەکان گەشەیان کرد ، شۆڕشی یەکەم کۆمەڵگەی گوندی بەرهەم هێنا ، شۆڕشی دووەم کۆمەڵگەی شارنشینی پێك هێنا ، قۆناغی شۆڕشی پیشەسازی قۆناغی بەشاربوونی کۆمەڵگایە



، بەڵام لە شۆڕشی سێهەم کە شۆڕشی زانیارییە ، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانەوە دەستیپێکردووە ، قۆناغی بەشاربوونی خودی گوندەکانە ، قۆناغی سڕینەوەی جیاوازی شار و گوندە .

هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق دەتوانین بە دەستپێکی شۆڕشی بە شاربوون دابنێین لە عێراقدا (( ئەو ماوەیەی داگیرکردنی ئینگلیزەکان لە عێراق لە نێوان ١٩١٤–١٩١٨ و دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانی لە وڵاتدا و هەتا ماوەی هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی ، دادەنرێت بە ماوەی گرنگ لە مێژووی بیناکاری عێراقدا، هەر لەسەر ئەوەشەوە ئەم ماوەیە هاوونجاوە لە گەڵ بڵاوبونەوەی کەرەستەی بیناکاری تازو بابەت و شێوازی بیناکاری جۆراوجۆر، کە بەکارهێنانی زۆر بابووە لە جیهاندا ، لە لایەکی ترەوە ڕەنگدانەوەی پێویستی یە جۆربەجۆرو فراوانەکانی جۆرەها دامەزراوو بیناکارییە ، چونکە لەبەر ئەوەی پێگەیاندنی ئەمبیناکارییانە دەبێتە پێویستییەکی گرنگ بۆ جێبەجێکردن کار ڕایکردنی بیناکاری یەکان ،لە بەر ئەوەی وڵات لەو کاتەدا لە قۆناغی پێگەیاندندا بووە . لەم ماوەیەدا بووە پێگەیاندنی جۆرەهاتەرزی بیناکاری فرۆکەخانەو سەرایی حکومەت و سینەماو دەزگای تایبەت بە پۆستەو بروسك و تەلەفۆنی ئۆتۆماتیکی .دەتوانین ئەو ماوەیەی داگیرکردن و دروست بوونی حکومەتی نیشتمانی هەر درێژەوە بووی ئەو چارەسەرە بابەتییانەی بیناکارییە دابنەین ، تێیدا کەرەستەی بیناسازی بەکارهێنراوە ، کە باوبووە لە تەرزی ئەوکاتەی بیناکاری سەرتاپای عێراقدا ، بەڵام ئەم درێژبوونەوەیە لەگەڵ خۆیدا بووە هەڵگری گۆڕانکاری کتوپڕ و بە پەلە بۆ چارەسەرکردنی پێویستییە بیناکارییەکان ٩٥ .

# گەورە بوونی شارەكان

ئەو خەڵكەی لەبەر بێكاری و برسێتی و چەوساندنەوەی ئاغاكان كۆچیان بۆ شار دەكرد ، لە گەڕەكە هەژارنشینەكانی كەنار شارەكان دەگیرسانەوە ، لەو پەڕی مەرگەساتدا درێژەیان بە ژیان دەدا ، دەبینین خانوی قوڕو كۆلێتی هەژاران ، لە دوای ئەو مێژووەوە ، لە گەڕەكەكانی قەراغ شارەكان پەیدا دەبێت و ژمارەیان دەچێتە سەر .

((یەكێك لەكێشەكانی كۆچ لە عێراق بۆ شارە گەورەكانی وەك بەغدا و بەصرە و كەركوك ئەوەبوو ، ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی لادێ كۆچیان بۆی كردووە ، لە گەڕەكە هەژارنشینەكانی كەنار شارەكان لە ئاستێكی زۆر لە خوار دەژێن ٩٦.

ژمارەی مۆڵەتی ڕێپێدراو بۆ دروستكردنی خانوو ڕۆژ بە ڕۆژ دەچێتە سەر ، بە تایبەت لە پەنجاكان بە دواوە ، شار لە كۆمەڵە گەڕەكی قەتیس ماوی ناو شوار و قەڵا نامێنێتەوە ، لە دەرەوەی شوێنە نەریتییەكانی پێش سەدەی ١٦ و ١٧ گەشەدەكات و گەورە دەبێتەوە ، قورسایی شار لە ڕووی حەشاماتی دانیشتووان و ئابوری و كارگێڕی دەكەوێتە بەشە نوێكەوە .

هەرچەندە كۆچكردووان زیاتر لە ژوری كرێدا دەژیان ، نەك خانوی سەربەخۆ ، بەهۆی ئەوەی توانای دروستكردنی خانوی سەربەخۆو و حەوشی قاپی باغڵەمەیان( سەربەخۆ) نەبوو .

لە دواییدا ئەو فەزا سیاسییەی شۆڕشی ١٩٥٨ دروستیكرد ، زەمینەی لە باری بۆ دروستكردنی گەڕەكی هەژارنشینی خولقاند ، دەبینین لە شارەكان گەڕەكی نوێ پەیدا بوون ، شارەكان بە تەكان گەورە بوونەوە ، شارە گەڕەكی سەورە لە بەغدا ، كۆماری و ئازادی لە كەركوك و ...... نموونەیەكن بۆ ئەم شێوە گەڕەكانە شۆڕش بەرهەمییانی هێنا ، سەرباری لایەنگری دەوڵەت لە هەژاران ، لە ڕوی یاسایشەوە هەموو ئەو یاسایانەی ڕێگربوون لەبەردەم كۆچی جوتیاران بەدوای شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ شەرعییەتیان نەما و هەڵوەشانەوە .



لە ساڵانی ١٩٤٩ بۆ ١٩٥٢ ، دەبینین ساڵانە ژمارەی داواكردنی ڕێگە پێدان بە دروستكردنی خانوو لە شارەكان دەچێتە سەر .

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ساڵ | ١٩٤٩ | ١٩٥٠ | ١٩٥١ | ١٩٥٢ |
| عێراق | ٣٣٤٧ | ٢٩٥٠ | ٢٩٥٦ | ٤٣٤٣ ٩٧ . |

هاوكات هەندێك شار بەهۆی گرنگی پێگەی ئابوری ، ئاینی ، جوگرافیا ، كارگێڕییەكەیەوە دەكەوێتە بەر شاڵاوی كۆچكردنی هاووڵاتییان ، لە شارەكانی دیكە زیاتر كۆچ دەكرێت بۆی ، بۆیە هەموو شارەكان بە یەك ئەندازە و قەوارە گەورە نابن ، لەم بوارەدا لاسەنگییەك پەیدا دەبێت .

((لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨–١٩٦٦ دا شارەكانی بەغدا ، بەصرە،كەربەلا، كەركوك ژمارەی هاتووەكان بۆی زیاتر بوو لە ڕۆیشتوەكان لێوەی ، ٨٠٩٥٦ و ٩٤٣٩ و ٤٤٢١ و ٩٦٥ كەسیان زیاتر ٩٨ .

لێرەدا مەبەست لە هاتووەكان ، ئەو كەسانە دەگرێتەوە لە دەرەوەی لیواكەوە كۆچیان كردووە بۆ شارەكە ، نەك لە لادێكانی خودی شارەكەوە .

هەژاری عێراقیەكان ، شاڵاوی نەخۆشیەكان ، ئاستی بەرزی بێكاری و كەمی كرێ ، لە خوار بوونی هێزی شت پێ كڕین و سستەمی خاوەندارییەتی زاڵمانەی زەوی ، شەڕ و ئابلوقە ، هێرشی خێڵەكان بۆسەر یەكتر ، لە ڕابردوودا ڕێگری بوون لەبەردەم نیشتەجێ بوونی هاووڵاتییان لە شارەكان .

دیارە جوتیاران لە كۆچ كردنیان بۆ شار ئازاد نەبوونە ، بەهۆی لایەنگری دەوڵەت لە سستەمی فیودالی ، چەندین بڕیار لە بەرژەوەندی دەرەبەگایەتی دەركراوە (( بۆ ڕێگە گرتن لە كۆچی جوتیاران ، لە بەرژەوەندی دەرەبەگەكان لە ساڵی ١٩٣٣ بڕیاری ئاستی دیاریكراو بۆ كۆچی جوتیاران بۆ شار دەرچوو ، بە گوێرەی بڕیاری ماف و ئەركی كشتیاری ساڵی ١٩٣٣ ٩٩ .

بەم هۆیەوە دەبینین لە عێراقدا تا ئەم چەند دەیەی دواین ، شاری گەورە نابینین (( لە عێراق تەنها ٢٠ شار ژمارەی دانیشتوانی لە ١٠٠٠٠ زیاتر هەبوو ، لەوانە تەنها ٤ یان شاری پیشەسازی بوون ، ئەوانەش بریتی بوون لە بەغدا و بەصرە و موصڵ و كەركوك ١٠٠ .

## زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان

هۆکارێکی دیکەی گەورە بوونەوەی شارەکان ، زۆربوونی ژمارەی خودی دانیشتووانە ، ئەم هۆکارە کاریگەری لەسەر گەورەبونەوەی شار دەبێت ،لێ ناتوانێت پارسەنگی ڕێژەی شارنشینی لە کۆدا بگۆڕێت .

لێرەدا نابێت ئەوە لە یاد بکەین ، لە وڵاتانی تازە پەرەستێن بە گشتی وە عێراق بە تایبەتی ، کولتوری منداڵی زۆر بەتایبەت نێرینە لە لادێکان باوە ، هەموو دەم ڕێژەی منالّ بوون لە لادێ بەرزترە لە شار ، بۆیە زۆر بوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان بە تەنها نابێتە هۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی شارنشینی لە سەرجەم وڵات ، چونکە زۆربونەکە بە لای شارنشینان نییە .

دانیشتوانی عێراق لە ساڵی ١٩١٨ ژمارەی ٢٣٠٧٦٩٢ کەس بوو ، لە ساڵی ١٩٤٧ گەیشتە ٤٨٠٠٠٠٠ کەس و لە ساڵی ١٩٥٧ بووە ٦٢٧٦٦٠٠ کەس ١٠١.

بە پێی باش بوون باری ئابوری هاوڵاتیان و پێشکەوتنی کەرتی تەندروستی و پەروەدە ، ڕێژەی گەشەی ژمارەی دانیشتووان دەچێتە سەر . هەرچەندە کەرتی تەندروستی لە عێراق بە ئێستاشەوە بەو ئەندازەیە پێشکەوتوو نەبووە ئێرەیی پێ بخوازین (( کەرکوك لە ساڵانی ١٩٥١ و ١٩٥٢ تەنها ٥ نەخۆشخانی تێدابوو لە کۆی ٨٣ لە ١٩٥١ و ٨٩ لە ١٩٥٢ لە هەموو عێراقدا ١٠٢ ، (( لە هەموو عێراقدا ، ساڵی ١٩٥٨ تەنها ١٠٠٠ دکتۆر هەبوو ١٠٣ .

بە گەشەکردنی کەرتی تەندروستی ، مردنە بە کۆمەڵەکان کەمبوەوە و بەرەو نەمان چوون ، تەمەن چووە سەر ، بەمەش ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتووان چووە سەر ((ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی ١٨٦٠–١٨٩٠ ، بە ڕێژەی ساڵانەی ١,٢٦٪ بوو ،لە ساڵانی ١٩٤٧–١٩٥٧ بە ڕێژەی ساڵانەی ٢,٨٪ بووە ، لە ساڵانی ١٩٥٨–١٩٦٥ بەڕێژەی ٣,١٣٪ بووە ١٠٤ .لەم نێوەدا کولتوری باویش ڕۆڵ دەگێڕێت ، بە داهاتی بەرزی تاك و تەندروستی باشی هاووڵاتییان بێت ، دەبوایە ڕێژەی زۆربوونی دانیشتووان لە وڵاتێکی وەك ژاپۆن و ئەڵمان چەند بەرامبەری



هیندستان بوایە ، بەڵام تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە ، لێرە کولتوور و ویستی خەڵکەکە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن ، نەك تەنها ئاستی بەرزی ئابوری و باری تەندروستی .

لە شارێکی وەك کەرکوك دەبینیین کورد لە ڕوی ژمارەی دانیشتووانەوە ، لە ئاشوری و کلدان و تورکمان زیاتر گەشە دەکەن ، بەهۆی کولتوری حەزکردن لە منالّی زۆری کوردەوە ، کە بۆخۆی ئەمە کولتورێکی لادێیانەیە . هەر ئەم هۆکارەشە مەترسی بۆ تورکەکانی تورکیا دروست کردووە ، لەوەی لە ئایندەدا ببن بە کەمایەتی لەو وڵاتەی بە ناویانەوە ناو نراوە، بە هۆی منالّ زۆربوونی کوردەکانی باکورەوە.

ئەگەر سەرنج ئەم خشتەیەی خوارەوە بدەین ، دەبینیین لە دوو قۆناغدا ، ژمارەی دانیشتووانی عێراق ، زیاتر لە ماوەکانی دیکە دەچێتە سەر . دوای شۆڕشی ١٤–٧–١٩٥٨ و بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و بە خۆماڵی کردنی نەوت لە ساڵی ١٩٧٢ ، کە ئەنجامی هەموو ئەو ڕوداوانە بە سەقامگیربوونی ئاشتی و بەرزبوونەوەی داهاتی تاك گەیشتووە .

| ساڵ | پارێزگا(گەشەی دانیشتوان) | عێراق |
|---|---|---|
| ١٩٤٧–٢٤ | ٪٧,٧ | ٪٢,٤ |
| ١٩٥٧–٤٧ | ٪٣,٦ | ٪٣,٢ |
| ١٩٦٥–٥٧ | ٪٢,٧ | ٪٣,٨ |
| ١٩٧٠–٦٥ | ٪٢ | ٪٢,٤ |
| ١٩٧٧–٧٠ | ٪٠,٧– | ٪٤,٣ |
| ١٩٨٧–٧٧ | ٪٢,١ | ٪٣,٦ (١٠٥). |

## گەشەی شارنشینی لە عێراق

شارەکانی عێراق ، وەك سەرجەم شارەکانی ناوچەکە ، بۆ پارێزگاری لە بوون و مانەوەیان ، یان قەڵا شار بوون ، یاخود دەکەوتنە ناو شوراوە ، ، هەندێکیشیان ئەرکی سەربازییان هەبوو .

ئەو شارانەی شورایان نەبوو ، ئەوا بۆیان دروستکرا (( عەباسییەکان کەڵکیان لە ئەزموونی بابلییەکان وەرگرت لە دروستکردنی شوراو بورجی نیگابانییان ١٠٦ .

نموونە شارێکی وەك کەربەلا (( شاری کەربەلا لە سەردەمی بابلیەکانەوە دروستکراوە ، بەڵام لەساڵی ٣٧٢ کۆچی شورای شاری بۆ دروستکرا ، بە پانتایی ٢٤٠٠ مەتر ١٠٧.

ئەم شارانە لە ڕووی ڕێکخستنەوە دابەشدەکران بەسەر یەکەی بچوك بچوك (( هەر شارێك لەناو شورا دابەش دەکران بەسەر گەڕەك و کۆڵانەکان ، هەموو گەڕەکێك بەڕێوەبەرایەتی خۆی هەبوو ، گەورەیەك بەڕێوەی دەبرد ، دانیشتوانەکەی پەیوەندی دیاریکراویان لەگەڵ یەکتردا هەبوو ، خزمایەتی ، هاوپیشەیی ، هاو ئاینی ، بەڵام لە بەر ئەوەی ژمارەی گەڕەك و کۆڵانەکان کەمتر بوون لە ژمارەی پیشەکان ، بۆیە بە گوێرەی پیشە دابەش ناکران ، گەورەی گەڕەك دەسەڵاتی پۆلیسی هەبوو ، هەندێك جار دەسەلاتی سەربازی ١٠٨ .

تەرزی شار لە وڵاتانی ئیسلامی ، لە شێواز و نەخشەدا ، جیا بوو لە شاری ئەوروپی ، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ، ئەفریقا (( گەڕەکی ئیسلامی خانووەکان لە یەکتری جیاناکرانەوە ، بە پاڵ یەکترەوە دروستدەکران ، حەوش و پەرژین لە یەکتری جیاناکردنەوە ، بەهۆی کەمی پانتایی شارەکان کە دەکەوتنە ناو شورا و قەڵاکانەوە ، هەروەها سروشتی ئاوهەوای ناوچە ئیسلام نشینەکان کە گەرمێنە ، لە پاڵ یەکتر سێبەری دروست دەکرد ١٠٩ .

زۆربەی شارەکان بە شێوەی بازنەیی دروستکران ، یاخود لە بەرفراوان بوون و گەشەکردندا ، بەشێوەی بازنەیی گەشەیان دەکرد ، بەغدا نموونەیەکە لەمە (( بەغدا



بە شێوەی بازنەیی دروستکرا ، ئەبو جەعفەری مەنسوور ئەندازیارێکی فارسی ڕاسپارد بۆ نەخشەدانانی بەغدا ١١٠.

((بەغدا ئەبو جەعفەر پێش ١٢٤٣ ساڵ ، لە لێوار دجلە دروستیکرد . ڕووپێوی گشتی ٢٠٠٠کم٢ ١١١.

لە یەکچونێك لە شێوازی بازاڕی وڵاتانی ئیسلامیش هەبوو ، شاری ئەستەمبوڵ ، حەلەب ، تەهران ، ئەسفەهان بازاڕەکان دەرگایان دادەخرا شەوان ، تەنانەت قەیسەری بووە تەرزی باوی بازاڕی ناوەندی لە شاری عێراقی .

شارەکان کە دەکەوتنە ناو شورا یاخود قەڵاوە ، دەرگای سەرەکی خۆیان هەبوو ، لە سەردەمی عوسمانییەکان کە بە قۆناغی پوکانەوە لە شارستانی ئیسلامی دادەنرێت ، تەنها ئەو دەرگایانە و گەرماوی شار و قەسری بەرپرسان جێی گەشەپێدان و گرنگیپێدان بوو (( ئەو دەرگایانە جێی متمانە بوو ، ئەوەی گەشەی پێدرا لە سەردەمی عوسمانییەکان گەرماوی گشتی و خانوو قەسر بوو ١١٢.

سەردەمی دەسەڵاتی مەدحەت پاشا لە عێراق ،دەتوانین بە دەستپێکی گرنگی دان بە شار و چاندنی تۆوی تازەگەری دابنێین . لەم سەردەمە زۆر دام و دەزگای کارگێڕی نوێ دروستکران لە شارەکان ، هەنگاوی دواتر هاتنی ئینگلیز بوو بۆ عێراق ، دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە ، زێراب ، مەرزیب ، شەقامی بەرین پەیدا بوون و خانوی سەردەمی ( تەرزی ڕۆژئاوایی ) دروستکرا .

دیارە شارەکان لە ڕوی پێکهاتەو ئەرکەوە ، هەموو وەك یەك نەبوونە ، پەیامییان جیا بووە ، دەبینین شارێکی ئاینی وەك کەربەلا ، ئەم هەموو دەزگا ئاینیانەی تێدابووە (( ١٠٠ مزگەوت ، ١٠٠ حوسینییە ، ٢٣ قوتابخانەی ئاینی ، سەرباری قەبرسان و مەرقەد و نووسینگەی ئاینی ١١٣، بەڵام موصڵ وەك شاری بازرگانی لە ڕووی پێکهاتەوە جیا بووە لە کەربەلا ، لە بڕی ئەم هەموو مزگەوتە دارای بازاڕی مەزن و قەیسەری کۆن و خانی زۆر و بازرگانی دەوڵەمەند بووە ، هەولێر شاری کشت و کاڵی و ..... .

ژمارەی دانیشتووانی شارەکان پێ بە پێی پەرەگرتن و پێشکەوتنەکان و زۆربوونی ژمارەی هاووڵاتییان لە زۆربوندا بووە ، قەبارەی شاریش هاوزەمان لە گەورەبونەوە دا بووە .

با دوو شاری هەرە گەورەی عێراق کە بەغدا و بەصرەیە  بە نموونـە وەرگـرین ، لـە ڕوی گەشـەکردنییان  لـە ژمـارەی دانیـشتووانەوە ، هەرچـەندە لـەو برگـە زەمەنیانـە هەردووك شار بە یەك ئاراستەو پێوانە بە هاوتەریبی یەکتر  گەشەیان نەکردووە  .

ئەمەی خوارەوە قەبلاّندنی ژمارەی دانیشتوانی ئـەم دوو شـارەیە  ، لـە مـاوەی ٧ بۆ ٨ دەیەی سەدەی ١٩ دا .

| سالّ | ژمارەی دانیشتوانی شاری بەغدا |
|---|---|
| ١٨٣٠ | ٢٠٠٠٠ |
| ١٨٣١ | ٣٠٠٠٠ |
| ١٨٥٠ | ٣٦٠٠٠ |
| ١٩٠٠ | ١٠٠٠٠٠ |

| سالّ | ژمارەی دانیشتوانی شاری —بەسرە |
|---|---|
| ١٨٣٠ | ٨٠٠٠٠ |
| ١٨٣١ | ٦٠٠٠٠ |
| ١٨٥٠ | ٦٥٠٠٠ |
| ١٨٩٩ | ٤٠٠٠٠      (١١٤) |

هەرچی دانیشتووانی سەرجەم  عێراقـە ، لـە مـاوەی سـەدەیەکدا (١٨٦٧–١٩٦٥). لە ڕووی ژمارە و ڕێژەی شارنشینی  ، بەم شێوەیەی خوارەوە گەشەی کردووە  .



نابێت ئەوەش لە یاد بکـەین تـاکو سـالّی ١٩٤٧ ، ئامـارگیری مـۆدێرن لـە عێراقـدا نـەکراوە ، بۆیـە  ئـەو ئامارانـەی کـراون نـاتوانن ژمـارەی دروسـتمان بـدەنێ و جێـی متمانەو باوەڕ  بن  بۆمان  .

| سالّ | دانیشتوانی ع | ژ دانیشتوانی شار | ڕێژەی | |
|---|---|---|---|---|
| ١٨٦٧ | ١,٢٨٠٠٠٠ | ٣١٠ | ٪٢٤ | |
| ١٨٩٠ | ١٨٢٦٠٠٠ | ٤٣٠ | ٪٢٥ | |
| ١٩٠٥ | ٢,٢٥٠٠٠٠ | ٥٣٣ | ٪٢٤ | |
| ١٩٣٠ | ٣٢٨٨٠٠٠ | ٨٠٨ | ٪٢٥ | |
| ١٩٤٧ | ٤,٨١٦٠٠٠ | ١,٨٦٤ | ٪٣٨ | |
| ١٩٥٧ | ٦,٤٩٥٠٠٠ | ٢,٤٥٣ | ٪٣٩ | |
| ١٩٦٥ | ٨,٢٦٢ | ٣,٦٤٧ | ٪٤٤ | ١١٥ |

وەك لە خشتەکەدا دەرکەوتووە ، دەبینـین لـە نێـوان  سـالاّنی ١٨٦٧ بـۆ ١٩٣٠ ، واتـە بـۆ زیـاتر لـە حـەوت دەیـە ، ڕێـژەی شارنـشینی لـە عێراقـدا  لـە شـوێن خـۆی چەقیووە ، لەم ماوەیەدا گەشەکردنی ژمارەی دانیشتووانی شـارەکان  ، لـە گەشـەی ناوخۆیی شارەکانەوەیە ،  نەك  بەهۆی کۆچ لە لادێوە بۆ شار و گۆڕانکاری لە نێـوان ڕێژەی شارنشینی و گوندنشینی  .

بەلاّم لە دوای ئەو مێـژووەوە ، واتـە  لـە سـالّی ١٩٣٠ەوە بـۆ سـالّی ١٩٤٧ ، ،  لـە ماوەی ١٧ سالّدا ،  ڕێژەی شارنشینی لە کۆی دانیـشتووانی ولاّت  ، بـە ڕێـژەی ٪١٤ دەچێتە سەر .

لەم مێژووەوە قۆناغی  گەشەی لەسەرخۆی شار  ، چـەق بەسـتن  لـە ژیـانی لادێـی کۆتایی پێ دێـت ، هاوکێشەکە گۆڕانی کودەتـایی بەسـەردا دێـت  لـە بەرژەوەنـدی شارنشینی .

لــەو ســەروبەندەدا هێــشتا عێــراق بەشــێوەی گــشتی ولاّتــی لادێنــشینی بــوو ، شـارییەکان  کەمایـەتی بـوون لـە کـۆی دانیـشتووانی ولاّت . تەنانـەت ئەوانـەی لـە شاریشدا دەژیان بە تەواوی لە لادێ دانەبڕابوون ، جەستە لە شار و سـەر لـە لادێ  ،

یاخود لە گەڕەکەکانی کەناری شار ، بە پیشە لادێییەکانەوە خەریك بوون وەك کشت و کاڵ و ئاژەڵداریی و سەپانی .

((لە ساڵی ١٩٥٧دا نزیك بە ٧٥٪ ی دانیشتوانی عێراق جوتیار بوون ، دەرەبەگەکان زیاتر لە ٧٥٪ زەوی وڵاتیان بەدەستەوە بوو . هەرچی کرێکارانە لە ساڵی ١٩٥٧ ژمارەیان نیو ملیۆن بوو ١١٦.

گەشە کردنی شارنشینی بەهەمان گورو تین ، لە دەیان ساڵی دوای ١٩٤٧ بەردەوام دەبێت . تەنانەت ڕێژەی گەشەکردنی شارنشینی لە عێراق بە دوو ئەندازەی وڵاتێکی وەك میسر دەچێتە پێش .

لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ بۆ ١٩٧٧ شارنشینی لە عێراق بەڕێژەی ٢٥٠٪ گەشەی کردووە .

گەشەی شارنشینی لە عێراق ساڵانە بە ڕێژەی ٦٪ بووە ، ئەم ژمارەیەش وەك ئاماژەمان پێیدا ، هاوتایە بە دووجار گەشەکردنی شارنشینی لە وڵاتێکی وەك میسر ، کە بە یەکێك لە وڵاتانی پەرەستێن دێتە هەژماردن .

| ساڵ | ڕێژەی شارنشینی |
|---|---|
| ١٩٤٧ | ٪٢٦ |
| ١٩٥٧ | ٪٣٥ |
| ١٩٦٥ | ٪٥٠ |
| ١٩٧٧ | ٪٦٤ ( ١١٧ ). |

هەرچەندە ئەو ئامارانەی کەڵکیان لێ وەردەگرین بۆ پاڵپشتیکردن لە بۆچونەکانمان ، لە سەرچاوەیەکەوە بۆ یەکی دی جیاوازی لە نێوانییان هەیە:-

| ساڵ | ڕێژەی بە شاربوون لە عێراق |
|---|---|
| ١٩٥٧ | ٪ ٣٨,٣ |
| ١٩٧٠ | ٪٥٧ |
| ١٩٨٧ | ٪٧٠,٢ (١١٨ ). |



ئەم ئامارەی کە لە خوارەوە دەیبینن ، ڕێژەی دانیشتووانی لادێ یە لە عێراق و کەرکوك لە ماوەی ٤ دەیەدا ، لە ساڵی ١٩٤٧ ەوە بۆ ١٩٨٧. وەك دەردەکەوێت تاکو ساڵانی ١٩٦٥ ، گۆڕانکاری یەکان لە کەرکوك شان بە شان و نزیك بە عێراق دەچێتە پێشەوە ، بەڵام لە دوای ئەو مێژووەوە پەرەگرتنە سیاسیەکان وێنای نەخشەی ڕێژەی شار بوون و لادێی بوون دیاری دەکەن لە شاری کەرکوك ، نەك گۆڕانکاریی سروشتیی و گەشەی ئاسایی شارنشینی .

| ساڵ | پارێزگای کەرکوك | عێراق |
|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٪٦٧,٢ | ٪٦٦,٤ |
| ١٩٥٧ | ٪٦٠,٧ | ٪٦١,٠ |
| ١٩٦٥ | ٪٥١,١ | ٪٤٨,٩ |
| ١٩٧٠ | ٪٤٩,٢ | ٪٤٣,٠ |
| ١٩٨٧ | ٪٢٤,٦ | ٪٢٩,٨( ١١٩). |

(( ڕێژەی شارنشینی عێراق لە ساڵی ١٩٩٥ گەیشتە ٪٧٤,٦ ، واتە ١٥,٢ ملیۆن هاووڵاتی لە شارەکان دەژیان . لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ساڵی ١٩٩٥ ڕێژەی گەشەکردنی شارنشینی ساڵانە ٤٪ بوو ١٢٠.

بەم جۆرە دەبینیی ، ن زەمینە مادی و مرۆییەکانی گەشەی بەشاربوون لە عێراقدا ، لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ لە هەموو بوارەکاندا سەرهەڵدەدەن ، بە تایبەت لە ناوەڕاستی سەدەی ٢٠ دا زیاد دەچێتە پێش ، تاکو لە کۆتاییدا گۆڕان بە قازانجی شار یەکلا دەبێتەوە و هاوکێشەکە بەقبەرژەوەندی دەشکێتەوە ، لە ناوەڕاستی نەوەدەکان ڕێژەی شار بوون لە عێراق دەگاتە نزیك بە ٧٥٪.

* سوپای عوسمانی لەم ساڵانە لە جەنگدا بوو ( ١٨٠٦-١٨١٠)(١٨٢٨-١٨٢٩)(١٨٣٢-١٨٣٣)(١٨٣٩-١٨٤٠)(١٨٥٣-١٨٥٦)(١٨٧٧-١٨٧٨)(١٨٩٧)(١٩١١-١٩١٣)(١٩١٤-١٩١٨)(١٩١٩-١٩٢٢). هەروەها لەم ساڵانەش یاخی بونەوەی چەکداری ناوخۆیی هەبووە (١٨٠٤)(١٨١٥-١٨٧٧)(١٨٢١-١٨٣٠)(١٨٦٦-١٨٦٨)(١٨٧٥)(١٨٧٦)(١٨٩٦-١٨٩٧).

## سەرچاوەکان :


١ـ پێگەی ئەنتەرنێتی بالۆێزخانەی عێراق لە ئەڵمانیا .
٢ـ بلاد ما بين النهرين – ليو اويناهايم – ترجمة سعدي فيضي عبدالرزاق – دارالرشيد– ١٩٨١ص١٣٨ .
٣ـ بلاد ما بين النهرين – ليو اويناهايم – ترجمة سعدي فيضي عبدالرزاق – دارالرشيد– ١٩٨١ص١٣٨ .
٤ـ (الحياة اليومية في بلاد بابل واشور – جورج كونتينو – ت سليم التكريتي و برهان عبد التكريتي – دارالرشيد لنشر ١٩٧٩ ل٦٤)).
٥ـ (الحياة اليومية في بلاد بابل واشور – جورج كونتينو – ت سليم التكريتي و برهان عبد التكريتي – دارالرشيد لنشر ١٩٧٩)).
٦ـ ( الحياة اليومية في بلاد بابل واشور – جورج كونتينو – ت سليم التكريتي و برهان عبد التكريتي – دارالرشيد لنشر ١٩٧٩ (ص٦٩).
٧ـ بلاد ما بين النهرين – ليو اويناهايم – ترجمة سعدي فيضي عبدالرزاق – دارالرشيد– ١٩٨١ص١٣٨.
٨ـ ( پێگەی بالۆێزخانەی عێراق لە ئەڵمانیا ).
٩ـ ( الحياة اليومية في بلاد بابل واشور – جورج كونتينو – ت سليم التكريتي و برهان عبد التكريتي – دارالرشيد لنشر ١٩٧٩ص٧١)).
١٠ـ (الحياة اليومية في بلاد بابل واشور – جورج كونتينو – ت سليم التكريتي و برهان عبد التكريتي – دارالرشيد لنشر ١٩٧٩ص٧٣)).
١١ـ جغرافيا المدن – د. كايد عثمان – دار وائل للنشر – ص١٠٩.
١٢ـ بلاد ما بين النهرين – ليو اويناهايم – ترجمة سعدي فيضي عبدالرزاق – دارالرشيد– ١٩٨١– ص١٤٠ .
١٣ـ بلاد ما بين النهرين – ليو اويناهايم – ترجمة سعدي فيضي عبدالرزاق – دارالرشيد– ١٩٨١ص١٣٩ .
١٣ـ عطاڵلة مهاجراني – يا كتاب الدستور العراقي –هذه تجربتنا في





ايران – شرق اوسط–١٢–٨–٢٠٠٥ .
١٤ـ جغرافيا المدن – د.كايد عثمان – دار وائل للنشر – ص١٠٩) .
١٥ـ العمارة اسلامية والبيئة –تاليف : د.م. يحيى وزيري –عالم المعرفة عدد ٣٠٤– يوني٢٠٠٤–ص٨٢.
١٦ـ المدينة والحياة المدنية – جزء ٢ – ص ٢٨٦ .
١٧ـ (( المجتمع الاسلامي والغرب – جزء الاول – هاملتون جيب – هارولد بوين – ترجمة عبدالمجيد القيسي – دار المدى –١٩٩٧–ص–٣١٣–٣١٤)).
١٩ـ ل لوتسكي–تاريخ الاقطار العربية الحديث–دارالتقدم موسكو– ص١٦٩.
٢٠ـ الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص٤٣ ز
٢١ـ (يادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی –٢٠٠٣ وەزارەتی ڕۆشنبیری –سلێمانی لە گەشتەکەی فرێزەردا – ڕابەر (مستەفا ساڵەح کەریم)– ل ١٤٢). یەکی تشرینی یەکەمی ١٨٣٤))
٢٢ـ (يادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی –٢٠٠٣ وەزارەتی ڕۆشنبیری –سلێمانی لە گەشتەکەی فرێزەردا – ڕابەر (مستەفا ساڵەح کەریم)– ل١٤٤).
٢٣– ل١١٥– يادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی –٢٠٠٣ وەزارەتی ڕۆشنبیری
٢٤–((يادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی –٢٠٠٣ – وەزارەتی ڕۆشنبیری – ل١١٦– شاری سلێمانی لە بیستەکاندا – شاهۆ )).
٢٥–((يادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی –٢٠٠٣ وەزارەتی ڕۆشنبیری – ل١١٦– شاری سلێمانی لە بیستەکاندا – شاهۆ )).
٢٦– العراق الحديث – في سنة ١٩٠٠ – ١٩٥٠ تاريخ سياسي – اجتماعي – اقتصادي – ص٤١).
٢٧–(( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٤٦)) .
٢٨–(لوتسكي–تاريخ الاقطار العربية الحديث– دارالتقدم موسكو–ص٢٧).
٢٩– الاتراك في التاريخ العالمي – بيان ١٧–١٠–٢٠٠٥ .
٣٠–( الاتراك في التاريخ العالمي – بيان ١٧–١٠–٢٠٠٥).
٣١–(المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٤١).
٣٢–(الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز

الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص ٤٦).
٣٣–(الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص ٤٠).
٣٤–(الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص ٤٧).
٣٥–(الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص ٤٩) .
٣٦–(الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص ٨٩) .
٣٧–(چینی کرێکارانی عێراق. د.کەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی–١٩٨٦)).
٣٨–(( الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص٨٠ )) .
٣٩–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص٤٧ )).
٤٠–(( قراءة الخارطة السياسية والحزبية والدينية في العراق – نضير الخزرجي).
٤١–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص٤٧ )).
٤٢–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص٤٧ )) .
٤٣– الاصلاحات العثمانية والخروج من السلطة – عمر كوش – حياة – ٢٣ – ٧ – ٢٠٠٥.
٤٤–(ل لوتسكي–تاريخ الاقطار العربية الحديث–دارالتقدم موسكو– ص ١٧٢) .
٤٥–(( المجتمع الاسلامي والغرب – جزء الاول – هاملتون جيب – هارولد بوين – ترجمة عبدالمجيد القيسي – دار المدى –١٩٩٧–ص٣٣٥)).
٤٦–( المجتمع الاسلامي والغرب – جزء الاول – هاملتون جيب – هارولد بوين – ترجمة عبدالمجيد القيسي – دار المدى –١٩٩٧ –ص٣٣٥)).
٤٧–(( المجتمع الاسلامي والغرب – جزء الاول – هاملتون جيب – هارولد بوين – ترجمة عبدالمجيد القيسي – دار المدى –١٩٩٧–ص٣٣٧)).



٤٨–(یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی –٢٠٠٣ وزارەتی رۆشنبیری – سلێمانی لە گەشتەکەی فرێزەردا – ڕابەر (مستەفا ساڵەح کەریم)– ل١٤٤).
٤٩–( قراءة في الخارطة السياسية والحزبية والدينية في العراق–نضير الخرجي–PUK Media)).
٥٠– چینی کرێکارانی عێراق. د.کەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی–١٩٨٦ – ل٤ .
٥١–(( چینی کرێکارانی عێراق. د.کەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی–١٩٨٦، ل٣١ ).
٥٢–(( چینی کرێکارانی عێراق. د.کەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی–١٩٨٦–ل ٢٥)) .
٥٣– الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص ١٦٥.
٥٤– المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص ٤٣ .
٥٥–(( المجتمع الاسلامي والغرب – جزء الاول – هاملتون جيب – هارولد بوين – ترجمة عبدالمجيد القيسي – دار المدى –١٩٩٧–ص–٣١٦)).
٥٦–(( المجتمع الاسلامي والغرب – جزء الاول – هاملتون جيب – هارولد بوين – ترجمة عبدالمجيد القيسي – دار المدى –١٩٩٧–ص٣١٨)).
٥٧–(( المجتمع الاسلامي والغرب – جزء الاول – هاملتون جيب – هارولد بوين – ترجمة عبدالمجيد القيسي – دار المدى –١٩٩٧–ص٣١٢)).
٥٨– قراءة في الخارطة السياسية والحزبية والدينية في العراق– نضير الخزرجي– PUK Media .
٥٩–((یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی –٢٠٠٣ وزارەتی رۆشنبیری – ل١١٧– شاری سلێمانی لە بیستەکاندا – شاهۆ )).
٦٠–((خەبات ژمارە ١٨٥٥ ڕۆژی ١٥–٧–٢٠٠٥ – شیرزاد نەجاڕ ).

٦١–((خەبات ژمارە ١٨٥٥ ڕۆژی ١٥–٧–٢٠٠٥ – شیرزاد نەجاڕ ).
٦٢–(کەماڵ مەزهەر ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠) .

٦٣–( کەماڵ مەزهەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٩) .
٦٤–((خەبات ژمارە ١٨٥٥ ڕۆژی ١٥–٧–٢٠٠٥ – شیرزاد نەجاڕ ).
٦٥–(جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق–سەنتەری برایەتی–باری پیشەسازی لە کوردستانی عێراقدا –سلێمان عبداللە سلێمان –ل١٩٦).

٦٦–((خەبات ژمارە ١٨٥٥ ڕۆژی ١٥–٧–٢٠٠٥ – شیرزاد نەجاڕ ).
٦٧–(جغرافية العراق–د.جاسم محمد خلف – دارالمعرفة– ص ٣٢٥– لە سەردەمی شۆڕشی ١٩٥٨ چاپکراوە ).
٦٨–(جغرافية العراق–د.جاسم محمد خلف – دارالمعرفة– لە سەردەمی شۆڕشی ١٩٥٨ چاپکراوە– ٤٣٢ص).
٦٩–(مديريةالصناعة العامة – حكومة العراقية – مطابع الرابطة – ١٩٥٠–١٩٥١ – تقرير سنوي ).
٧٠–(خەبات ژمارە ١٨٥٥ ڕۆژی ١٥–٧–٢٠٠٥ – شیرزاد نەجاڕ ).
٧١–( لمحات في تاريخ التعليم في العراق– د.جاسم دباغ) .

٧٢–(المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء–ص٤٧).

٧٣–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص ١٧٦–١٧٧)).

٧٤– نشاة مدن العراق و تطورها – تاليف – د.عبدالرزاق عباس حسين ١٩٧٣ – معهدالبحوث والدراسات العربية – ص٧٥.

٧٥–(نشاة مدن العراق و تطورها – تاليف – د.عبدالرزاق عباس حسين ١٩٧٣ – معهدالبحوث والدراسات العربية – ص٧٥)).



٧٦– الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى–ص٢٥٣)).

٧٧– الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى–ص٢٥٣)).

٧٨–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦– ص١٥٥).

٧٩–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى ١٩٨٦– ص١١٨).
٨٠– الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦– ص١١٩.
٨١–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦– ص ٢٥٢–٢٥٣)).
٨٢– خەبات ژمارە ١٨٥٥ ڕۆژی ١٥–٧–٢٠٠٥ – شیرزاد نەجاڕ.
٨٣–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولة١٩٨٦– ص ١٦٢)).
٨٤– خەبات ژمارە ١٨٥٥ ڕۆژی ١٥–٧–٢٠٠٥ – شیرزاد نەجاڕ ).
٨٥–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولة١٩٨٦– ص ١٧٨)).
٨٦–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولة١٩٨٦– ص ١٧٩)).
٨٧–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي –

مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولة١٩٨٦– ص ٢٤٧ )).

٨٨–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولة١٩٨٦– ص ٢٤٨ )) .

٨٩–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولة١٩٨٦– ص ١٧٥ )).

٩٠–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦– ص ١٦٢ )).

٩١– الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص ١٠٦.

٩٢– چينى كرێكارانى عێراق. د.كەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجيد ميسرى كردوويە بە كوردى–١٩٨٦ – ل٦ .

٩٣–(ل لوتسكي–تاريخ الاقطار العربية الحديث–دارالتقدم موسكو–ص28) .

٩٤–((كەركووك ژمارە ٢٢ –٢٣– زستانى ٢٠٠٤ –مێژووى هونەرى بيناكارى و نەخش و نيگارى ناوچەى كەركوك لە نێوان ساڵانى ١٩١٤–١٩٧٥– سمكۆ بەهرۆز محەمەد–ل١٢١–١٢٢)).

٩٥–((كەركووك ژمارە ٢٢ –٢٣– زستانى ٢٠٠٤ –مێژووى هونەرى بيناكارى و نەخش و نيگارى ناوچەى كەركوك لە نێوان ساڵانى ١٩١٤–١٩٧٥– سمكۆ بەهرۆز محەمەد((د.خاليد سلطاني –دراسة في عمارة العراق بين الحربين –١٩٢٠– ١٩٤٠)) – ل ١٢٠–١٢١)).

٩٦–(جغرافية العراق–د.جاسم محمد خلف – دارالمعرفة– لە سەردەمى شۆڕشى ١٩٥٨ چاپكراوە – ص ٤٣٠).

٩٧– المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – وزارة الاقتصاد – ١٩٥٤ – ص ١٣٥).

٩٨–(نشاة مدن العراق و تطورها – تاليف – د.عبدالرزاق عباس حسين ١٩٧٣ – معهدالبحوث والدراسات العربية – ص٧٥).

٩٩–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦– ص ١٧٦)). .

١٠٠–(جغرافية العراق–د.جاسم محمد خلف – دارالمعرفة– لە سەردەمى شۆڕشى ١٩٥٨ چاپكراوە – ص ٤٣٢).



١٠١– اكبر قليجي – تركمان ونسبة السكانية .

١٠٢– (المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ مطبعة الزهراء – ص٧٤).

١٠٣–(خەبات ژمارە ١٨٥٥ ڕۆژى ١٥–٧–٢٠٠٥ – شيرزاد نەجاڕ )

١٠٤–(نشاة مدن العراق و تطورها – تاليف – د.عبدالرزاق عباس حسين ١٩٧٣ – معهد البحوث والدراسات العربية ). .

١٠٥–((كركوك –دراسات في التكوين القومي للسكان–د.خليل اسماعيل محمد – ص٢٩).

١٠٦–((العمارة اسلامية والبييئة –تاليف : د.م. يحيى وزيري –عالم المعرفة عدد ٣٠٤– يوني٢٠٠٤–ص٦٩)).

١٠٧–( سايتي – كربلاء المقدسة ).

١٠٨–(( المجتمع الاسلامي والغرب – جزء الاول – هاملتون جيب – هارولد بوين – ترجمة عبدالمجيد القيسي – دار المدى –١٩٩٧–ص٣١٣)).

١٠٩–((العمارة اسلامية والبييئة –تاليف : د.م. يحيى وزيري –عالم المعرفة عدد ٣٠٤– يوني٢٠٠٤–ص٩٥)).

١١٠–((العمارة اسلامية والبييئة –تاليف : د.م. يحيى وزيري –عالم المعرفة عدد ٣٠٤– يوني٢٠٠٤–ص٦٩)).

١١١–(حياة ١٥–١١–٢٠٠٥ –مشرق الياس ).

١١٢–((العمارة اسلامية والبييئة –تاليف : د.م. يحيى وزيري –عالم المعرفة عدد ٣٠٤– يوني٢٠٠٤–ص٨٢)).

١١٣– سايتي – كربلاء المقدسة .

١١٤–(الحلة فب العهد العثماني المتاخر ١٨٦٩–١٩١٤ –د.علي هادي عباس المهداوي –ص٢٠).

١١٥–( – نشاة مدن العراق و تطورها – تاليف – د.عبدالرزاق عباس حسين ١٩٧٣ – معهد البحوث والدراسات العربية – ص٧٢).

١١٦– ( صفحات في تاريخ العراق الحديث–كتاب اول–حامد حمداني) .

١١٧– ( ص١٠٠ المدينة والحياة المدنية–الجزء الثالث–بغداد ١٩٨٨).

١١٨–(اربيل –دراسة ديموغرافية –اقتصادية–د.خليل اسماعيل محمد–٧٠).

١١٩–( كركوك –دراسات في التكوين القومي للسكان–د.خليل اسماعيل محمد ص٦١).

١٢٠–(جغرافية المدن– صبري فارس الهيتي –٢٠٠٢ –عمان–دار الصفاء–ص٤٤).

# سێیەم

# گەشەکردنی کەرکووک  لە قەبارەو ژمارەی دانیشتوان





## تایبەتمەندییەکانی شاری  کەرکووک

کەرکووک وەك  هەر شارێکی لە شارەکانی  ئەم گەردوونە  ، ئەو هۆکارانەی بە شێوەی گشتی ،  بوونەتە هۆی گەشە و گەورە بوونەوەی شار و ڕێژەی شارنشینی لە جیهان ، هەمان کاریگەرییان  لەسەر گەشەکردنی شاری کەرکووک و بەرزبوونەوەی ڕێژەی  شارنشینی لەم دەڤەرە  داناوە ، لە نێوان گەورە بوون و پوکانەوە *، کۆچی جوتیارانی هەرێمی  کەرکووک ، لە لادیکانییەوە بۆ ناوەندی شار ، بەدەر نییە لە یاسای جیهانی لە گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵ ، لە گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری  ، کە سیمای سەرەکی ئەم گۆڕانکارییە ، خۆی لە  کۆچی بە کۆمەڵی جوتیاران  لە لادێوە بۆ شار ، لە  ژیانی لادێنشینییەوە بۆ شارنشینی  دەبینێتەوە  .

وەلێ نابێت ئەوە لە یاد بکەین شارەکان ،  بە ئاست و پلەی جیا لە یەکتر گەشەیان کردووە ، هەموو  بە  یەك هێڵی هاوتەریب گەشە ناکەن لە مێژوودا  ،

پێشکەوتنی ئابوری ، لە باربوونی جوگرافیا و ژینگە ، هێمنی هەلومەرجی سیاسیی ناوچەکە ، ڕۆڵی خۆیان دەبینن لەم بوارەدا .

گەشەکردنی شارەکان لە هەرێم ، وڵات ، کیشوەرەکان ئاست و شێوازی جودا جودا دەگرنە بەر ، شاری وا هەیە لەماوەیەکی دیاریکراودا لە نەش و نما دەکەوێت و دەپوکێتەوە ، تەنانەت لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە ، شاری دیکە هەیە بە پێچەوانەوە بە ڕادەی پێشبینی نەکراو لە ماوەیەکی کورت خایەندا گەشە دەکات .

گرنگترین ئەو پێشمەرجانەی پێویستە لەو پارچە زەوییەدا هەبێت ، کە شارەکەی لەسەر دروست دەکرێت ، بۆ بەردەوام بوون و گەشەکردنی شار ، دەتوانین لەم وتەیەی ئیبن خەلدونەوە بە گوێرەی کات و سەردەمی خۆی لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە : (( ئیبن خەلدون لە سەدەی ١٤ ز باسی لەوە کردووە ، بوونی لەوەڕگە ، زەوی کشت و کاڵ ، سوتەمەنی ، کەرەستەی خانوسازی بۆ شوێنی شار گرنگە ، تاکو هاونیشتمانیان بتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن ١ .

ئەگەر ئەمانە گرنگترین پێداویستی دروستبوون و گەشەکردنی شار بێت ، لە ٧ سەدە لەمەوپێش ، دیارە ئەم پێوەرانە لە ئێستادا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ، ژیانی نوێ پێشمەرجی نوێی بەرهەم هێناوە . شارێکی وەك دوبەی دڵۆپێك ئاوی شیرینی تێدا نییە ، کەچی بۆتە گرنگترین و پێشکەوتوترین شاری عەرەبی و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . سەنگافورە و هۆنگ کۆنگیش ناتوانن بە هەردوکیانەوە مێگەلە مەڕێك مام ناوەندی تێر بکەن ، یان خۆراکی بولبولی هاوولاتییەکانیان بەرهەم بهێنن ، کەچی هەموو جیهان ئاواتە خوازن تێیاندا بژێن .

بە پێی ئەم پێوەرانەی ئیبن خەلدون دیاریکردوون ئەو پارچە زەوییەی شاری لەسەر دروست دەکرێت دەبێت دارای هەندێك تایبەتمەندی بێت ، لەو تایبەتمەندییانەوە دەتوانین ئەوە هەڵێنجین ، ناوچەی کەرکوك هەموو پێداویستییەکی بە شاربوون و گەشەکردن و نەشونماکردنی هەبووە ، چ لە ڕابردوودا ، یاخود لە ئێستادا ، کە پێداویستیەکانی گەشەکردنی شار گۆڕاوە .

هەرێمی کەرکوك ، ئاوهەوایەکی گونجا و سازگار و لەباری هەیە نە گەرم نە سارد ، بۆ ژیان ، کشت و کاڵ ، بەخێوکردنی مەڕومالآت



پلەی گەرماکەی لە نێوان ٨,٦ بۆ ٤٢,٨ پلەی سەدی یە (ئەتڵەسی کەرکوك — ل٣٠) ، ڕێژەی باران بارینی لە نێوان زیاتر لە ٥٠٠ملم بۆ کەمتر لە ٢٠٠ ملمە ، لێ لە ناوەندی شار ٣٠٠—٤٠٠ملمە٢ .

زۆری لەوەڕگای بەرینی نایاب بۆ مێگەلەکانیان لە پێدەشتەکانی کەرکوك ، هانی کۆچبارەکانی دەوروبەری داوە بۆ نیشتەجێ بوون لێی ، لەوەرگەی مەڕو ماڵاتی ڕەوەندەکانی باشور بووە لە وەرزە قات و قڕییەکاندا ، لەو دەشتاییە ئۆردویان هەڵدەدا ، زەوی تەخت و بەراو بۆ کێلان و کشت و کاڵکردن ، دەشتییەکی کاکی بە کاکی دەورەی شاری داوە ، دەشتایی دلگیر تا دڵ حەزبکات جۆگەو جۆباری پڕ ئاوی پێدا دەڕوات ، لە پاڵ کارێز و ڕوبارەکان ، دەشتایی بان ساڵەیی تاکو دیدەی چاو تەختانی و پڕ لە گژ و گیایە ، تا دڵ بیەوێت بە پیت و بەرەکەتە .

گەنم و جۆ یەکێکە لە گرنگترین بەروبومە کشت و کاڵییەکانی هەرێمی کەرکوك ، ئەم دوو بەروبوومە بە خواردنە ستراتیژییەکانی مرۆڤ دادەنرێت لە تەواوی مێژوودا ، دەتوانرێت بۆ مێژووی دوور هەڵبگرترێت و پاشەکەوتبکرێت ، هاوکات بەرگەی ڕێگەی دوور و سەخت بگرێت بۆ بازرگانی و گواستنەوە ، خواردنی سەرەکی و بەردەوامی مرۆڤیشە . هەندێك لە مێژوونوسان لەو باوەڕەدان ، جوتیارانی گەنم و جۆ ، بەهۆی بونی کاتی زۆری بەتاڵەوە لە زستان و بەهار ( گەنم و جۆ کاتی زۆری ناوێت بۆ وەبەرهێنان) ، زیاتر بیر دەکەنەوەو داهێنان دەکەن ، بۆیە زووتر تێکەڵ بە شارستانی بوونە لە مێژوودا . بە پێچەوانەی ئەو ناوچانەی جوتیارەکانی لە جیاتی گەنم و جۆ بە کاری چاندنی مەرەزەوە خەریك بوونە ، ساڵ ١٢ مانگ ، خەریکی بەرهەم هێنانن ، کاتیان نامێنێت بۆ بیرکردنەوە .

گەنم بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لەم ناوچەیە بەرهەم هێنراوە و بە جیهاندا بڵاوبۆتەوە . پاشماوەکانی گوندی چەرمووی ٣٠ ماڵەی نزیك کەرکوك ، چەمی ڕێزانی دەڤەری قەڵاسێوکە ، باشترین بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییەی ناوچەی کەرکوك دایانگەی شۆڕشی کشتوکاڵە .

(( کەرکوك بارانی زۆر و ئاوهەوای فێنکە ، ناوچەیەکی بە بەرەکەتە بۆ بەروبوومی دێمی ، چاخی کشت و کاڵی سەرەتایی لە نزیك ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە لە کوردستان ، چەمچەماڵ — چەرمو — چەم ڕێزان سەری هەڵداوە . یەکەم ئاوەدانی لە شێوەی گوندی کشت و کاڵی لە کوردستانەوە سەری هەڵدا ٣ .

لە مێژوودا کشتوکاڵ و بازرگانی لە پێشەوەی بزاوتە ئابورییەکانی کەرکوک بوونە . کەرکوک وەك شار و ناوچە ، گرنگی سێ لایەنەی هەبووە لە ڕابردوودا (( ناوچەیەکی کشت وکاڵی ، سەرەڕێی بازرگانی ، ستراتیژی شوێنی سەربازی)).

کشت و کاڵی ناوچەی کەرکوك ، بەشێوەی گشتی دێمییە ، بەشێك لە زەوییەکەی گاسنی پێدا نەهاتبوو ، هاوکات بەراویش لە دەمزێ و چەم و جۆگەلەو کانی و کارێزەکانی کراوە . دەوروبەری کەرکوك بە باخی میوەو ڕەزوو کارێزە پڕ ئاوەکانی ناسراوە لای گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس و گەشتیارەکان .

بوونی لەوەڕگەی بەرینی نایاب ، ئاووهەوای گونجاوو لەبار ( نە سارد و نەگەرم) یارمەتیدەری پەروەردە کردنی بەربڵاوی مەڕومالآت و ڕەشە وڵاخ و تەنانەت گامێش بووە لەم ناوچەیە .

لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم دەڤەرە ، بوونی سامانی ژێر زەمینی زۆر و زەبەنی ئاوی سازگارە .

بونی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە لە نزیك شار ، هۆکاری سەرەکییە بۆ بوونی هەر شارێك و گەشەکردنی .

کەرکوك ناوچەیەکی دەوڵەمەند لە ڕووی هەبوونی ئاوەوە ، پاشەکەوتێکی گەورەی سامانی ژێر زەمینی ئاوی هەیە ، لەم ناوچەیە زۆر بە ئاسانی بیر دەگات بە ئاو ، سەرباری بوونی ئاوی سەرزەمینی زۆر تیایدا وەك زێی بچوك ، خاسە ، عەرەفە ، ناوچەی قۆرییە ، سیروان ، .. کانی و کارێز و ناعورەکانی .

ئاوی خاسە سەرباری خواردنەوە ، بۆ کشت و کاڵ و ئاودێری و کارپێکردنی ئاسیاوەکانی شار بەکار دەهێنرا . شوێنەکەی لە بەرزاییە ، بۆیە مەترسی لافاو لە سەر شار نییە .

هەرچی لە ڕووی کەرەسەی خانووەوەیە ، دەتوانین کەرکوك بە دەوڵەمەندترین شاری ناوچەکە دابنێین لەم بوارەدا ، دارای خاکێکی پتەو ، قوڕی جیڕو خۆڕاگر ، بەردو مەڕمەڕی بەهێزە ، جۆری کەرەسەی خانوو ، تەمەنی خانوو و شێوەی دروستکردنی دیاری دەکات .

کەرکووك دارای ئاوهەوای مام ناوەندییە ، بە پێی پێوەری ئیبن خەلدون بێت ، خەڵکەکەی ویستییان لە خانووی بەردینە (( ئیبن خەلدون باوەڕی وایە خەڵکی



ناوچەی ئاووهەوای مام ناوەندی خانوەکانییان بە بەرد دروست دەکەن و بەشێوەیەکی هونەرییانە دەیرازێننەوە ٤ .

کەرەسەی سەرەتایی خانوو دروستکردن لە کەرکوك بریتییە : (ئاوی خاسە ، گەچ ، قایە ، گڵی سوور ، قەمیشەڵان ، دیرەگ .... ).

بوونی کورەی بەرهەم هێنانی گەچ لە کەناری شاری کەرکووك بە دوری نزیك بە ١–٢ کم لە قەڵاوە ، قایە و بەردی مەڕمەڕی سپی زۆر و زەبەن کە بەناوبانگە لە هەمان شوێن. هەروەها ڕوباری خاسە لە نزیکترین پنتی ئاوەدانیی کەرکووکەوەیە ، قەڵا چەند مەترێك لێوەی دوورە ، سەرباری ئەوەی وەك ئاماژەمان پێیدا ، نزیکی لە سەرچاوەی ئاوەوە ، زوو گەیشتن بە ئاو بۆ لێدانی بیر و ناعور و کارێز .

گڵە سوورەی ناوچەی کەرکوك ، بەناوبانگە لە خۆڕاگری و جیڕی بۆ سواق دان و پڕکردنەوەی بان خانوو ، یاخود دروستکردنی خشت . تەنووری کەرکوك لە هەموو عێراق و ناوچەکانیی دەوروبەرەوە دێن بۆ کڕینی ، بەهۆی باشیی گڵەکەی و خۆڕاگری و جیڕی قوڕەکەی .

نزیك بوونی شار لە ناوچەی ڕەزو باخ و دارستانەکانەوە ، وەك قۆرییە ، چەمی زەنگەنە ، سەرخاسە ، قەڵاسێوکە ، شێخ بزێنی خواروو سەروو ، قەرەحەسەن ، تازە ، خورماتوو .... ، هەروەها بێشەڵانی چڕ و پڕی کەنار چەم و ڕوبارەکان ، دەتوانێت پێداویستیەکانی خانوو دروستکردن دابین بکات ، لە داری دیرەگ و تەختەی دەرگا و پەنجەرە و قەمیش ڕێژکردنی خانوو ، لە قامیش کۆلێت و کەپر دروست دەکرێت ، سەری خانووی پێ دادەپۆشرێت ، کەرکوك ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە پیشەڵانی قامیش .

هاوکات دابینکردنی پێداویستی ماڵان و حەمامەکانی شار لە سوتەمەنی ، هەروەها دەرگای ماڵان لە دار گوێزی پتەو دروست دەکران ، بزماری سەرپانی گەورە بەسەرییەوە ، تەنانەت بە ١٠ کەسی بەهێزیش ناکرایەوە .

زۆربەی شارە گەورەکان یان لەدەشتایین ، یاخود کەوتونەتە قەراغ ڕوبار و دەریاوە . کەرکووك کەوتۆتە ناوەندی ناوچەی گەرمیانەوە ، جگە لەباربوونی کەشەکەی و بە پیتی خاکەکەی ، هاوکات کەوتۆتە دەشتاییەکی پان و بەرینی ئاودارەوە ، گەلی و دۆڵ و ملەی تەنگەبەر لە کەرکوك نییە ، بۆیە قەڵای بۆ دروستکراوە بۆ پاراستنی لە هێرشی داگیرکەران ، شار کەوتۆتە ناو قەڵایەکی لە

گرتن نەهاتوو ، لە دامێنی دەشتێکی بەرینی پڕ لە هەڵەت و تەپۆلکە ، گردەکانی ستراتیژین بۆ کاروباری سەربازی ، ، ڕەزو باخی سەوزەی کەرکوک لە وەبەرهێنانی تور و سلّق و سەوازایی بەناوبانگە لە ناوچەکە و هەموو عێراق .

پێکهاتەی جوگرافی شار ، کاریگەری لەسەر قەبارەکەی دادەنێت ، دەشتایی بوونی سنووری شار ، هۆکاری گەورەبوونەوەیەتی بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی . کەرکوک کەوتۆتە جەرگەی تەختاییەکەوە ، بە هەر چوارلادا توانای گەورە بونەوە و فراوان بوونی هەیە ، بە پێچەوانەی سلێمانی و ڕەواندز و ئاکرێ و ئامێدیی و ......هەروەها لەباربوونی ئاووهەوا ، هاوکاری زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانە ، تا ئاووهەوا لەبار بێت ، تەندروستی هاووڵاتیان باش دەبێت و نەخۆشی کەم دەبێتەوە ، هاوکات پەیداکردنی خۆراك سانا دەبێت ، بۆ نموونە ئاوهەوا هۆکاری سەرەکی بوونی نەخۆشییە لە ناوچەی ئیستیوائی ، کە ئەمەش بە یەکێك لە خاڵە نەگەتیفەکانی کیشوەری ئەفریکا دادەنرێت ، یەکێك لە هۆکارەکانی زۆربوونی مردن و دواکەوتویی ئابوریی .

لایەنێکی دیکە بۆ درێژەدان بە ژیان و گەشەدان بە چالاکی ئابوری ، بوونی سوتەمەنی و وزەیە لە نزیك شار . لە چاخەکانی ناوەڕاست ، وزە بریتی بوو لە دار و پاشماوەی ئاژەڵ و ئاوو هێزی دەست و ئاژەڵ (دار و پاشماوەی ئاژەل زیانیان هەیە بۆ ژینگە) ٥ .

مێژوونووسە یۆنانییەکان لەپرۆسەی (ئەلیکسەندەری گەورەدا) ئاماژە بۆ سێ شتی گرنگی ستراتیژی سەردەمە کۆنەکان دەکەن لە کەرکوك ئەویش ( قەڵا، ئاگر،ڕووباری نەوت)ە ٦. کەواتە کەرکوك دەوڵەمەندە بە هەموو سەرچاوەکانی وزە .

وەك ئاماژەمان پێیدا ، کەرکووك ناوچەیەکی لەبارە بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ ، خەڵکی کەرکووك ، بە بەرفراوانی کەڵکیان لە پاشماوەی ئاژەڵ وەردەگرت بۆ سووتەمەنی ماڵان و گەرمکردنی حەمامەکان ، ئەمەش زۆرجار سەرچاوەی نەخۆشییە کوشندەکان بووە لە مێژوودا . هەرچەندە دەرهێنانی نەوت لە کەرکوك کۆنە ، وەك گرنگترین بەشی وزە ((لە ساڵی ١٦٣٩ وە نەوت بەشێوەی سەرەتایی لە کەرکوك دەرهێنراوە ٧ . ((یەکەم بیری نەوت لە جیهان لە ساڵی ١٨٥٩ ز لێدراوە ٨.



قیر لای کریستانەکان پیرۆزی خۆی هەیە ، لە سواقدانی پەرستگاکان بەکاری دەهێنن . لە مێژووی کۆنیشدا بەکار هاتووە (( لە نێو گۆڕێك لە ئەشکەوتی ( شانەدەر) چەقۆیەك دۆزراوەتەوە ، کە لە بەردی مەڕمەڕ دروست کراوەو مستەکەی ئێسکەو بە قیر داپۆشراوە ٩. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گرنگی بازرگانی شارەکەی زیاد کردووە.بەم شێوەیە دەبینین هەموو ئەو تایبەتمەندییە سروشتییانەی پێویستن بۆ دروستکردنی شار لە ناوچەیەك و گەشەکردنی ، بە گوێرەی پێداویستی سەدەی ١٤ و پێشتریش ، لە کەرکووکدا بوونی هەبووە، هەر بۆیە کەرکوك توانیویەتی بەردەوامی بەخۆی بدات وەك شار و گەشەشبکات . بوونی نەوت بەتەنها لەم سەردەمە لە کەرکووکدا بەسە بۆ بوونی ئەم شارە بە ناوەندێکی گرنگی سیاسی و کارگێڕی . هەر نەوتە کوێتی کردووە بە شار لەو بیابانە لماوییە ، دوبەیەکی دواکەوتویی کردووە بەگرنگترین شاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (( دۆزینەوەی نەوت بووە هۆی کۆبونەوەی دانیشتوان بە دەوری کۆمپانیاکان ، بێجی نمونەیەکە ١٠ .

لە پاڵ هەموو ئەمانەی تا ئێستا ئاماژەمان پێیاندا ، کەرکووك مەزارگە و ئارامگەی کەسایەتی ئاینی جیاجیای تێدایە ، مەڵبەندی چەندین تەریقەتی سۆفییانە بووە لە کۆنەوە ، بوونی مەرقەدەکانی دانیال پێغەمبەر ، ئیمام قاسم ، زین العابدین لە کەرکووکدا ، خاڵی بەهێزن ، هەروەها هۆکارن بۆ بەردەوامی دان بە کۆبونەوەی دانیشتوان لە دەورو بەریان ، بە تایبەت هەردوو مەرقەدی ئیمام قاسم و زین العابدین ، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر شیعە دەچن بۆ سەردانی ، ئەمەش گەشە دەدات بە گەشت و گوزاری ئاینی ناوچەکە ، لە گەڵیدا بازاڕی شارەکە دەبوژێنێتەوە ، بوونی خانێك بەناوی هیندی خانلەر(خانی هیندییەکان) لە کەرکووکدا ، کە بۆ زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان لە هیندوستانەوە بۆی هاتوونە ، باشترین بەڵگەیە بۆ بۆچونەکەمان .

## بوونی قەڵا لە کەرکووك

لە ڕابردوو قەڵا قەڵغانی شارە بووە بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی هێرشبەرانی دەرەوە ، بەبێ بوونی قەڵا و بورج شار ناتوانێت بەرەو ڕووی سوپای زۆر و زەبەنی هێرش بەران ببێتەوە ، شار بەرامبەر بە هەڕەشەی دەرەوە ، دەبێت پارێزراو بێت بە شورای قایمکراوو و قەڵای قایم .

بۆ بەرەو ڕووبونەوەی مەترسی دەرەوە ، دروستکردنی قەلا پێویستی سەرەکی بوو بۆ درێژەدان بە ژیان ،(( قەلا لە توانای سەربازی شار زیادەکات وتوانای بەرگری دەباتە سەر ١١.

مرۆڤ لە چاخە کۆنەکاندا ، لە سەردەمی نەبوونی پەیماننامەی نێودەوڵەتی و یاسا و ئاشتی دا ، هەموو کات لە قۆناغی جەنگدا بووە بەرامبەر بە دەرەوە . دەسکەوتی جەنگ ئابوری وڵاتی دیاریکردووە ، بەرهەمی نەتەوەیی وڵات بەشی زۆری لە ڕێگەی غەزەواتەکانەوە دابینکراوە ، بۆ خۆ پاراستن لە کارەساتەکانی شەڕی هێرش بەران ، قەلا باشترین ئامراز بووە بە دەست گەلانەوە بۆ داکۆکی لە مانەوە . زۆربەی شارە کۆنەکان لەسەرەتادا بریتی بوونە لە قەلایەك یاخود کەوتوونەتەوە ناو شورایەك ، لەوێوە گەشەیان کردووەو پەلیان هاویشتووە و گەورە بونەتەوە ، تاکو لە کۆتاییدا قەلا بووە بە ناوەندی شار .

کەرکوك بەهۆی شێوەی دروستکردنەکەی و چڕبوونەوەی لەناو قەلا ، قەبارەی بۆشاییەکەی نزیك بوو لە ١١٪ ، نەبوونی ڕێگاو بانی بەرین وەلام بە پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوەو داخوازی سەردەم بداتەوە .

گرنگی پێ نەدانی قەلا لەلایەن دەوڵەتەوە ، خراپی خزمەتگوزارییەکانی ، لەم دەیان ساڵەی دوایندا ، دانیشتوانە دەوڵەمەندەکەی قەلا بەرەو گەڕەکە هێمن و نوێکانی کەنار شار کۆچییان کرد ، لە جێگەیان هەژاران نیشتەجێ بوونە .

لەم سالانەی دوایندا بەشی زۆری دانیشتووانی قەلا ، یان لەتورکمانە هەژارەکانی پێك دەهاتن ، یاخود لەو جوتیارە کوردانەی لە لادێوە کۆچیان دەکرد بۆ شار ، بەهۆی هەرزانی کرێ خانوو لە قەلا دەگیرسانەوە .

لە سەدەکانی ڕابردوو ، دەسەلاتی ناوچە لە لایەن قەلاوە بەڕیوە دەبردرا . لەو سەردەمانە وەزیفەی شار زیاتر وەزیفەیەکی سەربازی بووە ، نەك وەزیفەی بەرهەم هێنان و ئابووری و کارگێڕی . بۆیە دەبینیین شارەکان بریتی بوونە لە سەربازگەیەکی گەورە : ((قەلا لەسەرەتاوە دەزگایەکی سەربازی بووە ، کاری کردووە بۆ دابین کردنی ئاسایشی ناو قەلاو و دەوروبەرەکەی . سەرباری ئەوەی ناوەندی کارگێڕیی ناوچەکەش بووە . لەگەڵ ئەوەشدا قەلا تایبەتمەندی شاری نەبووە ، دانیشتوانەکەی بەشێوەی سروشتی لە سەربازان پێك دەهاتن ، ئەو سەربازانەی کاریان بە قەلاوە پەیوەست بووە)) ١٢.



قەلای کەرکوك دانیشتوانەکەی لە سەربازان و دەست و پێوەندەکانییان و هاووڵاتیان پێك دەهات کە بە بازرگانی و پیشەگەری و فەرمانبەری و کشت و کاڵی ژیان دەگوزەرێنن .وەك باسمان کرد شارە قەلا، ڕۆڵی بنکەی سەربازی گێڕاوە ، لە زۆر کاتدا شوێنی کۆبونەوەی سەربازان و خێزانەکانیان بووە ، لەو شوێنەوە پەیوەندی بە دەوڵەتی ناوەندییەوە دەکرا ، قەلای کەرکوك نموونەیەکە بۆ ئەمە ، ناوەندی دەسەلاتی مەرکەزی بوو لە ناوچەکەدا .کەرکوك لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم هەزاران سەربازی تێدا مۆڵدرابوو بە وتەی بارۆن ئیدوارد نۆڵد (( لەبەر چەند هۆیەك تورکیا بە چاوێکی تر دەیڕوانییە ئەم شارە ، لێرەدا نزیك ٤٥٠٠ چەکداری دەوڵەتی تێدا مۆڵ درابوو ١٣ .

دروست بوون و گەشەی شار ، یان هۆکاری سەربازی لە پشتەوە بووە هەروەك کەرکوك و هەولێر بە بوونی قەلاکەی ، یاخود هۆکاری ئاینی بووە وەك نەجەف و کەربەلا ، یان هۆکاری سیاسی بۆ داسەپاندنی دەسەلات بەسەر ناوچەدا وەك بەغدا، یاخود هۆکاری ئابوری بووە وەك موصلْ و بێجی . شاری نەجەف لە سەدەی ٩ کۆچی وەك ئیبن بەتوتە دەیگێڕێتەوە ((باشترین شاری عێراقی بووە ، لە ڕوی بینا سازی و ڕێك و پێکییەوە ، بازاڕی باش و پاکژی هەبووە ، لە ڕێگای دەرگای ئاوەدانییەوە چوینە ژورەوە ، بازاڕی بەقالەکان و چێشتچی و نانەواکان پێشوازییان لێکردین ، دوایی بازاڕی سەوزەو میوە ، پاشان بازاڕی بەرگ دروو ..... ١٤ . کۆبونەوە لە دەوری ناوەندێکی کارگێڕی بۆ داسەپاندنی دەسەلاتی دەوڵەت بەسەر خێلەکان ، سەربازگیری ، باج سەندن ئەرکەکانی شارن لە ڕابردوودا. هەروەها ڕێکخستن پێویستە بۆ کۆبونەوەی دانیشتوان لە دەوری بازاڕ ، بۆ ڕێکخستنی کارەکان و پاراستنی نەزم و یاسا بازارگانییەکان و ڕێ گرتن لە فێلْ و تەڵەکەبازی و دزی و تالان ، ئەمانەش بەبێ دەسەلات ناکرێت .

بازاڕ پێویستی بە چاودێری و باج و لێپرسینەوەو پاراستن هەیە ، باج نەدان بە دەسەلاتی مەرکەزی گەورەترین بەرەنگاربونەوەو تەحەدای سیاسی بوو لە ڕابردوو . بۆ دابینکردنی هەموو ئەمانە شار پێویستی بە دەسەلات هەیە ، بەرزترین ئۆرگانی دەوڵەت لەو سەردەمە قازی قوزات و والی ولات و قائیدی قوات بووە ، کە

ئەمانەش لە شار دادەنیشتن ، پادشاش لە پایتەخت ، هەروەها زیندان وەك شوێنی لێپرسینەوە لە پێشێلییەكان بەهەمان شێوە لە شاردا هەبووە .

بوونی سەربازگە پێویستە لە هەر ناوچەیەك ، لە لایەكەوە بۆ پاراستنی ناوچەكە لە داگیركاری دەرەوە ، كە بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەی هێرشدا بووە ، لە لایەكی دیكەوە بۆ پاراستنی ڕێگاو بانەكان ، و سەركووتی یاخی بونەوەكان . هەروەها هاوكات ناوەندی كۆكردنەوەی باجی ڕاهداری(پاراستنی ڕێگاو بان لە دزی) لە خەڵك لەو كاروانانەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ، باكوور و باشورەوە بە شاردا تێدەپەڕین بۆ ناوچەو وڵاتەكانی دیكە .

گەشەی شار پێویستی بە دابینكردنی ئاسایش و جێگیری سیاسی ، ئابوری ، كۆمەڵایەتی هەیە، شەڕ هەموو كات مەترسییە بۆ سەر گەشەی شار و مانەوەی .

كەواتە لە ئەنجامدا دەتوانیین بڵێین : باشترین ئامراز بۆ پاراستنی شار ،لە سەردەمی پێش پەیدا بوونی چەك و تفاقی سەربازی نویٚ ، بوونی قەڵایە .

هاوكات ئەو شارانەی قەڵایان نەبووە ، شوراو دەرگای شارییان هەبووە ، نموونە ئەسكەندەرییە لە میسر ٤ دەرگای هەبووە ، شەوان دەرگاكانی داخراون ١٥ . بەغدا بەهەمان شێوە دەرگای هەبووە ، بەڵام موصڵ قەڵاو شورای پێكەوە هەبووە .

كەركوك بازاڕی ناوچەكە

شار ناوەندی بازرگانی و چالاكی ئابورییە ، هەموو شمەكێكی بۆ دێت و لێوە دەرەچێت ، نیشانەی شارنشینی و بەرز بونەوەی ئاوەدانییە لە ناوچە .

ژیانی لادیٚ سادەو ساكارە ، شار شوێنی كولتوری بەكاربردنە ، خەڵك بە دوای خۆشیدا دەگەڕێن ، بۆیە بازاڕی بەردەوام لە گەشەكردندایە . لادیٚ ژیان تێیدا سادەو ئاسودە و هێمنە ، بەڵام ژیانی شار جەنجاڵ و ئاڵۆزە .

كەركوك نێوەندێكی بازرگانی گەورەیە لە ناوچەكە ، دەورو بەری ئاوەدانەو پڕە لە شارۆچكەو قەڵای ئاوەدانی، بازاڕی ساغكردنەوەی بەروبوومە كشتوكاڵییەكانی ناوچەكە و دەوروبەرەكەشی بووە.. . ناوەندی ناردەی خوری و مەڕوماڵات وبەروبوومی كشت و كاڵی هەرێمەكە بووە بۆ دەرەوەی ناوچەكە و وڵاتیش .... .



لە بەرزاییەكانی زاگرۆسەوە ، جوتیاران بەروبوومەكانیان لە بازاڕەكەی ساغكردۆتەوە . زۆربەی ئەو بەروبومانەی دەنێردرانە دەرەوە ، لەو بەروبوومانە پێك دەهاتن ، توانای بەرگە گرتنی ڕێگەی دوور و، مانەوە بۆ كاتی درێژخایەن ، بەرگەگرتنی سەختی ڕێگای پڕ هەوراز و نشێوییان هەبووە ، وەك دانەوێڵە و خوری و پێستەو .. .

(هەروەها هەمان هەڵكەوتو وای كردوە دامەزراوە بازرگانییەكان شارەكانی كوردستان لە یەكتری بچن ١٦ . لە دائیرەی مەعارف بەریتانیدا كەركوك وەك یەكێك لە بازاڕە سەرەكییەكان كوردستان سەیركراوە ١٧.

لەدائیرەی معارفدا بەم شێوەیە وەسفی كەركوك كراوە : (( بنكەیەكی گرنگ و سەرەكی بازرگانییە لە كوردستان )) هەروەها دەنوسێت (( كەركوك بە بازاڕی بەرهەم هێنانی كشت و كاڵی ناوچەكە دەژمێردرێت . جێگەیەكە بۆ هەناردنی خوری و دانەوێڵەو ماڵات و تۆك و كەتیرەی بەرهەم هێنراو لە بەرزاییەكانی زاگرۆسدا ١٨ .

لە بەرواری ٢٥–٦–١٨٢٠ كلۆدیۆس جیمس ڕیچ ، لە گەشتەكەی كوردستانیدا ، كاتێك دەبێتە میوانی میری بابان لە سلێمانی ، لە یاداشتەكانیدا ئەمەی خوارەوەی نوسیووە : (( شەوی ڕابردوو من و عومەر ئاغا سەبارەت بە بەرووبوومی كوردستان زۆر دواین . شاری كەركوك ئەو بازاڕەیە كە هەموو بەرووبومی ئەم بەشەی كوردستانی بۆ دەبردرێت ١٩ .

كەركوك جگە لەوەی بازاڕی ساغكردنەوەی بەروبوومی جوتیاران بووە ، هاوكات بازاڕەكەی ناوەندی پەیدا كردنی پێداویستییەكانی هاووڵاتیانی هەرێمی كەركوك و شارەكانی دەوروبەریش بووە ، ئەمە وا دەكات بڵێین : كەركوك شارێكی بازرگانی هەرێمی گرنگ بووە لە ناوچەكە (( لە هەندێك تێبینی ڕیچدا ئەوە دەرەكەوێت گەلێك شتومەكی دەگمەن و بە بەها لە كەركوكەوە بۆ سلێمانی دەنێردرا ٢٠ .

كەركوك پەیوەندییەكی ئابوری بەهێزی بە شاری سلێمانییەوە هەبووە ، بازاڕی دووەمی خەڵكی ناوچەكە بوو ، ئەمەش وایكرد خەڵكی هەردوو شار پەیوەندیی بەهێز پێكەوە ببەستن ، تا ئاستی هەڵگرتنی پاش ناوی كەركوك لە لایەن بازرگانانی سلێمانییەوە (( ئەم جۆرە پەیوەندییە بەهێزە ئابوورییانە وایكرد كە

هەندێك لە خانەوادە بازرگانییە ناسراوەکانی سلێمانی نازناوی (( کەرکوکی – کەرکوکلی)) بۆخۆیان دابنێن ٢١ .

هەرێمی شار ، ئەو پانتاییە جوگرافیاییە ، نزیکترین بازاڕ لێوەی شاری سەرەکی هەرێمەکەیە، هەموو خەڵکی ئەو سنوورە ، پەیوەندیی سەرەکییان بەو شارەوەیە و پێداویستییەکانیان لێی دابین دەکەن . کەرکوك یەکێکە لە شارە هەرێمییە گرنگەکان ، پانتایی جوگرافیای هەرێمی کەرکوك بەرفراوان و تەختاییە ، هاوکات دەوڵەمەند و بە بەرهەمە ، بۆیە پەیوەندی کردن بە شارەوە سانایە ، بەهۆی دەوڵەمەندی و فراوانی دەوروبەرەکەیەوە ، پێویستی بازاڕی دەوڵەمەند و گەورە هەیە .

هەندێك هەرێمی شار کە دوورن لە ناوەندەوە ، دانیشتوانەکەی دابەش دەبن بەسەر دوو بەش ، لە نێوان دوو شار ، وەك دەشتی تەقتەق و ناوچەی تەکییەی چەمچەماڵ و گوێر و سێبیران .... .

بەهۆی لە باری پێکهاتەی زەوی و کەش و هەوای هەرێمی کەرکووکەوە ، دەوروبەرەکەی هەموو ئاوەدان بووە بە درێژایی مێژوو ، هاوکات هیچ بەربەستێکی سروشتی سەخت نەبووە لە نێوان کەرکوك و هەرێمەکەی ، لە یەکتریان دابڕێت و پەیوەندی سەخت بکات لە نێوانیان ، بۆیە دەبینیین بەشێکی زۆری هەرێمەکە بە شارو شارۆچکەکانییەوە ، تەنانەت هەرێمی شارەکان دەوروبەریش ، بازاڕیی هەمیشەیی و بەردەوامیان کەرکوك بووە ، تەنانەت بەهۆی سەرە ڕێ بوونییەوە بۆتە بازاڕی هەرێمی شارەکانی دەوروبەریش .

بازرگانی گرنگترین فەرمانی نێوان شار و هەرێمەکەیەتی ، سەرباری ئەرکە کارگێڕییەکان کە لادێ بەشار دەبەستێتەوە .

جووتیار لە شاردا ئەو بەرهەمانە دەفرۆشێت کە لە بەکاربەری خۆی زیاترە ، هاوکات پێداویستییەکانی ڕۆژانەی دەکڕێت ، بۆیە بوونی شار و بازاڕ بۆ درێژەدان بە بژاوتی ئابوری و پێشڤەچوونی شار پێویستە ، چەندە ژیان پێش بکەوێت ، هێزی بەکاربەری هاووڵاتیان سەردەکەوێت ، پێداویستی هاووڵاتیان دەچێتە سەر ، لادێ و شار زیاتر پێویستیان بە یەکتر دەبێت . شار و لادێ لە ڕێگەی کالا ، سەرمایە ، خزمەتگوزاری ، بازرگانییەوە لە یەکتر نزیك دەبنەوە .



بازاڕ هۆی سەرەکی گەورە بوونەوەی شارە ، چەندە بازاڕ گەشە بکات ، چالاك بێت ، دەوڵەمەند بێت ، ئەوەندە لق و پۆپەکانی لە کارگێڕی و خزمەتگوزاری لە گەڵیدا گەشە دەکەن ، هاوکات پێویستی بەهێزی کاری زیاتر دەبێت بۆ پێڕا گەیشتن بەکاروبارەکانی ، لە گەڵیدا ژمارەی دانیشتووان پێ بە پێی گەشەی بازاڕ دەچێتە سەر .

سەرباری ئەوەی لە دەوڵەمەندیدا نەخۆشی کەم دەبێتەوە ، ئاستی تەمەن دەچێتە سەر ، کۆمەڵگەی تێر کەمتر دەکەوێتە بەر هەڕەشەی نەخۆشی کوشندە .

بەهەمان شێوە ، چەندە ژمارەی دانیشتووان زیاد بکات ، دەبێتە هۆی گەورەبونەوەی بازاڕە کۆنەکان ، هاوکات پەیدا بوونی بازاڕی تازە . واتە بازاڕ و ژمارەی دانیشتووان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە .

لە گەڵ گەشەی بازاڕ و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان ، ژمارەی خانوو و ڕێگاو بان و مزگەوت و حەمام و خان و قوتابخانەو ... زیاد دەکات ، بەمانەش ڕوپێوی شار گەورە دەبێتەوە ، لە گەڵیدا کارگێڕییەکەی فراوان دەبێت .

بەهۆی گەشەکرنی بازاڕ و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و ئاڵۆزبوونی کارگێرییەوە ، شاری کەرکووك لە سنوری خۆی کە قەڵایە دەرچووە دەرەوە ، لە سەرەتادا بە هەر چوارلای شاردا بە شێوەی بازنەیی گەورە بووەوە ، کەرکوك و هەولێر نموونەیەکن بۆ ئەم گەورە بوونەوەیە . هیچکە ١٧ دوکانەکەی گەڕەکی مەیدان و بازاڕی شمشێر دروستکردنەکەی نایەتوانی پێویستی شار و دەوروبەر دابین بکات ، هاوکات ژمارەی خانووەکانی نایەتوانی ئەو حەشاماتە بحەوێننەوە ، بۆیە شار پێویستی بە دەرچوون بوو لە ناو قەلا .

شار یان بەشێوەی بازنەیی بەدەوری خۆیدا گەشە دەکات ، بەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی شار ، یاخود بە دەوری ناوەندە بازرگانییەکاندا پەل و پۆ دەهاوێت . بۆ کەرکوك لە دوو قۆناغی جودا جودادا ، هەردوو شێوە گەشەکردنەکەی بەخۆوە بینییوە .

لە سەرەتادا کەرکوك بە دەوری بازاڕدا ، بە چواردەوری قەلادا گەشەیکرد ، لە قۆناغی دواتردا بە دەوری خۆی و ڕێگا سەرەکیەکاندا گەورە بووەوە و پەل وپۆی

هاویشت ، دوای ئەوەی دەورو بەری بازاڕەکان توانای پڕ کردنەوەی ئەو حەشاماتەیان نەما لە ئەنجامی بەرزی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و کۆچی جوتیاران لە لادێوە روو لە شار دەستی پێکرد ، لە قۆناغی ئاوابوونی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی سەرمایەداری .

شار جگە لەوەی بازاڕی ئاڵ و گۆڕی هەرێمە ، هاوکات بازاڕی فرۆشتنی هێزی کاریشە لە ناوچەکە ، بێکارانی هەرێمی شار بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان ڕووی تێدەکەن ، بۆیە پنتی گیرسانەوە کۆچی بێکارانی هەرێمە .

کارە گرنگەکانی ڕابردوو لە شار بریتی بوون لە : بیناسازی ، پێستەسازی ، دەبەخانە ( سرکە– عەرەق – ترشیات ) دروستکردن ، هەروەها بەرهەمی ئاژەڵداری و هەویرکاری .

لە سەرەتادا ناوچەی نیشتەجێ بوون ، ناوچەی بازرگانی و پیشەسازی لە شاردا هەموو تێکەڵ بوون ، بەڵام لە قۆناغەکانی دوواتردا بە گەورەبوونەوەو مۆدێرن بوونی شار ، ئەو کەرتانە لەیەکتر جیاکرانەوە ، گەڕەك و ناوچە پیشەسازییەکان دەرکرانە دەرەوەی شار .

چینە کۆمەڵایەتییەکان لە شاردا ، بە دەوری یەکتردا جەمسەر دەبەستن ، گەڕەکەکان لەسەر بنچینەی چینایەتی ، هەندێك جار لەسەر بنچینەی پیشەیی دابەش دەبن ، جەماوەری شار دابەش دەبن بەسەر گەڕەکی میللی( هەژارنشین و مام ناوەندی) ، هەروا هاووڵاتیانی ناو کۆلێت و چینکۆکان ، لە لایەکی دیکەوە گەڕەکی ڕاقی قەراغ شارەکان . ئەم گەڕەکانە( بە تایبەت گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکان) سنوری نەتەوەیی لە شارێکی فرەنەتەوەیی وەك کەرکوك دەبەزێنن ، شێوەی سەرو نەتەوەیی بەخۆوە دەگرێت .

# بازاڕی شار

کەرکوك شارێکی سەرە ڕێی بازرگانی بووە لە مێژوودا ، ئەمەش وای کردووە گرنگی ئابوری تایبەتی خۆی هەبێت .



پەیوەندی نێوان بەغدا – کەرکوك لە چاخە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا لاواز بوو . لەو سەردەمە ڕێگای بەغدا – کفری – داقوق – ئەربیل زۆر بە کەمی بەکار دەهێنرا ٢٢، لە بەرامبەردا ڕێگای موصڵ سامەڕا بەغدا زیاتر بەکار هاتووە ، دیارە گرنگی ڕۆڵی ئابووری شاری موصڵ هۆکاری ئەمە بووە .

ڕێگای ئەربیل – ئاڵتون کۆپری– دێی شاقرد ، قەڵای کەرخینی(کەرکەك) – داقوق– قەڵای خورماتوو– بەغدا ، تەیمور لەنگ دووجار پێیدا تێ پەڕیووە ، یەکەم جار لە ساڵی ١٣٩٤ . هەروەها شاە محەمەد بن قەرە یوسف لە ساڵی ١٤١١ ز هەمان ڕێگای بڕیووە ٢٣ .

پردێ لە سەدەی ١٦دا هەبوو ، کاتێك گەشتیاری ئەوروپی لئون رالوف بینیوییەتی ، ناوی ناوچەکەی بە پردێ نوسیووە ٢٤

بەڵام بە شێوەی گشتی ئەم ڕێگایە ، سەرباری بوونی ڕێگەی موصڵ – سامەڕا – بەغدا یەکێك بووە لە ڕێگا گرنگە پڕ بایەخەکانی بازرگانی لە ناوچەکە . لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی ، شەنگار– موسڵ – هەولێر – پردێ– کەرکوك –داقوق – کفری– خانەقین – مەندەلی– کرماشان ، یاخود بۆ بەغدا . دواتریش بە هاتنی ئینگلیزەکان و پێشڤەچوونی هۆکارەکانی گواستنەوە و پەیوەندی ئەم گرنگییەی لە دەست نەدا ، بەڵکە بەهۆی سنوری بوونی ناوچەکەوە ، گرنگی زیاتری پەیدا کرد .

((بەریتانییەکان هەوڵیاندا کەرکوك و هەولێر بکەنە بنکەیەك بۆ پتەوکردنی پەیوەندی یە ئابورییەکان ، بە ڕۆژئاوای ئێران – کوردستان – ئازەربایبنجانەوەی ببەستن . بە مەبەستی ئەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ناوچەکانی قەفقاس و ئەو دیوو قەفقاس ، کە دەکەوێتە سنوری سۆڤیەتەوە لەکار بخەن ٢٥ .

بەهۆی سستی هۆیەکانی گواستنەوە ، بوونی کەرکوك وەك شاری سەرە ڕێی بازرگانی ، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر (خان)ی لێ دروست بکرێت وەك وێستگەیەك بۆ پشودان ، ، ئەم میوانخانەو کاروان سەرایانە ، یاخود ئەم خانانە دوو ئەرکیان ئەنجام دەدا ، لە لایەکەوە فرۆشگاو و بازاڕی ساغکردنەوەی بەربوومی

جوتیاران بوون ، لە لایەکی دیکەوە وەزیفەی میوانخانەیان دەگێڕا ، هاوکات شوێنی حەواندنەوەی ئاژەڵەکانیشیان بوون و باری گالیسکەو ئەسپەکانی تێدا دادەگرترا . هەروەها سەرە ڕێبوونی کەرکوك ، وای دەکرد ، شار بەردەوام قەرەباڵغ بێت لە نێو ئاپورەی فرۆشیار و کڕیاردا ،، بە بازرگانان و ئەو ڕێبوارانەی لە ناوچەو شار و وڵاتانی دیکەوە بە کەرکووکدا گوزەریان دەکرد ، بۆ شار و وڵاتانی دیکە .

خانەکان لە دوکان و ژوری خەو و حەسانەوە پێك دەهاتن ، دەکەوتنە ناوەندی بازاڕەوە ، زۆربەیان دوو نهۆم بوون ، نهۆمی سەرەوە بۆ حەسانەوەی میوانەکان ، لە ژمارەیەکی زۆر ژوور پێك دەهات ، خوارەوەش وەك کۆگەی کەل و پەل و شوێنی ئەسپ و کەر و .. بەکار دەهێنران .

بە دیوی دەرەوەش لەسەر ڕێگاکان دەرگای فرۆشگاکان دەکرانەوە . تا ئێستاکەش لەبازاڕی گەورە و جووت قاوەی کەرکوك ، ژمارەیەك لەو خانانەی تێدا ماون بە هەمان نەخشەی کۆن .

سەرباری بوونی ژمارەیەك خان ، کەرکوك بە ژمارەی زۆری گەرماوەکانی دەناسرایەوە . لەبەر ئەوەی هەموو ماڵێك توانای نەبوو گەرماوی تایبەتی بۆ خۆیان دروست بکەن ، ئاوو سوتەمەنی پەیداکردن بۆ گەرماو لە کەرکوك سانا نەبوو ، بە تایبەت لە قەڵا ، هەروەها پانتایی شار ڕێگەی بەوە نادا ، هەموو ماڵێك گەرماوی تایبەت بە خۆیان هەبێت ، چونکە سنووری شار لە قەڵادا قەتیس مابوو ، سەرباری ئەوەی لە ڕوی ئابورییەوە قازانجی زۆری هەبوو ،نەخۆش و دەوڵەمەند و سەربازو گەشتیار و بازرگان و ڕێبواران بۆی دەچوون ، بۆیە ژمارەیەکی زۆر حەمام لە کەرکوك دروستکران . گەرماو بە یەکێك لە لەزەتەکانی ژیان دادەنرا .
(( شاری دیمەشق ١٦٠ گەرماوی تێدابوو ، لەبەر ئەوەی ماڵەکان گەرماوییان نەبوو ، وتەیەك باو بوو (( نعیم الدنیا الحمام)) ٢٦ .

مزگەوت و بازاڕ و حەمام و خانەکانی شار هەموو لە نزیکیەکترەوە بوون ، کەرکوك بە ژمارەی زۆری حەمام و خانەکانییەوە دەناسرایەوە .



لە شار کار دابەش دەبێت ، بازاڕ سەرباری بوونی ژمارەیەك زۆر فرۆشگای وردەواڵە فرۆش ، سەوزە فرۆش ، قوماش فرۆش ( تەنانەت فرۆشتنی ئاورێشم و قوماشی زێڕچن ) ، گەنم فرۆش ، قەساب ، کەباب خانە ، چێشتخانە دوکانی بۆن و بەرامە و بخوڕ ، ، ژمارەیەك پیشەسازی سەرەتایشی تێدا بوو نموونە کاسە ، گۆزە ، مەشکە ، شەربە ، کوپە ، تەنوور دروستکردن . بازاڕی توتنچی ، قمچی ،قازان سپیکەرەوە، کەبابچی ، قوماش فرۆش ، کورتان دوور، بەرگ دوور، لێفەدوور ، چەخماخچی ، زێڕەنگەر، پاك کەرەوەرەی چەك ، شەغرە چی ، ئاسنگەر ، پیشەسازی چەقۆ و خەنجەر ، گاسن ، پەنجەرە ، قاپ و قاچاغ و سەتڵ دروستکەر، نەجاڕی سندووقی دولدولی و قاپی و پەنجەرەو ڕەفت ...... دروست کەری تێدا بوو .
لە نەجەف و بەغدا و موصڵ بازاڕەکان لە یەکتری جیابوون ، سەوزە فرۆش – قەساب– ئاسنگەر – نەجاڕ ..... هتد ٢٧ . بۆ کەرکوکیش ئەمە ڕاستە .

. بەشێوەی گشتی شار لەم پێکهاتانەی لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەدەم پێك دەهات : قەڵا – شورا – سەرای – زیندان – بازاڕ – خانوو – کۆڵان – مەرقەدی پیاوچاکان – قەبرستان– مزگەوت – تەکیە – خانەقا – خان – چایخانە – قوتابخانە – مەخزەن – فرۆشگا .
قەبرسان و مزگەوت گرنگی خۆیان هەبوو ، گەورەیی شار بە بوونی ژمارەی ئەو مزگەوتانەی نوێژی هەینی تێدا دەکرا دیاری دەکرا ، شارێکی وەك بەغدا لە سەدەی ٨ کۆچی ١١ مزگەوتی تێدا بوو نوێژی هەینی تێدا دەکرا ٢٨ .

کەرکوك پاش قەتیس مانەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٥ سەدە، لە ناو قەڵا ، لە دەوروبەری ٣ سەدەی ڕابردوودا ، سنورە کۆنەکەی خۆی دەبەزێنێت و گەورە دەبێتەوە ، بە دوو ئاراستەدا گەشە دەکات ، لە ڕوی ڕوپێوی شار وە ژمارەی دانیشتووان ، لە خوارەوە دێینە سەر هەردوو بوار و ئاراستەکە .

# گەشەکردنی کەرکووک لە ڕوی پانتایی و قەبارەوە




وەك ئاماژەمان پێی دا ، لە سەرەتادا زۆربەی شارەکان قەلا شاربوون ، تەواوی پێکهاتەکانی شار ، لە بازاڕ و کارگێڕی و گەڕەکی نیشتەجێ بوون ، دەکەوتنە ناو سنوری قەلاوە ، یاخود شورای شارەوە .

لە دەرەوەی قەلا و شورا ، ژیان لەبەر هێرشی بەردەوامی دوژمنان ئەستەم بوو ، مرۆڤەکان هەموو کات لە ترسی هێرشی لە ناکاو لەسەنگەردا بوون ، بۆیە لە قەلادا ژیانیان بەسەر دەبرد . لەوێدا بەرامبەر کوشتن و تالان و بە کۆیلەکردن پارێزراو بوون ، شاری بێ قەلاو شورا ژیانی تێیدا گران بوو .



هاوکات قەلا ناوەندی کارگێڕی و هێزی دەولەتی ناوەندیش بوو لە هەرێمەکە ، قائیدی قوات و قازی قوزات و والی ولاتی لێ دادەنیشت ، کە گەورەترین دەسەلاتداری هەرێمایەتی بوون .

جوانترین پێناس بە زمانی کوردی تاکو ئێستا بۆ کەرکوکی کۆن کرابێت ،بە باوەڕی من ئەم چەند ڕستەیەی خوارەوەیە : ((لە بنەڕەتدا وەك قەلاتێکی خڕ لەسەر گردێکی چوارگۆشەیی بینا کراوەو ، ١٢٠ پێ لەو دەشتانە بەرزترە کە دەوریان داوە ، دەڕوانێتە دۆلی ڕووبارۆکۆکەیەکی کەم ئاو )) ٢٩ .

## قەلا

ڕەپێوی قەلا ٢٢ هکتارە ، کە دەکاتە ٢,٢کم٢ ، بە بەرزایی ١٨ مەتر ٣٠ . قەلا لەم گەڕەکانە پێك هاتووە (قەلا–مەیدان – زندان – حمام مسلم– حمام مسیح).

گەڕەکی مەیدان دەکەوێتە باکوری قەلاوە ، گەڕەکی قەلا دەکەوێتە ناوەڕاستی قەلاوە ، گەڕەکی حەمام دەکەوێتە باشوری قەلاوە .

دەرگاکانی قەلا ئەمانەن (( داش قاپی ، تۆپ قاپی ، یەدی قزلار ، حەلوچییە)) ، ٢ دەرگایان بەکار دەهات بۆ دەربازبوونی گالیسکە ، ٢شییان بۆ هاتوچۆی پیادە .

تاکو کۆتایی هەشتاکان ، قەلا لە ٥٦٠ خانوو پێك دەهات ، کە کۆی گشتی ٤٠٠٠ کەسی تێدا دەژییا .

بەکارهێنانی زەوی بۆ خانوو ٤٢٪ پانتایی قەلای گرتبووەوە .

٤٪ خانووەکانی باش بوو .

٤٥٪ خانووەکانی مام ناوەندی بوون .

٨٪ خانووەکانی کەلەپورین .

٣١٪ خانووەکانی خراپن .

١٢٪ خانووەکانی ڕوخاون بە کەلك دانیشتن نایەن


٨٪ ناوچەی سەوزایی .

٨٪ دوکان و ناوچەی پیشەگەری .

١٢٪ کۆلان .

١٠٪ شەقام ٣١ .

# گەورەبوونەوەی شار لە دەرەوەی قەڵا




هەندێك پێیان وایە لە سەدەی ١٣ دا ، كەركوك لە دەرەوەی قەڵاش ئاوەدان بووە ، واتە كەركوك تەنها شارە قەڵا نەبووە : (( وڵاتناسی لە مێژینە(یاقوت الحموی) كۆچكردو لە ١٢٢٩ز ئاشكرای كردووە كە قەڵای كەرخینی لە دەرەوەش ئاوەدانە ٣٢ . یاقوت حەمەوی كە لە ساڵی ١٢٢٨ كۆچی دوایی كردووە ، سەبارەت بە كەركوك دەنوسێت : ( كرخینی بكسر الخاو المعجمە پم باو ساكنە ونون و یاو فعالە وهی قلعە فی وگاو من الارچ حسنە حصینە بین داقوقا و اربیل رایتها وهی علی تل عال و لها ربچ صغیر — ٣٣ بەڵام هەندێكی دیكە پێیان وایە ، لە كۆتایی سەدەی چواردەهەمیشدا كەركوك تەنها لە قەڵا پێك هاتووە (( لەسەرەتای كانونی یەكەمی ١٣٩٣ز ، تەیمور لەنگ گەیشتە داقوق ، لەوێوە بە ئاراستەی قەڵای كەركوك



هەنگاوی نا ، كە گەیشتە كەركوك خەڵكی قەڵا پێشوازییان لێ كردو دڵسۆزییان بۆی دەربڕی .

قەڵاكانی كەركوك(كەرخینی) و داقوق و خورماتوو ، وە ئەو گوند و شوێنانەی سەر بە ئەوان بوون ، ئەمیرە كوردەكانی ناوچەكەو دەسەڵاتدارە توركمانەكان و فەرماندە سەربازییەكان حوكمڕانی بوون . وڵاتی كەرخینی و داقوق بە دەست خێڵێكی كوردەوە بوو ژمارەی پیاوەكانی لە ٧٠٠كەس زیاتر بوو ٣٤ .

وەك دەبینین كەركوك وەك خورماتوو و داقوق ، بەقەڵا ناوزەد كراوە نەك شار ، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە، كەركوك لەو كات و ساتەدا ، تەنها لە قەڵا پێك هاتووە ، وەك سەرجەم شارە قەڵاكانی دیكەی ناوچەكە و بگرە جیهانیش ، ئەگەر پەراوێزی بچوكیشی هەبوبێت وەك ئەوەی حەمەوی ئاماژەی پێ دەدات ، بەهۆی بچوكییەوە شایانی ئاماژە پێدان نەبووە ، یاخود هاوین نشینی بووە بەهۆی ئەوەی كەركوك هاوینان زۆر گەرمە ، بە ناچاری خەڵكەكەی بە تایبەت دەوڵەمەندەكان پەنا دەبەنە بەر گوند و ئاوەدانی و كەپرو ناوچە كشت و كاڵییەكان دەوروبەر كەركوك .

نابێت ئەوە لە یاد بكەین ، لەو كاتەدا داقوق لە رووی ئابوری و كارگێڕییەوە ، گرنگی زیاتری هەبووە لە كەركوك ، بگرە كەركوك بەشێك بووە لە شاری داقوقا ، بۆیە لە سەرچاوە مێژوییەكان ، ئاماژەكان لەو سەردەمەدا ، زیاتر بۆ سەر داقوق بووە نەك كەركوك ((كەركوك وەكو شارێك ئەو دەمە نێوی لە نێو ناواندا نەبووە ، بەڵكە ئەو ناوچەیەی كە شاری كەركوكی ئێستای لێ هەڵكەوتووە لەگەڵ ناوچەكانی دەوروبەری بە چەند ناوی دیكە ناسراوە : بەناوبانگترین شاری ئەو وەختەی دەڤەری كەركوك ، شاری داقوقا(داقوق) بووە * كە لە سەرچاوەكاندا تا ڕادەیەك زانیاری مێژوویی لەسەر تۆمار كراوە ٣٥ . ((تا كۆتایی سەدەی ١٤ لە روی كارگێڕیی و ئابورییەوە بەشێك بوو لە داقوق ٣٦ .

لەم خشتەیەی خوارەوە ، كە ئاماری داهاتی كوردستانی بەشی عوسمانییە ، لە ساڵی ١٣٤٩ ز ئەنجامدراوە ، تیایدا ئاماژە بە داقوق كراوە نەك كەركوك ، هەروەها خشتەكە دەوڵەمەندی ناوچەی كەركوك دەردەخات ، كە لە دوای سنجار زۆرترین داهاتی هەبووە بۆ دەوڵەتی ناوەندی :

| | |
|---|---|
| زەنگاباد | ١١٥٠٠ دینار |
| خانەقی ن | ١٢٢٠٠ |
| اربیل | ٢٢٠٠٠ |
| ئاکرێ | ٢٧٠٠٠ |
| داقوق | ٧٨٠٠٠ |
| سنجار | ١٤٧٥٠٠ |
| ئامەد | ٣٠٠٠٠ ٣٧ . |

کەرکوك ناوێکی تازەیە بۆ شارەکە ، تاکو سەدەی پانزەهەمی زایینی ، کەرکوك بە قەلأی کەرخینی ناوبراوە ((بۆ یەکەم جار ناوی کەرکوك بەم شێوەیەی ئێستای لەساڵی ١٤٢٤–١٤٢٥ ز بەکار هاتووە ، لە پەرتوکی زەفەرنامەی شەرەفەدینی عەلی یەزدی ٣٨ .

یەکەم بەکارهێنانی ناوی کەرکوك لە لایەن عەلی یەزدییەوە بوو لە سەدەی ١٥ ی ز ٣٩ .

وەك ئاماژەمان پێدا ، زۆر پێیان وایە ، کەرکوك تەنها لە قەڵایەك پێك هاتووە ، تەنانەت لە سەدەی شانزەهەمیشدا (( بە گوێرەی (منمنە) یەکی مێژوویی، کە هێرشەکانی سوڵتان سلێمان قانوونی بۆسەر عێراق لە ساڵی ١٥٢٥دا دەردەخات ، تەنها ئاوی خاسەو قەڵا دەردەکەوێت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، لەو کاتەدا شاری کەرکوك تەنها لە قەڵا پێك هاتووە ٤٠ .

هەمان نووسەر ، ئاماژە بە قەبارەی شار دەکات ، لە ناوەڕاستی سەدەی ١٦ ((بە گوێرەی بەڵگەنامەکان ، کە مێژوییان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٤٨ ، شار پێك دەهات لە ١٤٥ خانوو کە خێزانەکان تێیدا دەژیان ، وە ٢٣ خانوو سەڵتی تێدا دەژیا ، سەرباری بوونی بۆیەچی و ئاش و مزگەوت لە شاردا ٤١ .

یەکێك لەو مزگەوتانەی ئاماژەی پێداوە ، مزگەوتی ئولوّیە (( مزگەوتی ئولو لە سەر پاشماوەی کەنیسە دروستکراوە ، مێژوی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦ ٤٢ .

مزگەوتێکی گرنگی پیرۆزی دیکەی شار ، مزگەوتی دانیال پێغەمبەرە ((مزگەوتی دانیال پێغەمبەر لە ڕابردوودا کەنیسە بووە ، نووسینەکان سەری دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی چواردە ٤٣ .



((سوڵتان مەحمود غازان ، کە حوکمی ئێران و عێراقی کردووە لە ساڵی ١٢٩٥ – ١٣٠٤ دا ، پاش ئیسلام بوونی زۆر توندڕەو بووە ، کەنیسەی کریستانەکانی کردووە بە مزگەوت ، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو کەنیسەی دانیالی کردبێت بە مزگەوت ٤٤ .

قەڵا سەرباری دانیشتوانەکەی ، شوێنی نیشتەجێبوونی سەربازانیش بووە ، بە هۆی ئەوەوەی شار سەنگەری پارێزگاری ناوچەکە بووە لە هێرشی تالأنچی و داگیرکەران ، بۆیە هەموو کات وەزیفەی سەربازی هەبووە . گەڕەکی ئەغالق چونکە شوێنی نیشتەجێی سەرکردە سەربازییەکانی ئینکشارییەکان بووە بۆیە بە گەڕەکی ئاغالق ناوبراوە ((گەڕەکی ئاغالیق لە قەڵا شوێنی نیشتەجێی سەربازان بووە ٤٥ .

بە هەمان شێوە گەڕەکی حەمام ، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە ، چونکە حەمامێکی گەورەی تێدا بووە ، گەڕەکی مەیدانیش بازاڕی لێ بووە ، بازاڕی شمشێر دروستکەرەکان ، هەروەها پاشماوەی ١٧ دوکانی لێ دۆزراوەتەوە . حەمام مەسیحیش چونکە کریستانەکانی تێدا ژیاوە ... .

((کۆنترین باڵەخانە لە قەڵا ، یەدی قزلەرە ، کە لە٥ نهۆم پێك هاتووە ، نهۆمی یەکەمی زیندان بووە ، بۆیە بەو گەڕەکەیان ووتووە ( زیندان) ٤٦ .

بوونی زیندان و سوپا لە قەڵای کەرکووکدا ، بە مانای بوونی فەرمانداری سەربازی و قازی دێت لە قەڵادا ، لەو سەرو بەندەدا ئەم دوو پلە کارگێڕییە، بەرزترین پلەی دەسەڵاتداریەتی هەرێمایەتی بوون لە پاڵ والی ولأت ، ئەو کەسایەتییانە بەو پلە کارگێڕییە بەرزەوە تەنها لە شاردا دادەنیشتن ، پاش ئەوەی کەرکوك پلەی کارگێڕییەکەی بەرز بوەوە والیشی تێدا جێگیر بووە .

گەڕەکی ئیمام قاسم لە ناوەڕاستی سەدەی ١٦دا ئاوەدان بووە ، دووری قەڵا لە ئیمام قاسمەوە لە دەوروبەر ١ کم ە ، بۆیە دەتوانین ئەم ئاوەدانییە بە بەشێك لە شار دابنێین ((بە گوێرەی ئەو سەرچاوانەی بە دەستمانەوەیە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٤٨ گەڕەکی ئیمام قاسم لە ٢١ ماڵ پێك هاتووە ، بەڵام مێژووی مزگەوتی ئیمام قاسم نەزانراوە ، لێ ئەوەی ڕوونە ئەم مەرقەدە لە ساڵەکانی ١٦١٤ – ١٦٩١ – ١٨٩٤ چاك کراوەتەوە ٤٧ .

مێژووی مەزارگاکا زۆر کۆنترە لە سەردەمی چاك کردنەوەی چەند جارەی ، هەروەسا مەزارگای کەسایەتییەکی وەك ئیمام قاسمی پیرۆز لای شیعەکان ، بە بێ ئاوەدانی نابێت لە دەوروبەرەکەی ، مەزارگای کەسایەتیەکی گەورە لای

مەزهەبێکی گۆڕ پەرستی وەك شیعە ، پێویستە بە موەزین و خزمەتگوزاری هەیە ، بەردەوام شیعەکان بۆ سەردانی هاتوونە ، بوونی خانێك بە ناوی هیندلر خانی لە کەرکووکدا ، کە بە ناو زیارەتکەرانی هیندییەوە ناو نراوە ، باشترین گەواهییە بۆ ئەم بۆچوونە .

وەك ئاماژەمان پێیدا ، نووسراوەکان ئاماژە بە بوونی ئاوەدانی لە دەرەوەی قەلا ، هەروەها نەبوونی دەدەن ، بابزانین گەشتیارە بێگانەکان لەم بارەوە چی دەبێژن : ((ئۆتێر کە یەکەم گەشتیاری فەرەنسی بووە ، لە ساڵی ١٧٣٥ سەردانی کەرکووکی کردووە ، لە ساڵی ١٧٣٩ دووبارە سەردانی کردۆتەوە ، باسی ئەوە دەکات کەرکووك شارێکی قەبارە مام ناوەندییە . هەرەها ئاماژە بە ئەوەش دەکات کەرکووك لە دووبەش پێك دێت ، بەشی یەکەم قەلاکەیە و بەشی دووەمی ناوچەی دەورووپشتی قەلایە کە بازاڕی شار پێك دەهێنێت ٤٨ .

بە پێچەوانەی(یاقوت الحموی) و ئەو سەرچاوانەی ئاماژەمان پێیان دا ، کە باس لەوە دەکەن ، کەرکووك لە دەرەوەی قەلا ئاوەدان بووە ، هەندێك سەرچاوەی دیکە پێیان وایە (( لە سەرەتای سەدەی ١٨ شاری کەرکوك لەناو قەلا قەتیس ماوە ، لەدوای ئەو مێژووەوە دانیشتوان لە دەشتاییەکەی خوار قەلاوە خانویان دروست کردووە . لە ساڵی ١٧٦٦ گەڕۆك کارستن نیبۆر سەردانی کەرکووکی کردوەو دەڵێت: ((کەرکوك دەکەوێتە دەشتاییەکی جوانی بەبەرەکەتەوە ، بەلام ئاوەدانی کەمە . تەنها کەمێك لە شارەکە لەسەر تەپۆلکەکە ماوە ، تەپۆلکەکە (قەلا) قەرەباڵغە بە دانیشتوان ، شوریەکی بە قوڕ بۆ دروست کراوەو حامییەی یەنیجەری تێدایە (حامیە : بەشێك لە سووپا کە پارێزگاری لەو شارە دەکەن کە تێیدان ) ئەمە پێی دەڵێن قەلا ... خانوەکانی ئەم قەلایە بێ جیاوازی لەو پەڕی خراپیدان ، لەناو قەلا ٣ مزگەوتی بە منارەی تێدایە . کەرکوك بارەگای پاشاکانە بە پلەی (گوغتین) بەلام پاشاکان لەناو شارەکە ناژێن ، بەڵکە لە دیوەکەی دیکەی ڕوبارەکە دەژێن و ناوچەی دەسەلاتی بچوکە ٤٩.

وەلێ بە پێی هەردوو سەرچاوە ، کەرکوك دەکەوێتە دەشتاییەکی قەشەنگی دەوڵەمەندەوە ، بەلام کەم ئاوەدانە . قەلایەکی پڕ لە دانیشتوان ، بەلام خزمەتگوزەرانی تەندروستی لاوازە . هاوکات ئاشی زۆری تێدایە ، لەوێوە ئارد لێ دەکرێت و ڕەوانەی باشوور دەکرێت .



لەبەر ئەوەی ئاوەدانییەکانی قەلا و دەرەوەی ، دابڕانێك لە نێوانییان هەبووە ، هەروەها ئەو ئاوەدانیانە کۆبونەوەی چڕی دانیشتوان نەبوونە ، بەڵکە چەند پوازێکی لێرەو لەوێی بچوکی دانیشتووان بوونە ، بۆیە ئەو پوازە نیشتەجێیانە لای هەندێك بە بەشێك لە کەرکووك دیاری نەکراوە .

کارستن نیبۆر هەر خۆی وەلامی خۆی دەداتەوە ، ئاماژە بۆ ئاوەدانی لە دیوەکەی ئەوبەری شار(ئەوبەر خاسە) دەکات ، ئەمە سەرباری ئەوەی مەزارگای ئیمام قاسم بوونی حەتمیی بووە لەو کات و شوێنە ، ناتوانرێت هاشای لێبکرێت .

نابێت ئەوە لە یاد بکەین ، لە دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عەباسی ، هێرشی مەغۆل و تەتەر و سەفەوییەکان بۆ سەر عێراق و ناوچەکە بە کەرکووکیشەوە ، زۆربەی شارەکان کەوتنە بەر شالاوی وێرانکردن و تالان و بڕۆ ، ئەمەش وایکرد لە ماوەی چەندین سەدەدا ، باری ئابوری — کۆمەلایەتی — شارستانی لە ناوچەکە لە دابەزیندا بێت ، شارەکان هیچ پێشڤەچونێکی وایان بەخۆوە نەبێنیبێت شایانی ئاماژە پێدان بێت .

ئەوەی لای مێژوونوسان باوە، سەردەمی خەلافەتی عوسمانی ، تەنانەت دوا سەدەکانی دەسەلاتی عەباسی ، سەردەمی پوکانەوەو مت بوون بووە لە مێژووی دەسەلاتی ئیسلامی ، سەردەمی گیانەلای دەسەلاتی ئیسلامی تورکی بوو ، سەدەکانی خاوبونەوەو دواکەوتن و گەندەڵی و تێکشکان و هەرەسهێنان بوو ، دەوڵەت بەشێوەی سستماتیك بەرەو هەڵوەشاندنەوەو هەرەس دەچوو ، بۆیە چاوەڕوانی گەشەکردنی شاری لێناکرا .

جەنگ ، پەلاماردان ، کاولکردن ، تالان و بڕۆ ، کۆیلەکردن ، نەخۆشی ، لافاو ، بومەلەرزە ... لە مێژوودا زۆر شارو شارۆچکەی لە مرۆڤ پاك کردۆتەوە ، زۆر شاری گەورەی بچوك کردۆتەوە ، زۆری دیکەی لە بنەچەوە کوێر کردۆتەوە و لەسەر نەخشە سڕیوییەتییەوە ، ئەمە بۆ کەرکووك دروستە .

**لە خوارەوە چەند نموونەیەك دەخەمە ڕوو :**

((لە ساڵی ١٢٤٨ز بارانێکی زۆر باری ، لادێیەکان کەوتنە ژێر ئاواوەوە ، قەلای کەرخینی ڕوخا ٥٠ . ساڵی ١٧٣٣ سەدان گولە نرا بە قەلاوە ، بەلام داگیر نەکرا .

(( ساڵی ١٧٤٣ هێزەکانی نادر شا ٨٠ ڕۆژ کەرکووکیان ئابلوقە دا ، ٢٠٠٠٠ گولە تۆپی گەورەو ٢٠٠٠٠ گولە مەنجەنیقییان بە قەڵاوە نا ، خەڵکێکی زۆری لێ کوژرا ٥١ . نادر شاە لە ساڵی ١٧٤٣ کەرکووکی داگیر کرد ، لە ساڵی ١٧٤٦ عوسمانییەکان گرتیانەوە . الی ١٧٦٩ بومەلەرزە لە شاری دا ، ساڵی ١٨٢١ ئێران هێرشی بۆ کەرکووک کرد ، قەڵایان گرت ، بەڵام لە مانگی شەعبان دەرکران ، لە ساڵی ١٨٢٢ ئاژاوەو پشێوی شاری داگرت ٥٢ .

لەبەشەکانی داهاتوودا بە چڕی باسی بەشێك لەو نەخۆشی و ئافاتانە دەکەین ، پەلاماری دانیشتوانی شاری کەرکووکییان داوە ، بەشێکی زۆر دانیشتوانی شارییان کوشتووە ، خەڵکی کەرکووکیان بە ناچارکردنی شار چۆڵ کردن کردووە .

وەلی بە باوەڕی من ئەگەر کەرکووك لە دەرەوەی قەڵا بەشێوەی ڕێك و پێك و فراوان بە پاڵ قەڵایا ئاوەدان بوایە ، ئەگەری ئەوە هەبوو شورای شاریان بۆی دروست بکردایە ، وەك زۆر لەو شارانەی لەبڕی قەڵایان شورایان هەبووە ، یاخود ئەو شارانە هەردووك قەڵاو شورایان پێکەوە هەبووە ، نموونە بۆ شێوەی دووەم شاری موصڵ قەڵاو شورای پێکەوە هەبووە ، ئەوەی وای کردووە بیر لە دروستکردنی شورا نەکرێتەوە بۆ ئاوەدانی دەرەوەی شار ، ئەوەبووە ئاوەدانییەکان پوازی بچووکی لێرەو لەوێی دابڕاو بووە لەشار و لە یەکتر .

بوونی ئاوەدانی بچووك لێرەو لەوێ لە شێوەی پوازی بچووك بچووك لە نزیك شارەکان ئاساییە . ئەو گوند و ئاوەدانییانەی لەو سەردەمە لە دەوروبەری کەرکووك هەبوونە ، بەشێك نەبوونە لە شار ، بەڵام بە گەورەبوونەوەی شار ، دواجار بوونە بە بەشێك لێی نموونە قۆرییە و تسن و بڵاوەیە . یاخود ئاوەدانی دەرەوەی قەڵا لەوانەیە هەر پەراوێزی ئاوەدانی ناو قەڵا بوبێت ، خەڵکەکەی هەندێك لە وەرزەکانی ساڵ ، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان ( ئاژەڵداری ، کشت و کاڵ ، ئاش ، درەو ، کۆکردنەوەی سوتەمەنی ) لە دەرەوەی قەڵا ، جێگیر بووبن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، یاخود ماڵ و هەواری هاوینەی دەوڵەمەندان بوبێت . دەوڵەمەندان بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ، تەنگی جێگاو ، کەمی ئاو ، خراپی خزمەتگوزاریی پەڕیونەتەوە ئەوپەری چەمی خاسە و تێیدا نیشتەجێ بوونە ،پاشان دەبینین هەموو دەزگا کارگێڕییە گرنگەکان وەك قشڵەو مەجیدییە هەر لەو بەر



دروست دەکرێت ، دواتریش هەر بەو شێوەیە دەچێتە پێشەوە ، تەواوی دەزگا کارگێڕییەکان گرنگەکانی شار دەکەوێتە ئەوبەری شارەوە .

لە سەدەی ١٨ بە دواوە ، دەبینین کەم کەم ، دەورو بەری کەرکووك ، لە ڕوی ئاوادانییەوە گەشەی سروشتی لەسەرخۆ دەکات ، لە دەستپێکدا بە پاڵ قەڵایا ئاوەدانی پەیدا دەبێت ، قەبارەی ئاوەدانییەکان لەوە دەردەچێت مێژوونوس و گەڕیدەو گەشتیاران ئاماژەی پێ نەدەن (( لە کارگێڕی عوسمانیدا بازاڕەکان بەگوێرەی پسپۆری و جۆرەکان ڕاستەوخۆ دەوری قەڵاتە نیشتەجێ کراوەکەیان دابوو ، بەڵام دایەرەو سەراکانی حکومەت لەناو قشڵەکەی کە لە لای ڕۆژئاوای ڕووبارۆکەکەوەیە دروست کرابوون بڵاوبوونەوەو ٥٣ .
سەرباری گەڕەکی ئیمام قاسم ** و قۆرییە *** و شوان **** و تسن*****
لە پێش ئەو مێژووەوە لە دوری قەڵا هەبوونە .

لێرەوە دەبینین ، بەرتەکییە بوو بە بەشێك لە ناوکی ئاوەدان کردنەوە سەرەتاییەکانی شار ، لە کەرکووك بە گشتی وە ڕۆژهەڵاتی قەڵا بە تایبەتی ، بە دوای ئەو مێژووەدا لەسەرەتاوە شار بە دەوری قەڵادا بەرین بووەوەو پەلو پۆی هاویشت .سەرباری ئەو ئاوەدانیانەی ئاماژەمان پێیان دا ، ((تەکیەی شێخ عەبدوالرەحمان (تاڵەبانییەکان)لە ساڵی ١٧٠٦ لە دەرەوەی قەڵا دروستکرا ٥٤ .
دانیشتووانی شار بە ئەندازەیەك زۆر بوون ، بازاڕ و کارگێڕی شار بە شێوەیەك بەرفراوان بوون ، شار نایتوانی هیچکە لە پانتایی قەتیس ماوی قەڵادا وەك ڕابردوو بمێننەوە ، ڕووپێوی قەڵا نایەتوانی پێداویستی گەشەی بازرگانی ، پیشەسازی ، خزمەتگوزاری ، زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان ، بەرینبوونەوەی کارگێڕی دابین بکات ، بۆیە شار پۆیستی بە پێست گۆڕین و دەرچوونە دەرەوە بوو لە قەڵا . قەڵا نە جێگەی دروستکردنی بازاڕی نوێی هەبوو ، نە دەتوانرا قەسرو قسوری نوێ و ماڵ و خان و قوتابخانە و مزگەوتی تازەی تێدا دروست بکرێت ، بۆیە دەرچوونە دەرەوە لە قەڵا شۆڕشێك بوو بەسەر شار قەڵایی کەرکووکدا بەرپاکرا .
(( لە قەڵا ٧٥٦ خانوو هەبوو لە ماڵ و مزگەوت و تەکیە ، لە ٣ گەڕەك پێك دەهات ، بەشی باکور ناوی مەیدانە ، گەڕەکی ئاغالق لە ناوەڕاست و حەمام مسلم یان زیندان لە باشوور ٥٥ .

هیچی دی کەرکوک لە توانایدا نەما لە قەبارەو شێوازی کۆندا بمێنێتەوە ، وەڵام بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و پێشکەوتنە ئابوری وکۆمەلایەتی وفەرهەنگییەکان بداتەوە ((دانیشتوانی قەلات بۆ دەرەوەیان گواستەوەو لە ڕواڵەتەکانی شارستانی ئەوروپی نزیکبوونەوە کە دەستیکرد بە باڵکێشای بەسەر لای ڕۆژئاوای ڕووبارۆکۆکەکە دوای ئەوەی کۆچبەرەکان تێیدا نیشتەجێبوون و زۆربەیان لە مەسیحییەکان بوون ٥٦ .

هەرچەندە گەشەی شار لە سەدەی ١٨ و ١٩ لە عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، زۆر بە سستی و لەسەرخۆیی دەچووە پێشەوە ، لە چاو ڕۆژئاوا ، کە بە دوای شۆڕشی پیشەسازی ، گەشەی گەورەی کرد ، کەرکووکیش وەك شارەکانی دیکەی ناوچەکە گەشەی گەورەی بەخۆوە نەبینی (( کەرکوك شارە جوانەکە زۆر نەگۆڕا لە دوو سەدەی دوایندا ٥٧ .

نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە کەرکوك بە درێژایی ماوەی ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەوی ، بە دابڕاوی و فەرامۆشکراوی مایەوە ، گرنگی پێ نادرا ، چونکە خاڵی تەماس و بەرووبونەوە و بەرەی پێشەوەی جەنگ بوو لە نێوان ئەو دوو دەولەتە ، لەگەڵ لەشکر کێشان و داگیر کردندا بە شێوەی ئاسایی شار دەبوو بە وێرانە .

لە کۆتایی سەدەی ١٨ ەوە ، کەرکوك بەرفراوانترین قۆناغی بەرین بونەوەی بەخۆوە بینی لە مێژووی خۆیدا ، لە دوای دروستکردنییەوە تاکو ئەو کات . بازاری فراوان و مۆدێرن ( قەیسەری) ، مزگەوتی نوێی ڕەنگاوڕەنگی لێ دروست دەکرێت ، گەڕەکەکانی هاوولاتیانیش دەرە چنە دەرەوەی قەلا بۆ پێدەشتەکانی دامێنی قەلا (( حەلواچییەکان و مزگەوتی غەوس دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٨٠ ٥٨ .

لە ساڵی ١٧٥٩ قوتابخانەی غەوسییە لە گەڕەکی حەلواچییەکان دروستکرا ٥٩ .
لە ساڵی ١٧٩٠ ز قوتابخنەی مەیدان دروستدەکرێت ٦٠ .

لە دوای حەلواچییەکان ، بە دووری چەند مەترێك لە قەلاوە ، بازاڕێکی مۆدێرن بە گوێرەی ئەو کات ، کە بازاڕی داخراوی قەیسەرییە درووست دەکرێت ، هەرچەندە قەیسەری کەرکوك لە چاو بەشێك لە شارەکانی تر زۆر درەنگ دروستکرا ، نموونە لە شاری موصلْ چەند سەدە لەوەپێش قەیسەری هەبووە ، دروستکردنی قەیسەری بەدوایدا قشلە ، گەورەترین ئینجازی خانە سازییە لە



سەدەی ١٩ لە کەرکوك دا ، سیمایەکی نوێیان بە شارەکە بەخشی ، شەقییان لە قەلابوونی شار وەشاند .

سەرباری ئەوەی بازاڕی قەیسەری بەو ژمارە زۆرەی دوکانەوە ، تەکانێکی گەورەی بە بازاڕی شارەکە دا ، هەر بۆیە دەبینین بە دوای دروستکردنی قەیسەرییدا ، ناوچەکانی نزیکی پڕ دەبێت لەماڵ ، زۆر گەڕەکی نوێ دروست دەکرێت ((قەیسەری لە ساڵی ١٨٠٠ دروستکرا ، ٧ دەرگای بۆ دروستکرا ، لە ٣٠٠ دوکان پێك هات ٦١ .

ساڵی١٨٠٤ گەشتیاری هیندی میرزا ابو تالب خان سەردانی کەرکووکی کردووە ، دەلێت کەرکوك شارێکی مەزن و مەحکەمە ، خانووەکانی بە بەردو قایە دروستکراوە ، زۆربەی بەرەو ڕوخان دەچن ٦٢ .

گەڕۆکی ئینگلیزی بکنغام ، دوای ٤ دەیە ، لە سەردانەکەی کارستن نیبور ، لە ساڵی ١٨١٦ ، سەردانی کەرکووکی کردووە ، بەم شێوەیە باسی شارمان بۆ دەگێڕێتەوە : ((کەرکوك لە ٣ بەش پێك دێت ، هەربەشێکیان ڕوپێوێکی فراوانی هەیە ، بەشی سەرەکی لەسەر تەپۆلکەیەکە کە بە تەپۆلکەکەی ئەربیل دەچێت ، لەناو ئەم قەلایە ژمارەیەکی زۆر خانوو هەیە ، منارەی هەر ٣ مزگەوتەکە لە خانووەکانی دیکە بەرزترن ، ژمارەی دانیشتوانی لە نێوان ٥–٦ هەزارە . بەشی دووەمی شار ، کە گرنگە بۆ پارێزگاری لە شار ، ئەم بەشە ڕوپێوی فراوانتر و ژمارەی دانیشتوانیشی زۆرترە لە بەشەکانی دیکە . دەکەوێتە دەشتایی پاڵ قەلاوە ، لە وێدا خانە سەرەکییەکانی شارو چایخانەو بازاڕەکان هەیە ، دانیشتوانی ئەم بەشە نزیکە لە ١٠٠٠٠ کەسە . بەشی سێیەمی شار نیو میل لە دوو بەشەکەی دیکەوە دوورە ، ئەم بەشە بچوکترین بەشە ، خانووەکانیشی پەرتە ، ژمارەی دانیشتوانی لە ١٠٠٠ کەس تێپەڕ ناکات ، بەمەش کۆی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك لە ١٥٠٠٠ تێپەڕ ناکات ٦٣ . هەرسێ بەشەکەی کەرکوك گەورەیە ، بە پلەیەك وامان لێدەکات وا بیر بکەینەوە ، بلێین لەوانەیە یەکێك بوبێت لە ناوچە ئاوەدانەکان لەمێژوی زوودا . کەرکوك هێشتا گەورەترین شاری دەشتاییەکانی ڕۆژهەلاتی دجلەیە ٦٤ .

لە دوای دروستکردنی بازاڕی حەلواچییەکان لە دەرەوەی قەلا ، لەتەنیشت بازاڕی گەورەی شار ، بە دەوری بازاڕ و قەلایا گەڕەکی نیشتەجێبوونیش دروست دەکرێت ((بریادی و ئاوچی و مزگەوتی نەعمان مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨١٨ ٦٥ .

ساڵی ١٨١٢ پەرتوكخانە لە گەڕەكی موسەڵا دروستكرا ، ١٥٠ پەرتووكی تێدابوو ٦٦ .

گەڕەكە ئاوەدانەكانی خوار قەڵا ، لە سەرەتادا بریتی بوون لە : (( ئیمام قاسم ، ئەخی حوسێن ، پریادی ، چقور ، ئاوچی و موسەڵا و چای ، هەموییان لە دەورو بەری یەك ماوەی مێژوویدا دروستكراون ٦٧ . لە ساڵی ١٨١٥ قوتابخانەیەك لە لایەن جولەكەكانەوە دروستكرا ، بە ناوی ( موسوی مكتبی ) (( ناوەكە توركییە ، ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی مەرج نییە ، ئەو شوێنانەی ناوی توركیان هەڵگرتووە ، مۆركی توركی بونیان پێوە بێت )) ، ئەم قوتابخانەیە ٦٠ قوتابی كوڕ تێیدا دەیخوێند ٦٨ .

گەڕیدەی بەریتانی كلودیس جیمس لە ساڵی ١٨٢٠ ز سەردانی لەیلانی كردووە لە ١٠كم ی شاری كەركوك ، هاوكات سەری لە قەڵاش داوە ، باس لەوە دەكات ، چەند گەڕەكێك لە دەرەوەی قەڵا هەیە ٦٩ .

گەڕیدەی بەریتانی كلودیس جیمس لە ساڵی ١٨٢٠ ز سەردانی لەیلانی كردووە لە ١٠كم ی شاری كەركوك ، هاوكات سەری لە قەڵاش داوە ، باس لەوە دەكات ، چەند گەڕەكێك لە دەرەوەی قەڵاكەی هەیە ٧٠ .

بە دوای زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شار ، گواستنەوەی بازاڕی سەرەكی شار بۆ دەرەوەی قەڵا ، ناوچەی خوار قەڵا دەبێتە ناوەندی ئابوری شار ، بۆیە بەرفراوان دەبێت و گەشە دەكات ، بازاڕی جۆراوجۆری لێ پەیدا دەبێت ، بە گوێرەی كار و پیشەكانییان بازاڕەكان دابەش دەبن (( ناوچەی خوار قەڵا لە ساڵی ١٨٢٢ ەوە گەشەی كرد ، بازاڕ ، چایخانە ، خان ، ماڵ ، ئاسنگەر و خمچی و دارتاش و ... لێ دروستكرا ٧١ .

هاوكات بەهۆی زۆربوونی ئاوەدانی دەرەوە ، قەڵا پێویستی بە دەرگای نوێ هەبوو ، بۆ پتەوكردنی پەیوەندی ناو قەڵا لەگەڵ دەرەوەی ، كە بە هەر چوارلادا شار پەل و پۆی هاویشت ، كار و كاسبی و چالاكییە ئابورییەكانی شاریش هەموو كەوتنە دەرەوەی قەڵا . قەڵا ٤ دەرگای هەیە ، دەرگای ڕۆژئاوا ( تۆپ قاپی) لە ١٨٢٢ كرایەوە (( تۆپ قاپی لە ساڵی ١٨٢٢ كرایەوە ، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە نزیكترین ماوەدا بگەنە سەر پردەكە ٧٢ .

بەڵام بە گوێرەی سەرچاوەیەكی دی ، لە ساڵی ١٨٢٤ ز لە ڕۆژئاواوە دەرگای باش قاپی لە بەرامبەر قەڵا لە گەڵ ڕیزێك دوكان دروستكرا ، هاوكات دەرگایەكی دیكە و



لەگەڵ كۆمەڵێك دوكان لە بەشی ڕۆژهەڵات كرانەوە ٧٣ . لە سەر هەر دەروازە و دەرگایەكی قەڵا كۆشكێك دروستكراوە كە دیدەوانی گورز بە دەست دەیپاراستن ،ئەم دەرگا تازانە پەیوەست بوو بە گەورەبوونەوەی شارەوە .

لە سەرەتادا وەك ئاماژەمان پێی دا گەورە بوونەوەی شار ، تەنها بە دەوری قەڵدا بوو . بەشێكی دەوری قەڵا ( خۆرئاوا) بەدیوی خاسەیا ، بەهۆی چەمی خاسەوە ، توانای گەورە بونەوەی نییە ، كە لە هەندێك خاڵدا بەینی قەڵاو خاسە زۆر تەنگ دەبێتەوە بۆ چەند مەترێك ، بۆیە گەورە بوونەوەی كەركووك شێوەی بازەیی بەخۆوە نەگرت .

ئەوبەر خاسە ، بە تایبەت قۆریە گەشەی زۆر ناكات لە چاو بەشەكانی دی شار ، بەهۆی دوری لە ناوەندی شار و نەبوونی پردی مەحكەم لە نێوان هەردوو بەشەكەی شار ، پردەكە بریتی بوو لە (( پردی دارین ، بە پانایی ٥ مەتر ، لە نێوان هەردوو پردەكەی ئێستا ، بۆ گواستنەوەی گالیسكە كە ئەسپ ڕای دەكێشا بەكار دەهێنرا ٧٤ .

خاسە شاری كردبوو بە دوی بەشی دابڕاو لە یەكتر ، بە تایبەت لە زستان و بەهار كە ئاو هەڵدەستێت پەیوەندی گران دەبێت لە زۆربەی كاتەكاندا (( لە ساڵی ١٨٢٢ قۆریە بچوكترین بەشی كەركوك بوو ، دانیشتوانی لە ١٠٠٠ كەس تێ ناپەڕی ٧٥ .

لە ساڵی ١٨٢٥ ئاشێكی گەورە، ساڵی ١٨٢٦ مزگەوتی نائیب ئۆغلی لە گەڕەكی ئاخر حوسێن ، ساڵی ١٨٣٦ قەرە سەرای لە گەڕەكی شاترلو كە كرا بە بارەگای دەوڵەت ، ساڵی ١٨٤٥ بەیوك تەكیە لە گەڕەكی بلاخ دروستكرا ن ٧٦ .

بە دوایدا ئاوەدان كردنەوە پەرپەوە بۆ ئەوبەر خاسە ، دروستكردنی قشڵەو مەجیدییە لەوبەر تەكانی دا بە گەورەبوونەوەی شار لەو بەشە . دروستكردنی قشڵەو مەجیدییە (( قشلە لە قشلاق ەوە هاتووە ، قش بە مانی زستان ، لاق یش بە مانای شوێن دێت )) لە پاڵ قەیسەری هەنگاوی گەورە بوو بۆ بە مۆدێرن كردنی شێوەی شار و گەشەدان بە تەرزی بیناسازی لە مێژووی نوێی كەركوكدا ، تەنانەت چەسپاندنی كەركوك وەك گرنگترین شاری ناوچەكە .

(( قشڵەی كەركوك لە ساڵی ١٨٦٣ محەمەد نامیق پاشا دروستی كرد ٧٧ .

((قشلە لە ساڵی ١٨٣٦ لەسەر پانتایی ١٥٠٠٠ مەتر چوارگۆشە دروستکرا ، قەسری مەجیدییە لە ساڵی ١٨٤٠ دروستکرا ، کە لە ٧٠ ژور پێك دەهات ، ماوەیەکی زۆر متەسرفییە و دارایی و تاپۆو دادگای تێدا بوو ، کە گرنگترین دەزگاکانی ئەو سەردەمە بوون ٧٨ . بەم شێوەیە دەبینیین کەرکوك لە پاڵ گەورە بونەوەی بازاڕ و گەڕەکەکانی ، کارگێڕییەکەشی گەورە بوەوە و شێوەی مۆدێرنی بەخۆوەبینی ، ئەمەش وەڵامدانەوە بوو بە پێشکەوتنەکانی ڕۆژگار .

((لە ساڵی ١٨٧٠ لە پاڵ قەڵا بازاڕی گەورە دروستکرا ٧٩ .

درووستکردنی بازاڕی گەورە ، بەو پانتایی و ڕوبەرە بەرفراوانەوە ، وەڵامدانەوە بوو بە پێداویستی سەردەم ، لە گەورە بونەوەی شار و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و نیشتەجێ بوونی ڕەوەندەکان لە لادێکان . مەدحەت پاشا لە ساڵی ١٨٦٩ هەوڵی دا ، عەشیرەتەکان نیشتەجێ بکات ، عەرەبەکانی ناوچەی حەویجەی کەرکوك بەشێکن لەوانە .

بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەهێز نێوان هەردوو بەری شار ، کە کارگێڕی و سەربازگا کەوتبونە بەشە نوێکەی شارەوە، بازاڕ و ئاوەدانیش بەرەکەی دیکە ، دروستکردنی پردێکی بەهێز لەسەر خاسە پێویست بوو ، هەر بۆیە (( لە ساڵی ١٨٧٥ پردی بەردینی خاسە دروستکرا ، ئەمەش بووە هۆی گەشەی بەشی دیوی قۆریە ، پردەکە لە ٢ – ٤ – ١٩٥٤ ڕوخێنرا ، لە شوێنی پردەکەی ئێستا دروستکرایەوە ٨٠ .

دەرچوونە دەرەوەی شار بۆ دەرەوەی قەڵا ، بەرین بونەوەی لەهەردوو بەری خاسە ، پێویستیبوونی هۆیەکانی گواستنەوەی هێنایە پێشەوە بۆ پەیوەندی و گواستنەوە ، بۆیە پردی بەردینی خاسە زۆر گرنگ بوو ، بۆ بەیەك بەستنەوەی هەردوو دیوی شار .

((لە ساڵی ١٨٨٢ خان و چایخانە و بۆیە خانە لەسەر خاسە دروستکران ٨١ .

بەدروستکردنی پردی خاسە ، دیوی قۆرییەو مەجیدییە گەشەی کرد ، بۆیە پلەی دووەمی گەشەی شار بەرینبونەوی قۆرییە بوو لەوبەر پردەکە . ((ساڵی ١٨٩٠ قۆریە لە ٣ : شاترلو ، ساریکەهیە ، بەگلەر پێك دەهات ٨٢ .



((بەشە دەشتایەکەی شاری کەرکوکیش (قۆریە )، سەرەتای سەدەی هەژدەیەم دەست بە ئاوەدان کردنەوەی کراوە ، ناوی قۆریەش لە گوندێکی بەو ناوە وەرگیراوە ٨٣ .

هاوکات لە پاڵ چایخانەی مەجیدییەوە ((تەکیەی سەید ئەحمەدی خانەقا ، لە ساڵی ١٨٦٠ لە دروستکردنی بونەوە ٨٤ .

دروستکردنی تەکییەی سەید ئەحمەد خانەقا ، کە کەسایەتییەکی کوردی بەهێزی خاوەند نفوزی هەموو ناوچەی کەرکوك بوو ، هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ گەشەدان بە شار و پەیدا کردنی هژمۆنیای زیاتری کورد لە کەرکوکدا ، هاوکات پەیوەندی مورید و هەوادارەکانیشی بە کەرکووکەوە بەهێز دەکرد .

گەداو هاووڵاتیان ، جوتیار و ئاغاکان بە خۆیان و دیارییەکانیانەوە دەهاتنە خزمەت شێخ ، شێخ لە لایەن ماڵباتەکەیەوە پشتیوانی لێ دەکرێت ، بۆیە ئەگەر کەسایەتی بەهێزو نیشتمان پەروەر بێت ، بەهۆی پەیوەندی نەرێت پارێزی باوەوە لەو سەردەمە کارایی لەسەر پارسەنگی نفوزی نەتەوەکانیش دادەنا لەشار .

کەرکوك لە ساڵی ١٨٨٠ پێك دەهات لە (( ٤٦٣٠ ماڵ ، ١١٨٣ دوکان ، ٢٨٤ عەرەسە ، ١٢ نانەواخانە ، ١٢ حەمام ، ٦٤ باخچە ، ٦٨ ڕەز ، ... ٨٥.

هەرچی نووسەری ئەلبانی شەمسەدین سامییە لە لە ئەنسکلۆپیدیای عوسمانی کە لەساڵی (١٨٩٦) لە چاپخانەی(میهران) لە ئیستانبۆڵ چاپ کراوە لە سەر کەرکوك بەم شێوەیە نوسیوییەتی((قەڵایەك، ٣٦ مزگەوت ، ٧ قوتابخانە، ١٥ تەکیە و زاویە، ١٢ خان ، ١٢٨٢ دوکان ، ٨ حەما م ، پردێك ، روشدییەك ، ٣ کەلیسای هەیە. شارەکە بە نێو قەڵا و ئەو گەڕەکانەی لەدەوروبەر و لای راستی قەڵا درووست کراون پێك دێت . سێ لەسەر چواری دانیشتوان کوردن و بەشەکانی دیکەش لە نستوری، تورك و عارەب و هتد، پێك دێن. ٧٦٠ ئیسرائیلی(خۆی نەنووسراوە یەهودی، نووسراوە ئیسرائیلی) ٤٦٠ کلدانی. سەرەڕای ئەوەی کە چەند کاروانسەرایەکی بۆ بازرگانی هەیە، کشتوکاڵی بەراو هەیە و لەدەوروبەرییەوە باخی میوە هەن.لەدەوروبەری شار ئاوی کانزایی و نەوت زۆرە. لەشار ئامێری رستن و چنینی قوماش هەیە. لە شاردا نزیکەی ٢٠ ئامێری رستن و چنینی قوماش هەیە.لەشار دەباغی دەکرێت و

تەنانەت ئاوریشم بەرهەم دێت. ئاوی شکوفەی پرتەقاڵ دەگیرێت. لەهاوین ئاو و هەوای گەرمە. ئاو و هەوای شار فێنك و پاكە. لە شارەكەدا چەند مەقبەرەیەكی لێیە و هەندێ پیر و چاكیش قەبرەكانیان خەڵك دەچێتە سەری)) *.

بەم شێوەیە دەبینین كەركوك لەم ماوەیەدا گەورە بونەوەیەكی فراوان بەخۆوە دەبینێت ، لە دوای دروستكردنییەوە تا ئەوكات بێ هاوتا بووە .

گرنگترین قوتابخانە سەرەتاییەكانی كەركوك ئەمانەی خوارەوەن ، لەگەڵ ساڵی دروستكردنی :

—قوتابخانەی غەوسییە ( حەلواچییەكان ) ساڵی ١٧٠٩ .

—قوتابخانەی الایوبیە ، ساڵی ١٧١٠ گەڕەكی شاترلو.

—قوتابخانەی پیشەسازی ١٨٦٨ لە كۆتایی شەقامی ئەتلەس .

— قوتابخانەی ڕشدیە ساڵی ١٨٦٨ ( یەكەم قوتابخانەی نڤامی لە كەركوك دامەزرا لە گەڕەكی ئەخی حوسێن .

—قوتابخانەی ئیبراهیم پاشا لە شاترلو ساڵی ١٨٩١ .

قوتابخانەی نائب ئۆغلی ئەخی حوسێن ٨٦ .

١٥ ساڵی یەكەمی سەدەی بیست ، لە كەركوك ژیان وەك خۆی مایەوە ، پاشان بەهۆی گەشەی بازرگانی و هاتنی بێگانەوە بۆ ناو عێراق ، لە دوای داگیركردنییەوەلەساڵی ١٩١٨ گەشەی كرد . وەلێ لە ڕووی قەبارەو ژمارەی دانیشتووانەوە ، جگە لە سەردەمی گرانی گەورە ، شار هەر لە مەزن بوون و گەورە بونەوەدا بوو .

((ڕوپێوی شاری كەركوك و هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٨٩٠– ١٩١٤ بوو بە دووجاری خۆی ٨٧ .

(( ساڵی ١٩٢٠ ڕوپێوی كەركوك بوو بە ٤,٨كم٢ ٨٨ .

بە دوای داگیركردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە . ((پۆلیسخانە لە ڕۆژهەڵاتی خاسەوە لە ئەشەك مەیدان دروستكرا ، مەلهایەك ( دعارە) لە تەنیشتییەوە كرایەوە بۆ پۆلیسەكان ٨٩ .

لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەكەم ، دەست كرا بە دروستكردنی هێڵی ئاسنینی بەغدا – كەركوك . بە دوایدا ویستگەی شەمەنەفەری كەركوك دروستكرا . بوونی



شەمەندەفەر و هاتنی ئۆتۆمۆبێل گەشەی بە شار دا ، بوونی شەمەندەفەر و ئۆتۆمۆبێل هۆكاری گەشەی شارن ، هاوكات گەشە بە پەیوەندی و بازرگانیش دەدات . ئیتر سەردەمی كۆڵانە تەسكی ئەوپەڕ داخراوی بن تاقدارەكانی بڵاخ و چقور و موسەڵا نەما ، كۆڵانەكان دەبێت فراوان دروست بكرێن ، چونكە ئۆتۆمبێل و عارەبانچی پێدا تێ دەپەڕن . دروستكردنی شەقامی بەرین ، قەبارەی شاری گەورە كردەوە ، سەرباری ئەوەی زۆر پیشەو كارگێڕی نوێی وەك پۆلیسی هاتوچۆو دوكانی فیتەری و فرۆشیاری یەدەكی ئۆتۆمۆبێل و پەنچەرچی .... لەگەڵ خۆیدا هێنا .

دەزگای پۆلیس ، گومرگ ، باج ، یانەی وەرزشی ، نەخۆشخانەی سەربازی هەموو ئەمانە پێویستی ئینگلیزەكان بوو لە عێراقدا ، بۆیە سوپای ئینگلیز كەوتنە دروستكردنی ئەم دەزگایانە لە شارەكانی عێراق .

شاری كەركوك لە ڕوی كارگێڕییەوە لە ماوەی ٤ دەیە ، دوو گۆڕانكاری بەسەردا هات ، ساڵی ١٨٧٩ متەسەرفییەی كەركوك بوو بە بەشێك لە ولایەتی موسڵ ، دوایی بوو بە ولایەتێكی سەربەخۆو لە ساڵی ١٩١٩ هەولێری لێ جیا كرایەوە ٩٠ .

هاتنی ئینگلیزەكان سەرباری ئەوەی وەك ئاماژەمان پێی دا ، بۆ پێداویستی خۆیان كەوتنە دوستكردنی دەزگا ئیداری و خزمەتگوزارییەكان ، لە لایەكی دییەوە تەرزی نوێ لە خانەسازی و نەخشەی شەقامی نوێشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا .

لە سەردەمی داگیركەری بەریتانیاشدا ساڵی ١٩١٩ ئینگلیزەكان سەرایكی دوو نهۆمی یان لە ڕۆژئاوای شارەوە بە بەرد وقسڵ دروست كرد و بانیشیان بە ئاسن و برغو قایم كرد تا ساڵی ١٩٧٢ یش هەر سەرای حكومەت بوو ٩١ .

پەیدابوونی خانوی چەند نهۆمی ، بەكارهێنانی چیمەنتۆ و شیش و شێلمان ، تەشەنەكردنی تەرزی خانووی ڕۆژئاوایی گرنگترین سیماكانی تەلارسازییە لە دوای هاتنی ئینگلیزەكان بۆ عێراق .

هەروەها دوای هاتنی ئینگلیزەكان ، گرنی دان بە دیوی دەرەوە بە تایبەت باخچەی بەر دەرگا زیادی كرد ، بە پێچەوانەوە لە تەرزی خانوی ڕۆژهەڵاتی گرنگی بە ناوەوە دەدرا .

بەڵام ئەك گۆڕانكارییانـە تـاكو دەیـەكانی دوایـی لەسـەرخۆو بـە هێمنانـە دەچـووە پێـشەوە ((چـەمەنتۆ لـە چوارچـێوەیەكی تەسـك بـەكارهێنراوە ، بـەهۆی بـەرزی نرخەكەی و بەكارنەهێنانی لەوە پێش ٩٢ .

كاتێك دەوڵـەت كەوتـە دروسـتكردنی خـانوو بۆكارمەنـدانی كـەرتی نـەوت لەسـەر تەرزی ڕۆژئاوایی ، ئیتر ئەم مۆدەیە لە شاردا بڵاو بووەوە و جێكەوت ((لە سـەرەتای پەنجاكان سەدان خانوو بەناوی گەڕەكی عەرەفە دروستكرا(كركوك جديده)، زۆربـەی دانیشتوانییان ئاشوری و ئەرمەن و توركمان بوون ٩٣ .

هەروەسا بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستی سوپای ئینگلیز لـە شـارەكە (( هێزەكـانی ئینگلیز ئوتێلی Resthouseییان دروست كرد . بە دوایدا لـە سـاڵی ١٩٢٥ ، ئوتێلی ئەحمەد پالاس لە شوێن ئوتێلی كەركوكی ئێستا دروستكرا ٩٤ .

واتە كەركوك لە قۆناغی خانەوەگواستییەوە بـۆ قۆنـاغی ئوتێـل پـالاس ، ئەمـەش هەنگاوێكی مێژوییە بۆ مۆدێرنە بوونی شار .

تێكەڵ بوونی عێراق بە جیهانـەوە ، ڕادیـۆو تەلـەگراف و تەلـەفۆن و تەلـەفزیۆن و سینەمای لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا ، ئەمانـەش هـەموو كـەركووكییان گرتـەوە (( سـاڵی ١٩٤٠ سینەما غازی دروستكرا ، لە نزیك پردی بەردین ٩٥ .

لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی ١٦ەوە وەك ئاماژەمـان پێیـدا ، ژمـارەی خانووەكـانی كەركوك ، تەنها لە ١٦٨ خانوو پێك دەهات ، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیـست و لـە ماوەی ٤ سەدەدا ، ژمارەی خانووەكانی زیاتر لە ٤٧,١ جار زیاد دەكات بۆ زیـاتر لـە ٨٠٠٠ خانوو .

((ژمارەی خانوەكانی خۆی لە ٨٠٠٠ خانویەك دەدا ، ژمارەی دانیشتوانەكەشی لـە ٦٠٠٠٠ كەسێك زیاترە كە زۆربەیان بەتوركی و كوردی دەدوێن ٩٦ .

((گرنگترین شەقامی شارەكە دەژمێرن كە ١٨ شەقامن ٩٧ .

گواستنەوەی قەوارەی بەرهەم هێنانی ئابوری وڵات لە كشت و كاڵـەوە بـۆ بەرهـەم هێنانی نەوت ، تـەكانی گـەورەی بـە شـار دا ، بەمـەش سـەنگی ئـابوری لـە لادێـوە گواسترایەوە بۆ شار ( كەركووك – موصلّ– بەسرە– بەغدا ).



((ساڵی ١٩٥٢ ەوە بۆ ١٩٥٥ ژمارەی ٣٤١ خانوو لە عەرەفە دروستكرا ٩٨ .

((سـاڵی ١٩٥٢ ژمـارەی ١٢ خـانوو )) وە(( ١٩٥٣ ژمـارەی ٩٨ خـانوو )) .

((سـاڵی ١٩٥٤ ژمـارەی ٢٠٢ خـانوو تـەواو كـرا )) (( ١٩٥٥ ژمارەكـە گەیـشتە ٣٤١ خانوو)) ٩٩ .

تەنها لە نێوان ساڵی ١٩٤٩ بۆ ١٩٥٢ ، لە شاری كەركوك بە فـەرمی داوای مۆڵـەت بۆ دروستكردنی ٧٠٥ خانوو كراوە ، هەرچـەندە لـەو سـەردەمە ڕێگـری یاسـایی لـە بـەردەم خـانوو دروسـتكردن هـەبووە ، بـۆ ئـەوەی جوتیـاران لادێ بـەجێ نـەهێڵن بگوازنەوە بۆ شار .

| ساڵ | ١٩٤٩ | ١٩٥٠ | ١٩٥١ | ١٩٥٢ |
|---|---|---|---|---|
| كەركوك (ژ مۆڵەت) | ١٤٨ | ١٦٢ | ١٥٨ | ٢٣٧ |
| كۆی عێراق | ٣٣٤٧ | ٢٩٥٠ | ٢٩٥٦ | ٤٣٤٣ |

١٠٠ .

لە بەشەكانی داهاتوودا بە چڕی و تێرو تەسەلی لـە گەشـەكردنی شـاری كـەركوك لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ بۆ ١٩٥٧ لە هەموو بوارەكان دەكۆڵینەوە .

بەم شێوەیە كەركوك لە گەورە بونەوەی بەردەوامدا بوو لە ساڵی ١٩٧٣ ڕوپێـوی گەیشتە ٢٤,٧ كم٢ ، دوانزە ئەندازە قەبارەی قەڵا ١٠١ .

*مەختوتەی ژمارە ٢٦٣٦ لە پەرتوكخانەی ئەوقاف بەغدا هەیـە ، لـە سـاڵی ١١١٧ هیجری كەركوك بە بەلدە هاتووە ، لـە مەختوتەیـەی دیكـە كـە لـە ١١٣٥ هجـری بـە ژمـارە ٢٠٦٢٩ بڵاوكراوەتـەوە بـە لادێ نـاوی هـاتووە ، دیـارە لـەو ماوەیـەدا ڕوداوو برسێتی كەركووكی گرتۆتـەوە ( هویـە كركـوك – محمد علـی قـەرەداغی –ئـاراس – ص٨–٩ ).

* بە پێی سەرچاوەی ( شـذی التـاريخ في احيـاء كركـوك - د.صـبحي سـاعتجي - ايلاف ١٤–٧ - ٢٠٠٥ ) كارستن نيبۆر فةرةنسيية ، وةلَيَ بة ثيَي ستةرضاوةي ١٠٢ .

**(( گەڕەكی ئیمام قاسم كۆنترین گەڕەكی كەركوكە ١٠٣ .

***(( بـەگوێرەی كـۆنترین سەرچـاوە لـە بەردەسـتماندایە ، كـە مێـژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٤٨ ، لـە گـەرەكی قۆریـە ٧٠ مـاڵ هـەبووە ، بـە ئەنـدازەی لادێیەكی بچوك بووە ١٠٤ .

****((گەڕەکی شوان ، شوێنەواری ماوە بەرامبەر ئەحمەد ئاغایە ١٠٥ .

*****((تسن لە سالی ١٥٤٨ لە ٩٣ ماڵ پێك دەهات ١٠٦ .

****** بەڵام نوسەرێکی دیکەی تورکمان پێی وایە لە ٣٦٠ دوکان پێك دێت (( قەیسەری کەرکوك ٣٦٠ دوکانی تێدایە ، ١٢ شوقە لەسەریەوەیە ١٠٧ . ناوبراو پێی وایە ٣٦٠ دەربڕی ڕۆژەکانی ساڵ و ١٢ ەکە دەربڕی مانگەکانی ساڵە.

******* قشڵە ((قشلاق وشەیەکی تورکییە)) .

## گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکووك

وەك پێشتر ئاماژەمان پێی دا ، کەرکووك شارێك بووە زۆر کەم گەڕیدەو گەشتیار و ڕۆژهەڵاتناس سەردانییان کردووە و ڕێیان تێی کەوتووە ، بۆیە کەمترین زانیاری لەبەردەستدایە سەبارەت بە قەبارەی شارەکە و ژمارەی دانیشتووانی .

بۆ داریکردنی قەبارەی شارێك ، دەشێت خەملاندنەکان زیاتر ئامانج بپێکێت ، چونکە لە ئاستی دیاریکردنی گەڕەك و ڕێژەی ئاوەدانی شاردایە . بەڵام ئەم خەملاندنانە بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوان ئەنجامی نادروست دەدات بە دەستەوە ، چونکە بەبێ ئەنجامدانی ئامار ناتوانرێت لە ڕێگەی خەملاندنەوە ، ژمارەی دانیشتووانی شارێك دیاری بکرێت ، ئەمە لە کاتێکدا ئەو ئامارانە لە مەزندەی ئەو کەسانە زیاتر نەبوونە . سەرباری ئەمە زۆر لەو زانیارییانەی کە هەن ، لەگەڵ یەکدیدا ناکۆك دەکەونەوە . بۆیە ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان هەموو مەزندە و قەبلاندنی گەڕیدە و گەشتیارانە ، ئەوانیش ماوەی کەم لە شارەکە ماونەتەوە ، نەیانتوانییوە زانیاری تەواو لەسەر ژمارەی دانیشتووان کۆبکەنەوە .

تاکو دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە ، دەوڵەت هیچ جۆرە ئامارێکی نەکردووە بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتووان ، بۆیە لە ڕوی زانیارییەوە لەم بوارە کەرکووك هەژارە ، ئەوەی هەیە و لەبەردەستدایە جێگای متمانە پێکردن نی یە .



ئاماری مۆدێرنی جیگەی متمانە ، تاکو ساڵی ١٩٤٧ز ئەنجام نەدراوە لە شاری کەرکووك ، ئەوەی هەیە گریمانەو مەزنەدەیە ، نەتەوەییە بەرچاو تەنگەکان ( کورد و تورکمان) ئەو وتەو ژمارانەی لە قازانجی خۆیانە بەکاری دەهێنن ، ئەوانەشی بە پێچەوانەی دروشمە سیاسییەکان ئەمڕۆیانە ، چاوی خۆیانی لە ئاست دەنوقێنن ، ئەمڕۆ جەنگ لە سەر خاوەندارییەتی شاری کەرکووك لە جەنگی ژمارەکانی ڕابردووەوە سەرچاوەی گرتووە .

گەڕۆکی ئینگلیزی بکنغام لە ساڵی ١٨١٦ ، سەردانی کەرکووکی کردووە ، بەم شێوەیە ئاماژە بە ژمارەی دانیشتووانی شار دەدات : ((کەرکوك لە ٣ بەش پێك دێت ، هەربەشێکیان ڕوپێوێکی فراوانی هەیە ، بەشی سەرەکی لەسەر تەپۆلکەیەکە کە بە تەپۆلکەکەی ئەربیل دەچێت ، لەناو ئەم قەڵایە ژمارەیەکی زۆر خانوو هەیە ، منارەی هەر ٣ مزگەوتەکە لە خانوەکانی دیکە بەرزترن ، ژمارەی دانیشتوانی لە نێوان ٥–٦ هەزارە . بەشی دووەمی شار ، کە گرنگە بۆ پارێزگاری لە شار ، ئەم بەشە ڕوپێوی فراوانتر و ژمارەی دانیشتوانیشی زۆرترە لە بەشەکانی دیکە . دەکەوێتە دەشتایی پاڵ قەڵاوە ، لە وێدا خانە سەرەکییەکانی شارو چایخانەو بازاڕەکان هەیە ، دانیشتوانی ئەم بەشە نزیکە لە ١٠٠٠٠ کەسە . بەشی سێیەمی شار نیو میل لە دوو بەشەکەی دیکەوە دوورە ، ئەم بەشە بچوکترین بەشە ، خانووەکانیشی پەرتە ، ژمارەی دانیشتوانی لە ١٠٠٠ کەس تێپەڕ ناکات ، بەمەش کۆی ژمارەی دانیشتوانی کەرکووك لە ١٥٠٠٠ تێپەڕ ناکات ١٠٨ .

وەلێ کلیمانی فەرەنسی ٤ دەیە دوای بیکنغام ، لە ساڵی ١٨٥٦ز سەردانی کەرکووکی کردووە، ڕونتر پەنجە لەسەر ژمارەی دانیشتووانی شار دادەنێت .، ئەو ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکووك دیاری دەکات بە ٢٥٠٠٠ کەس ، جگە لە سەربازانی عوسمانی لە شارەکە ، ئەوەش دیاری دەکات کوردەکان ٧٥٪ دانیشتووانی شار پێك دەهێنن ١٠٩ .

دوای کلیمان بە ١٧ ساڵ ، ئەندازیاری ڕوسی یوسیب تشیرنیك ، کە لە ساڵانی ١٨٧٢–١٨٧٣ سەردانی کەرکووکی کردووە ، ژمارەی خەڵکی شارەکەی بە ١٢٠٠٠–١٥٠٠٠ دیاری کردووە . باس لەوە دەکات هەموو دانیشتوانی شارەکە کوردن ، جگە لە ٤٠ خێزانی کریستان نەبێت ١١٠ .

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بەگوێرەی زانیاری بارۆن ئیدوارد نۆڵد ((کەرکووک شار و ناوچەیەکی گرنگە بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە تورکیا بەرچاوم کەوتن ، دانیشتووانی کەرکووک ١٧ هەزار کەسە ١١١ .

دوای دوو دەیە لەو گەشتەی یوسیب تشیرنیك ، شەمسەدین سامی ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوکی لە قاموس ئەعلامی تورکی بە ٣٠٠٠٠ دیاری کردووە ، لێ دوای ١٠ ساڵ لەو مێژووە ، میجەرسۆن ئەو ژمارەیە کەم دەکاتەوە بۆ نیووە . ((میجەرسۆن لە ساڵی ١٩٠٧دا ، ١٦ ڕۆژ لە یەکێك خانەکانی کەرکوك ماوەتەوە ، ژمارەی دانیشتوانی کەرکوکی بە لانی کەم ١٥٠٠٠ دیاری کردووە ١١٢ .

١١ ساڵ دوای گەشتەکەی مێجەرسۆن ، ئەدۆنیس ژمارەی شاری کەرکووکمان دەداتێ ((ئەدۆنیس : کاتێك بەریتانییەکان داگیرییان کرد ژمارەی دانیشتووانی شارەکە دەگەیشتە ٢٥ هەزار کەس ١١٣ .

ساڵی ١٩٢٠ ژمارەی دانیشتووانی بەشی ڕاستی شاری کەرکووك گەیشتە ٣٢١٩١ کەس ، کۆی دانیشتووانی شار گەیشتە ٥٩٢١٠ کەس ١١٤ .

لێرەوە ئەم جیاوازییە ئاشکرایانەمان بۆ دەردەکەوێت لە دیاریکردنی ژمارەی دانیشتووانی شار ، دەبینین هەر کەسە کە سەردانی شاری کەرکوکی کردووە ، ژمارەیەکی داوە بە دەستەوە ، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە ، زانیاری درووست نەبووە لەسەر ئاماری شار .

لە لایەن دەسەڵاتدارییەتییەوە ئاماری دروست نەکراوە ، تاکو ئەو بێگانانە کەڵکی لێ وەربگرن لە یاداشتنامەو نوسینەکانیان .

نەبوونی سەرژمێری دەوڵەتی و بانکی زانیاری لە شار ، هۆکاری ئەم سەرلێشێوانەیە ، کە بێگانەکان گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان ، لە دەفتەری بیرەوەری و نوسراوەکانیان ، بە مەزەندەی خۆیان ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکووکیان دیاریکردووە ، بۆیە ژمارەکان ناکۆك لەگەڵ یەکتر، ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت و وەك بەڵگەنامەی بە متمانە کەڵکی لێ وەربگرترێت ، بکرێنە سەرچاوە بۆ توێژینەوە و یەکلایکردنەوەی کێشە مێژووییەکان و ساغکردنەوەی ناسنامەی شارەکە .



هەرچەندە هۆکار زۆر لە ئارادا بووە ، بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتووان بەردەوام لە بەرزبونەوەو دابەزیندا بێت ، لە گشتدا گەشە نەکات و لە شوێن خۆی ڕابوەستێت ، لەوانە : گرانی ، نەخۆشی ، لافاو ، شەڕ، قات و قڕی .... .

سەرما و گەرما ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە زۆربوونی ڕێژەی مردن ، سەرباری نەخۆشی . با چاوێك بخشێنین ، بە بەشێك بچووك ، لە گرنگترین ئەو ڕوداوە سروشتیانەی ، لە ماوەیەکی کورتی مێژوییدا ، لە ناوچەی کەرکووك ڕوویانداوە ، کە بوونە بە هۆکاری مردنی بە کۆمەڵ و ماڵ وێرانی بۆ هاووڵاتییانی شارەکە . ئاکامیان بە کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوانی شار و چۆڵ بوون و وێران بوونی تەواو بووە ، ئەمە سەرباری جەنگ و هێرشەکان ، بە تایبەت هێرشی سەفەوییەکان بۆ سەر کەرکووك ، گرتن و مەنجەنیق بارانکردنی وەك پێشتر ئاماژەمان پێی دا ((نادر شاە لە ساڵی ١٧٤٣ کەرکووکی داگیر کرد ، لە ساڵی ١٧٤٦ عوسمانییەکان گرتیانەوە )) . یاخود ((لە ساڵی ١٦٢٤ خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بە لەشکرێکەوە چووە سەر شارەزور و کەرکوك و قەڵای کەرکوکی زەوت کرد ١١٥ .

شارەکانی عێراق و ناوچەکە لە ڕوی شێوازی دروستکردنەوە زۆر کەم و کورییان هەبووە ، ئەم کەم و کورییانەش بۆتە هۆی تەشەنەکردنی نەخۆشی تیایاندا ، لەوانە : (( قەرەباڵغی ، پیسی ، کەمی ئاوو بە تایبەت لە ناو قەڵاکان ، خراپی ڕێگاو بان ، بوونی گیانەوەری پیس لە شار ، بەخێوکردنی ئاژەڵ لەناو ماڵان ، کەمی ڕێژەی بۆشایی ناوشار و باخچەو سەوزایی ، داخراوی کۆڵانە تەسکەکان ، بەهۆی ئەوەوەی کۆڵانە داخراوەکان فێنك بوون ، هاوکات ڕەشا با نایگرتەوە ، هەروەها بوونی ژێر زەمین بۆ پاراستن لە گەرما و سەرماو ڕەشەباو تکە ، لەبەر بچوکی خانوو تەسکی حەوشە .... )) .

شارەکان بە گشتی و قەڵاکانییان بە تایبەت ، کۆڵانەکانییان زۆر تەسك بوو ، ئەمەش بە هۆی کەمی ڕووبەری شارەوە ، هەروەها پاراستنی خەڵکەکەی لە گەرمایی هەتاوی هاوین . (( کۆڵانی تەسك ، خۆرەتاو نایگرێتەوە ، شتی تێدا بۆگەن دەبوو ، ماڵەکان پەنجەرەیان نەبوو لە نهۆمەکانی خوارەوە ، تا هەوای تازە بچێتە ژورەوە ، بە تایبەت ئەو ماڵانەی دەکەوتنە سەر کۆڵانەکان ، کەمی ڕوپێوی شارەکان و زۆری ماڵ ، وای دەکرد شوێنی باخچە لە شاردا نەبێتەوە ، کۆڵانەکان پڕ بوون لەگیاندار ، لە ئەسپەوە بۆ کەر و حوشتر و مانگاو مەڕو ماڵات

و... گەوەڕەکانیان لە تەنیشت شوێنی ژیانی خەڵکەکەوە بوو ، یان لەو خانانەی نزیك بوون لە گەڕەکەکانەوە . ئەوەی ببوە دیاردەی ئاسایی ئەو پاشماوە و پیساییانە بوو لە گەڕەکەکان هەڵدەگیران ، دواتر دەکران بە سوتەمەنی بۆ حەمامەکان ، دەبوونە دایانگای مێش و مەگەز و سەرچاوەی نەخۆشی ١١٦ .

شارەکانی عێراق لە سەدەی ١٥ ەوە ، لەهەموو خزمەتگوزارییەکی تەندرووستی بێ بەش بوون ، کەوتنە بەر شاڵاوی زۆر جۆرە نەخۆشی کوشندە ، لە چەشنی تاعون و کولێرا و مەلاریا و تیفۆید ، لە ساڵەکانی ١٦٨٩ و ١٧١٩ و ١٧٧٣ و ١٧٧٤ و ١٧٧٦ و ١٧٨٠ و ١٧٩٠ و ١٨٠١ و ١٨٢٧ و ١٨٣٠ و ١٨٧٣ و ١٨٧٤ و ١٨٧٥ و ١٨٧٦ و ١٨٧٧ و ١٨٩٩ و ١٩٠١ و ١٩٠٢ و ... هتد .

((لەو ماوانەدا زۆر جۆر نەخۆشی عێراقیان گرتەوە . هەر یەکێك لەم نەخۆشیانە ، زیانی ئابوری و مرۆیی گەورەیان لێ کەوتۆتەوە ، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەی ، دەسەڵاتدارییەتی عوسمانی گرنگی نادا بە کەرتی تەندروستی ١١٧ .

مشك و جرج ، یەکێك لە هۆکارەکانی تاعوونن لە مێژوودا . کە بەرفراوانی لەو شارە قەڵا ماڵە بچوك و تاریکانەدا بڵاو ببونەوە .

گرنگترین ئەو ڕوداوانەی لە کەرکوکدا هاتنە ئاراوە ، ئەوەی تۆمار کراوە بریتین لە :

((لە ساڵی ١٢٤٨ز بارانێکی زۆر باری ، لادێیەکان کەوتنە ژێر ئاواوەوە ، قەڵای کەرخینی هەرەسی هێنا ١١٨) .

ساڵی ١٧٤٤ کولە دای بەسەر ناوچەی کەرکووکدا (من احداث کرکوك ١٧٠٠-١٩٥٩- نجات کوبرلي اوغلو ).

((ساڵی ١٧٥٧ ... ( بەهۆی کارەساتی سەرماو بەفرەوە ، ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیانی کورد گیانیان لە دەست دا ، تەنانەت کەس نەبوو تەرمەکانیان بشارێتەوە ١١٩ )

(( هەمان ساڵ ناوچەکە کەوتە بەر هێرشی بەرفراوانی کولە . سەرباری برسێتی بەهۆی پەلاماری کولەوە. لە دواییدا نەخۆشیشی هاتە سەر . مردن ئەوەندە زۆر بووە ، کە فریای ناشتنی تەرمەکانیان نەکەوتن ١٢٠ ) .

ساڵی ١٧٧٠ پلەی گەرما هاتە خوارەوە ، بووە هۆی فەوتانی بەروبوومی کشت و کاڵ و هاتنی گرانی (من احداث کرکوك ١٧٠٠-١٩٥٩- نجات کوبرلي اوغلو ).

ساڵی ١٧٧١ جارێکی دیکە کەرکوك کەوتە بەر شاڵاوی کولە ، لە ئاکامدا بەروبوومی کشت و کاڵ فەوتا و گرانی لێکەوتەوە .



ساڵی ١٧٧٢ تاعون کەرکووکی گرتەوە کە لە ئەستەنبوڵەوە هاتبوو ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵك شارەکە بەجێ بهێڵن .

ساڵی ١٧٧٣ باران زۆر باری بووە هۆی زۆری بەرهەم و هەرزانی (من احداث کرکوك ١٧٠٠-١٩٥٩- نجات کوبرلي اوغلو ).

ساڵی ١٧٨٥ وشکە ساڵ بوو ، بووە هۆی گرانی و کەمبوونی خۆراك و برسێتی لەناو هەژاران (من احداث کرکوك ١٧٠٠-١٩٥٩- نجات کوبرلي اوغلو ).

ساڵی ١٧٩٢ جارێکی دیکە وشکە ساڵ بوو ، بووە هۆی گرانی و برسێتی .

ساڵی ١٨٠٢ تالانی ناوچەی شنۆو لاجان هێنرایەوە بۆ شار ، کە لە هۆزی بڵباسیان گرتبووە ، دابەشکرا بەسەر دانیشتووانی شاری کەرکووك ( ٦٠٠٠٠ سەر مەڕ– ٢٠٠٠ مانگا — ٢٠٠٠ گا) ١٢١ .

(( ساڵی ١٨١٥ گرژی کەرکوکی گرتەوە ، چەند مانگ درێژەی کێشا ١٢٢ .

((فارسەکان لە نێوان ساڵانی ١٨٢١–١٨٢٣ شارەکانی کەرکوك –سلێمانی– موسڵیان داگیرکرد ، بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشییەوە پاشەکشەیان کرد ١٢٣ .

ساڵی ١٨٢١ کولێراو زەردویی کەرکووکی گرتەوە کە لە هیندستانەوە هاتبوو ، نزیك ١٠٠٠ کەسی لە شار کوشت ، ٢٠ ڕۆژی خایاند ١٢٤ .

ساڵی ١٨٢٤ جارێکی دیکە باران کەم باری ، گرانی ناوچەکەی گرتەوە ، زۆرکەس لە برسان مردن ، ساڵی ١٨٢٧ جارێکی دیکە کولێرا ژمارەیەك هاووڵاتی شارەکەی کوشت ، ساڵی ١٨٢٨ کولە پەلاماری شاری دا ، ساڵی ١٨٢٩ قات و قڕی جارێکی دیکە کەرکووکی گرتەوە .

ساڵی ١٨٣٠ تاعون لە تەبرێزەوە گەیشتە سلێمانی ، لەوێوە بۆ کەرکوك ، ڕۆژانە هەزارانی دەکوشت ، دەسەڵاتی عوسمانی هانای بۆ ئینگلیز برد ، خەڵك لە ترسان شاریان بەجێ دەهێشت ، هەواریان لە دەرەوەی شار هەڵدا ١٢٥ .

یەکێك لەو نەخۆشییە کوشندانەی لە مێژوودا کەرکووکی گرتۆتەوە ، تاعونەکەی ساڵی ١٨٣٠ ە ، تەواوی سەرچاوەکان ، ئاماژە بۆ تاعونێکی سەخت دەکەن لە ساڵی ١٨٣٠ ، لە شاری کەرکوك ، زۆر سەرچاوە پەنجەیان درێژکردووە بۆ ئەم ڕشانەوە گەورەیە ، هەموویان ئاماژە بە زیانە زۆر و زەبەندە گیانییەکانی دەکەن .

(( ڕشانەوەی گەورە لە ساڵی ١٨٣٠(٣٠–٥٠٪)خەڵکی کەرکوکی کوشتووە . سوپای عوسمانی تەرمی مردووەکانی بە کۆمەڵ بە عەرەبانە گواستۆتەوە بۆ شوێنی

ئیسکانی کۆنی ئێستا لەو شوێنە ژێر گلی کردووە ١٢٦ . بەڵام بە داخەوە ئاماری ژمارەی دانیشتووانی کەرکوکمان لە پێش و پاش تاعونەکە لەبەر دەستدا نییە ، تاکو قەبارەی زیانە گیانییەکانمان بۆ ئاشکرا بێت .

((لە سەپتەمبەری ١٨٣٠ ، نەخۆشی تاعون لە کەرکوك بڵاو بوەوە ١٢٧ ) .

((ساڵی ١٨٣٠ تاعون لە کەرکوك بڵاو بوەوە ) .

((تاعون بەشێکی زۆری شاری وێران کرد ، خەڵکی لە شار دەرکرد ١٢٨ .

((تاعون و برسێتی هات ، بەجارێ خەڵکی دارزان و دوژمنی بۆ هێشتینەوە ، بە جۆرێك کاتێ دزی دەکرا هەر کۆمەڵە تۆمەتەکەی دەخستە پاڵ ئەوەی تر ١٢٩ )

((دوای ئەمە نەخۆشی تاعون وڵاتی داگرتوە بە جۆرێك نیوەی دانیشتوانی شارەکەو دێهاتەکانی دەوروبەری لەناو برد ١٣٠ .

ساڵی ١٨٣٢ و ١٨٤٥ کولێراو تاعون جارێکی دیکە کەرکووکی گرتەوە ، هەر جارەی ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی شاری کوشتووە ، ئەوە نییە ئەمە یەکەم و دوا نەخۆشی بووبێت ، خەڵکی شاری کەرکووکی بە کۆمەڵ لەناو بردبێت ، لەم بوارەدا نموونەی دیکەمان زۆرە :

(( ڕشانەوەی بچوك هاوکات لەگەڵ ساڵی گرانییەکە زیانی گەورەی نەگەیاندوە ١٣١ ) .

((لە گرانی گەورە ، برسێتی و گرانی بێ ئەندازە ، سەدان کەسی لە کەرکوکدا لە برسێتی کوشت ١٣٢ .

مردن بە برسێتی و نەخۆشی گرانی گەورە ، کاریگەری جەنگ و تاڵان و بڕۆی عوسمانییەکان بوو لە سەر خەڵك ، عوسمانی دەوڵەتێکی سەربازی بوو ، بۆیە بەردەوام لە جەنگدا بووە ((لە سەرەمی عوسمانییەکان خەڵك کەوتنە بەر شاڵاوی تاڵان و بڕۆ ) .

سەرباری تاڵان و بڕۆی خەڵك ، باجێکی زۆریشی بە دوادا هات ((لە هەر کەرێکی بێ بار ١ فلس باج وەردەگرترا ، بەڵام کەری باردار ٤ فلوس باجەکەی بوو ) .

لەبەر ئەوەی سوارە پیادە باجی لەسەر نەبوو خۆی لێ دەبوارد (( خەڵك خۆیان بارەکەیان هەڵئەگرت تا ٤ فلسی باجەکە نەدەن )

((لە لادێکان هەر سەرە مەڕو بزنێك ٤ عانە باجی لەسەر دانرا ) .



سوپای داگیرکەری ئینگلیز ، هەڵوێستی عوسمانییەکانییان گرتە بەر بەرامبەر بە چەوساندنەوەی خەڵکی هەژار ، درێژەیان بە سیاسەتی عوسمانییەکان دا ((ئینگلیزەکان ئاغاکانیان کردە وەکیلی خۆیان بۆ وەرگرتنی باج ١٣٣ ) .

جەنگ کاریگەری زۆری لەسەر خەڵك دانا ، جگە لە مەرگی بە کۆمەڵ لە بەرەکانی شەڕ ، هاوکات تاڵان و بڕۆ و گرانی و بێکاری و برسێتی و نەخۆشی لەگەڵ خۆیدا بۆ جەماوەر هێنا .

ئەم خشتەیەی لە خوارەوە دەیبینن ، سەرژمێری گوندێکی کوردستانە ، لە پێش جەنگ و دوای جەنگ ، ئەوە دەر ئەخات ، جەنگ چ کارێکی ناهەمواری کردۆتە سەر دێ یەکی بچووکی لاڕێی وەك ((تەبلا)).

| | پێش جەنگ | لە پاش جەنگ |
|---|---|---|
| ژمارەیماڵەکان | ٢٠ | ٢٠ |
| هێش و گاسنی جووت | ١٥ | ١٠ |
| . مەڕ و بزن | ٢٥ | ( ١٣٤) ٣٥ |

بەم شێوەیە وەك بینیمان جەنگ ، برسێتی ، نەخۆشی ، ستەمی زاڵمانەی کارگێڕی هۆکاری ئەوەن کە ژمارەی دانیشتووان بەرز نەبێتەوە .

ئەم ئامارانەی تاکو ئێستا پێشکەشمان کردن ، وەك پێشتر ئاماژەمان پێیان دا ، هەموو خەملاندنی خەڵکانی بێگانەیە بۆ سەرژمێری دانیشتووانی ناو شار ، نەك لیوای کەرکووك بە شار و لادێکان دەوروبەرەوە .

لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە ، بۆ یەکەمجار ئاماری ناو شار و دەوروبەرەکەی دێتە پێشەوە . (( ساڵی ١٩١٩ بە گوێرەی خەملاندنی بەریتانیا ، ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك ٩٢٠٠٠ بوو ، بەڵام بە گوێرەی ئاماری لیژنەی عوسبەی ئومەم ژمارەی دانیشتوانی ١١١٦٥٠ کەس بوو ، ٣,٦٪ دانیشتوانی سەرجەم عێراقی دیاری دەکرد ١٣٥ . ((ساڵی ١٩٢١–١٩٢٤ ، بە گوێرەی خەملاندنی حکومەتی عێراقی ، ژمارەی دانیشتووانی لیوای کەرکوك ، گەیشتۆتە ١١١٦٥٠ کەس ١٣٦ .

(( ڕاپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عوصبە الامم) کە لە لایەن لیژنەی تایبەتییەوە لە ناوچەکە لە کوردستانە لە سالآنی (١٩٢٢–١٩٢٤)ئەنجام دراوە : ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکوك ، گەیشتە ١١١,٦٥٠ کەس و بە پێی نەتەوەکانیان بەم پێیە دابەش بوونە : کورد ٤٢,٥٪ و عەرەب ٣١,٩٪ و تورکمان ٢٣,٤٪ و ئەوانی تر ٢,٢٪، کۆی ژمارەیان ١٠٠٪ ١٣٧ ) .

سەرژمێری ١٩٢٥ لیوای کەرکووك ١٣٨٨٥٠ کەس بووە ، بە گوێرەی ئاماری حکومەتی عێراق ژمارەی دانیشتووانی لیوا ١٣٦٧٩٥ کەس بووە ١٣٨ .

لە ساڵی ١٩٣٠دا ، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ، دەزگایەکی حکومی ، ئاماری ناو شاری کەرکوك دەکات ، هەرچەندە پێی ناچێت ئامارەکە فەرمی و زۆر ورد بوبێت ، بەڵام دەشێت تاکو ئەوکات نزیکترین ژمارەی نزیك لە ڕاستییەوە بوبێت ((ساڵی ١٩٣٠ ئامارێك کە شارەوانی کەرکوك پێی هەڵسا ، بەگوێرەی ئەو ئامارە ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکوك ٣٥٠٠٠ بوو ١٣٩ ) .

هیچ کام لەم سەرژمێرییانەی ئاماژەمان پێیان دا تا ئێستا بە شێوەی ڕێك و پێك و مۆدێرنانە ئەنجام نەدراون ، بۆیە بازنەی کەم هێنان بەرفراوانە . دەتوانین لە ساڵی ١٩٤٧ ەوە ، پشت بە سەرژمێرییەکان ببەستین ، کە شێوەی فەرمی و سەرتاسەریی ئەنجامدراوە (( هەرچەندە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ یەکەم سەرژمێری ڕەسمییە کە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت ، بەڵام ئەو سەرژمێرییەش دوا بە دوای شاڵاوی سوپا بۆسەر کوردستان لە سییەکان و چلەکاندا کراو ئەو دەمەش خەڵکی هوشیارییەکی ئەوتۆیان نەبوو لە ترسی باج و خزمەتی سەربازی خۆیان دەشاردەوەو خۆیان ناونووس نەدەکرد ١٤٠ ) .

((لە ساڵی ١٩٤٧ لەسەر بنچینەی مۆدێرن ئامار کرایەوە ، ژمارەی دانیشتوانی لیوا گەیشتە ٢٨٦٠٠٥ کەس کە دەیکردە ٥,٩٪ ی هەموو عێراق ١٤١ ) .

بەڵام ناو شاری کەرکووك ((ژمارەی دانیشتوانەکەشی لە ٦٠٠٠٠ کەسێك زیاترە کە زۆربەیان بەتورکی و کوردی دەدوێن ١٤٢ ) .

((ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی دانیشتوانی کەرکووك ٦٧٧٥٦ کەس بوو ، کە ١٨٠٠٠ لە وانە شوێنی لە دایکبونیان شارەکانی دیکەیە ١٤٣ ) .



١٠ ساڵ دوای ئەو سەرژمێرییە ، سەرژمێرێکی فەرمی دیکە لە ساڵی ١٩٥٧ ئەنجام درا ، تاکو ئێستا بە متمانە پێکراوترین سەرژمێری دیاری کراوە لە عێراق ، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناسنامەی کەرکوك پشتی پێ دەبەسترێت ((سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ گونجاوترین سەرژمێرییە کە پشتی پێ ببەسترێت ، چونکە لە بارودۆخێکی گونجاوتردا کراوە ١٤٤ ) .

بە گوێرەی ئەو سەرژمێرییە ، ژمارەی دانیشتووانی ناوەندی شاری کەرکووك ، گەیشتە ١٢٠٤٠٢ کەس .

بەم شێوەیە دەبینین لە ماوەی نێوان سالآنی ١٩٣٠ بۆ ١٩٤٧ – ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکووك ، تەکانی بێوێنەی بە خۆوە بینیووە ، لە ماوەی ئەم ٢٧ ساڵەدا ، نزیك بە ٣٥٠٪ گەشە دەکات .

لە بەشەکانی داهاتوودا ، لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان دەکۆڵینەوە کە لەو ماوە مێژووییەدا (١٩٤٧–١٩٥٧) لە کەرکووکدا ڕوویان داوە ، لێ ئێستا بەکورتی دەتوانین گرنگترین ئەو هۆکارانە لەم سەرە خاڵانە کورت بکەینەوە :–

– کۆچی جوتیارانی بێکار ڕوو لە شار .

– زۆربوونی ژمارەی لە دایك بوون و کەمبونەوەی ڕێژەی مردن .
– بوونی کۆمپانیای نەوت لە کەرکوك پێویستی بەهێزی کار .

((سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن ، ژمارەی کۆچبەران بۆ شاری کەرکووك ، لە شارەکانی دیکەوە ، لە نێوان ١٩٤٧ – ١٩٥٧، زیاتر لە ٣٩٠٠٠ کەس بووە ١٤٦ ) .

وەك ئاماژەمان پێیدا ، بەرزبوونەوەی ڕێژەی لە دایك بوون و دابەزینی ڕێژەی مردن ، هۆکاری ئەم گەشەکردنەی ژمارەی دانیشتووانە ، دیارە باری تەندرووستی ، خۆراك ، خوێندن لەو ماوەیەدا چووە سەر .

**ڕێژەی لە دایك بوون لە پارێزگای کەرکووك (١٩٥٧–١٩٨٧) بە هەزاران**

| ساڵ | لە دایك بوون بە هەزار |
|---|---|
| ٥٨_٥٧ | ٧,٣ |
| ٦٧_٦٠ | ١٩,٥ |
| ٨٧–٧٧ | ٢٨,٧ (١٤٧) |

هەرچی ڕێژەی مردنە ، بە پێچەوانەی لە دایك بون لە دابەزیندا بووە :

ڕێژەی مردن لە پارێزگای کەرکوك لە ماوەی ٢١ ساڵدا :

| سالّ | ٥٧– ٥٩ | ٦٠– ٦١ | ٧٢ –٧٣ | ٧٧–٧٨ |
|---|---|---|---|---|
| کەرکووك | ٤,٨ | ١,٧ | ٢,٧ | ٤,٨ |
| عێراق | ٣,٩ | ٣,٨ | ٢,٩ | ٤,٥ (١٤٨) . |

د. شاكر خەسباك لە پەرتووكی (العراق الشمالی ) بەم شێوەیە ژمارەی مردوان لە شاری کەرکوك دیاری دەکات : ژمارەی مـردووان سـاڵی ١٩٥٧(٤٠٧) کـەس ، سـاڵی ١٩٥٨(٧٩٦) کەس ، ساڵی ١٩٦٠(١٠٧٢) کـەس ، سـاڵی ١٩٦١(٨٤٤) کـەس ، سـاڵی ١٩٦٢(٧٠٠)کەس ، ساڵی ١٩٦٥(٦٧٢) ، ساڵی ١٩٦٦(٨١٥) ١٤٩ .

پاش ٨ سـاڵ لـە ئامـاری سـاڵی ١٩٥٧ ، دوای گۆڕانکارییـەکانی سـاڵانی ١٩٥٨ و ١٩٦١ و ١٩٦٣ لە کوردستان و عێراق ، ئامارێکی نوێ لە عێراق ئەنجام دەدرێت ، ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکوك بەم شێوەیە بەرزبووەوە :

((کـۆی گـشتی ژمـارەی دانیـشتوانی پارێزگـای کـەرکوك لـە سـاڵی ١٩٦٥ گەیـشتە ٤٧٣٦٢٦ کەس ١٥٠ .

ڕێـژەی شارنـشینی لـە سـاڵی ١٩٦٥ ، لـە پارێزگـای کـەرکوك و عێـراق بـەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

(( لە پارێزگای کەرکوك ڕێژەی شارنـشینی ٤٨,٥٪ بـووە ، ژمـارەی دانیـشتوانی نـاو شـاری کـەرکوك ١٦٧,٤١٣ کـەس بـووە ، کـە دەیکـردە ٣٦,٢٪ دانیـشتوانی سەرجەم پارێزگا . لە پارێزگای بەغدا ڕێـژەی شارنـشینی ٥١,٢٪ ، بەصـرە ٤٦,٥٪ و سـلێمانی ٢١٪ بـووە لەهـەمان سـاڵدا ١٥١ . ، دیـارە شارنـشینی دژ بـە لادێنـشنییە ، بـە پێـچەوانەی یـەك سـەردەکەون و دادەبـەزن . لێـرەوە بۆمـان دەرەکـەوێت ، ڕێـژەی شارنـشینی لـە پارێزگـای کـەرکوك ، لـە پـێش پارێزگـای بەصرەوەیە ، هەروەها زیاتر لـە دوو بەرابـەری پارێزگـای سـلێمانی بـووە لـە سـاڵی ١٩٦٥ ، کە ئەمەش لەو کات بلە پلە بەرزەکان دادەنرا لە عێراقدا .

ڕێژەی شارنشینی لە شاری کـەرکوك ، لـە مـاوەی ٣٠ سـاڵ (١٩٤٧–١٩٧٧) بـەم شێوەیەی خوارەوە لە گەشەکردندا بووە:

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووان | ڕێژەی شارنشینی |
|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٢٨٦٠٠٥ | ٣٣٪ |
| ١٩٥٧ | ٣٨٨٤٦٢ | ٣٩٪ |
| ١٩٦٥ | ٤٧٣٦١٦ | ٤٨٪ |
| ١٩٧٥ | ----- | ٥١٪ |
| ١٩٧٧ | ٤٩٤٧٦٧ | ٧٠٪ ( ١٥٢ ) . |



هەرچـی ژمـارەی لادێیـە ، لـە پارێزگـای کـەرکوك و سـەرجەم عێـراق ، بـەم شێوەیەی خوارەوە ، لە گۆڕاندا بووە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٧ بۆ ١٩٨٧ :

| ساڵ | کەرکووك | عێراق |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٣٧٢ | ١٤٠٥٠ |
| ١٦٩٩٦ | ٥٦٦ | ١٩٧١ |
| ١٦٩٧٥ | ٧٧٢ | ١٩٧٥ |
| ١٩٨٧ | ٥١٩ | ٩٩٥٤ (١٥٣) . |

لـە کۆتـایی ئـەم بەشـەدا ، خـشتەیەك لـە ئامارەکـانی ڕابـردووی بەشـێك لـە ئامارەکانی ئەم بابەتی پێشکەش دەکەم ، لەسەر زۆربـوونی ژمـارەی دانیـشتوانی شاری کەرکوك لە ماوەی سەدەو نیوێکدا :

| ساڵ | ئەوەی پێی هەڵساوە | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| ١٨١٦ | بکنغام | ١٥٠٠٠ |
| ١٨٥٦ | کلیمان | ٢٥٠٠٠ |
| ١٨٧٢–١٨٧٣ | یوسیب تشسرنیك | ١٢٠٠٠–١٥٠٠٠ |
| ١٨٩٦ | شەمسەدین سامی | ٣٠٠٠٠ |
| ١٩٠٧ | میجەرسۆن | ١٥٠٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩١٨ | ئەدۆنیس | ٢٥٠٠٠ |
| ١٩١٩ | بەریتانیا | ٩٢٠٠٠(لیوا) |
| ١٩٢١–١٩٢٤ | عێراق | ١١١٦٥٠(لیوا) |
| ١٩٢٢–١٩٢٤ | عصبه الامم | ١١١٦٥٠ |
| ١٩٣٠ | شارەوانی کەرکوك | ٣٥٠٠٠ |
| ١٩٤٧ | حکومەت | ٦٧٧٥٦ |
| ١٩٥٧ | -- | ١٢٠٤٠٢ |
| ١٩٦٥ | -- | ١٦٧٤١٣ |

**سەرچاوەکان :**


١– (جغرافية المدن– صبري فارس الهيتي –٢٠٠٢ – عمان– در الـصفاء –ص١١–١٢).

٢–(ئەتڵەسی کەرکوك –ل٣٢).

٣–( سایتی – تجمع الفلاحين والمزارعين العراق ).

٤–( ل١٤١– عصبیەت و تیۆری دەوڵەت لە بیری ئیبن خەلدونـدا – ئـەلبیرت عیـسا –٢٠٠٥– چاپخانەی ڕوون .

٥–( سراب النفط– شيرين يونس– ٢٤–٨–٢٠٠٥ جزيرة نيت).

٦–((باســەڕە –ژمــارە ١٢٣ – ١٣–١٠–٢٠٠٥ – کــەرکوك لــە تــەرازووی ستراتیژی پێش سەدەی بیست – ئاکۆ خالید ئەحمەد ))

٧–(منطقة كركوك –د.نوري طالباني –١٩٩٥ لندن – ص ٣٨)).

٨–( حيث يوجد نفط فثمة صينييون – حياة ١٤–٩–٢٠٠٥).





٩–(( کـەرکوك لـە ڕوانگـەی مێـژووەوە – د. نـوری تاڵـەبانی _ باسـەڕە ١٢٢ – ٦–١٠–٢٠٠٥)لـەم سەرچـاوەیە وەرگـیراوە (( طـة بـاقر – مقدمـة في تـاريخ الحضـارات القديمة –ص١٨٨)

١٠–(نشاة مدن العراق و تطورها – تاليف – د.عبـدالرزاق عبـاس حـسين ١٩٧٣ – معهدالبحوث والدراسات العربية –ص٧١).

١١–(نشاة مدن العراق و تطورها – تاليف – د.عبـدالرزاق عبـاس حـسين ١٩٧٣ – معهد البحوث والدراسات العربية –ص٧١).

١٢–(المدينة الكوردية –من القرن ١٠–١٣ م–فرهاد حاجي عبوش –جامعـة دهـوك– ل٤٧–٤٨).

١٣–((باســەڕە –ژمــارە ١٢٣ – ١٣–١٠–٢٠٠٥ – کــەرکوك لــە تــەرازووی ستراتیژی پێش سەدەی بیست – ئاکۆ خالید ئەحمەد )).

---

١٤–(رحلة ابن بطوطة –٧٠٣_٧٧٩ هجري – مكتبة توفيقية القاهرة –١٦١).

١٥–(رحلة ابن بطوطة –٧٠٣_٧٧٩ هجري – مكتبة توفيقية القاهرة–ص١٧ )

١٦–(کەماڵ مەزهەر – کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣).

١٧–.(كركوك و توابعهـا حكـم تـاريخ والـضمير –د.كمـال مظهـر احمـد–جـزء اول– ص٥٤–٥٥).

١٨–(کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣– ١٩– ١ – ٢٠٠٤– کەماڵ مەزهەر ).

١٩– (کەماڵ مەزهەر – کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣).

٢٠–(کەماڵ مەزهەر – کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣) .

٢١– (کەماڵ مەزهەر – کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣).

٢٢–(کەماڵ مەزهەر – کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣).

٢٣–. (کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣– ١٩– ١ – ٢٠٠٤– کەماڵ مەزهەر ) (كردسـتان في قـرن الثـامن الهجـري –د.زرار صـديق توفيـق –موئـسـسة موكريـان– ٢٠٠١–ص٣١٢– سـەیری مجم بلـدان : بەشـی دوو ل٣٨ ،– ٤٥٩,٣١٠ ، بەشـی ٤ ل ٤٥٠).

٢٤- (كركوك و توابعها حكم تاريخ والضمير -د.كمال مظهر احمد-جزء اول- (٥٦).
٢٥-(كوردستانى نوێ-ژماره ٣٢٧٣- ١٩- ١ - ٢٠٠٤- كەماڵ مەزهەر ).
٢٦- حمامات السوق الدمشقية تكافح للبقاء من خلال السياح والباحثين شرق الاوسط - ٧-١١-٢٠٠٥)).
٢٧-(رحلة ابن بتوتة . ص١٦١- ص ٢٠٤) .
٢٨- (رحلة ابن بتوتة . ص ٢٠٤) .
٢٩-(سەنتەری برایەتی -ژماره ٢٠ - هاوینی ٢٠٠١- کەرکوك لە چەرخە کۆنەکاندا- پرۆفیسۆر -د.جەماڵ ڕەشید -ل٥١).
٣٠-((التاخي ٤١٥٨ تاريخ ١٢-١-٢٠٠٤ كركوك قلب كوردستان - ا.د.فؤاد حمة خورشيد -فصل الثالث )).
٣١- ( كركوك مدينة قرابين والطاعة والتجارة - د.جليل عطية).
٣٢-(سەنتەری برایەتی- ناوچەی کەرکووك لە سەردەمی عەباسییەکاندا -٧٥٠-١٢٥٨ز - قادر محمد ئەشکەنەیی-ل١٠٨ ).

٣٣- د.مصطفى جواد - كركوك في تاريخ - مجلة اهل النفط العدد ٤٠ لسنة ١٩٥٤ ) .
٣٤- كردستان في قرن الثامن الهجري - د.زرار صديق توفيق -موئسسة موكريان- ٢٠٠١-ص٢١٩- سەرضاوەي سەرەكي الشامي - ظفرنامة - ص١٤٤- ١٤٥-اليزدي: ظفرنامة ، ٤٦٩-١ . روضة الصفا، ٢٢٢- ٦،التاريخ الغياثي ، ص١٨٩)(ابن فضل اللة العمري : مسالك الابصار، ١٢٥-٣ ، صبح الاحشى ،٣٧٥ -٤).

٣٥-( سەنتەری برایەتی -ژماره ٢٠ - هاوینی ٢٠٠١-ناوچەی کەرکووك لە سەردەمی عەباسییەکاندا ٦٥٦ز-١٢٥٨ز-قادر محەمەد ئەشکەنەیی -ل١٠٢).
٣٦-(كركوك : تاريخ عريق وواقع مرير - جبار قادر - الحوار المتمدن العدد ١٣٣١ - ٢٨-٩-٢٠٠٥).



٣٧- (كردستان في قرن الثامن الهجري -د.زرار صديق توفيق -موئسسة موكريان- ٢٠٠١-٣٣١,٣٣٢,٣٣٣ -حمداللة المستوفي:نزهة القلوب ،ص٤٢-٤٣، ٧٧-٧٩ ، ٩٧-٩٨ ، ١١٧-١٢٩ ).
٣٨- .(كركوك : تاريخ عريق و واقع مرير - جبار قادر - الحوار المتمدن العدد ١٣٣١ - ٢٨-٩-٢٠٠٥).
٣٩-( حدود كردستان الجنوبية تاريخيا الجنوبية تاريخيا و جغرافيا - عبدوالرقيب يوسف - طبعة الاولى ٢٠٠٥ - ص٢٥٧).
٤٠-( شذى التاريخ في احياء كركوك - د.صبحي ساعتجي - ايلاف ١٤-٧ - ٢٠٠٥ ).
٤١-. ( شذى التاريخ في احياء كركوك - د.صبحي ساعتجي - ايلاف ١٤-٧ - ٢٠٠٥ ).
٤٢-( شذى التاريخ في احياء كركوك - د.صبحي ساعتجي - ايلاف ١٤-٧ - ٢٠٠٥ ).
٤٣-( شذى التاريخ في احياء كركوك - د.صبحي ساعتجي - ايلاف ١٤-٧ - ٢٠٠٥ ).
٤٤-. (كركوك ذمارة ٩ بةرواري هاويني ٢٠٠١ -المعالم الاثرية والتراثية في مدينة كركوك - عبدالرقيب يوسف - ص١١٨).
٤٥-.( شذى التاريخ في احياء كركوك - د.صبحي ساعتجي - ايلاف ١٤-٧ - ٢٠٠٥ ).
٤٦-( شذى التاريخ في احياء كركوك - د.صبحي ساعتجي - ايلاف ١٤-٧ - ٢٠٠٥ ).
٤٧-( شذى التاريخ في احياء كركوك - د.صبحي ساعتجي - ايلاف ١٤-٧ - ٢٠٠٥ ).
٤٨-(كركوك : تاريخ عريق وواقع مرير - جبار قادر - الحوار المتمدن العدد ١٣٣١ - ٢٨-٩-٢٠٠٥).
٤٩-( المدينة والحياة المدنية - جزء ٢ - ص ٢٧٢-٢٧٣)*.
٥٠-( كركوك عبر التاريخ - عزيز قادر صابنجي).
٥١-( كركوك ذمارة ٩ بةرواري هاويني ٢٠٠١ -المعالم الاثرية والتراثية في مدينة كركوك - عبدالرقيب يوسف - ص ١١١).
٥٢-( من حوادث كركوك ١٧٠٠م-١٩٥٩م-مجات كوثر اوغلو ).
٥٣- (( سەنتەری برایەتی -ژماره ٢٠ - هاوینی ٢٠٠١- کەرکوك لە چەرخە کۆنەکاندا- پرۆفیسۆر -د.جەماڵ ڕەشید -ل٥١).
٥٤-( شذى التاريخ في احياء كركوك - د.صبحي ساعتجي - ايلاف ١٤-٧ - ٢٠٠٥ ).

٥٥–( كركوك ژماره ٩ بەرواری هاوینی ٢٠٠١ –المعالم الاثرية والتراثية في مدينة كركوك – عبدالرقيب يوسف – ص١١٠).
٥٦– سەنتەری برایەتی –ژمارە ٢٠ – هاوینی ٢٠٠١– کەرکوك لە چەرخە کۆنەکاندا– پرۆفیسۆر –د.جەمالٚ ڕەشید –ل٥١)).

٥٧–(اربعة قرون في تاريخ العراق الحديث – الستر ستيفن – ترجمة جعفرالخياط – طبعة السادسة – ١٩٨٥ – ص٢٨٢).

٥٨–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ئيلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٥٩–(( من حوادث كركوك ١٧٠٠ م – ١٩٥٩ م– نجات كوثر اوغلو)).

٦٠–(( من حوادث كركوك ١٧٠٠ م – ١٩٥٩ م– نجات كوثر اوغلو)).

٦١–.( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ) ******.

٦٢–(( من حوادث كركوك ١٧٠٠م١٩٥٩م_ نجات كوثر اوغلو ).

٦٣– (المدينة والحياة المدنية – جزء ٢ – ص ٢٧٣–٢٧٤).

٦٤–(المدينة والحياة المدنية – جزء ٢ – ص ٢٧٤).

٦٥–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥).

٦٦–((من احداث كركوك ١٧٠٠–١٩٥٩– نجات كوبرلي اوغلو ).

٦٧–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٦٨–(( من حوادث كركوك بين ١٧٠٠–١٩٥٩ز–مجات كوثر اوغلو ).

٦٩–.( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).



٧٠–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٧١–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٧٢–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٧٣–( من حوادث كركوك ١٧٠٠م–١٩٥٩م–نجات كوثر اوغلو ).

٧٤– ((التاخي ٤١٥٨ تاريخ ١٢–١–٢٠٠٤ كركوك قلب كوردستان – ا.د.فؤاد حمة خورشيد –فصل الثالث )).

٧٥–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٧٦–(( من خوادث كركوك ١٧٠٠–١٩٥٩ –نجات كوثر اوغلو ).

٧٧–( كركوك عبر التاريخ – عزيز قادر صابنجي)*******.

٧٨– ( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٧٩–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٨٠–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٨١–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ئيلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٨٢–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ئيلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).
٨٣–((کەرکوك –ژمارە ١٠–کەرکوك لە مەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧دا– د.نوری تاڵەبانی ل١٧)).
٨٤–( كركوك ذمارة ٩ بةرواري هاويني ٢٠٠١ –المعالم الاثرية والتراثية في مدينة كركوك – عبدالرقيب يوسف – ص١٣٢).
٨٥– التاخي ٤١٥٨ تاريخ ١٢–١–٢٠٠٤ كركوك قلب كوردستان – ا.د.فؤاد حمة خورشيد –فصل الثالث )).

٨٦–( موسوعة تركمان العراق – المدارس التركمانية في كركوك للفترة من ١٦٥٦ – ١٩٠٩ – نجاة كوثر اوغلو – ئەنتەرنێت ).

٨٧–(( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص ٩٧).

٨٨–(( التاخي ٤١٥٨ تاريخ ١٢–١–٢٠٠٤ كركوك قلب كوردستان – ا.د.فؤاد حمة خورشيد –فصل الثالث )).

٨٩–( كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهد التالي – بقلم الملا جميل روزبياني – ترجمة انور مندلاوي – ئەنتەرنێت ).

٩٠– (( التاخي ٤١٥٨ تاريخ ١٢–١–٢٠٠٤ كركوك قلب كوردستان – ا.د.فؤاد حمة خورشيد –فصل الثالث )).

٩١– ((كەركووك ژمارە ٢٢ –٢٣– زستانی ٢٠٠٤ –مێژووی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩١٤–١٩٧٥–((مستەفا نەریمان–بیرەوەرییەکانی ژیانم –بەغدا ١٩٩٤ ل١٣–١٤)) سمکۆ بەهرۆز محەمەد– ل١٤٢)).

٩٢–((کەرکووك ژمارە ٢٢ –٢٣– زستانی ٢٠٠٤ –مێژووی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩١٤–١٩٧٥– سمکۆ بەهرۆز محەمەد–١٢٦–١٢٧)).

٩٣–(( منطقة كركوك –د.نوري طالباني –١٩٩٥ لندن –ص ٣٩–٤٠)).

٩٤–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٩٥–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ئيلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٩٦–((کەرکوك –ژمارە ١٠–کەرکوك لە مەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧دا– د.نوری تاڵەبانی ل١٧–١٨)).

٩٧– (کەرکوك –ژمارە ١٠–کەرکوك لە مەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧دا– د.نوری تاڵەبانی ل١٨.

٩٨– ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ٥٣).

٩٩– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص٥٤).





١٠٠–(المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – وزارة الاقتصاد – ١٠١((التاخي ٤١٥٨ تاريخ ١٢–١–٢٠٠٤ كركوك قلب كوردستان – ا.د.فؤاد حمة خورشيد –فصل الثالث )).٩٥٤ – ص ١٣٥).

١٠٢–(( كركوك عدد ١٦– كركوك في القرنيين ١٨–١٩ كما وصفها الرحالة والمستشرقون – اكو برهان محمد– ص٢٢٥–٢٣٢)ناوبراو ئەڵمانییە.

١٠٣–(كركوك ذمارة ٩ بەرواري هاويني ٢٠٠١ –المعالم الاثرية والتراثية في مدينة كركوك – عبدالرقيب يوسف – ص ١٣٠).

١٠٤–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ئيلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

١٠٥–( گۆڤاری کەرکوك ژ ٨ – بەهاری ٢٠٠١ – بیرەوەرییەکانم – فاتیح حەمە ڕەش ل ١١٧ )

١٠٦–( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

١٠٧–( الوجود التركماني في كركوك – نصرت مردان – سويسرا )

١٠٨–(المدينة والحياة المدنية – جزء ٢ – ص ٢٧٣–٢٧٤).

١٠٩– (كركوك : تاريخ عريق وواقع مرير – جبار قادر – الحوار المتمدن العدد ١٣٣١ – ٢٨–٩–٢٠٠٥).

١١٠– (التركيب الاثني لسكان كركوك خلال قرن ١٨٥٠–١٩٥٨ –د.جبار قادر ).

١١١– ((باسەرە –ژمارە ١٢٣ – ١٣–١٠–٢٠٠٥ – کەرکوك لە تەرازووی ستراتیژی پێش سەدەی بیست – ئاکۆ خالید ئەحمەد )).

١١٢– (التركيب الاثني لسكان كركوك خلال قرن ١٨٥٠–١٩٥٨ –د.جبار قادر ).

١١٣– (سەنتەری برایەتی –ژمارە ٢٠ – هاوینی ٢٠٠١– کەرکوك لە چەرخە کۆنەکاندا– پرۆفیسۆر –د.جەماڵ ڕەشید ( ل٦٤).

١١٤–((التاخي ٤١٥٨ تاريخ ١٢–١–٢٠٠٤ كركوك قلب كوردستان – ا.د.فؤاد حمة خورشيد –فصل الثالث )).

١١٥–(کورد و کەرکوك – لەتیف فاتیح فەرەج – ئەنتەرنێت ).

١١٦– (المدينة والحياة المدنية – جزء ٢ – ص ٢٧٨).

١١٧– (المدينة والحياة المدنية – جزء ٢ – ص ٢٨٦) .

١١٨–( كركوك عبر التاريخ – عزيز قادر صابنجي).

١١٩-. (کەرکوک -ژمارە ٧پاکتاوکردنی کورد و تەعریبکردنی کوردستان لە مێژووی کۆن دا - ل ٤٦-٤٧).
١٢٠-(کەرکوک -ژمارە ٧پاکتاوکردنی کورد و تەعریبکردنی کوردستان لە مێژووی کۆن دا ل٤٧.).
١٢١- (من احداث كركوك ١٧٠٠-١٩٥٩- نجات كوبرلي اوغلو ).
١٢٢- (اربعة قرون في تاريخ العراق الحديث - الستر ستيفن - ترجمة جعفر الخياط -١٢٢ طبعة السادسة - ١٩٨٥ - ص ٢٨٢).
١٢٣- (لوتسكي-تاريخ الاقطار العربية الحديث-دارالتقدم موسكو-ص٢٧).
١٢٤-(من احداث كركوك ١٧٠٠-١٩٥٩- نجات كوبرلي اوغلو ).
١٢٥- ((من احداث كركوك ١٧٠٠-١٩٥٩- نجات كوبرلي اوغلو ).
١٢٦- (باسەرە ،ژمارە ٩-٣-٢٠٠٥ -ئاکۆ خالید ئەحمەد).
١٢٧-(كركوك- لمحات تاريخيه - ليلى نامق- منشورات خبات- ص٤٠).
١٢٨- (اربعة قرون في تاريخ العراق الحديث - الستر ستيفن - ترجمة جعفرالخياط - طبعة السادسة - ١٩٨٥ - ص ٣١٨).
١٢٨-(اربعة قرون في تاريخ العراق الحديث - الستر ستيفن - ترجمة جعفرالخياط - طبعة السادسة - ١٩٨٥ -ص٣٢٥).
١٢٩-. (گەشتەکەی فرێزەر ساڵی ١٨٣٤ -ئومێد ئاشنا وەریگێڕاوە -١٩٩٨ چاپخانەی تیشک -ل٦٠ ).
١٣٠- . (( گەشتەکەی فرێزەر ساڵی ١٨٣٤ -ئومێد ئاشنا وەریگێڕاوە -١٩٩٨ چاپخانەی تیشک ل٣٩ )).
١٣١- (باسەرە ،ژمارە ٩-٣-٢٠٠٥ -ئاکۆ خالید ئەحمەد).
١٣٢-( كركوك قي عهد الاستعمار البريطاني والعهد التالي - بقلم الملا جميل روزبياني - ترجمة انور مندلاوي - ئەنتەرنێت ).
١٣٣- ( كركوك قي عهد الاستعمار البريطاني والعهد التالي - بقلم الملا جميل روزبياني - ترجمة انور مندلاوي - ئەنتەرنێت ).
١٣٤- ( ل٢٣-یاداشتەکانی میجەرنۆئیل لە کوردستان -وەرگێڕانی حسێن ئەحمەد جاف و حسێن عوسمان-بغداد ١٩٨٤).
١٣٥- (كركوك -دراسات في التكوين القومي للسكان-د.خليل اسماعيل محمد- ص٢٩ ).



١٣٦- (كركوك -دراسات في التكوين القومي للسكان-د.خليل اسماعيل محمد-ص٨).
١٣٧- (سەنتەری برایەتی -ژمارە ٢٠ - هاوینی ٢٠٠١-کێشەی بەعەرەبکردنی کەرکوك لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ-د.ڕەفیق شوانی-ل٢٢٦).
١٣٨- ((کەرکووك ژمارە ٢٢ -٢٣- زستانی ٢٠٠٤ - بایەخی چیۆپۆلەتیکی پارێزگای کەرکوك - پشتیوان حسێن کەریم و کارزان ئیبراهیم ساڵەح - ل٦)).
١٣٩- (التركيب الاثني لسكان كركوك خلال قرن ١٨٥٠-١٩٥٨ -د.جبار قادر ).
١٤٠- ( جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق -سەنتەری برایەتی- جوگرافییای دانیشتوان -د.خەلیل ئیسماعیل-ل١٧٨ ).
١٤١ - ( كركوك -دراسات في التكوين القومي للسكان - د. خليل اسماعيل محمد -ص٢٩).

١٤٢- ((کەرکوك -ژمارە ١٠-کەرکوك لە مەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧دا- د.نوری تاڵەبانی ل١٧-١٨)) .
١٤٣- (كركوك : تاريخ عريق وواقع مرير - جبار قادر - الحوار المتمدن العدد ١٣٣١ - ٢٨-٩-٢٠٠٥).
١٤٤- (جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق -سەنتەری برایەتی- جوگرافییای دانیشتوان -د.خەلیل ئیسماعیل-ل١٧٩ ).
١٤٥- (جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق -سەنتەری برایەتی- جوگرافییای دانیشتوان -د.خەلیل ئیسماعیل-ل١٧٩ ).
١٤٦- (كركوك : تاريخ عريق وواقع مرير - جبار قادر - الحوار المتمدن العدد ١٣٣١ - ٢٨-٩-٢٠٠٥).
١٤٧- کەرکووك ژمارە ٢٢ -٢٣- زستانی ٢٠٠٤ - بایەخی چیۆپۆلەتیکی پارێزگای کەرکوك - پشتیوان حسێن کەریم و کارزان ئیبراهیم ساڵەح - ل١٧)).
١٤٨- (( کەرکووك ژمارە ٢٢ -٢٣- زستانی ٢٠٠٤ - بایەخی چیۆپۆلەتیکی پارێزگای کەرکوك - پشتیوان حسێن کەریم و کارزان ئیبراهیم ساڵەح - ل٢١)).
١٤٩- ( کەرکووك ژمارە ٢٢ -٢٣- زستانی ٢٠٠٤ - بایەخی چیۆپۆلەتیکی پارێزگای کەرکوك - پشتیوان حسێن کەریم و کارزان ئیبراهیم ساڵەح - ل٢٣)).
١٥٠- (كركوك المدينة الضاحكة بالناروالنور -عوني داودي -الاتحاد ٤٨٠ -٥-٧-٢٠٠٢).

١٥١- (نشاة مدن العراق و تطورها - تاليف - د.عبدالرزاق عباس حسين ١٩٧٣ - معهدالبحوث والدراسات العربية - ص٧٧) .

١٥٢-( ئەتڵەسی کەرکوك – هەولێر ٢٠٠٥ – لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستان –ل٤٥).

١٥٣-( ئەتڵەسی کەرکوك –هەولێر ٢٠٠٥ – لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستان ت٦٤ ).



# ٤

## گەشەکردنی هەمەلایەنەی شار و خەڵکی کەرکووك لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٧





وەك لە بەشەكانی پێشوودا ئاماژەمان پێیدا ، لەماوەی هەزاران ساڵدا كەركوك لەناو سنووری قەڵادا قەتیس ما بوو ، لە كۆتایی سەدەی ١٨ ەوە ، كەركوكی دەرەوەی قەڵا گەورەترەوە بوو لە كەركووكی ناو قەڵا .

دروستكردنی قەیسەری و قشڵەو تەكیەی تاڵەبانی و خانەقای سەید ئەحمەد و بازاڕی گەورەو بازاڕی جوت قاوە و پردی بەردینی خاسە، بە گەورەترین دەسكەوتی ئاوەدان كردنەوەی كەركوك لە سەدەكانی ڕابردوو دادەنرێت ، تا سەردەمی دروستكردنی دەوڵەتی عێراقی ، لە پاڵ قەسر و هاوینگەی دەوڵەمەند و ئەشرافەكان لە دەرەوەی قەڵا .

تەنها لە دوو دەیەی كۆتایی سەدەی نۆزدەو دەیەی یەكەمی سەدەی بیستدا ، شاری كەركووك دووجار ڕوپێوی خۆس زیادی كرد ((ڕوپێوی شاری كەركوك و هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٨٩٠– ١٩١٤ بوو بە دووجار ١ )) .

گرێدانی وڵات بە جیهانەوە ، كاریگەری دانا لەسەر گەشەی بازرگانی ، بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و ئەو داهێنانەی لە هۆیەكانی گواستنەوە و پەیوەندی بەدی هات ((.... ساڵی ١٨٦٤ ، بەغدا لە ڕێگەی هێڵی تەلەگرافەوە گرێدرا بە بەصرەوە، هەروەها بەغدا لەگەڵ تاران و هند و ئەستەنبوڵ ٢ )) .

كەركووك وەك بەشێك لە دەسەڵات و جوگرافیای عوسمانی ، بەشی خۆی لە تەواوی ئەو گۆڕانكاریانە دوورییەوە لە ناو دەسەڵاتدا بەدی هات .

بۆیە دەبینین كەركوك لە سەدەی ١٨ ەوە بەرەو ڕوی كۆمەڵێك گۆڕانكاری هەمە لایەنە بووەوە ، ژمارەی دانیشتوانی زیادیكرد ، بەهۆی بەرزبوونەوەی داهاتی تاك و باشتر بوونی خۆراك و گەشەكردنی كەرتەكانی خوێندن و تەندروستی ، هەروەها قەبارەی شار چەندین بەرامبەر چووە سەر ، دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی ئاڵۆز بوەوە ، كارگێڕی مەزن مۆدێرن و بەرفراوان بووەوە .

دوای داگیركردنی عێراق و كەركوك لە لایەن سوپای ئینگلیزەوە لە ساڵی ١٩١٨ ، سەرەتایەك بوو بۆ كۆتایی هێنان بە قۆناغی دواكەوتویی كۆنەپەرستی و دابڕان لە



پێشكەوتنەكانی ڕۆژئاوا ، سەرەتایەك بوو بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ پێشكەوتنەكانی ڕۆژئاوا .

ئینگلیزەكان لەگەڵ سوپاكەیان سەرباری داگیركاری ، وەلێ كۆمەڵێك بەهای نوێی ئابوری كۆمەڵایەتی سیاسی فەرهەنگی و مۆدێلی تەلارسازی و ڕێكخستنی شەقام و ڕێكخستنی تۆڕی زێراب و باخچەو .... هێنا ، كە پایەی مادییان لەسەر گەشەكردنی شار و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی چینی ناوەند ڕاوەستاوە .

لە ماوەی سەدان ساڵ ، لە بواری نەخشە و تەرزی خانە سازی لە كەركوك ، هیچ گۆڕانكارییەك بەدی نەهات ، چ لە شێوازی نەخشەی ئەندازیاری تەلارسازی یاخود زێراب و ئاوو وئاوەڕۆ ، تەنانەت ڕێكخستنی ئاوی بارانی بان خانووەكان بەشێوەی دواكەوتووانە مایەوە ، لە كاتێكدا لە ڕۆژئاوا لەم بوارەدا هەنگاوی زۆر گەورە نرابوو ، خانەسازی چووبووە قۆناغی باڵەخانەی چەند نهۆمی و خانووی مۆدێرنەوە .

(( لە عێراقدا ، نەخشەسازی خانوو لە سەدەی ١٩ بەهەمان شێوەی سەدەی ١٦ بوو ، پێشكەوتنێكی وای نەكرد شیاوی سەرنج بێت ٣ )) .

لە دوای گۆڕانكارییە هەملایەنەكانی سەدەی نۆزدەهەم ، بە تایبەت لە بواری یاسای بازرگانی و باج ، گەشەكردنی بازرگانی و پەرەسەندنی وەبەرهێنانی بەروبوومی كشت و كاڵ و ئاژەڵداری ، ژمارەیەك دەوڵەمەندی گەورە پەیدا بوون ، كەوتنە دروستكردنی قەسری گەورە گەورە بە شێوازێكی نوێ ، تەنانەت ئاغاو گەورە مەلاكەكانی گوندەكانیش لە شارەكان قەسریان دروستكرد ، هەندێكیان بە حوكمی ئەوەی منداڵەكانیان لە ڕۆژئاوا دەیان خوێند، لە ژێر كاریگەری مۆدێلی تەلارسازی ڕۆژئاواییدا قەسرەكانیان دروستكرد ، لەم سەردەمەوە دەبینین قەسری گەورە لە دەرەوەی قەڵا دروست دەكرێت ، كە هەریەكەیان پانتاییەكی گەورەی ڕووبەرییان داگیر كردبوو ، سەرباری بوونی باخچەی گەورە ، ئەمەش كاریگەری لەسەر گەورە بوونەوەی قەبارە و جوانكردنی شار دانا .

هـەژاری عـەوام ، بێکـاری و نزمـی هێـزی کڕینیـان ، ، ڕێگـر بـوو لەبـەردەم بەرزبوونـەوەی ئاسـتی کاربردییـان ، چـەندە ئاسـتی ئـابوری تـاك بـچێتە سـەر ، ئەوەندە بـەکارهێنانی کـەل و پـەلی نـاو مـاڵ زۆر دەبێـت ، پەیوەنـدی تونـد هەیـە نێوان جۆری خانوو و ژمارەی دانیشتوان ، هەروەها داهاتی تاك و ژۆری خانوو .

بە باشتر بوونی باری ئابووری تاك ، بەکارهێنانی خانو و ژوری زیاتر دەچێتە سـەر ، هەروەها خانوی تازە دروست دەکرێت و خـانووە کۆنـەکان نـۆژەن دەکرێتـەوە ، سـەرباری ئـەوەی نەخوێنـدەواری و دواکـەوتوویی گـشتی هۆکـاری پێـشنەکەوتنی شێوەی شار و تەرزی تەلارسازییە .

((بـەر لـە هەڵگیرسـانی جـەنگی یەکـەم تێکـڕای هێزیکـڕین لـە لای هـاووڵاتی یـەکی عێـراق لـە باشـترین حـاڵدا لـە سـێ یـەکی تێکـڕای هێـزی کـڕینی هـاووڵاتی یـەکی ئیمپراتۆری عوسمانی کەمتر بوو ٤ ) .

کەرکووك لە کۆتایی سـەدەی ١٨ەوە ، ڕۆڵـی بازرگـانی چـووە سـەر ، بازاڕەکـانی گەورە بوەوە و بەروبوومی گرانبەهای زیاتر بوو ، بەڵام لە ئاسـتی موصـڵدا نـەبووە . لەوکاتەوەی بووە ناوەندی کارگێڕی ناوچەکە ، ئەو پلە یەکەمەی لە تـاوخ سـەندەوە ، پێگـەی ئـابوری و ڕۆڵـی سیاسـی چـووە سـەر ، بـەڵام هـیچ لـەم گۆڕانکارییانـە ، نەیانتوانی بە ئەندازەی دەرهێنانی نەوت ، ڕۆڵـی خۆیـان بگێـڕن لـە گەشـەدان بـە شاری کەرکووك .

((کەرکوك تا سەدەی بیستەم لەبـەر گـەلێك هـۆ ڕۆڵـی ئـابوری نـەبوە ، موسـڵ بـە پێچەوانەی کەرکوکەوە ٥ .) .

هـاتنی ئینگلیز بۆ کەرکووك ، سەرەتایەك بوو بۆ هەرەس هێنان بە هـەموو دیـاردە و نەرێتە کۆنەکان ، هـەرەس بـە نەخـشەی شـار ، بـە شـێوەی کلاسـیکی خـان ، خان و کاروان ، عارەبانچی و گالیسکەی دوو چـەرخە ، حـوجرە و مزگـەوت ، کـەواو سـەڵتە ، هــەرەس بــە خوێنــدنی ئـاینی و داب و نــەرێتی کــۆن ، لــە بەرامبــەردا



شەمەندەفەر و هوتێل و شەقامی بەرین و ئۆتۆمۆبێل و قوتابخانی سکۆلار و ئافرەتی عەل مۆدە و ئەفەندی سەر ڕووت بڵاو بوەوە .

ئەم گۆڕانکارییانە لەسەرەتاوە بـەرەو ڕوی بـەرگری نـەرێت پـارێزان بـووەوە ، لـە پێشیانەوە بەرگری توند لە ئاست هـاتنی ئینگلیزەکـان پیـشان درا (( پیـاوە ئـاین پـەروەرەکانیش پڕوپاگەندەیـەك لـە نێـو شـار بڵاودەکەنـەوە ئـەوەی دیـدەنی ئـەو داگیرکەرانە بکات خـوای گـەورەو میهرەبـان لـێ ڕازی نابێـت خـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـاش تێیان هەڵبنگوێت —توش یانبێت—دەبێ ڕوی خۆی وەربگێڕێت و چـاو بنوقینێـت ٦ .)

دەبینین لە سەرەتاوە هێزەکـانی ئینگلیـز بـۆ پێداویـستی خۆیـان مـەلهاو هوتێـل دروست دەکەن ، تەکیە و خان نایانە توانی پێداویستی ئینگلیزەکان دابین بکەن .

(( هێزەکانی ئینگلیز ئوتێلی Resthouse یان دروست کرد . بە دوایدا لـە ساڵی ١٩٢٥ ، ئوتێلی ئەحمەد پاڵاس لە شوێن ئوتێلی کەرکوکی ئێستا دروستکرا ٧ ) .

وەك سـەرنج دەدەیـن کـەرکووك لـە قۆنـاغی خـان خورمـاوە ، گواسـتییەوە بـۆ میوانخانەی ئەحمەد پاڵاس .

بەهەمان شێوە ئەم گۆڕانکارییانە بواری کەرتی پیشەسازیشی گرتەوە .

پیـشەسازی لـە کـەرکووك بـە چـەند قۆناغێکـدا تێپـەڕیوە ، لـە سـەرەتاوە پیشەسازییەکان پێداویستی ناوچـەکەیان وەك سندوق و سۆبە و سـەتڵ و قـاپ و قاچاغ و خم و لباد و لێفەو شمشێر و خەنجەر و چەقۆو .... فـاق و پاشـان کـەل و پەلی کشت و کاڵی وەك شەغرەو داس و گاسن و ..... و چـەقۆو و دوکـەڵ کێش و .... لە پـاڵ قومـاش و لبـاد و کـەتان .. تـا جلوبـەرگی زێڕچـن و دەرگـای بزمارڕێـژ دابین دەکرد .

قۆناغی دووەم بەرهەم هێنانی هەندێك کەل و پەلی بەکاربردن بوو لە شـاردا ، وەك سابون و چوکلێت و لوقم و بەفر و شەربەت و ... .

بەڵام هەرچی قۆناغی سێیەمە کە باڵاترینیانە، بریتی بوو لە قۆناغی دەرهێنانی کەرەستەی خاو ، وەك دەرهێنانی نەوت و بەرهەم هێنانی نەوتی سپی و گاز و بەنزین و گۆگرد و ... .

لە شاری کەرکوك پیشەسازی مۆدێرن بە کارگەی بەفر دەستی پێکرد ، بۆ دابینکردنی ئاوی سارد بۆ هێزەکانی ئینگلیز ودەوڵەمەندەکانی شار ،

((لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٢٢ کارگەیەکی بەفر دروستکردن لە کەرکوك کەوتە کار ٨ ) . دروستکردنی کارگەی بەفر نیشانەی هەنگاونانە بۆ بوون بە کارەبایی کردنی پیشەسازی و هەنگاو نان بۆ پیشەسازی مۆدێرن و بوون بە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر .

هاوکات بەستنەوەی کەرکوك بە شاری بەغداوە ، لە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەرەوە ، گەشەی دا بە بازرگانی لە شاری کەرکوك ، بەستنەوەی ڕاستەوخۆی بە پایتەختەوە مەغزای سیاسی و ئابوری خۆی هەیە ، ئاسنی هێڵی شەمەندەفەرەکە بوو بە قەڵایەکی مەزنی دیکە بۆ شارەکە ، پێگەی کەرکووکی لە هەمبەر شارەکانی ناوچەکە بەرزکردەوە ، بوونی هێڵی شەمەندەفەر لەهەر شارێکدا ، گەشە بە چالاکی هاووڵاتیان و جوڵەی بازرگانی و گەشە بە بەرهەم هێنان و بەکاربردنیش دەدات . ((لە مانگی ئەیلولی ١٩٢٥ ڕێگای شەمەندەفەری کەرکوك بەغدا کۆتایی پێهات .ئەمەش کرێکاری دەوێت ٩ ) .

ئەگەر سەیری هێڵی شەمەندەفەری کەرکوك بکەین ، لەچاو ئەوەی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەبووە ، دڵۆپێك نییە لە دەریایەك ، بگرە هەر بە بوون ناژمێرێت ، هەنگاوی دواتر لە ساڵی ١٩٤٩ کەرکوك بە هەولێر بەسترایەوە ، بەمەش ڕێگای هەولێر – بەغدا بووە دیلی شاری کەرکوك ، هەولێر زیاتر لە جاران پەیوەست بوو بە کەرکووکەوە ((لە کوردستاندا بە مانای هێڵی شەمەندەفەر نییە ، ساڵی ١٩٤٩ هێڵێك لە جۆری مەتری ڕاکێشرا شاری بەغدای بە کەرکوك و هەولێر دەبەستایەوە و درێژییەکەی ٤٣٣کم بوو ١٠ ) .



(لە دواییدا هێڵێکی دیکەش ڕاکێشرا بۆ بەیەك بەستنەوەی کەرکوك و بێجی و حەدیسە کە ٢٥٢کم بوو ١١ ) .

لە دوای بەستنەوەی کەرکوك لە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەرەوە ، بە شارەکانی بەغدا ، هەولێر ، بێجی ، حەدیسەوە ، هاوکات لە ڕێگای جادەی هاملتۆنەوە(هەولێر– حاجی ئۆمەران) گەشەدرا بە پەیوەندی لەگەڵ ئێران .

((لە ناوەڕاستی دەیەی سێ یەم دوو پرد دروستکرا بۆ ئەوەی پەیوەندی گەشە بکات هەولێر – ڕەواندز لەگەڵ ئێران ، هاملتۆن قیرتاو کرا ١٢ ) .

# دەرهێنانی نەوت

لە سەدەی حەفدەهەمەوە(١٦٣٩) عوسمانییەکان بەشێوەی سەرەتایی نەوتییان لە کەرکوک دەردەهێنا ، بەڵام ئەو نەوتە هەر بۆ بەکاربەری ناوخۆیی بوو ، لە ماڵان و گەرماوەکانی شار . گرنگترین ڕوداو لە مێژووی شاری کەرکوک دا ، تەقینەوەی چاڵە نەوتییەکانییەتی ، کە نەك ئاگر بەڵکە ئاڵتوونی لێوە باری .

لە ئازاری ١٩٢٥ەوە کۆمپانیای نەوتی تورکی ،بە فەرمی قۆرخی دەرهێنانی نەوتی کەرکووکی کرد. بە دەست بەکار بوونی کۆمپانیای نەوت و دامەزراندنی هەزاران کرێکار لەم کۆمپانیایە ، گەورەترین شۆرش بوو لە مێژووی کەرکووکدا بەسەر بێکاری و هەژاری و بازاڕ خراپیدا بەرپاکرا .

((لە سەرەتاوە کۆمپانیای نەوت ٥٠ ئینگلیز و ٢٥٠٠ عێراقی دامەزراند ١٣ ) .

لە دەستپێکدا زۆربەی کرێکاران ، لە دەرەوەی ناوچەکەوە هێنران ، ئەمەش دەربڕی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم بوو بەرامبەر بە خەڵکی ڕەسەنی شارەکە .

((ساڵی ١٩٢٥ کۆمپانیای نەوتی تورکیی(( دوایی بووبە:عێراقی)) لە ناوچەی کەرکوك دا تەنها ١٨٠ کرێکاری هەبوو کە ، بە پشکنینی نەوتەوە خەریك بوون .بەڵام لەماوەی ساڵێکدا ژمارەیان گەیشتە ٢٥٠٠کرێکار و پاشان بوو بە ٣٥٠٠ ( ١٤ ) .

((دامەزراندنی دەزگاکانی نەوت لە لیواکەو دەستکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق بە هەڵکەندنی بیر و ڕاکێشانی بۆڕی ، بونە هۆی (( داباریینی هەزاران کرێکار و کارزانان ، کە بە هەزاران کەسی تری خاوەن پیشەی جیاجیاو وردەبازرگان و فرۆشیار و ئەوانەی بە دوای بژێوی خۆیاندا دەگەڕێن بە دویان کەوتن کەوتن و بەسەر شارە نەوتیەکاندا—بە تایبەت شاری کەرکوکدا داباڕین ١٥ ) .



دامەزراندنی ٣٥٠٠ کرێکار لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووك ، بە مانای ئەوە دێت هەمان ژمارە خێزان لە شاری کەرکووك ژیانیان لە ڕێگەی کارکردن لە کۆمپانیاوە دابین دەبێت، خۆیان و خێزانەکانیان دەبنە بەکاربەر لە بازاڕدا ، پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خۆیان لە بازاڕی شارەکە دابین دەکەن ، بەمەش بازاڕ دەبوژێتەوە و گەشەدەکات ، لێشاوی دراو دێتە بازاڕەوە ، خەڵك دەوڵەمەند دەبێت .

کرێکارە لادێییەکانیان لە شاردا نیشتەجێ دەبن ، ئەوانەی لە شارەکانی ترەوە هاتوونە ، لە کەرکووك نیشتەجێ دەبن ، قوتابخانە ، نەخۆشخانە ، نانەواخانە ، .... نوێیان پێویست دەبێت ، بەمەش شار وەك بازاڕ ، ژمارەی دانیشتووان ، قەبارە ، کارگێڕی و خزمەتگوزاری گەشەدەکات ، سەرباری گەشەکردنی ئاسۆی ژیان لە شارەکە ، دواڕۆژی ژیان لە شار بە گڕی نەوتەکەی بابەگوڕگوڕ ڕۆشن دەبێتەوە .

دەرهێنانی نەوت لە کەرکووك ، سەرباری ئەوەی پێگەی کەرکووکی لە ڕوی جیوئابوری وجیوسیاسییەوە بەهێز کرد ، هاوکات بووە هۆکاری پەیدا بوونی کار لە شاردا ، کە لە مێژوی خۆیدا بیٚ وێنەبووە.

لە دوای ئەم مێژووەوە ، پێگەی کەرکوك چووە سەر ، نەك تەنها بازاڕی ناوچەکە بوو ، بەڵکە دەبینیین دەبێتە ناوەندی ڕۆشنبیری و تەندروستی ناوچەکەش ، کرێکارانی خانەقین ، کە پێشتر کەمترین پەیوەندی بازرگانی و کارگێڕییان لەگەڵ کەرکووك هەبووە ، کرێکارانی نەوتیان بەهۆی کۆمپانیای نەوتەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان دەبێت بە نەخۆشخانەی کەرکووکەوە .

((ساڵی ١٩٢٦ کرێکارانی نەوتی خانەقین دەچوون بۆ نەخۆشخانەی کەرکوك ١٦ ) .

دەسەڵات لە سەرەتاوە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە ، بەشی زۆری کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووکیان لە دەرەوەی شارەوە هێنا ، تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیشەوە ، ئەگەر سەرنج بدەین و وردبینەوە ، دەبینیین کۆچکردووان بۆ کەرکووك ، بەشی زۆریان ناسنامەی ئاینیان کریستان و صوبییە .

کردنەوەی بۆرییە نەوتییەکانی کەرکوک لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست ، گەشەی زیاتری بە پیشەسازی نەوت دا .

((لە کۆتایی ١٩٣٤ ەوە نەوت نێردرایە دەرەوە ، لە ساڵی ١٩٣٥ بۆڕی نەوتی کەرکوک–حیفا کرایەوە ١٧ ) .

((ساڵی ١٩٣٥ نزیك ٤ ملیۆن بەرمیل نەوت نێردرایە دەرەوە ، لەو ساڵەدا عێراق هەشتەم وڵات بوو لە بەرهەمهێنەرانی نەوت ١٨ ) . ساڵ بە ساڵ هێزی ناردەی نەوت لە کەرکوك دەچووە سەر ، بەمەش ژمارەی بۆرییەکان زیادی دەکرد .

((لە ساڵی ١٩٣٤ هێڵی نەوتی ١٢ ئینجی بۆ تەرابلس و حەیفا دروست کرا ، لە ١٩٤٩ هێڵێکی دیکەی ١٦ ئینجی بۆ تەرابلس و لە ١٩٥٢ هێڵێکی ٣٠ ئینجی بۆ بانیاس ، ئەوەی حەیفا لە ١٩٤٨ ەوە ڕاوەستا (١٩) .

.کەرکوك ماوەی زیاتر لە نیو سەدە ، گیرفانی سەرجەم خەڵکی عێراق بوو ، داهاتی عێراق لە ڕێگەی بۆرییە نەوتەکانی کەرکوکەوە دابین دەکرا ((چاڵگە نەوتییەکان کەرکوك لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٧–١٩٧٤ پتر لە ٧٠,٢٪ نەوتی عێراقیان بەرهەم هێناوە ٢٠ ) .

ساڵی ١٩٣٤ بەرهەمی نەوتی کەرکوك ٠,٩٦ ملیۆن تەن بوو ، لە ١٩٤٧ بووە ٤,٤٠ ملیۆن تەن ،لە ١٩٥٧ گەیشتە ١١,٦٥ملیۆن تەن ٢١ ) . نەوت جگە لەوەی پێویستی بە هێزی کارە ، هاوکات ئەندازیار و میکانیك و شۆفێر و حەرەسیشی دەوێت ، هەروەسا پێویستی بە ژێرخانێکی پێشکەوتووش هەیە ، لەوانە وزەی کارەبا ، ڕێگاو بانی بەرین ، پەیوەندی و گواستنەوەی پێشکەوتوو . بوونی ئەم تویژانەی ئاماژەمان پێیان دا لە شاردا ، جێگەو ڕێگەی چینی ناوەند لە شاردا بەهێز دەکات ، چینی ناوەندیش سەرچاوەی گەشەی هەمەلایەنەی شارن ، سەرچاوەی هەموو تەرز و مۆدێلێکی نوێن . ئەگەر لە ڕابردوو دەیانووت ئاو و ئاوەدانیی ، لەم سەردەمە کارەبا ڕۆڵی کەمتر نییە لە ئاو بۆ ئاوەدانی ، بوونی



کۆمپانیای نەوت لە شارەکە ، هۆکارە بوو بۆ گەشەدان بە بەرهەم هێنانی کارەبا لە شار .

((ساڵی ١٩٤٥ وێستگەیەکی کارەبای نوێ دروستکرا ، توانای بەرهەم هێنانی وزەی کارەبای زۆر زیاتر بوو لەوەی یەکەم . وێستگەی کارەبا بڕ بڕە پشتی کێڵگەی نەوتە ٢٢) .

کاریگەرییەکی دیکەی نەوت لەسەر گەشەی شار ، نیشتەجێکردنی کرێکار و کارمەندانی کۆمپانیای نەوت بوو لە ناو شاری کەرکوك ، بۆ ئەم مەبەستە سەدان خانوو دروستکرا لە گەڕەکی مۆدێرنی عەرەفە ، کە بە مۆدەیەکی نوێی ڕۆژئاوایی نەخشەی خانووەکان دارێژرا ، سەرباری باخچە دڵگیرەکانی خانوەکان و باخچەی گشتییەکەی گەڕەکەکە ، دڵڕفینی دیوی دەرەوەی خانووەکان ، کە تا ئێستاش بە پێشکەوتووترین گەڕەکی شار دەناسرێت لە کەرکوك ((ساڵی ١٩٥٢ ەوە بۆ ١٩٥٥ ژمارەی ٣٤١ خانوو لە عەرەفە دروستکرا ( ٢٣ ) . ئەم گەڕەکە دوایی ئەوەی بەرینتر بووەوە ، پێویستی بە شارەوانی تایبەت ، یانەی وەرزش ، قوتابخانە ، کلێسە ، نەخۆشخانە ، باخچەی مۆدێرن ، گۆڕەپانی فوت بۆڵێن ، ........هەیە .هاوکات کۆمپانیای نەوتی باکور کەبارەگاکەی لەکەرکوك بوو ، دەزگایەکی کارگێڕی گرنگ و گەورە بوو ، دەیان و سەدان فەرمانبەر کارییان تێیدا دەکرد ، تەنانەت لە سیاسەتی وڵاتیشدا ڕۆڵی کارا و دیار و گرنگی هەبوو.

## پەروەردە لە کەرکووك

لە دوای ساڵی ١٩٠٠ خوێندنەوەو نووسین زیادی کرد لە عێراقدا ، پەیدابوونی خوێندنی سکۆلار هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە شێوازی ژیان و پێکهاتەی شار و گەشەکردنی چینی ناوەند .. ، هەرچەندە ڕێژەی خوێندن لە کەرکووك زۆر لە خوار عێراقەوە بوو . لە ڕابردوو تەنها مزگەوت شوێنی

**چاوپێکەوتنی پیاوانی زانست و ئاین و ئەدەب بوو ، بەڵام دواتر قوتابخانەی سکۆلار پەیدا بوو ، ئەو تەرزە پەروەردەییە کۆنە نایەتوانی وەڵام بە مۆدێرنیتە بداتەوە ، قوتابخانەی سکۆلار پەیدا بوو وردە وردە گەشەیکرد . گرنگترین قوتابخانە سکۆلارە سەرەتاکانی شاری کەرکووك بریتی بوون لە : ((قوتابخانەی شاترلو - قوتابخانەی مەرکەزی - قوتابخانەی قەڵا - قوتابخانەی ئیسرائیلی - قوتابخانەی کلدانی - قوتابخانەی بلاخ - قوتابخانەی ئاوچی کچان - قوتابخانەی تاهیرە - قوتابخانەی شەرقییە لە هەرە قوتابخانە کۆنەکانی شاری کەرکوك ٢٤ ) . کەرکووك نەك تەنها قوتابخانە ، بگرە لە سییەکانەوە قوتابخانەی ساوایانیشی تێدا هەبووە ((ڕەوزە لە ساڵی ١٩٣٦ لە کەرکوك هەبووە ، ٦٣ قوتابی هەبوە ٢٥ ) .** هەروەها لە بیستەکانەوە ، کەرکووك چەندین پەرتوکخانەی تێدا هەبووە (( کتێبخانەی ئەمەل لە ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە خاوەنی محەمەد حەبیب ، کتێبخانەی عەصری لە ساڵی ١٩٣٠ دامەزراوە خاوەنی عەباس حلمیی ، کتێبخانەی ئەلتەرەقی لە ساڵی ١٩٣٣ دامەزراوە و خاوەنەکەی مەلا حەمەدەمین عەصری بوو ( کتێبە میللییە تورکمانییەکانیان چاپ دەکردەوە ) (٢٦) . لە ((ڕاستیدا محەمەد ئەمین عەسری خزمەتێکی زۆری بە ئەدەبی کوردی کردووەو ژمارەیەك ئێجگار زۆر پەرتووکی کوردی چاپ کردووە ، بۆ خۆشی کورد بووە )).

گرنگترین هەنگاوی مەزن لەم بواری کتێبخانەدا لە شاری کەرکوك نرابێت ، کردنەوەی کتێبخانەی گشتی شارە ، بوونی کتێبخانەی گشتی لەهەر شارێکدا ، سیمای ڕۆشنبیری و فەرهەنگی شار دەر دەخات ، قۆناغێکیشە بۆ نمایشکردنی زۆربوونی ژمارەی خوێندەواران لە شار و وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانیان ((کتێبخانەی گشتی کەرکوك لە ساڵی ١٩٣١ دروستکرا ٢٧ ) .

((ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی ١٩٣٧ دروست کراوە ، لەسەر پانتایی زەویەکی فراوان کە تەرزی بیناکارییەکەی تێکەڵاوە لە هونەری بیناکاری ئیسلامی و هونەری بیناکاری کاریگەری ماوەی هاتنی ئینگلیزەکان ....... زەوی ئەم کتێبخانەیە لە



لایەن (سەید ئەحمەدی خانەقاوە ) پێشکەش کراوە بۆ دروست کردنی کتێبخانە بەرامبەر ماوەیەکی دیاری کراو ، کە بەڕێوەبەری کتێبخانەکە لە لایەن ماڵی ( سەید ئەحمەد)ەوە دەست نیشان بکرێت و کورد بێت ٢٨ ) .

گۆڕانکارکاری فەرهەنگی لە شاری کەرکوکدا تەنها بە کتێبخانەوە نەوەستا ، بەڵکە کەرتەکانی دیکەی ڕۆشنبیریشی گرتەوە ، سەربارى ئەوەی لە ساڵی ١٩١١ ەوە ڕۆژنامە لە کەرکوك دەرکرا کە دواتر هەڵوێستەیەك لەسەری دەکەین ، لە چلەکان سینەماش هاتە شارەوە ، بوونی سینەما تێکشکاندنی ئەو شورایە بوو ، ڕێگەی دەگرت لە بینینی جیهانی دەرەوەی سنوورەکان ، لە ڕێگەی سینەماوە وێنەیەك لە ژیان و پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا هاتە ناو وڵاتەوە ، جەماوەر لە شێوازی ژیان ، ئاستی پێشکەوتن ، پەرەگرتنە ئابورییەکان ، شێوەی شارەکان و ئاپارتمانە بەرزەکانییان بە چاوی خۆیان بینی ، بازاڕە قەشەنگە ڕوناکەکان لە هۆڵی سینەماوە ئاوی لە چاو دادەهێنا ، ئەوەی لە ڕۆژئاوا دەگوزەرا سینەماو تەلەفزیۆن هێنایانە ناو شارەوە ، خستیانە بەردەست نوخبەی خوێندەوار و دەوڵەمەندی شار ، تەنها ئەوەندە ما بیر لەوە بکەنەوە چۆن لاساییان بکەنەوە .

**(( ساڵی ١٩٤٠ سینەما غازی دروستکرا ، لە نزیك پردی بەردین ٢٩ ) .**

کەرکووك لەو ماوەیەدا ، گۆڕانکاری ڕۆشبیری ، ئابوری ، سیاسی کۆمەڵایەتی گەورەی بەخۆوە بینی ، قەڵەمبازی گەورەی دا ، چەندین فرسەخی بڕی ، چینی ناوەند کە پاڵەوانی مۆدێرنتەکردنی شار و شارنشینییە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە بەرزبوونەوەدا بوو .

ئەگەر چاوێك بە ئامارەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە بخشێنین ، دەبینین کەرکووك هەنگاوی زۆری ناوە لەم بوارەدا .

---

بەگوێرەی شەمسەدین سامی ، وەك پێشتر ئاماژەمان پێیداوە ٧ قوتابخانەو یەك ڕوشدیە لە کەرکوکدا هەبووە لە ساڵی ١٨٩٦ ، وەلێ بە گوێرەی ساڵنامەی

عوسمـانی سـالّی ١٨٩٢ كـه نـصرەت مـەردان بـلاّوی كردۆتـەوە ، كـەركوك ١٥ قوتابخانەی سەرەتایی و ١ ناوەندی تێدا هەبووە ، بەلاّم سالّنامەی موصلّ باس لـە ١٥ قوتابخانەو یەك ڕوشدییە دەكات لە سالّی ١٨٩٢ ، كـە نـەجات كۆپرئۆغلـو بـلاّوی كردۆتەوە . لەسەرجەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ژمارەیەك قوتابخانەی بـاش لە كەركووكدا هەبووە لە كۆتایی سەدەی نۆزدە .

دوای نیـو سـەدە لـەو مێـژووە ، دەبینـین ژمـارەی قوتـابی و قوتابخانـەكان بـەم شێوەیە لە شاری كەركوك زیاد دەكـەن (( لـە سـالّی ١٩٤٧ لـە لیـوای كـەركوك ٦٩ قوتابخانە ،٦٧٠٠ قوتابی هەبووە ، لە وانـە ١١ قوتابخانـەی كـچان ، ١ دواناوەنـدی كوڕان ،١ ناوەندی كچان ،١ پیـشەسازی . بەشـێك لـەو قوتابخانـە كەوتونەتـە قـەزاو ناحییەكانەوە كە لە ئامارەكان پێشوودا ئاماژەیان پیٌ نەدراوە )).

وەك دەبینیین گۆڕانكاری گەورە ڕوی داوە لـە ژمـارەی قوتـابی و قوتابخانـەكان و پلەو شێوەیان ، پەیدا بونی قوتابخانەی كـچان و ئامـادەیی پیـشەسازی ، گـرنگترین دەسكەوتن لە بواری پەروەردەدا بۆ شاری كەركووك ، لە ماوەی ئەو نیو سـەدەیەدا .

لە چلەكان كەرتی پەروەردە گەشەیەكی بەرفراوانی بەخۆوە بینی ، كار و كـارگێڕی لە شارەكە كە بەرین ببوەوە ، پێویستییان بە دەرچووانی كەرتی پەروەردە هـەبوو ، هیچكە دەرچووانی حوجرەكان نایانتوانی وەلاّم بە پێداویستی سەردەم بدەنەوە .

لە سالّی خوێندنی ١٩٤٧ ، تـەنها ١ قوتابخانـەی ئامـادەیی كـوڕان لـە كەركوكـدا هەبووە( ئامادەیی كچان نەبووە) ، (( لە ١٩٤٧–١٩٤٨ و ١٩٤٨–١٩٤٩ ژمارەیان گەیشتە ٢ قوتابخانەی ناوەندی كوڕان و ١ قوتابخانەی ناوەنـدی كـچان ، لـە سالّی ١٩٤٩–١٩٥٠ بوو بە ٤ قوتابخانەی ناوەندی كـوڕان و ١ی كـچان ، لـە ١٩٥٠–١٩٥١ بوو بە ٥ كوڕان و ١ كچان ، لە ١٩٥٢ژمارەی قوتابخانەی ناوەندی و ئامـادەیی وەك خۆی بە نەگۆڕی ماوەتەوە ٣٠ ) .

بـەلاّم قوتابخانـەی سـەرەتایی كـوڕان و كـچان و ژمـارەی قوتابیـانی هـەردوو ڕەگەزەكە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە لە كەركووكدا :



| سالّ | ژ.ق. كوڕان | ژ.ق.كچان | قوتابی كوڕ | قوتابی كچ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٨–٤٩ | ٦١ | ١٢ | | |
| ١٩٥٠–٤٩ | ٦٢ | ١٣ | ٦٩٨٦ | ٢١٨٦ |
| ١٩٥٠–٥١ | | | ٧١٦٢ | ٢١٨٠ |
| ١٩٥٢ | ٦٣ | ١٣ | ٧٧٤٦ | ٢٣٨٠–٥١ |

هەرچی ژمارەی گشتی مامۆستایانی ئامادەیی و ناوەندییە لە شاری كەركوك ئـاوا بووە :_

| سالّ | مامۆستای پیاو | مامۆستای ژن |
|---|---|---|
| ١٩٤٥–١٩٤٦ | ١٦ | ٦ |
| ١٩٤٦–١٩٤٧ | ١٨ | ٦ |
| ١٩٤٧–١٩٤٨ | ٢٣ | ٥ |
| ١٩٤٨–١٩٤٩ | ٢٦ | ٧ |
| ١٩٤٩–١٩٥٠ | ٢٩ | ٧ |
| ١٩٥٠–١٩٥١ | ٤٢ | ٨ |
| ١٩٥١=١٩٥٢ | ٤٥ | ١٦ (٣١ ) . |

بـەلاّم ژمـارەی قوتابیـانی ئامـادەیی و ناوەنـدی كـوڕان و كـچان ، بـەم شـێوەیەی خوارەوە بووە :

| سالّ | ئامادەیی ك | ئا كچ | ناوەندی كوڕ | نا كچ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ١٣١ | هیچ | ٣٧٢ | ٨٦ |
| ١٩٤٨ | ١٤٤ | هیچ | ٤٣٦ | ١١٠ |
| ١٩٤٩ | ١٥٠ | هیچ | ٦٠٨ | ١٥٠ |
| ١٩٥٠ | ١٧٤ | | ٧٣٢ | ٢١٠ |

١٩٥١ ٩٤٥ ٢٣٧ ( ٣٢ ) .

ژمارەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان و کچان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

| ساڵ | پیاو | ژن |
|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٢٠٥ | ٨٦ |
| ١٩٤٨ | ٢٣٥ | ٦٦ |
| ١٩٤٩ | ٢٤٧ | ١٠٠ |
| ١٩٥٠ | ٢٦١ | ١٠٤ |
| ١٩٥١ | ٣٠١ | ١٢٧ |

ئاماری گشتی قوتابخانە ، پۆل ، مامۆستا ، قوتابیانی کچ و کوڕ ، لە ساڵی خوێندنی ١٩٥٥–١٩٥٦ دا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە :

| قوتابخانە | ژ قوتابخانە | ژ پۆل | ژ مامۆستایان | ژ قوتبیان |
|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی کوڕان | ٤١ | ٢٨٠ | ٢٨٠ پ | ٨٦٢٦ ک |
| سەرەتایی کچان | ١٥ | ٨١ | ٨١ژ | ٢١٢٩ک |
| قوتابخانەی احداث | ١٤ | ٨١ | ١٢پ ٧٤ژ | ٦٤١پ ١٧٢٣ژ |
| قوتابخانەی س لادێ ک | ٣٣ | ١٣٥ | ٩٩پ | ٢٢٨٩ ک |
| ق احداث لە لادێ | ٢ | ٩ | ٦ | ١٤٧ک ١١ژ |
| ق س اهلی کوڕان | ٥ | ٣٢ | ٤٩پ ٣ژ | ٨٨٢ک ١٤٣ژ |
| ق الاحداث اهلی | ٣ | ١٨ | ١٧ژ | ٣٠٧ک ٢٤٢ ژ |
| ق هێڵی شەمەندەفەر ٢ | | ٩ | ٥پ | ١٣٧ پ ٣٠ژ |
| کۆی گشتی | ١١٥ | ٦٢٢ | ٤٥١پ ١٧٥ژ | ١٣٠٢٩ ک ٤٢٧٩ژ (ئافرەت) (٣٣). |

پێشکەوتن لە کەرتی پەروەردە ، دەستپێکی گەشەسەندنە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ، بە ئاستی پێویست و خوازراو نەبووە ، لە لایەن دەوڵەتەوە بودجەی پێویستی بۆ دابین نەکراوە ، وەك لێرەدا لەم نامەیە دەبینین :

((خەرجی کەرتی پەروەردە لە بوجەی ساڵی ١٩٥٧ – ١٩٥٨ بڕی ٤٠٤٥٠٠ دیناری دەوێت ، کەچی تەنها ٣٨٠٠٠٠ دیناری بۆ تەرخان کراوە ، بۆ ساڵی ١٩٥٨ – ١٩٥٩ پڕۆژەیەك بە ٤٨٧٧٩٨ دینار پێشکەش کراوە ٣٤ ) .

بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان ، بە تایبەت بەرزبونەوەی ڕێژەی لە دایك بوون و دابەزینی ڕێژەی مردن ، ژمارەی منداڵانی کەمتر لە ١٥ ساڵ زۆر چووە سەر (



ساڵی ١٩٥٧ نێوەندی لە دایك بوون ٣٧٠٠٠ بووە ، مردن ٤,٨ هەزار بووە ( ٣٥ ) ، ئەمەش لە ئەنجامی چاك بوونی کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە و باش بوونی خۆراکی هاووڵاتیان و نەمانی سەردەمی گرانییەکان و بە کۆمەڵ بە نەخۆشی و برسێتی مردنەکانە ، بۆیە داواکاری لەسەر دروستکردنی قوتابخانە زیادی کرد ((پێداویستی قوتابخانە زیادی کرد ، داوا کرا ٣٤ قوتابخانە لە ناو شار و قەزاو ناحیەکان دروست بکرێت لەوانە ٢ لە شۆڕجە (کوڕان وکچان ) و ١ لە هەریەك لە گەڕەکەکانی ئیمام قاسم و شاترلوو صاری کەهیە ٣٦ ) . ((بەگوێرەی ئاماری ١٩–١٠–١٩٤٧ لە کۆی ٢٨٦٠٠٥ کەسی دانیشتوی کەرکوك ٢١٣٨٤ کەسی خوێندەوارە . لە عێراقیش لە کۆی ٤٨١٦١٨٥ ، ٣٣١٩٤٦٩ی نەخوێنەوارە ٣٧ ) .

بەم شێوەیە دەبینین لە سەرجەم لیوای کەرکوك ، خوێندەواری ڕێژەی تەنها ٧,٤٧٦٪ بووە ، لە عێراقیش ڕێژەی خوێندەواری ٣١,١٧٪ بووە ، لێرەوە جیاوازی نێوان ڕێژەی خوێندەواری لە لیوای کەرکووك و هەموو عێراقمان بۆ دەردەکەوێت ، خوێندەواری لە لیوای کەرکووك کەمتر لە شارەکی عێراق بووە .

هاوکات بەهۆی گەشەکردنی کەرتی پەروەردە لە شاردا ، بۆ دابینکردنی شوێنی ژیان بۆ مامۆستایان ، دەوڵەت هەوڵی دروستکردنی خانووی داوە بۆ مامۆسایان ، تەنها نموونەیەك لەمە ((١٦ خانوو بۆ مامۆستایان دروستکرا ٣٨ ) .

## بەرهەمی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری

گۆڕانکاری لە هۆیەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە کەرتی کشت و کاڵ ، هۆکاری سەرەکییە بۆ گەشەی ڕێژەی شارنشینی لە هەر وڵاتێکدا ، شار دژەکەی لادێیە ، بە گەشەکردنی هەریەکەیان ئەوی دیکە دەپوکێتەوە ، کەرەسەی سەرەکی گەشەی ڕێژەی شارنشینی ، هاووڵاتییانی لادێیە ، ئەو هاووڵاتیانەی ملی ڕێگای

شار دەگرنە بەر ، بۆ درێژەدان بە ژیان و گەڕان بە دوای بەهەشتێکدا ، لە ئێش و ئازاری سستەمی دەرەبەگایەتی و ڕەنج و مەینەتییەکانی ناو کێڵگەکانی کشت و کاڵ و برسێتی و بێکاری ڕزگاریان بکات .

لە قۆناغی گۆڕان لە پەیوەندی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی بۆ سەرمایەداری ، بەکارهێنانی ئامێرە پێشکەوتوەکانی بەرهەم هێنان لە کەرتی کشت و کاڵ دەچێتە سەر لە ڕوی چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی بەکارهێنانی هێزی کار لە کەرتی کشت و کاڵ ، بەمەش ژمارەی بێکارانی لادێ دەچێتە سەر . بۆ درێژەدان بە ژیان ، و پەیداکردنی پاروی ڕۆژ ، سوپای بێکارانی لادێ کۆچ دەکەن بۆ شار . بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان .

بۆیە ناتوانرێت قسە لەسەر هۆکاری کۆچکردن بکرێت ، بێ دەستنیشانکردنی گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان .

کەرکوک لە دوای ڕومادی و موصڵەوە دەهات لە ڕوی فراوانی ڕوپێوی خاك لە عێراقدا ، سەرباری ئەوەی بەشی زۆری خاکەکەی ڕەقەن و بە پیت و تەختاییە و بە کەڵکی کشت و کاڵ دێت .

هاوکات پەیوەندی زاڵمانەی دەرەبەگایەتی لە شاری کەرکوك لە ترۆپکدایە ، لە کوردستاندا بەرزترین پلەی خاوەندارییەتی دەرەبەگایانەی زەوی لە کەرکووکدا بوو ، بۆیە هەر گۆڕانکارییەك لەپەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان ، هەر چاکسازییەك لە بواری یاسای چاکسازی کشت و کاڵێی و بەکار خستنی ئامرازی نوێ لە بواری بەرهەم هێناندا ، ڕاستەوخۆ کاردانەوەی لەسەر ژیانی جوتیارانی هەژاری دەڤەری کەرکوك دەبوو :

((لیوای کەرکوك لە ڕووی ڕوپێوی خاك ، لە دوای ڕومادی و موصڵ گەورەترین ڕوپێوی خاکی هەبوو لە عێراقدا ، بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٥١ ، ڕوپێوی خاکەکەی ٢٠٣٥٥ کم٢ ، ڕوپێوی زەوی کشت و کاڵییەکەی ٨,٥٦٢ کم٢ ، ژمارەی خاوەندارانی زەوی ٧٤٠٩ کەس بوو ، ڕێژەی ناوەندی موڵکدارییەتی زەوی لە کەرکوك بۆ هەر خاوەندارێك ٤٦٢ مشارەو ١١٦ هکتار زەوی بوو ، ئەم ڕێژەیەش بەرزترین پلەی خاوەندارییەتی دەرەبەگایەتی زەوی هەبوو لە عێراقدا ، لە دوای شارەکانی عەمارە و کوت و ناسریە .



هەرچەندە هەولێر بە هەرێمی خاوەندارییەتی دەرەبەگانەی زەوی ناسراوە ، کەچی هەر مەلاکێك تەنها ١٣٠ مشارەو و ٢٣ هکتار و سلێمانی هەر مەلاکێك ٦١ مشارەو و ١٥ هکتار زەوییان بەر دەکەوت (٣٩) .

گەورەترین خاوەندارانی زەوی لە لیوای کەرکوك ، مەلاکە کوردەکان بوون ، جگە لە مەلاکە کوردەکان ، لە لیوای کەرکووکدا هیچ مەلاکێکی نەتەوەکانی دیکە لە لیستی گەورە خاوەندارانی زەوی نابینین .

ئەمەش دوو لایەنی هەیە ، لە لایەکەوە دەربڕی ئاستی چەوساندنەوەی جوتیارانی کوردی ناوچەی کەرکووکە ، لە لایەن شێخ و کوێخا و بەگ و دەرەبەگە کوردەکانی کەرکووکەوە ، لە لایەکی دیکەوە کوردەکان بۆ خۆیان خاوەنداری زەوی ناوچەکە بوونە لە لیوای کەرکوك ، دەربڕی ئەوەیە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن ، بۆیە لە یەکلاکردنەوەی ناسنامەی شارەکە دەبێت ئەم خاوەندارییەتییە لەبەرچاو بگرترێت ، سەرباری گرنگی خاوەنداری ئەو زەوییانەی کە چاڵگە نەوتییەکان دەکەونە ناوییەوە .

((هەشتەم مەلاك لەعێراق سەید ڕۆستەم سەید محەمەد کاکەیی بوو لە کەرکوك ، خاوەند ١٩١٠٣٩ دۆنم زەوی بوو . شێخەکانی تاڵەبان خاوەند ١٣٧١٦٣ دۆنم زەوی بوون ، بە پلەی ١١هەمین دەهاتن لە ڕیزی گەورە خاوەندارانی زەوی لە عێراق ، بابانییەکان ٨١٣٥٣ دۆنم زەوییان لە کەرکوك و دیالەو حلە بەدەستەوە بوو ، سەید ئەحمەد خانەقا ٤٢٣٥١ دۆنم زەویی هەبوو ، ئەمانە لە ڕیزی گەورە ٤٧ مەلاکەکان دەهاتن لە عێراقدا ، کە هەر یەکەیان ڕێژەی ٣٠٠٠٠ دۆنم زەوی زیاتریان هەبووە ، لە هەرە گەورە مەلاکانی عێراق بوون ( ٤٠ ) .

چەوساندنەوەی هەمەلایەنەی جوتیاران ، لە لایەن ئاغا و شێخ و کوێخا و بەگەکانی کەرکووکەوە ، ژیانی لە جوتیاران تاڵ کردبوو . جوتیاران بە دوای هەلێکدا دەگەڕان ڕزگارییان بێت لەو دۆزەخە ، بۆیە دەبینین کاتێك پاشایەتی دەڕوخێت ، جوتیارانی کەرکوك بە لێشاو ڕوو لە شار دەکەن و لە گەڕەکی کۆماری لە کەناری شار دەگیرسێنەوە ، هەروا بەشی زۆریان لە ڕووی سیاسییەوە حیزبی شیوعی هەڵدەبژێرن وەك وەڵامدانەوە بەرامبەر بە چەوساندنەوەکانی ڕابردوو ، لە قۆناغی دواتریشدا زۆربە پەیوەست دەبن بە کۆمەڵەوە (( ئاغاکان هۆکارێکی کۆچی جوتیاران بوون ٤١ ) .

پاش ئەوەی شار لە ڕووی ئابورییەوە چالاك بوو ، دەسەلاتی دەرەبەگایەتی لە لادێ بەرەو لاوازی چوو ، شارەکان بوونە شوێنی جموجۆڵی سیاسی . بە ئاستەم جوتیاران هەلیان بۆ ڕێك کەوت ، لادێیان بەجێ هێشت و بەرەو شار کۆچیان کرد ، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە کۆچ ڕوو لە شار بەرەو بەرزبونەوە دەچوو ((کۆچ لە لادێوە بۆ شار لەساڵی ١٩٤٧ ەوە چووە سەر ٤٢ ) .

هێنانی ئامێر و تەکنەلۆژیاو ئامرازی نوێی بەرهەم هێنان لە کەرتی کشت و کاڵ ، بۆ ناو بازنەی بەرهەم هێنان ، بەڕادەی سەرسوڕهێنەر بەکارهێنانی هێزی کاری دەستی جوتیارانی کەمکردەوە ، ئەمەش بووە هۆی بێکارکردنی جوتیارانی بێ زەوی لە لادێ ، پانتاییەك بۆ جێگەیان لە بازنەی بەرهەم هێنان لە لادێ نەمایەوە ، بۆیە تاکە ئەلتەرناتیفیان کرچکردن بوو بۆ شار ، بۆ فرۆشتنی هێزی کار .

لە چلەکان بە دواوە ، وردە وردە کەلوپەلی کشت و کاڵی پێشکەوتوو هێنرایە ناو عێراق و کەرکووکەوە ، یەکێك لەوانە ، ترۆمپای ئاوە ، کە ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لە بواری کشت و کاڵ و پێشخستنی ئاودێریدا .

| سالٌ | ١٩٥٠-٤٩ | | ٥٠ -٥١ | | ٥١-٥٢ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | هێز | ژمارە | هێز | ژمارە | هێز |
| کرکوك | ٣ | ٤٤ ئەسپ | ١١ | ٢٣٧ ئەسپ | ١٣ | ٢٥٤ئەسپ |
| عیراق | ٣٥٩٣ | ١٣١١٣٩ | ٣٧٧٥ | ١٤٢١٠٧ | ٤٠٦٩ | ١٥٦٨٧٤ (٤٣) . |

هەرچی ماشین و کەلوپەلی کشت و کاڵییە ، لە کۆتایی چلەکانەوە بۆ یەکەمجار هاتە کەرکووکەوە ، بوونی ماشین و کەل و پەلی کشت و کاڵی سەرباری ئەوەی ڕۆڵی کاریگەر لە بەرهەم هێنانی کشت و کاڵدا دەگێڕێت و شوێنی کاری دەستی جوتیاران دەگرێتەوە ، هاوکات پەیوەندی شار و لادێ بە یەکەوە بەهێز دەکات ، هەروەها جوڵە بە بازرگانی دەدات ، جوتیاران هان دەدات بەروبووم بۆ بازاڕ بەرهەم بهێنن ، بە تایبەت ئەو بەروبومانەی جاران بەرگەی ڕێگەی کەر و بارییان ناگرت :

| جۆر | ساڵ | ژمارەی لە کەرکوك |
|---|---|---|
| لاندرۆڤەر | ١٩٥٠ | هیچ |
| ——— | ١٩٥١ | ١ |
| ——— | ١٩٥٢ | ١ |
| جێبی کشتوکاڵی | ١٩٥١ | ٢ |
| ———— | ١٩٥٢ | ٢ |
| ئامێر هەڵکەندن | هیچ | |
| بەزارە | هیچ | |
| دەڕاسە | هیچ | |
| خەرماشە | ١٩٥٢ | ٣ ( ٤٤) . |



ناوچەی کەرکووك جگە لەوەی ناوچەیەکی کشت و کاڵی گرنگ بوو لە عێراق ، هاوکات لە ڕوی ساماداری ئاژەڵیشەوە دەوڵەمەند بوو ، جگە لەوەی پێداویستی خۆی لە شیر و گۆشت و خوری و پێستە دابین دەکرد ، لێشی زیاد دەبوو :

| | ١٩٥٠ —١٩٥١ | ١٩٥١ — ١٩٥٢ |
|---|---|---|
| مانگا | ٢٣١٥ | ٢٧٦٠ |
| مەڕ | ٤٢٨٧٢ | ٤٥٤٥٣ |
| بزن | ٣٨٨٦٥ | ٢٨٨١١ |
| عێراق: مانگا | ١٠٨٢٠٨ | ٩٨٧٣٩ |
| مەڕ | ٧٨٥٦٥٠ | ٨٣٥٢٩١ |
| بزن | ٢٢٠٥٢٥ | ٢١٢٤٩٦ ( ٤٥) . |

کەرکووك نەك توانیوییەتی پێداویستی خۆی دابین بکات لە بەروبوومی ئاژەڵ و پەلەوەر ، بەڵکە بەشێك لە شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق پشتییان بە بەرهەمەکەی بەستووە .

---

بەرهەمی هێنانی شیر لە لیوای کەرکوك بەم شێوەیە بووە :

| ناوچە | هەزار لتر | کاربردی ناوخۆ | بڕی بۆ ڕۆن و پێداویستی دیکە |
|---|---|---|---|
| ناوەندی کەرکوك | ٧٥ | ٥٠ | ٢٥ |
| پردێ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ٣٠٠٠٠ |
| کفری | ٥٠ | ٢٠ | ٣٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قەرەتەپە | ١٨ | ١٢ | ٦ |
| چمچماڵ | ٥٠٠ | ٩٠ | ٤١٠ |
| خورماتوو | ٥٠٠ | ٢٥٠ | ٢٥٠ |
| کۆ | ١٥٤٣٠٠٠ | ٥٢٢٠٠٠ | ١٠٢١٠٠٠ ( ٤٦) . |

بەهۆی باشبوونی باری ئابووری تاکەوە ، توانای بەکاربەری هاووڵاتیان چووە سەر ، بۆیە نرخی ئاژەڵ و پەلەوەر لە بازاڕ زیادیکرد.

---

| | |
|---|---|
| مەڕ | ٤ دینار |
| بزن | ٢,٥ دینار |
| مانگا | ١٥ |
| گۆلك | ٤,٥ |
| گوێدرێژ | ٢ |
| مریشك | ٠,٢٥٠ |
| مریشکی ڕۆمی | ٠,٥٥٠ |
| گا | ٣٥ ( ٤٧ ) . |

## گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی

لە کۆتایی دەیەی نۆی سەدەی نۆزدەدا ، لە کەرکووك جگە لە ١٥ ئاشی ئاو ، ١٢٨٢ دوکان ، ژمارەیەك دوکانی تەنەگەچی و ئاسنگەر و دارتاش .... شوێنگەیەك بۆ دروستکردنی قوماش و یەك بۆ کەتان و یەکیش بۆ داو ، لە پاڵ خەمچی و زێڕەنگەر و هەویرکاری ، هیچی دیکە لە شاردا نابینرا ، لە ناو کریستانەکانیش دروستکردنی شەراب و ئارەق هەبووە .

بەڵام لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەوە ، سەرباری کۆمپانیای نەوت لە کەرکووك ، وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا ، کە هەزاران کرێکار کاریان تێیدا دەکرد ، دەیان کورەخانەی بەرهەم هێنەری گەچ و قایە شکاندنیش هەبوون ، کە سەدان کرێکار لە ناخۆشترین هەلومەرجی کارکردندا کاریان تێیدا دەکرد، بە دوایدا



کۆمەڵێك پرۆژەی بچوك و مام ناوەندیش هاتنە ئاراوە ، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو پرۆژانە لە زیاد بووندا بوون : (( لە ساڵی ١٩٥٤دا لە لیوای کەرکوك ١٣٢٨ پرۆژەی پیشەسازی هەبووە ، ٣٥٢٧ کرێکار کاریان تێدا کردووە ، ١٧٢٠٠٠ دینار هەقدەستی ساڵانەی کرێکارەکانی بووە ، داهاتی گشتییان ٢,٠٨٦,٠٠٠ دینار بووە ( ٤٨ ) .

وەلێ کرێکاران لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و نا لەباردا کاریان دەکرد ، هیچ یاسایەك نەبوو داکۆکییان لێ بکات ، سەرباری ئەوەی کرێی کاریان زۆر لە خوار بوو ((ڕۆژانەی کرێکاری زیاتر لە ١٦ ساڵ تەنها٢٥٠ فلس بوو ، بەڵام کەمتر لە ١٦ ساڵ ١٨٠ فلس بوو ( ٤٩) .

کۆچبەرانی کورد لە لادێوە دەهاتنە شارەوە ، ژیانێکی پڕ مەرگەسات چاوەڕوانیان بوو ، هەلی کارکردنیان لە ئاستێکی زۆر لەخواردا بوو ، کەناسی ، حەمباڵی ، دەست فرۆشی ، کرێکاری بیناو کورەی گەچ ، شاگردی ، باخەوانی ، فەڕاشی ، حەرەسی .... .. یان دەکرد ، سەرباری ئەوەی لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی کەنار شار ، خانوی کرێی بچوك و خراپیان بەکرێ دەگرت ، زستان لەبەر تکەی باران و هاوینانیش گەرما ، خێزانی گەورە لە هۆدەیەکدا ، کە جاری وا هەبوو لە چەند خێزانێك پێك داهاتن ، هەموو پێکەوە دەژییان .

---

ئەم هەلومەرجە خراپەی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردی کەرکووك بوو وای کرد ، یەکێك لە نەبەردە چینایەتییە گەورەکانی مێژووی عێراق لە کەرکووکەوە کڵپە بسێنێت ، کە نزیك بە شەش یەکی دانیشتووانی ئەوسای شار بەشداربوون تێیدا ((لە خۆپیشاندانی ١٢-٧-١٩٤٦ گاوورباخی کەرکوك زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەس بەشدارییان کرد (٥٠ ) .

بازرگانی لەگەڵ دەرەوە چووە سەر ، ئەمەش وای کرد کەرتی گواستنەوەو گەیاندن و پەیوەندی گەشە بکات ((بازرگانی دەرەوە گەشەی کرد لەگەڵ ئەورووپا ، پۆست و برقیە هاتە ئاراوە (٥١) .

بەکارهێنانی وزەی کارەبا لە بەرز بوونەوەدا بوو ، تەزووی کارەبا گەیشتە هەندێك شارو شارۆچکەی دەوروبەریش ، بوونی وزەی کارەبا گەشە بە کەرتی

پیشەسازی مۆدێرن دەدات ((ژمارەی ئەو خانوانەی وزەی کارەبایان بۆ ڕاکێشرابوو ، لە هەموو لیوای کەرکوك دەگەیشتە ٨٣٦٢ خانوو ، کە دەیکردە ١٧,٢٨٪ ی هەموو لیواکە (هەموو چەچەماڵ ١ ماڵ –دووز ٤٨٨– کفری ٤٥٧) . هەرچی ئەو ماڵانەی بۆڕی ئاویان بۆ ڕاکێشرابوو ، ژمارەیان دەگەیشتە ١٠٩٦٢ خانوو ، دەیکردە ٢٢,٦٦٪ سەرجەم خانووەکان ، لێ ئەو ماڵانەی ئاودەستیان هەبوو بریتی بوون لە ١٤٥٩٩ خانوو ، دەیکردە ٣٠,١٨٪ ی خانووەکانی لیوا ، ئەو ماڵانەی گەرماویان هەبوو ٥٨٧٥ ماڵ بوو ، دەیکردە ١٢,١٥٪ ی هەموو ماڵەکانی لیواکە (٥٢) .

(( لە ناوەندی قەزای کەرکوك ، ژمارەی ئەو حەوشانەی تەزوی کارەبایان هەبوو ٧٤١٦ ماڵ بوو ، ئەوانەی بۆڕی ئاویان هەبوو گەیشتە ٩٢٤٢ ماڵ ، ئەو خانوانەی گەرماویات هەبوو ، ژمارەیان دەگەیشتە ٥٢٥٥ ماڵ ، ئەوانەی ئاودەستیان هەبوو ژمارەیان ١٢٤٣٨ ماڵ بوو ( ٥٣ ) .

بە گەورە بوونەوەی شار ، زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان ، ڕێژەی بەکار هێنانی ئاویش چووە سەر (( هاوکات لە لیوای کەرکوك بۆ پێداویستی هاووڵاتیان ١١٥ بیری نوێ لێدرا ( ٥٤ ) .

بە گەشەکردنی پەیوەندی ئابوری سەرمایەداری ، بۆ هاوکاریکردنی کەرتی تایبەت و هاندانیان بۆ کردنەوەی پرۆژەی ئابوری نوێ ، بانك وەك پێداویستی سەرەکی سەرمایەگوزاری کرایەوە ((بانکی ڕەهن لە بەرواری ٩-٦-١٩٥٦ لە شەقامی مەجیدیە کرایەوە ( ٥٥ ) .

شار خەڵکەکەی بەکار بەرن ، بە پێچەوانەی لادێوە کە خەڵکەکەی پاشەکەوت کەرن ، شارییەکان بازاڕ بەرهەم دەهێنن ، بۆیە چەندە ژمارەی دانیشتووان و داهاتی تاك تێیدا بچێتە سەر ، بازاڕەکانی گەشە دەکات و بازرگانییەکەی دەبوژێتەوە ، لە گەڵیدا پیشەسازی شمەکە بەکاربەرە ئارایشتیی و خۆراکییەکان تیایدا گەشە دەکات .



هاوکات بە جوڵانی بازاڕ ، گەورە بوونەوەی شار ، زۆربوونی دراو لە بازاڕ ، کەمکردنەوەی باج لەسەر موڵکدارەکان ، چینێکی دەوڵەمەند پەیدا بوون ، ئەمانەش کەوتنە دروستکردنی قەسری گەورە گەورە لە گەڕەکەکانی کەنار شار ، بۆ ڕزگار بوون لە هەرجومەرجی شار کە پڕ ببوو لە خەڵکی نەناسراوو و لادێیی نەخوێندەوار و بێگانە بە کولتوری شارنشینی :

((دەوڵەمەند زیادی کرد لە ڕوی چەندی چلۆنایەتییەوە ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کاربردییان زیادی کرد ( ٣٦ ) .

ئەم دەوڵەمەند بوونە گەشەی بە بازاڕ و دروستکردنی خانوو و قەسر دا لە شارا .

بەهۆی گەورە بوونەوەی شار ، وە پەیدابوونی ماشین ، بۆ خێراکردنی پەیوەندییەکان ، ئۆتۆمۆبێلی گواستنەوەی هاووڵاتیان بۆ شار دابین کرا ، کۆمپانیای تایبەت بۆ ئەم کەرتە دروستکرا :

((بەهۆی گەورە بونەوەی شار و زۆربوونی دانیشتوانەکەی ، هەژاری لە لە بواری گواستنەوە ، ئەنجومەنی شار لە دانیشتنی ڕۆژی ١٥-٢-١٩٥٥ ، بڕیاری دامەزراندنی مصلحە لنقل الرکابی دا ، بە کۆی سەرمایەی ٢٥٠٠٠٠ دینار ، ٢٦ پاس دابین کرا بۆ شار ، کە ڕۆژانە هەریەکەیان ١٦ کاتژمێر کاربکەن ( ٥٧ ) .

ئەم پاسانە جگە لەوەی گەڕەکە دورەکانی بەستەوە بە ناوەندی شارەوە ، هاوکات پەیوەندی گەڕەکە دوورەکان و شارو شارۆچکەکانی بەشار و ناوەندی شارەوە بەهێز کرد .

## بواری تەندروستی

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ، لە هەموو ناوچەی کەرکووك تەنها ١ نەخۆشخانەو هەمان ژمارە دەرمانخانە هەبوو .

لە ساڵی ١٩٤٧ لە هەموو لیوای کەرکوك ، ئەو ژمارەیە بەرزبووەوە بۆ ١ نەخۆشخانەی سەرەکی و ٢٢ نەخۆشخانەی بەش ، تەنها ٨ پزیشك ، کە ٦یان عێراقی بوون کارییان دەکرد لەو نەخۆشخانانە .

لە پەنجاکاندا ئەم ژمارەیە بەرز بووەوە بۆ ٥ نەخۆشخانە (( کەرکوك لە ساڵانی ١٩٥١ و ١٩٥٢ تەنها ٥ نەخۆشخانی تێدابوو ، لە کۆی ٨٣ لە ١٩٥١ و ٨٩ لە ١٩٥٢ لە هەموو عێراقدا ( ٥٨) .

لە هەمان ساڵدا ژمارەی کارمەندەکانی کەرتی تەندروستی لە لیوای کەرکووك بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

((چاودێری تەندروستی ٧ ، کوتێنەر (١٥) ، برین پێچ (٤٦)، وێنەگری ئەشیعە(٢)، یارمەتیدەری ئازمایشگا(٢) ، مامان(٢٠)، سستەر(٣٢)، کارمەندی تەندروستی (٨) ، یارمەتیدەری دەرمانخانە (١) ، ددان دروست کەر (٣)، دکتۆری ددان(٧)( ٥٩ ) .

هەمان ساڵ داواکرا خانوو بۆ کارمەندانی کەرتی تەندروستی دروست بکرێت ( (هەروەها داوا کرا ١٩ نەخۆشخانە و خانوو بۆ بەشی تەندروستی دروست بکرێت . لە ناو داواکارییەکاندا بەشی تایبەت بە ئەشیعە گرتن بۆ شار (٦٠) .

لە هەموو لیوای کەرکوك لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا تەنها ١ دەزگای کارگێڕی حکومی هەبوو ، پاش نیو سەدە ، ئەم ژمارەیە بەرز بووەوە بۆ ٣١ دەزگای کارگێڕی ، هەروەها ژمارەی پزیشکەکان بەرز بووەوە بۆ ١٥ ، هاوکات بەشی وێنە گریش کرایەوە ، کە نوێ بوو لە شاردا ، هاوکات نەخۆشخانەی (حمیات)یش کرایە ، لە ڕابردوودا نەخۆشییە حومەیاتەکان ، هۆکاری مردنە بە کۆمەڵەکان بوو ن ((لە لیوای کەرکوك ٣١ دەزگا هەبوو ، ٢٤ ی لە قەزاو ناحیەکان بوو . لەناو شار نەخۆشخانەی پاشایەتی کەرکوك هەبوو ، دوایی بوو بە کۆماری کە ئامێری ئەشیعەو تاقیگە و ... نەخۆشخانەی تا و چەند نەخۆشخانۆکەیەك هەبوو . لە لیواکە کۆی ١٥ پزیشك هەبوو ( ٦١ ) .

بەهۆی گەشەکردنی کەرتی تەندروستی ، کردنەوەی بەشی کوتان و تا و تاقیگەو ئەشیعەو زۆربوونی ژمارەی پزیشکەکان ، هەروەها باش بوونی باری ئابووری و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی هاووڵاتیان ، ڕێژەی مردن دابەزی ، هاوکات ڕێژەی لە دایك بوون بەرز بووەوە ، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکووکە :



((ساڵی ١٩٥٠ ڕێژەی لە دایك بوون ٣,٩٪ بوو گەیشتە ١٤٧١ ، بەڵام مردن ١,٨٪ گەیشتە ٣٦١ کەس ( ٦٢ ) .

ساڵ بە ساڵ ڕێژەی مردن دابەزی ، سەردەمی دەردە کوشندە بە کۆمەڵەکان تێپەڕی .دووای ساڵێك لەو مێژووە ، مردن بە ڕێژەی ٠,٢٪ زیاتر لە ساڵی پێشوو دابەزی ، هاوکات لە دایك بوون ٠,٥٪ بەرزبووەوە :

((لە ساڵی ١٩٥١ ڕێژەی مردن دابەزی بۆ ١,٦٪ و ڕێژەی لە دایك بوون بەرز بووەوە بۆ ٤,٤٪ ( ٦٣ ) .

## خانوو و شەقامەکانی شار

ژمارە و تەرزی خانوو و پانتایی شەقامەکان ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە دیاریکردنی قەبارەی شار ، بەهۆی ئەوەی پانتایی شارەکان لە ناو شوراو قەڵاکاندا قەتیس مابوو ، بۆیە خانووەکان سادەو بچوك لە پاڵ یەکتر دروست دەکران ، ، تایبەتمەندی شاری ئیسلامی ئەوە بوو ڕێژەی ناوچەی بۆشایی کەم ، نەبوونی باخچەو گرنگی نەدان بە دیوی دەرەوە ، ئەمانەش وای کردووە ، شارەکان بچکۆلەو ناشرین و وشك بن . دوای دەرچوونە دەرەوەی شار لە سنووری قەڵا قەبارەی شار گەورە بووەوە و ژمارەی خانوەکانی زیادیکرد :

((هەموو لیوای کەرکوك ٤٨٣٦٩ خانوی تێدابوو بۆ ٥٤٣٦٠ خێزان .... کۆی گشتی ژوورەکان لە لیوای کەرکوك ١٣٤١١٥ ژوور بوو ( ٦٤ ) .

لەم ئامارەوە ئەوەمان بۆ دەرەکەوێت ، لە ساڵی ١٩٤٧ ، ٥٩٩١خێزان لە لیوای کەرکووك بێ خانوو بوونە ، زۆربەی ئەوانەش بە شێوەی ئاسایی دانیشتووانی شارەکان بوون .

گواستنەوە لەخانووی قوڕەوە بۆ کەرپوچ و قایەو گەچ هەنگاوێکە بۆ مۆدێرنتە کردنی شار ، هەروەها لە خانووی گومبەدییەوە بۆ بنمیچی تەخت و بەکارهێنانی شێلمان و عامود و جەمەلۆن ، بەکارهێنانی خشتی سوورەوە کراو چیمەنتۆ ، بە دوایدا شیش و چەمەنتۆ تەکانی گەورەیان بە تەلارسازی دا لە کەرکوك ، پەیدا بوونی خانووی مۆدێلی ڕۆژئاوایی لە خانووەکانی عەرەفەوە بۆ ئیسکان ، هەروەها باڵەخانەی چەند نهۆمی وەك بانکی ڕافدەین و پۆست و دادگا ..... ، گەورەترین

شۆڕش بوو  له بواری باڵه خانه سازی له سەردەمی خۆیدا له کەرکووك بەرپا کرا ، شاری له شاره دێوه کرد به شاری مۆدێرن .

((لەو خانوانەی له کەرکووکدا بوو ، ٦١٦٠ یان له قایه  و ١٠٥٥ یان  له کەرپوچ دروستکرابوون ( ٦٥ ) .

بوونی ئەو ژماره زۆره  خانووه دروستکراو  له کەرپوچ له شاری کەرکووك ، به دواییدا خانوەکانی عەرەفەو ژمارەیەك خانوو بۆ فەرمانبەران و مامۆستایان دروستکرا و دروستکردنی  گەڕەکی ئیسکانیش  هاته پێشەوه ،  هەموویان  که له سەر شێوەی ڕۆژئاوایی داخراو دروستکرا بوون ، له جیاتی کۆڵانی تەسك ، شەقامی پان و باخچەی بەردەرگا و پەنجەرەی فراوان و دەرگای چەند دەرییان بۆ داندرا ، سیمای شاریان کردەوەو جوانیان کرد ، ڕەنگ و ڕوخساری شاری مۆدێرنیان به شاری کەرکووك  بەخشی .

بەشی زۆری دانیشتووانه کرێچییەکانی  شار لەم سێ بەشه پێك دەهاتن :

- ئەوانەی له لادێکانی کەرکووکەوه دەهاتنه شارەوه .
- ئەوانەی له دەرەوەی لیواکەوه کۆچیان کردبوو بۆ کەرکووك .
- ئەو لاوانەی خێزانی تازەیان پێکەوه نابوو .

هەرچەنده له چلەکاندا هێشتا خانەوادەکان لێك جیا نەبوونەوه ، نەوەو بەره بابەکان هەموو پێکەوه له ناو دیواری یەك حەوشدا دەژیان ، دەرچوون له سنووری حەوش دەرچوون بوو له دەسەڵاتی باوك  و یاخی بوونەوه له داب و نەریتی باو ، مۆدێرنه ئەو پەیوەندییه کۆمەڵایەتیانه هەرەس پێ دەهێنێت ، جارێکی خێزانەکان له یەکەی بچووك بچووك ڕێك دەخاتەوه .  بۆیه کۆمەڵ پێویستی به ژمارەیەکی زیاتری خانوو و زۆر دەبێت ، هاوکات توانای ئابوریش ڕۆڵ دەگێڕێت .

((ژمارەی خانوی کرێ له کاتی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ ، گەیشته  ٤٩٦٣ خانوو ، ئەو خانوانەی لەکاتی ئامارکردنەکەدا بەتاڵ بوون ژمارەیان  ٤٥٠ خانوو بوو . ئەو خانوانەی خاوەنەکانیان تێیدا دەژیان ٥٤,٦٪ خانووەکانی شاری پێك دەهێنا ، له ٢٥٣٨ خانوودا  ژوور بەکرێ چوبوو ، ژمارەی ژووره بەکرێ چووەکانی ناو شاری کەرکوك ، ١٠٤٦٨ هۆده  بوو ( ٦٦ ) .

بەم شێوەیه دەبینین له  زیاتر له نیوەی خانووەکاندا  ژور بەکرێ چووبوو ، به شێوەی گشتی هەر حەوشێك زیاتر  له دوو ژوری بەر دەکەوت ، له ناو حەسارەکان کۆمەڵ کۆمەڵ خێزانەکان پێکەوه دەژیان .



کرێی خانوو له ئاستێکدا بوو ، بەشی زۆری داهاتی تاکی بۆ خۆی دەبرد  ،ئەگەر بەردەوامیش کار دەست بکەوتایه  ، به تایبەت ئەو خانەوادانەی یەك نان پەیداکەریان هەبوایا  ،  ژیان بۆیان سەخت و دژوار بوو .

((ڕێژەی کرێی خانوو بۆ حەوشێك ٤,٦٠٧ دینار بوو ، بۆ ژورێك ٠,٦٧٠ دینار بوو ( ٦٧ ) . بەرزبوونەوەی ڕێژەی له دایك بوون و کەمبونەوەی مردن ،  بووه هۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی خێزان ((لەو کاتەدا ڕێژەی ژمارەی خێزان ٥,٣٦ کەس بوو ، هەر خانوویەك ٦,٠٢  کەسی بەر دەکەوت ( ٦٨ ) .

هاوتا نەبوونی  ژمارەی خێزانەکان لەگەڵ  ژمارەی خانووەکان ، وایکرد کەمبوونی خانوو هەبێت له شار  ، لەگەڵ ئەمەدا قەیرانی پەیداکرنی خانوو دروست ببێت  ، ئەمەش بۆ خۆی هاندەری بنیات نانه .

هەرچەنده  قەیرانی خانوو هەبوو له شارەکه ،  لێ دەبینیین ژمارەیەك زۆر خانوو به بەتاڵی مابوەوه ، خاوەنەکانییان بۆ کرێی  زیاتر هێشتبویانەوه  ((ڕێژەی ئەو خێزانانەی حەوشەیەکیان بەرەکەوت ١,١٢ خێزان بوو ، ڕێژەی ئەو کەسانه بۆ ژوورێك  ٢,١٧ کەس بوو ، ڕێژەی ئەو کەسانه بۆ حەوشێك ٦,٠٢ کەس)) .

هەرچی  شەقامەکانی شاره  ، له سەرەتادا کۆڵانەکان تەسك و بەشی زۆری ئەوسەری داخراو بوو ،  وەلی  بەهۆی گۆڕانی هۆیەکانی گواستنەوەو پەیدا بوونی ئۆتۆمۆبێلەوه  ، شەقامەکان پێویستییان به گۆڕانکاری هەبوو ، وەك دەبینیین زۆرجار بەهۆی پێویستی شەقامی پانەوه لایەکی گەڕەکێك تەخت کراوه  ، گەوره کردنەوەی شەقامەکان بۆ ئەوه بووه ،  بتوانرێت ئۆتۆمۆبێل و گالیسکه  پێدا تێبپەڕێت ، ئەمەش بۆته هۆی ئەوەی قەبارەی شاری گەوره بێتەوه ، ڕێژەی بەشی شەقام له پانتایی گشتی شار بچێته سەر  .

((داوای قیر کردنی ١٣ ڕێگا له لیوا ، له ناویانا ڕێگای کەرکوك– قادر کەرەم ، کەرکوك  – تۆبزاوه  ،   حەویجه  –  کەرکوکی  تێدا بوو ( ٦٩ ) .

هاوکات  ساڵی ١٩٥٦–١٩٥٧ له ناو شار هەڵمەتی قیرتاو کردن دەستی پێکرد ، لەوانه ڕێگای بەغدا، شەقامی غازی، ڕێگەی بەغدا ڕوو له تسن ، شەقامی سەرەتای گاورباخی ، شەقامی نەوت بۆ ئەڵماس .

ئەو شەقامه لاوەکییانەی دروستکراون لەو ماوەیه بریتیین له :

– شەقامی گەڕەکی چای به درێژایی ٦٠٠ مەتر

––––––––––چقور–––––––٧٠٠ مەتر

-----------قەڵا---------١١٠٠مەتر
-----------ئیمام قاسم-----٩٠٠ مەتر
-----------شاترلو---------٥٠٠ مەتر
-----------ساری کەهیە-------٥٠٠ مەتر
-----------ئەڵماس---------٣٩٥ مەتر
-----------شۆرجە---------٣٧٠ مەتر ( ٧٠ ) .

بەهۆی گەشەی ناردەی نەوتەوە ، هەرچەندە تاکو ساڵی ١٩٥٨ ، بەشی زۆری داهاتەکەی ، کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان بۆ خۆیان دەیانبرد ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خستنە گەڕی سەرمایەگوزاری لە بواری پێشخستنی ژێرخانی ئابوری زیادی کرد ((بودجەی کارگێڕی ناوخۆیی(اداره المحلیه) بۆ ساڵی ١٩٥٧ – ١٩٥٨ پێشبینی هاتوو(واردات) ٥٥٧٤٣١دینار بوو ، پێشبینی خەرجی ٥٥١٣٣٧ دینار بوو (٧١ ) .

هاوکات تەنها ساڵی ١٩٥٦–١٩٥٧ لە ناو شاردا ، ئەم پرۆژانە دروستکران ((ئەو بینایانەی دروستکراون بریتین لە : قەسابخانەی نوێ ، بانکی ڕۆژهەلات ، بازاڕی نوێ (سوق عسری)کە لە ٨٤ دوکان پێك دەهات .

هەروەها تەنها لە ساڵی ١٩٥٢دا ، لە شاری کەرکوك ، دەوڵەت ئەم پرۆژانەی ئەنجام دا ((خانەی حەسانەوە بەبڕی ١٣٣٨٠ دینار ، بینایەی چاککرنەوەی ئامێری کشت و کاڵ ، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لە کەرکوك کە لە پەیمانگەی پێ گەیاندنی مامۆستای سەرەتایی ، بەشی تاقیگا لە نەخۆشخانە ، قوتابخانەی پیشەسازی بە بڕی ١١١١١٥,٤٠٠ دینار ، قوتابخانەیەکی ١٢ پۆلی ، دروستکردنی باڵاخانەی دادگای کەرکوك ، دروستکردنی پردێك لەسەر خاسە ، دروستکردنی ٣ خانوو بۆ بەڕێوەبەری خەزێنەو بەڕێوەبەرایەتی واردات و ماموری مەلاك ، دروستکردنی خانووی بەڕێوەبەری پەروەردەی لیوای کەرکوك بە ٤٥٥٠ دینار ، دروستکردنی خانوی سەرۆکی تەندروستی لیوای کەرکوك ، دروستکردنی خانو بۆ سەرۆکی دادگای کەرکوك ، باڵاخانەی زیندانی ، کارگێڕییەك بۆ چاودێری کەش لە لیوای کەرکوك ، خانویەك بۆ ئیزاعەی لاسلکی کەرکوك ، گەورەکردنەوەی مەخزەنی ئەشغال ، ٣ قوتابخانەی ١٢ پۆلی لە موسەلا و صاری کەهیەو پریادی ، ئاپارتمانێك بۆ چاودێری دایکان و منالان ، خانوو بۆ پزیشاکان ،نەخۆشخانەیەك لە تەنیشت باخچەی قەڵا . هەروەها ساڵی ١٩٥٣ پردی قاجار لە سەر ڕێی گەڵۆزی ، پردێکی



نوێ بۆ کەرکوك لە بازاڕی گەورەوە بۆ تەنیشت بانك بە ٧٥٠٠٠ دینار ، پردی دووەم لە سەروی پردی یەکەم بە ٦٤٠٠٠ دینار ، پردێکی نوێ لە تازە ، لەسەر ڕێی بەغدا ، ڕێگای کەرکوك – کۆیە بە درێژایی ٢٠کم بە بڕی ١٨١٧٠٠ دینار ( ٧٢ ) .

بەم شێوەیە دەبینین لە کەرکووك ژمارەیەك پرۆژەی نموونەیی لەو ماوەیە کراونەتەوە ، لە ڕابردووی شار بێوێنە بووە ، لەوانە :

– سوق عەسری تاکو ئێستاش بە بازاڕە مۆدێرنەکەی شار ناو ئەبرێت ، کردنەوەی ئەم بازاڕە، کە زیاتر بازاڕی بەکاربەری هاووڵاتییان بوو لە شمەکی ئارایشی ، ئەمەش دەربڕی بەرزبوونەوەی چاوەڕوانی جەماوەر بوو .

– دروستکردنی دوو پردی بەردین ، بەرگەی باری قورس بگرێت ، وەك وەڵام بە گەشەی هۆیەکانی گواستنەوە .

– دروستکردنی چەندین قەسر لەسەر تەرزی ڕۆژئاوایی بۆ بەڕێوەبەرەکانی شار .

– باڵەخانەی دادگا کە لەسەر تەرزی ڕۆژئاوایی دروستکراوە ، چیمەنتۆو شیشی تێدا بەکار هاتووە .

– ئامادەیی پیشەسازی کەرکووك ، وەك هەنگاوێك بۆ ئامادەکردنی کادیر لە کەرتەکانی پیشەسازی و پڕ کردنەوەی پێداویستی دەوڵەت و بازاڕ .

بەهۆی گەورە بوونەوەی شار و نیشتەجێ بوونی خەڵکانی لایەدە لێی ، شار پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری پۆلیس هەبوو ، ساڵی ١٩٤٧ لە کەرکووکدا ، ئەم ژمارەیەی خوارەوە پۆلیس هەبووە (( ٤ معاون ، ٢٥ مەفرەزە ، ٧١٤ پۆلیس )). هەروەها ٧ تەکیە ، ٢٢ مزگەوتی گەورە و ٢١ مزگەوتی بچوك هەبووە .

## گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٧

### گۆڕان لە قەبارەی گەڕەکەکان

بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان ، تەنها گەڕەکەکان گەورە نابنەوە ، بەڵکە لە کەنارەوە گەڕەکی نوێش پەیدا دەبن ، چونکە ڕوپێوی خاکی گەڕەکە کۆنەکان ناتوانن پێداویستی تازەی هاووڵاتییان دابین بکەن ، بۆیە دەبینیین بەردەوام لە کەنارەوە گەڕەکی نوێ پەیدا دەبێت ، بە تێپەڕ بوونی کات ژمارەی گەڕەکەکانی شار دەچێتە سەر .

بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٤٧ ، لە کەرکوك ئەم گەڕەکانە بەم ژمارەی دانیشتووانەوە هەبووە :

| گەڕەك | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| ساری کهیە | ٢١٢٧٥ |
| شاترلو | ٤٢٦٥ |
| بەگلەر | ٨٥٤٤ |
| ئیمام قاسم | ٤٦٥٤ |
| ئەخی حوسێن | ٢٠٣٧ |
| میدان (قەڵا) | ١٢٢٢ |
| ئاغالق (قەڵا) | ١٦٠٩ |
| ئیمام قاسم | ٢١٤٩ |
| حمام مسیحی(قەڵا) | ٧٣٢ |



| | |
|---|---|
| پریادی | ٣٣٥٨ |
| پریای موسایی | ١٦٤٤ |
| شۆرجە | ٢٣٦٥ |
| موسەڵا | ٤٦٤٢ |
| چقور | ٣٢٤٢ |
| ئاوچی | ١٣٠٣ |
| چای | ١٧١٧ |
| گوندی تۆبزاوە | ١٢٨٠ |
| کۆمپانیای نەوت | ١٧٧٠ |
| گوندی تسن | ٢٨٠٣ |
| گوندی بەشیر | ١٦٩٩ |
| تازە | ١٩١٨ |
| کۆی ژمارەی لادێکان | ١٤٣٥٦ |
| کۆی گشتی | ٩١٥٨٢ |

دوای ١٠ ساڵ لەو ئامارکردنە ، ئەم گۆڕانکارییانە لە ژمارەی گەڕەك و ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکان بەدی هاتووە :

ئاماری ساڵی ١٩٥٧

| گەڕەکەکانی کەرکووك | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| ساری کەهیە | ١٦٨١٣ |
| تسن | ٤٣١٢ |
| محەتە | ٩٣٠ |
| بەگلەر | ١٩٠٣ |
| شاترلو | ٥٤٧٨ |
| خاسە | ١٠٨٠٩ |
| ئەڵماس | ٦٥٥٨ |
| ئیمام قاسم | ١١١٣٨ |
| بولاق | ٣٤٠٥ |
| اوفی | ٢١١٩ |

| | |
|---|---|
| شۆرجە | ٧٦٩١ |
| چای | ١٦٦٢ |
| چقور | ٣٤٢٣ |
| پریادی | ٦٠٦٣ |
| ئاوچی | ١٥٢٤ |
| موسەلاّ | ٨٢١٧ |
| ئاغالق | ١٨٦٣ |
| میدان | ١٣٩٣ |
| حمام مسلم | ٢٥٧٠ |
| نەوتی کەرکوك | ١٣٦١ |
| نەوتی کەرکووکی نوێ | ٢٩٥١ |
| کۆی گشتی | ١٢٠,٤٠٢ |

وەك دەبینین ژمارەی دانیشتووانی ناو شاری کەرکووك لە ٦٤,٥٤٧ کەسەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ١٢٠,٤٠٢ کەس ، ڕێژەی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتووان لەو ماوەیەدا دەگاتە ٩٣,٢٦٦٩٪ .

ئەو گەشەکردنانەی لە بواری زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان لە نێوان ئەم ١٠ ساڵەدا لە کەرکووك بەدی هاتووە ، زۆربەی ئەو گەڕەکانەی گەشە دەکەن کورد نشینەکانن ، ئەویش بەهۆی کۆچی بە کۆمەڵی جوتیارانەوە ڕو لە شار ، ئەمەش دیاردەیەکی نۆرماڵە لە هەموو وڵات و کۆمەڵگەکان ، لە قۆناغی گواستنەوە لە دەرەبەگایەتیی لادێنشینییەوە ، بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری ، کە شارنشینی سیمای هەرە دیارییەتی ، لە قۆناغی نیشتەجێ بووندا (ڕەوەندی – نیشتەجێ بوون لە لادێ – شارنشینی ) ، شارنشینی و گوندنشینی دژ بە یەکن ، کامیان ڕێژەی بچێتە سەر ئەوی دیکە لە شوێن خۆی دادەبەزێت .

چەند گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی ناوەندی شارن ، وەك ئاغالق–چقور–ئاوچی–مەیدان –چای –شاترلو–بولاق– ساری کەهیە –پریادی پەرەسەندنێکی دیارییان بەخۆوە نەبینیوە لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا ، لە بەرامبەردا دەبینیین چەند گەڕەکێکی کەناری نوێ بنیاتنراو گەشەی فراوان دەکەن ، لە پاڵیشدا چەند ناوچەیەکی دەرەوەی شار تێکەڵ بە شار دەبێت .



لەم ماوەیەدا هەردوو گەڕەکی شۆرجە و ئیمام قاسم ، هەریەکەیان نزیك بە سێ بەرامبەر گەشەدەن ، ئیمام قاسم کە بەشی سەرەوەی جێگەکەی چۆڵ بووە وردە وردە پڕ دەبێتەوە ، نموونە جێگەی قوتابخانەی ئیمام قاسمە ((دەوترێت جێگەکەی چۆڵ بووە ( ٧٣ ) .

موسەڵاو پریادی هەریەکەیان دوو بەرامبەر ژمارەی دانیشتوانیان دەچێتە سەر ، ئەڵماس وەك گەڕەکێکی نوێ دەردەکەوێت ، بەگلەر و ساری کەهیە سنوریان بچوك دەبێتەوە ، تسن و بلاّوە دەبن بە بەشێك لە کەرکوك ، بەهۆی کۆچکردنی دەوڵەمەندەکانی ناو شار بۆی و گەورە بوونی سنوری شار تا ئەوشوێنانە ، پەیوەست دەبێت بە ناوەندی شارەوە .

بە شێوەی گشتی ئەوەی لە نێوان ئەو ١٠ ساڵەدا لە کەرکووکدا دەبینیین ، گەشەکردنی ناوچە کوردنشینەکانە بە پلەی یەکەم ، ئەمە بە بەرپاکردنی شۆڕشی ١٩٥٨ تەکانی زیاتر دەدات .

شاری کەرکوك لە ساڵی ١٩٤٧ دا ، ٦٧٧٥٦ کەسی تێدا دەژیا ، بەوانەوە بە کاتی لە کەرکووك دەژیان ، هەروەها ٢٣٨٢٦ کەسیان لەو لادێیانە دەژیان سەر بە قەزای ناوەندی بوون .

دانیشتووانی ناو شار ، ٤٩٤٤١ کەسیان لە لیوای کەرکوك لە دایك ببون ، لە لادێکانی سەر بە قەزای کەرکوکیش ، ٢٢١٩٣ کەسیان لە کەرکوك لە دایك ببوون .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا ، لەو ژمارەیە ، ٣٧٦١ کەسیان بە شێوەی کاتی لە کەرکووکدا دەژیان ، هەروەها ١٥٠٠٦ کەسیان لە دایك بووی دەرەوەی شاری کەرکووك بوون ، ١٦٣٣ کەسیش لەوانەی لە دەرەوەی لیوا لە دایك ببون ، لە شار و شارۆچکەو لادێکانی سەر بە قەزای ناوەندی شار دەژیان .

کۆچباری دەکرێت بە ٣ جۆرەوە ، کۆچی ناوخۆ لە چوارچێوەی سنوری یەك پارێزگا ، کۆچی نێو دەوڵەتی ، کۆچی دەرەکی ( ئەوانەی لە دەرەوەی پارێزگاوە هاتوون).

ئەوانەی لە لیوای کەرکووك لە دایك نەببون لەم شوێنانەی خوارەوە بۆی هاتبوون : ٣١٣٧ – بەغدا ، ٣٦٠– بەصرە ،٢٥٣١ – هەولێر ، –٢٤٣٧ سلێمانی، ١٦٣٩– دیالە ،٢٠٥ –دلێم ،٢٧١ –کوت ، ١٥٩٨– عەمارە ، ٤١٠ –حلە ، ٩٨–

کەربەلا، ٢١٣ – دیوانیە ، مونتەفك –٨٦٣ ، لە دەرەوەی عێراق لە دایك بوو ژمارەیان ١٣٢٧ کەس و بێگانە ٥٥٢ کەس .

لە ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتووانی ناو شاری کەرکوك گەیشتە ١٢٠٤٠٢ کەس ، لەوانە ژمارەی کریستانەکان ١٢٦٩١کەس ، صائبەکان ٢٠٧ کەس و جولەکە هیچ .

بە گوێرەی شوێنی لە دایك بوونیان ، دانیشتووانی شار بەم شێوەیە دابەش دەبوون : ڕێژەی خوێندەواری

موصل ٤٩٣٦ کەس لەوانە ٢٠٧٧ کریستان و ٥ صبی و ٥ یەزیدی ، سلێمانی ٤٤١٠ کەس لەوانە ١٣٥ کەسیان کریستان بوون ، هەولێر ٤٦٧٠کەس لەوانە ٨٧٩ کەسیان کریستان بوون ،بەڵام ئەوانەی لە کەرکوك لە دایك ببون ژمارەیان گەیشتە ٩٣٧٠٥ کەس ، لە دایك بووانی دیالە ٢٠١٢ کەس لەناویان ٩٢ کریستان ، ڕومادی ٧٧٩ کەس لە ناویان ٣٨٠ کریستان ، بەغدا ٣٧٨٨ کەس لە ناویان ٩٠٨ کریستان ، کوت ٢٠٨ کەس ، حلە ١٧٦ کەس ، کەربەلا ٤١ کەس ، دیوانییە ١٦٤ کەس ٤ بیان کریستان ، عەمارە ١٣٧١ کەس لە ناویان ٨ کریستان و ١١٠ صبی ، ناسریە ٦٤٤ کەس ، بەصرە ٢٧١ کەس لە ناویان ٧٧ کریستان و ٢٣ صبی ، ئەوانەی شوێنی لە دایك بونیان دیار نییە ٣٩٩ کەس ، لەناویان ٢١ کریستان .

بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی عێراق لە دایك بوونە بریتیین لە :

سوریا ٧٥ کەس ، لەوانە ٤٠ کریستان .

لبنان ١١١ کەس ، لەوانە ٨٧ کریستان .

ئەردەن ١٩ کەس ، لە ناویان ٣ کریستان .

سعودیە ٤ کەس ، لە ناویان ١ کریستان .

وڵاتانی دیکەی عەرەبی ١٣٩ کەس ، لە ناویان ٥٣ کریستان .

ئێران ٥٢٣ کەس ، لە ناویان١٦٠ کریستان.

تورکیا ١٣١٨ کەس، لە ناویان ١١٦٣ کریستان .

وڵاتانی دیکەی ئاسیاو ئوسترالیا ١٢٨ کەس ، لە ناویان ٢٨ کریستان .

ئەفریقا ٩ کەس ، لە ناویان ٨ کریستان .

ئەوروپا ٤٤٩ کەس ، لە ناویان ٤٣٩ کریستان .

ئەمەریکا ٣٣ کەس ، لەناویان ٣٣ کریستان .



لێرەوە دەبینین ٢٦٦٩٧ هاوڵاتی لە دانیشتووانی شار لە دەرەوەی کەرکوك لە دایك بوونە ، کە دەکاتە نزیك بە چارەکی دانیشتووانی شار ، بەشێك زۆریان لە کریستان و صوبی پێك دەهاتن ، ئەمانەش بەشێکی بەرچاویان لەوانە بوون ، لە کۆمپانیای نەوت دامەزرا بوون .

## ڕێژەی خوێندەواری

لە کۆی دانیشتووانی گشتی ناوەندی قەزای کەرکوك ، لە ساڵی ١٩٤٧، بە ناوەندی شار و ئەو شوێنانەی لە ڕوی کارگێڕییەوە بەشێك بوون لێی ، ژمارەی دانیشتوانیان دەگەیشتە ٩١٥٨٢ کەس ((. دانیشتوانی ناو شاری کەرکوك ٦٤٥٤٧ کەسی جێگیر و ٣٧٦١ کەسی میوان ))، کە پێك هاتبوو لە دانیشتووانی ناو شاری کەرکوك و ٨٣ لادێی دەوروبەر ، کۆی گشتی دانیشتوانییان ١٤٥٣٦ کەس بوو ، هەروەها ئەم شارو شارۆچکانەی خوارەوەش ، بشیر ١٦٩٩ کەس ، تازە ١٩١٨ کەس ، تسن ٢٨٠٣ کەس، تۆبزاوە ١٢٨٠ کەس)).

ژمارەی گشتی خوێندەوارانی شار ١٥١٣٧ کەس بوو ، نەخوێندەوارانیش ٦٢٧٨٣ کەس بوون . ڕێژەی خوێندەواری دەیکردە ٢٤٪ لە کۆی دانیشتووانی شار .

چەند نموونەیەك بۆ ڕێژەی خوێندەواری لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکە جیاکانی ناو شار وەردەگرین ، بە گوێرەی جیایی پێك هاتەی نەتەوایەتی .

شۆرجە(کوردنشین) ٢٣٦٥ کەس ، لەوانە ١٧٢ خوێندەوار و ١٧٢٩ نەخوێندەوار . ڕێژەی خوێندەواری ٩,٩٤٧٩٪.

گەڕەکی چقور ٣٢٤٣ کەس (زۆربە تورکمان).

٤٦٧ خوێندەوار ، ٢٢٥٣ نەخوێندەوار . ڕێژەی خوێندەواری ٢٠,٧٢٧٪.

کۆمپانیای نەوت ١٧٧٠ کەس ( زۆربە کریستان)(( لە شاردا کۆبونەوە لەسەر بنچینەی ئاینی و پیشەیی و ناوچەییە نەك خزمایەتی )).

٧٥١ خوێندەوار و ١١٦١ نەخوێندەوار ، ڕێژەی خوێندەواری ٦٤,٦٨٥٪.

شاترلو ٤٢٦٥ کەس ( تورکمان و کورد).

١٠٥٨ خوێندەوار و ٢٦٠٧ نەخوێندەوار، ڕێژەی خوێندەواری ٤٠,٥٨٪.

بەم شێوەیە دەبینین لەساڵی ١٩٤٧ بەرزترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە شاری کەرکووك لە گەڕەکی کوردنشینی شۆرجە بووە .

ڕێژەی خوێندەواری لە ساڵی ١٩٥٧ بەرز بووەوە بۆ ٤١٪.

٢٣٠١٦ کەس کەمتر لە تەمەنی خوێندن

نەخوێندەوار پیاو ٢٦٥١٨

نەخوێندەوار ژن ٣٧٢٧٢

خوێندنەوەو نووسین تەنها ٢٦١٧٣

سەرەتایی ژن ٦٧٩

سەرەتایی پیاو ١٩٤٩

ناوەندی و ئامادەیی ژن ٤٦٣

ناوەندی و ئامادەیی پیاو ١٥٦٨

بەڵگەنامەی بەرز ژن ٨٣

پیاو ٥٠٥

بەڵگەنامەی بەرزتر لە بەکەلۆریۆس ژن ٢٧

---------------- پیاو ١١٤

بەڵگەنامە لە دەرەوەی وڵات ژن ٤

پیاو ٢٢

خوێندنی ئاینی پلەی مام ناوەند ژن ٣

پیاو ١٤

خوێندنی ئاینی بەرز ژن ٢

پیاو ١٠

خوێندەواری لەو گەڕەکانەی ئاماژەمان پێیدا ، لە ساڵی ١٩٥٧ بەم شێوەیەی خوارەوە گۆڕا .

گەڕەکی چقور

خوێندنەوەو نوسین ژن ٢١٠

پیاو ٤٩٣



سەرەتایی پیاو ٤٨

ژن ٢٠

ناوەندی و ئامادەیی ژن ١١

پیاو ٤٦

بڕوانامەی بەرز ژن ٢

پیاو ٣

بڕوانامەی بەرزتر لە بەکەلۆریۆس ژن ٠

پیاو ١

ئەوانەی دیکە هەموو ٠

کۆی گشتی ٨٤٣ خوێندەوار ، ٨٩,٢٩٪ زیاتر لە ساڵی ١٩٤٧.

گەڕەکی شۆریجە

نەخوێندەوار ژن ٢٩٠٠

پیاو ٢٤٤٠

خوێندنەوەو نووسین ژن ٢٨

پیاو ٥٦٧

سەرەتایی ژن ٣

پیاو ٥٩

ناوەندی و ئامادەیی ژن ٠

ناوەندی و ئامادەیی پیاو ١٢

بڕوانامەی بەرز ژن ٠

پیاو ١

خوێندنی بەرز ئاینی پیاو ٤

ئەوانی دیکە هەموو ٠

کۆی گشتی ٦١٥ ، ١٧٨,٧٧٪ زیاتر لە ساڵی ١٩٤٧. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر نەخوێندەوار هاتنە شارەوە ، بەڵام ڕێژەی خوێندەواری بەرز بووەوە بۆ ١١,٥١٦٨٪ .

گەڕەکی محەتەی کەرکوکی نوێ

خوێندەوار ژن ٤٨٤
پیاو ٨٣٤

سەرەتایی ژن ٤٠
پیاو ١٠٥
ناوەندی و ئامادەیی ژن ٢٧
پیاو ٧٠
بڕوانامەی باڵا ژن ٩
پیاو ٢٧
بڕوانامەی باڵاتر لە بەکالۆریۆس ژن ١٣
پیاو ٤٠
ئەوانەی دی هەموو . تەنها ١ ژن بڕوانامەی باڵای ئاینی هەبوو.

# هێزی کار

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٧ بۆ ١٩٥٧ ، کرێکاران لە ڕوی چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە گەشەیکرد ، لە ڕوی ژمارەو جۆرەوە .
بەهۆی کۆچی جوتیارانەوە بۆ شار ، ژمارەیەکی زۆر جوتیاری ئەکتیف و چوست و چالاك پەیوەست بوون بە سوپای هێزی کاری شارەوە ، شارییە خاوو خلیسکەکان بە زۆری کەرتی بازرگانی و خزمەتگەزاری و کارگێڕی شاریان بە دەستوە بوو .
با چاو بە ئاماری کرێکاران و شێوەی کارەکانییان بخشێنین ، بە دوایدا ڕاوەستەیەك بکەین لە بواری گەشەکردنی لە باری چلۆنایەتی و چەندایەتی .
١٩٤٧
بەرهەمی کشت و کاڵی و ئاژەڵداری ٨٩٠ پیاو ١٦ ژن
کەل و پەلی خانو دروست کردن ٥٣ پیاو ١ ژن
کرێکارانی کانەکان ١ پیاو



| | | | |
|---|---|---|---|
| دروست کردنی بەرهەمی ڕووەکی | ٤١ | پیاو | ٤ ژن |
| دروست کردنی خواردی ئاژەڵی | ٢٥٠ | ٦١ | |
| دەرهێنانی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان | ٥٢٣ | ٢ | ٥٥٠ دەوروبەری کەرکوک |
| بەرهەمی کحولی و بەفر | ٨ | | |
| پیشەسازی جگەرەو توتن | ٥ | | |
| صابون و شخاتە | | ٤ | ١ |
| دارتاشی | | ٤٨٦ | ٦ |
| پێست و خۆشکردنی | | ٣٨ | |
| پێڵاو دروستکردن و سەراجی | | ١١١ | |
| ڕستن و چنین | | ٥٩ | ٢ |
| دورین | | ٢٩٧ | ١٦٦ |
| ئاسنگەری و تەنەگە چێتی | | ٤٦٦ | |
| چاککردنەوەی ئامێری میکانیکی | | ٤٠٣ | |
| سەعاتچی و زێڕەنگەری | | ٧٢ | |
| کاری خانوو و ڕێگاو بان .. | | ٣٧٨ | |
| بۆریچی و کارەباچی و دانانی ئاودەست | | ٨٦ | |
| پۆست و گەیاندن و تەلەفۆن وڕادیۆ | | ١٠٧ | |
| هێڵی شەمەندەفەر | | ٤٣ | ١٧٣ |
| کرێکارانی کەرتی گواستنەوە زەوی و ئاوی و ئاسمانی | | ١٠٤١ | |
| بانك و بیمە و پارێزەری | | ٦٠ | ١ |
| پەروەردە | | ١٦٩ | ٦٩ |
| پزیشك و تەندروستی و دەرمانخانە | | ١٨٧ | ٥٣ |
| خزمەتگوزاری گشتی | | ١٦٩ | ٦٩ |
| فەرمانبەرانی دەوڵەت و شارەوانی | | ٧٦٦ | ١ |
| پۆلیس و زیندان و ئاگر کوژێنەوە | | ٥٠٨ | |
| بازرگانی( کڕین و فرۆشتن) | | ٣٢٩٨ | ٣٥ |
| ڕۆژنامەو هونەر | | ١٢ | |
| خزمەتگوزاری گشتی و تایبەت | | ١٨٢٨ | ٣٣٣ |
| هەمەجۆر | | ١٢٤٤ | ٢٧ |

| | | |
|---|---|---|
| کرێکاری نا پسپۆر | ٤٣٢٤ | ٢٨ |
| کرێکارانی کەمتر لە ١٠ساڵ | ٩٨٩ | ٩ |

## ١٩٥٧

ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك تەمەن بانتر لە ٥ ساڵ ٩٧٣٧٦ کەس بوو .

| | | |
|---|---|---|
| خاوەند کار و فەنییەکان | پیاو | ١٣٠٨ |
| | ژن | ٢٨٠ |
| بەڕێوەبەر و فەرمانبەر و کارگێڕان | ژن | ٥٤ |
| | پیاو | ٥٦٨٤ |
| فەرمانبەرانی نوسینگەو کاتبەکان | ژن | ٩ |
| | پیاو | ١٠١٠ |
| تایبەتمەندی فرۆشتن | ژن | ٣٥ |
| | پیاو | ٣٥٢٣ |
| کیشاوەرزان و شوان | ژن | ٤٥ |
| | پیاو | ١٢٤١ |
| کرێکاری کانەکان | ژن | ١ |
| | پیاو | ٢٨١ |
| کرێکاری گواستنەوە | ژن | ١ |
| | پیاو | ١٤٨١ |
| خاوەند پیشە(پیشەگەران) | ژن | ٣١٣ |
| | پیاو | ٨٤٤١ |
| کرێکارانی دەستی لە کەرتەکانی دیکە نەنوسراون | ژن | ٩١ |
| | پیاو | ٣٢٥٩ |



| | | |
|---|---|---|
| کرێکارانی خزمەتگوزاری گشتی | ژن | ٢٩٤ |
| | پیاو | ٣٠٧١ |
| کرێکارانی دیاری نەکراو | ژنان | ٤٥١٥٦ |
| | پیاوان | ٢١٧٩٨ |

کۆی گشتی ٦٦٩٥٤ . تەنها ١١٢٣ ژن ، لە کۆی ٤٦٢٧٩ ژن کاریان کردووە ، کە دەکاتە تەنها ٢,٤٪ی کۆی ژنان .

تەمەن لە نێوان ٥– ١٥ ساڵ ژمارەیان ٤٠٩٥٥ بووە ، لەوانە ٣٠٦٥٤ کەسیان کاریان دیار نییە . کەواتە ئەوانەی کاریان دیار نییە زۆریان لە ژنان و منالانی کەمتر لە ١٥ ساڵانن .

هەروەها دەبینین منالانی کەمتر لە١٥ ساڵ ، بەشی زۆری هاوولاتیانی شار پێك دەهێنن ، ئەمەش بەهۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی لە دایك بوون و دابەزینی ڕێژەی مردنەوە بوو .

لە ساڵی ١٩٤٧ دەبینین تەنها ١٠٥٧ ژن کارییان کردووە ، لە ساڵی ١٩٥٧ ئەم ژمارەیە بەرز بۆتەوە بۆ ١١٢٣ ، ئەم بەرز بونەوەیە لە ئاستی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی شار و ژمارەی گشتی کرێکاران نەبووە ، لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا تەنها ٦٦ کرێکاری ژن چووە سەر .

ژمارەی دانیشتوانی لیوا لە بان ٥ ساڵەوە ٣٠٨٣٥٩ کەس.

| | | |
|---|---|---|
| خاوەند کار و فەنییەکان | پیاو | ٢١٥٤ |
| | ژن | ٣٣٩ |
| بەڕێوەبەر و فەرمانبەر و کارگێڕان | ژن | ٦٦ |
| | پیاو | ٨٥٤٩ |
| فەرمانبەرانی نوسینگەو کاتبەکان | ژن | ١٠ |
| | پیاو | ١١٥٠ |
| تایبەتمەندی فرۆشتن | ژن | ٥٩ |
| | پیاو | ٥٩١٧ |
| کیشاوەرزان و شوان | ژن | ١٢١٠ |
| | پیاو | ٥٩٧٨٥ |
| کرێکاری کانەکان | ژن | ٢ |
| | پیاو | ٣٩٦ |

| | | |
|---|---|---|
| کرێکاری گواستنەوە | ژن | ٣ |
| | پیاو | ٢١٥٥ |
| خاوەند پیشە(پیشەگەران) | ژن | ٤٥٧ |
| | پیاو | ١١٠٧٨ |
| کرێکارانی دەستی لە کەرتەکانی دیکەنەنوسراون | ژن | ١٠٥ |
| | پیاو | ٤٨٥٩ |
| کرێکارانی خزمەتگوزاری گشتی | ژن | ٤٥٤ |
| | پیاو | ٤٦٣٥ |
| کرێکارانی دیاری نەکراو | پیاو | ٥٥٨٣٣ |
| | ژن | ١٤٩١٤٣ |
| کۆ | | ٢٠٤٩٧٦ |

کۆی ژمارەی ژنانی کرێکار ٢٧٠٥ لە هەموو لیوای کەرکوک .

# خانوو

لە شاردا کولتوری لادێ هەرەس دەهێنێت ، وردە وردە نەوە لە دوای نەوە دەپوکێتەوە . تازەگەری ، پەیوەندی خێزانی ، لە خێزانی گەورەوە بچوک دەکاتەوە بۆ خێزانی بچووک ، لە خانەوادەی تەواوەوە بۆ ژن و پیاو و منالٚ بە تەنها ، واتە بەش بەشی دەکات .

ئەو پەیوەندییە دەرەبەگایەتی باوك سالارییە ورد و خاش دەکات ، پەیوەندییە خێڵەکییەکان هەڵەوەشێنێتەوە . ئەمەش وا دەکات هاونیشتمانیان دابەش بن بەسەر ژمارەیەکی زیاتری یەکەی خانەوادەیی ، هەر خانەوادەیەك پێویستی بە خانوی تایبەتی دەبێت بۆ ژیان لە چوارچێوەیدا .

لە مۆدێرنیتەدا چۆن شار و شارنشینی گەشەدەکات ، بەهەمان شێوە بەهۆی پەیدا بوونی تەرزی نوێی خانوو دروستکردنەوە ، باڵاخانەی بەرز پەیدا دەبێت ، بازاڕەکان بەرین دەبنەوە .



بە تێپەڕ بوونی کات ، لە شاردا ژمارەی خانووەکان لەگەڵ ژمارەی خێزانەکان نزیك دەبنەوە لە یەکتر ، وردە وردە خێزانەکان دابەش دەبن ، بە کۆمەڵ ژیان لە ناو یەك خێزان و کرێچێتی لە یەك حەوشدا نامێنێت . هەروەها بەهۆی بەرزبوونەوەی داهاتی تاك و بەکاربەری گشتییەوە ، زۆربوونی پێداویستی خێزانەوە ، ژمارەی ژوری بەکاربەری خانەوادەکان زیاد دەکات ، تاکو دەگاتە ئەو ئاستەی ئێستا لە ڕۆژئاوادا هەیە ، بەوەی هەر تاکێك لانی کەم بەشێوەی گشتی ژوری تایبەتی خۆی هەیە .

هەموو شێوە تەلارسازییەکان (( تەلارسازی ئاینی ، تەلاسازی سڤیلی ، تەلارسازی سەربازی )) لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا گەشە دەکەن .

لە ساڵی ١٩٤٧ خەڵکی شاری کەرکوك ، بەم شێوەیە بەسەر جۆری خانووەکان دابەش ببون : (( ٧٦١٩ کەس لە قەسر ، ٤٢١٣٢ لە خانووی ئاسایی ، ١٢ خێزان لە خانوی قوڕ . ٢٣٨٥ خانوو ٩٢٩٧ خێزانی تێدا دەژیا ، کە کۆی دانیشتوانییان ٤١٥٧٦ کەس بوو ، کەپر و خانوی قامیش ١٠٣ خێزان کۆی دانیشتوانیان ٧٢٥ کەس بوو ، لە دەزگا حکومییەکان ٥٧٧١ کەس و دەزگا ئەهلییەکان ١٢٤١ کەس و دەزگا ئاینییەکان ٢٥٣ کەس دەژیان ، ئەمانە لە مەلا و فەقێ و مووەزین پێك دەهاتن )).بەڵام لە ساڵی ١٩٥٧ ((لە کۆی ٢٢٨٣٠ خێزان لە شاری کەرکوك ٩٩٤٠ خێزانی لە ١ ژوردا دەژیان ، لە ناو ئەو خێزانانە ٨٠٤ خێزان لە ١ کەس ، ١٦٥٧ خێزان لە ٢ کەس و ١٨٢٩ خێزان ٣ کەس و ١٨٠٤ خێزان لە ٤ کەس و ١٥٣٦ خێزان لە ٥ کەس و ١٠٧٧ خێزان لە ٦ کەس و ٦٣٦ خێزان لە ٧ کەس و ٣٤٣ خێزان لە ٨ کەس و ٥٧ خێزان لە ١٠ کەس و ٢٥ خێزان لە ١١ کەس و ٧ خێزان لە ١٢ کەس و ٢ خێزان ١٣ کەس و ١٤ کەس و ٤ خێزان لە ١٦ کەس پێك دەهات . لە بەرامبەردا ١٨٤ خێزان خانوی ٧ ژوری و ٧٤ خێزان لە ٨ ژوری و ١١٥ خێزان لە ٩ ژوور دەژیان .لە کۆی ٢٢٨٣٠ خێزان ، ١٧٥٥٩ خێزانیان کرێچی بوون ، واتە تەنها ٢٣٪ خەڵکی شار خانوی تایبەتی خۆیان هەبووە . لەناو ئەو خێزانانە ٦٤ خێزان لە قەسرا دەژیان ، کۆی ژمارەیان ٣٧٨ کەس بوون . هەروەها ٤٤٤١ خێزان لە خانوی قوڕدا دەژیان ، ٥ خێزان لە باڵاخانە ، ٤ خێزان بێ خانی ،٦ ماڵ لە کەپر ، ٤٨ ماڵ لە ناو دوکانا ، ٤٨ خێزان لە کۆلێتدا و ١٠ ماڵ لە ڕەشماڵ)) .بە بەراورد لەگەڵ هەردوو ئامار ، دانیشتووانی قەسر نشین لە ٧٦١٩ دابەزی بۆ ٣٧٨ کەس ، دانیشتووانی کەپر و

خانوی قوڕ لە ١٢ خێزان خانوی قوڕ و ١٠٣ خێزان کە لە ٧٢٥ کەس پێك دەهاتن لە کەپر بەرز بووەوە بۆ ٤٤٤١ کەس لە خانوی قوڕ ، ٤ خێزان بێ خانوو ، ٦ ماڵ لە کەپر ،٤٨ لە کۆلێت ، ١٠ ماڵ لە ڕەشماڵ ، واتە ژمارەی خانووی قوڕ و ژیان لە شوێنە خەراپەکان زۆر چووە سەر ، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە لە هەموو وڵاتان جوتیارانی لادێ کە کۆچ دەکەن بۆ شار ، بەهۆی لاوازی توانای ئابورییانەوە لەم شوێنانە دەژێن .هاوکات لە ساڵی ١٩٥٧ دا ، دەبینیین ٥ خێزان لە باڵە خانەدا دەژێن ، ئەمەش مۆدەیەکی نوێی تەلارسازی بوو هاتە ئاراوە ، دروستکردنی خانووی چەند نهۆمی یە .

هەرچەندە بە تێپەڕ بوونی کات ، بەکارهێنانی ١ ژور بۆ خێزانێك کەم دەبێتەوە ، بەڵام لە پەنجاکان بەهۆی ئەوەوەی شاڵاوی کۆچ لە لادێوە بۆ شار دەستی پێکرد ، بۆیە نیشتەجێبوانی یەك ژوور لە شار دەچێتە سەر . ژمارەی خاوەن خانوو لە ٥٤,٦٪ لە ساڵی ١٩٤٧ دابەزی بۆ ٢٣٪. لە ساڵی ١٩٥٧ ، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە ئەوانەی هاتوونەتە شارەوە زۆربەی زۆریان کرێچی بوونە ، هەروا ٤٣,٥٪ خێزانەکان لە یەك ژوردا دەژیان ، تەنانەت خێزانی ١٦ کەسیشیان تێدابوو .

## باری خێزانداری

بە گەشەکردنی کۆمەڵ ، هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆن و نەرێتە دواکەوتووەکان ، چەند ژنەش لە کۆمەڵدا هەڵدەوەشێتەوە ، هەرچەندە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا ، بە هۆی قۆناغی بە شاربوونەوە لە ئەنجامی کۆچی بە کۆمەڵی جوتیاران لە لادێوە بۆ شار ، کۆمەڵێك ڕەوشت و نەرێتی لادێیان لەگەڵ خۆیان هێنایە شارەوە ، بەڵام نیشتەجێبوونیان پنتی دەستپێکە بۆ گۆڕانکاری نەوەکانی دوواتر ، ناتوانین ئەو گۆڕانکارییە لە دەستپێکدا هەست پێ بکرێت ، بەڵکە کاریگەری لەسەر نەوەکانی داهاتوو دانا .

باری خێزانداری یەکێکە لەو جیاوازیانەی بە گەشەی کۆمەڵ و تێپەڕ بوونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت ، هەروا لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی دیکە دەگۆڕێت .

لە ساڵی ١٩٤٧دا ، لە قەزای کەرکوك ، باری خێزانداری بەم شێوەیەی خوارەوە بووە :



٣٣١٥٧ کەس ١ ژن ، ٨٧٧بیان ٢ ژن ، ٨٤بیان ٣ ژن ، ١٨یان ٤ ژن .

نموونە لەسەر باری خێزانداری لە چەند گەڕەکێکی شاری کەرکوك :

شۆرجە ٢٣٦٥ کەس .

٨٧٩ کەس یەك ژن ، ١٨ یان ٢ ژن ، ١ بیان ٣ ژن ، ١یش ٤ ژن .

گەڕەکی چقور ٣٢٤٣ کەس .

١٠٤٦ یەك ژن ، ٣٤ دوو ژن ، ٣بیان ٣ ژن ، ١ بیان ٤ ژن . لێرە دەبینیین چەند ژنە لە گەڕەکی چقوری زۆربەی تورکمان نشین بەرزترە لە شۆرجەی کورد نشینی زۆربەی نەخوێندەوار ، کە بەشی زۆریان تازە لە لادێوە کۆچیان کردووە بۆ شار ، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە چەند ژنە لە کۆمەڵگای تورکمانی ناو شاریشدا باو بووە لەو کاتە .

کۆمپانیای نەوت ١٧٧٠ کەس .

١٠٦٢ بیان ١ ژن ، ٢ بیان ٢ ژن ، ١بیان ٣ ژن ، ١یان ٤ ژن . بەهۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتووان لەم گەڕەکە کریستانن ، بۆیە چەند ژنە لە ئاستێکی زۆر نزمە .

گەڕەکی شاترلو ٤٢٦٥ کەس .

١٦٦٣ یان ١ ژن ، ٤٢ بیان ٢ ژن ، ٤بیان ٣ ژن ، ١بیان ٤ ژن .

ساڵی ١٩٥٧ ، لە هەموو کەرکوك .

یەك ژن ٤٢٩٢١

دوو ژنە ١٠٣٥

سێ ژنە ٥١٩

چوار ژنە ٥٤

کەمتر لە ١٥ ساڵ ٥١٢٩٤

شۆرجە ژمارەی دانیشتووان ٧٧١١ کەس .

یەك ژن ٢٩٩٤

دوو ژن ١٠٦

سێ ژن ١٤

چوار ژن ٤

کەمتر لە ١٥ ساڵ٣٢٩٨

گەڕەکی چقور ژمارەی دانیشتووان ٣٥٢٣ کەس .

١ ژن ١١٤٧

دوو ژن ٣٣

سێ ژن ٤

چوار ژن ٣

گەڕەکی محەتەی کەرکوکی نوێ ژمارەی دانیشتووان ٢٩٥١کەس .

ژمارەی کریستانەکانی گەڕەك ٢٣٤١ کەس .

تەنها ٣ کەس ٢ ژنە ( بەهۆی ئەوەوەی زۆربەی دانیشتووانی ئەم گەڕەکە کریستان بوو بۆیە کەمترین ڕێژەی چەند ژنەی تێدا بوو).

هەموو لیوای کەرکوك

پیاو ١٠٦٨٠٢

ژن ١٠٦٩٩٥

ڕەبەن ژن ١٩٣٨٧

ڕەبەن پیاو ٣٤٠٦٦

١ژن ٧١١٠٤

٢ ژن ٤٥٥٢

٣ژن ٤٧٩

٤ ژن ١٤٠

ناو شاری کەرکوك ژمارەی کەمتر لە ١٥ ساڵ ، کوڕان ٢٦٨٦١ کەس بوون ، لە ناویان ٤١یان تەنها ژنێکیان هێناوە ، ٣یان دوو ژن ، هەرچی کچانە ٢٤٤٣٣کەس ، لە ناویاندا ٢٠٣ یان شویان کردووە ( بەم شێوەیە دەبینین گەنجانی کەمتر لە ١٥ ساڵ زیاتر لە ٤٢٪ دانیشتووانی شار پێك دەهێنێت ).

**هەموو لیوای کەرکوك**

کوڕانی کەمتر لە ١٥ ساڵ ژمارەیان ٩١٣١٠ کەس بوو ، لەوانە ١٤٤ کەسیان یەك ژنیان هێناوە ، ٣ کەسیان دوو ژن ، بەڵام کچان ژمارەیان ٨٣٧٣٢ کەس بوو ، لە ناویاندا ٣٨٤ کەسیان شوییان کردووە .



هەرچەندە شارنشینی نەریتی دواکەوتویی چەند ژنە لاواز دەکات ، بەڵام ئەو جوتیارانەی هاتبوونە شارەوە ، سەریان جوتیار و جەستە لە شار بوون ، عەقڵ لادێیی بەڵام ئاوی بەلوعەی شاریان دەخواردەوە ، باشتر بوونی باری ئابوورییان ، زیاتر هانی دەدان بۆ چەند ژنە ، دواتر لە پرۆسەیەکی درێژ خایەندا ، لە نەوەکانی داهاتوو ، ئەو نەریتە بەرەو هەڵوەشاندنەوە چوو .

## سەرچاوەکان :


تێبینی : بە بەرفراوانی لە هەردوو ئاماری فەرمی دەوڵەتی عێراقی ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ کەڵك وەرگیراوە .

١– (( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص ٩٧).

٢–((الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص٤٧ )).

٣– المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٤٦ )).

٤–چینی کرێکارانی عێراق. د.کەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی–١٩٨٦–ل ٢٥)) .

٥– (کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣– ١٩– ١ –٢٠٠٤– ٢٠٠٤– کەماڵ مەزهەر ).

٦–(ل٢٦– هەولێرم وا دیوە –مەولود بێخاڵی )) .

٧– ( شذى التاريخ في احياء كركوك – د.صبحي ساعتجي – ايلاف ١٤–٧ – ٢٠٠٥ ).

٨– (چینی کرێکارانی عێراق. د.کەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی–١٩٨٦ ل٦٢)) .

٩- چینی کرێکارانی عێراق. د.کەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی-١٩٨٦)) .

١٠- (جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق -سەنتەری برایەتی- گواستنەوەو هاتوچۆ -محمد عبدالله عومەر-ل٢٧٢).

١١- (جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق -سەنتەری برایەتی- گواستنەوەو هاتوچۆ -محمد عبدالله عومەر-ل٢٧٢).

١٢- (کەماڵ مەزهەر - کوردستانی نوێ-ژمارە ٣٢٧٣).

١٣- منطقة كركوك -محاولات تغيير واقعها القومي-د.نوري طالباني-لندن١٩٩٥ص٣٨)).

١٤- (چینی کرێکارانی عێراق. د.کەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی-١٩٨٦ ل ٦٠ )).

١٥- (ل٨-کەرکوک -ژمارە ١٠-کەرکوک لە مەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧دا-د.نوری تاڵەبانی ).

١٦- چینی کرێکارانی عێراق. د.کەماڵ مەزهەر ، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی-١٩٨٦ ل٧٨)).

١٧- منطقة كركوك -محاولات تغيير واقعها القومي-د.نوري طالباني-لندن١٩٩٥ ل٣٩ )).

١٨- منطقة كركوك -محاولات تغيير واقعها القومي- د.نوري طالباني-لندن١٩٩٥ ص ٣٩ )).

١٩- منطقة كركوك -محاولات تغيير واقعها القومي- د.نوري طالباني-لندن١٩٩٥ ص ٣٩ ))

٢٠-( سەنتەری برایەتی -ژمارە ٢٠ - هاوینی ٢٠٠١- کاریگەری نەوتی کەرکوک لەسەر ڕاگوێزانی کورد لە کەرکوک و بەعەرەبکردنی -پرۆفیسۆر د.ئازاد نەقشبەندی -ل٢٥ )).

٢١- (کەرکوک ژمارە ٢٢ و ٢٣ ل٩٥-٩٦).

٢٢-(ماذا في كركوك - تاليف فهمي عرب و فاضل محمد - طبعة كركوك - ص١٢٣).

٢٣- (ماذا في كركوك - تاليف فهمي عرب و فاضل محمد - طبعة كركوك - ص ٥٣).



٢٤- ( قوتابخانەی ئیمام قاسمی سەرەتایی ئیمام قاسم ١- ١٠ - ١٩٣٤ - گۆران فەتحی - کوردستانی نوێ - ژمارە ٣٢٤٤ - ١٨-٤- ٢٠٠٤).

٢٥-( باسەڕە ژمارە ٢ بەرواری ٧-٥-٢٠٠٣ محەمەد عەبدواڵلە کاکەسور ).

٢٦-( مكتبات كركوك - نجاه محمد اوغلو- ئەنتەرنێت ).

٢٧-( مكتبات كركوك - نجاه محمد اوغلو ).

٢٨- کەرکوک - ژمارە ٢٣-٢٢ - ل١٣٨سمکۆ بەهرۆز - مێژووی هونەری بیناکاری .... ).

٢٩- ( شذى التاريخ في احياء كركوك - د.صبحي ساعتجي - ئیلاف ١٤-٧ - ٢٠٠٥ ).

---

٣٠- (المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ - مطبعة الزهراء - ص ١٣٢- ١٣٣).

٣١- ( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ - مطبعة الزهراء - ص ١٢٢).

٣٢- (( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ - مطبعة الزهراء - ص١٢١).

٣٣-(ماذا في كركوك - تاليف فهمي عرب و فاضل محمد - طبعة كركوك - ٨٦).

٣٤- (ماذا في كركوك - تاليف فهمي عرب و فاضل محمد - طبعة كركوك - ص ١٣٨ ).

٣٥- کەرکوک ٢٣-٢٣- بابەخی جیۆپۆلەتیکی ... پشتیوان حسێن و کارزان ئیبراهیم ساڵەح -٢٠٠٤-٢٠٠٥-ل١٨-٢١)

٣٦- (ماذا في كركوك - تاليف فهمي عرب و فاضل محمد - طبعة كركوك - ص ١٣٠ ).

٣٧- (المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ - مطبعة الزهراء -ص٤٧).

٣٨- (ماذا في كركوك - تاليف فهمي عرب و فاضل محمد - طبعة كركوك - ص ١٢٧).

٣٩- (جغرافية العراق-د.جاسم محمد خلف - دارالمعرفة- ص ٢٧٣- لە سەردەمی شۆڕشی ١٩٥٨ چاپکراوە).

٤٠- (الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق - نصير سعيد الكاظمي - ص١٧٨-١٧٩).

٤١-(نشاة مدن العراق و تطورها - تاليف - د.عبدالرزاق عباس حسين ١٩٧٣ - معهدالبحوث والدراسات العربية - ص٧٥).

٤٢- ( نشاة مدن العراق و تطورها - تاليف - د.عبدالرزاق عباس حسين ١٩٧٣ - معهد البحوث والدراسات العربية - ص٧٥).

٤٣– (المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص ٢٣٢).
٤٤– ( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص ٢٢١).
٤٥– (المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص ٢٢٨).
٤٦– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ٩٥).
٤٧– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص٩٦).
٤٨–(جغرافية العراق–د.جاسم محمد خلف – دارالمعرفة– ص ٣٢٥– لە سەردەمی شۆڕشی ١٩٥٨ چاپکراوە ).

٤٩– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ٧٠).

٥٠– (مذكرات –يوسف حنا يوسف –ابو حكمت ص٣٨).

٥١– ( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٤٢).

٥٢– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص٥٣).

٥٣– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ٥٥ ).

٥٤– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ١٣٤).

٥٥– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص٩٨).

٥٦– (( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٤٢).

٥٧–(ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ١٣٦–١٣٧).

٥٨– ((المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٧٤).

٥٩– ( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٧٦).

٦٠–(ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ١٣١ ).



٦١– ( ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ١٤٠– ١٤١ ).

٦٢–( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٦٧).

٦٣– ( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٦٨).

٦٤– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ١٩٥٧ ص ٥٠ ).

٦٥– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص٥٠).

٦٦– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص٥١).

٦٧– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص٥٢).

٦٨– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص٥١).


٦٩– ( ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ١٣٣).

٧٠–( ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ٤١–٤٢).

٧١– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك – ص ١٣٩ ).

٧٢– (ماذا في كركوك – تاليف فهمي عرب و فاضل محمد – طبعة كركوك –ص ٥٦– ٥٧– ٥٨ – ٥٩ – ٦٠ – ٦١ – ٦٢ –٦٣ –٦٤ –٦٥ ).

٧٣– (( قوتابخانەی ئیمام قاسمی سەرەتایی ئیمام قاسم ١– ١٠ – ١٩٣٤ – گۆران فەتحی – کوردستانی نوێ – ژمارە ٣٢٤٤ ) .







# ٥

# کورد و تورکمان لە کەرکووك ، چارەسەر نموونەی برۆکسل یان بەرلین ؟

پاش ئەوەی بیری نەوتەکەی کەرکوک تەقییەوە ، بورکانی زێڕی ڕەشی باوەگوڕگوڕ ، لە بەرواری ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٧ چوو بە قولایی ئاسمانا ، بە بەرزایی ٦٠ پێ لەسەروی ئەو بورجەوەی بۆ بیرەکە دروستکرابوو ، بە ڕێژەی ٩٢٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا ، هەواڵی ئەم بورکانی زێڕە بە جیهاندا بڵاو بووەوە ، لەو ڕۆژەوە پێگەی کەرکوک چووە سەر ، جەنگ لەسەر ناسنامەی شارەکە دەستی پێکرد ، بە بورکانی نەوت ، بورکانی ململانێ و کێشمەکێشی نەتەوەیی لەسەر ناسنامەی کەرکوک لە دایك بوو ، نەوت بووە مامانی ململانێ لە سەر ناسنامەی کەرکوک ، هەرچەندە پێش ئەو مێژووەش گرنگی کەرکوك دەرکەوتووە (بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٧١ز یەکەم نێردەی ئەڵمانیا گەیشتە کوردستان پاشان چەندین نێردەی جیۆلۆجی دیکەو لێکۆڵینەوەی نوێ هاتنە کوردستان لە نێوانیاندا (جان دی مۆرگان) لە ساڵی ١٨٩٢ و(A. f.Stahi). لە ساڵی ١٨٩٣ز (Mqunsell)لەساڵی ١٨٩٩ز (بارۆن ماکس و ئۆپنهایم)) هتد ئەمانە هەموویان لە میانەی لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە چاڵ گە نەوتییەکانی کوردستان بە گشتی و ناوچەی کەرکوك بە تایبەتی چاڵگەی سەرسوڕهێنەرن و ناشخەملێندرێن و هەروەها لە ساڵی ١٩٠٧ نێردەیەکی ئەڵمانیا ئەوەیان دوپات کردۆتەوە کە کوردستان لە سەر دەریای نەوت مەلە دەکات . هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو قەیسەری ئەڵمانیا دووجار سەردانی ئەستەمبوڵی کرد ئەو کاتە کوردستانی باشور سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو . یەکەمجار ساڵی ١٨٨٨ز و دووەم جاریش لە ساڵی ١٨٨٩ز دا بوو ١.



ئەم شارە بە درێژایی ئەم ٨ دەیەیە ، سەرباری گەشەکردنی سروشتی شار ، گۆڕانکارییە سیاسیەکان ڕۆڵی مەزنیان لەسەر گەشە کردن و گەورە بوونەوەی داناوە . لە هەر سەردەمێکدا ، لەگەڵ باڵادەستی سیاسی هەر پارت و نەتەوەیەکدا ، مۆرکی خۆیان بەسەر ناوی گەڕەك شوێنە نوێکانی شارەوە داناوە .

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ، بەهۆی باڵادەستی تورکمانەکان لە کەرکوك ، گەڕەك و شوێنە تازە دروستکراوەکان و دەزگا کارگێڕییەکان ، ناوی تورکمانییان لێنراوە ، خان خورما کراوە بە خورما خانی ، منارە نەخشینە کراوە بە نەقشلی منارە ، سەرقافڵە کراوە بە کاروانچی باشی ، بڵاخ کراوە بە بولاق ......... ، هەروەها ناوی ئاوچی و چقور و موسەڵا و شاترلوو لە گەڕەکە نوێکانی شار نراوە .

مزگەوتی نائب ئۆغلی کە دەکەوێتە جەرگەی ناوچە کوردنشینییەکانی کەرکووکەوە ، ناوێکی تورکمانی بۆ داتاشراوە ، تەنانەت گوندەکانیش ئەوانەی دانیشتووانەکەی هەموو کوردن ، ناوی تورکییان لێنراوە (سەقزلی ، تورکمان باخی ، گۆگ تەپە ، قەرەناو ، ......)* .

لە قۆناغی دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە ، بەهۆی کۆچی بە کۆمەڵی جوتیاران لە لادێوە بۆ شار ، هەروەها تێکەڵ بوونی هەندێك گوند و ناوچەی کوردنشینی کەنار لەگەڵ شار ، کوردەکان مۆرکی خۆیان بە زۆر ناوچەو شوێنی تازە دروستکراوی کەرکوکەوە نا ، شۆرجەو سەید سەروەر و ڕەحیماوە و تەپە و بڵاخ و بەرتەکیە و یادگار و سەرچنار و ... .

قۆناغی سێیەم قۆناغی تەعریب و تەرحیلە ، حوریەو حەجاج و قادسیییەی و جسر رابع و کرامە و .... .

کەواتە کەرکوك لە سەرتاوە وەك شارێکی کۆسمۆپۆلیتی ** فرە نەتەوەیی دەرنەکەوتووە ، دانیشتووانەکەی هەموو ماف هاوڵاتی بوونی یەکسانییان هەبێت ، کێشمەکێش و ململانێ لە نێوان نەتەوە جیاجیاکانی دانیشتوی هەبووە ، لەسەر ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوایەتی شارەکە .

لە سەردەمی بەعسدا ، کەرکوك بووە شوێنی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤەکان ، کۆنترۆڵ کردن بە ئەندازەیەك ، گەیشتە ئاستی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی تاکەکانی . مرۆڤەکان لە ژێر پشکنینی بەردەوامدا بوون ، ئەمەش وای کرد جگە لە تەعریب ، خەڵکێکی زۆر بۆ ڕزگار بوون لەو جەهەنەمە ، دەربازبوون لە کۆنترۆڵکردن ،

ئارەزومەندانە شاریان بەجێ هێشت ، یاخود ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان گۆڕی بۆ عەرەب .

لە کەرکووکدا هەرچەندە نەتەوەی جیاجیا دەژێن ، لێ بەهۆی ململانێی نەتەوەیی لەسەر باڵادەستی لەم شارە ، بۆ کۆنترۆڵکردنی ، وای کردووە ئەم نەتەوانە وەك گروپی جیا جیا دەربکەون ، بەرامبەر لە یەکتری بگرن و بکەونە دژایەتی یەکتری ، ئەمەش وای کرد ، سەرجەم شوناسە نەتەوەییەکان تێکەڵ بە یەکتر نەبن ، لەناو کەرکووکی بووندا نەتوێنەوە . کاتێك کەرکووك دەبێتە سومبڵی نەتەوەیی بۆ هەریەکێك لەو نەتەوانە ، شورایەك لە بەردەم تێکەڵ بوونی ئەو شوناسە جیاجیایانە لەگەڵ خۆیدا دروست دەکات ، چونکە نەتەوەکانی دیکەش هەمان داواکاری ئەویان هەیە ، بە گشت کەمتر لە شارەکە ڕازی نابن . بوون بە سومبلی نەتەوەیی ، وا دەکات بەردەوام ململانی لەسەر دەسەڵاتدارییەتی توندتر بێتەوە ، سومبلەکە هەموو کات لەبەردەم بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان ئامادەیی هەیە ، پانتایی زەین و بیرکردنەوەیانی کۆنترۆڵ کردووە ، لێرەوەیە دابڕانە نەتەوەییە یەکجارەکیەکان دروست دەبێت ، کۆمەڵگا لەسەر بنچینەی گروپی نەتەوەیی جەمسەربەندی دەبێت ، نەك چینایەتی .

کەرکووك بووە بە شاری ململانێ نەتەوەییەکان ، هەر نەتەوەیەکی دانیشتووی شار ، لە گروپێکدا خۆیان ڕێکخست بەرامبەر ئەوانەی دیکە ، هەموو ململانێ نێوخۆییەکان خۆیانیان خستۆتە لاوە ، لە جیاتی ئەوەی چین و توێژە جیاجیاکان ، بە گوێرەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان خۆیان ڕێك بخەن ، کەچی کێشەی ناوخۆیانەی خۆیان لە بەرامبەر هەڕەشەو مەترسی دەرەوە خستۆتە لاوە ، لە گروپی نەتەوەییدا خۆیان ڕێکخستووە بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکە . لە پاڵییوە کەوتنە تەقدیس کردنی ئەفسانە نەتەوەییەکان ، کە شارەکەیان بە شەرەف و ویژدانی نەتەوەکەیان دەزانێت ، لێرەدا دەبینیین هەموو کوردەکان جیاوازی سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی ناوخۆی خۆیان دەخەنە لاوە ، یەکدەگرن بەرامبەر بە دەرەوەی خۆیان ، نەتەوەکان دیکەش بە هەمان شێوە ، وەك یەك ڕێکخستن مامەڵە دەکەن بەرامبەر بە دەرەوەی خۆیان ، کورد بوون و تورکمان بوون و عەرەب بوون و ئاشوری بوون دەبێتە ناسنامەی دانیشتووانی ئەم شارە ، ئەمەش گەورەترین تێسرەواندنە دەکەوێت لە فراوانکردنی عەقڵ و بیرکردنەوەی



تاکی دانیشتوی ئەم شارە و کاریگەری لە سەر هوشیاری سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵکەکەی دادەنێت .

ئەگەر شار دایك و دایانگای ناسیۆنالیزم بێت ، ئەوا کەرکووك سەرباری ئەم پێناسەیە ، شاری بەرهەم هێنانەوەو گەشەدانە بە ناسیۆنالیزم . ئەم شارە بەردەوامی بە تەمەنی لا وێتی ناسیۆنالیزم دەدات ، وا دەکات هەردەم ناسیۆنالیزم بە گەنجی لەم شارەدا بمێنێتەوە و پیر نەبێت ، ئەو ڕەنگە ناشرینە پیشان نەدات کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەیەتی ، ئەگەر داپەروەری لە وڵاتانی دیکەدا ناسیۆنالیزم لە لافاوی خۆیدا ڕامالێت ، ئەوا لە کەرکووکدا نەتەوەکان هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانیان لەڕقی نەتەوەییدا شاردۆتەوە ، ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە داپەروەری ناوخۆی گروپی نەتەوەیە ، نەك تەنها ئەوەندە بەڵکە کەرکووك بۆتە شاری پیرۆزیی ناسیۆنالیستە جیاجیاکانی دەرەوەی ئەم شارەش ، تاکو ڕادەی پەرستن بەرزکراوەتەوە ، تەنانەت ئەوانەی دانیشتووی شارەکە نیین و ئاگایان لە بارودۆخی شارەکە و پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی شارەکە نییە ، دروشمەکانیان زۆر توندڕەوانەترە، ئەمانەن ئاگری شەڕی نەگریسی نەتەوەیی جۆشە دەن لەم شارە ، هەموو نەتەوەکانی دەرەوەی نەتەوەی خۆیان بە میوان لە کەرکووکدا دەزانن ، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە کاتییە و دانیشتوانەکە دەگەڕێنەوە دۆخی سروشتی خۆیان .

لە سەردەمی نوێدا ، ئەگەر شار زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەی بیری گلۆباڵ بێت ، ئەوە گلۆباڵ ئەو دابڕانە نەتەوەییە تەسکبینانەی نەتەوە جیاجیاکان ، لە بەرامبەر یەکتردا دەسڕێتەوە ، وەلێ لە کەرکووك بە تەواوەتی ئەمە پێچەوانە دەکەوێتەوە . لە جیاتی ئەوەی شار گەشە بدات بە بەها گلۆبالییەکان و بەزاندنی سنوری نەتەوەیی و تەنانەت نیشتمانیش ، کەچی دەبینیین لەم شارەدا ، شوناسی نەتەوەیی پەرگیر گەشە دەکات ، شار دابەش دەکات بەسەر چەند هەرێمێکی نەتەوەیی دابڕاو لە یەکتر ، بەرلینێك لە خەیاڵدا دروست دەکات ، بێ ئەوەی شوراکەی ڕابگەیەنرێت ، شوراکەی قەڵایەکە لە قینی نەتەوەیی دژ بە نەتەوەکانی دی ، خەون بە داگیرکردن و دەرکردن و کۆنترۆڵ کردنەوە دەبینێت ، لەگەڵ کێشمە کێشەکەدا ، قلیشی نێوان نەتەوەکان بەرین دەبێتەوە ، تاکو دەگاتە

ترۆپکی خۆی کە کەرت بوون و جیابونەوەیە ، بەم شێوەیە گلۆبالبوون و تێکەڵ بوون و نزیك بونەوەوە لە یەکتر پاشەکشە دەکات .

شار لە ناسنامەی هاوولاتی بونەوە ، دەبێتە شاری نەتەوە دژ بە یەکەکان و کەرتە سەنگەر گرتوەکان لە یەکتر ، لە شاری لێبوردەیی و کۆسمۆپۆلیتییەوە ، دەبێت کەرتە نەتەوەییە دژەکان بەرامبەر بە یەکتر ، چ تورکمان و عارەبێك لەڕەحیماوەو ئازادی دەتوانێت باس لە ماف هاوولاتی بوونی خۆی بکات ، لە بەرامبەریشدا کورد بوون بەسە بۆ سەر لێکردنەوەی کەسێك لە عروبە و دۆمیز ، ئەمەیە شەڕی بۆگەن ، شەڕی نەگریسی نەتەوەیی .

## تورکمانی ، زمانی چینە داراکان و بازاڕ و دەسەڵات لە کەرکووك

زمانی تورکمانی تاکو ئەمڕۆکەش لە کەرکوك ، پاش ئەو هەموو پاشەکشەیەی پێیکراوە لە دەیان ساڵی ڕابردوو ، هێشتا زاڵە بەسەر بازاڕ و بەشی زۆری کارگێڕییە گرنگەکانی ناو شار ، هەرچەندە ئێستا زۆر لە ڕەونەقی خۆی لە دەست داوە ، هیچکە زمانی چینە داراکانی کۆمەڵ نییە لە شاردا ، ، لە قۆناغی پێگەین و کامڵ بوونی بیری ناسیۆنالیستی و چەپگەرا ، زمانی چینی باڵاش هەرەس دەهێنێت ،(( بە داخەوا ڕۆشنبیرە چەپەکان زمانی ئایدۆلۆجیای زاڵیان هێنایە ئاراوە ، بەڵام لە مەودایەکی تەسك )). ئەم باڵادەستی زمانی تورکمانییە ، بەهۆی سیاسەتی بە عوسمانیکردنی کارگێڕی و کۆنترۆڵکردنی شادەمارەکانی ئابورییەوە بوو لە لایەن



تورکمانەکانەوە ، کە دەسەڵاتی عوسمانی هەموو ئاسانکارییەکیان بۆیان کردبوو بۆ ئەو باڵادەستییە ، بە بەخشینی ئیمتیازات پێیان .

کەرکووکی شارە قەڵا ، لە ڕابردوودا زیاتر ڕۆڵی سەربازی دەگێڕا لە ناوچەکە ، بۆیە بەشی زۆری دانیشتووانی شار لە سەربازان و کارمەندانی دەوڵەتی ناوەندی پێك دەهاتن ، ئەوانەش ئەو تورکانە بوون ، دەوڵەتی ناوەندی بە مەئموورییەت دەیانیان نارد بۆ شارەکە ، بۆ پڕکردنەوەی دەزگا کارگێڕییەکانی شار . دەوڵەت هەوڵی دەدا لەو شوێنانە تورکەکان کەمایەتی نەبن ، تاکو نەکەونە بەر هێرشی خەڵکی ناوچەکەو سوپای هێرش بەری دەرەوە ، بە تایبەت لە سەدەی ١٧ بە دواوە ، ململانێ توند بوو لەسەر کەرکووك و دەوروبەری ، لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی ، شار چەندین جار ئەم دەست و ئەو دەستی کرد ، بۆیە دەسەڵاتی ئاستانە لە ڕووی سەربازییەوە گرنگی زیاتری پێدەداو بەهێزیدەکرد ، خەڵك و سەربازە تورکە سونییەکان زیاتر بەرگرییان دەکرد لە شارەکە لە بەرامبەر هێرشی دەرەوە ، بۆیە جێگای متمانەی زیاتر بوون بۆ ئاستانە . دیارە ئەم ئەزموونەیان لە ڕابردوەوە بۆ مابووەوە (( لەبەر ئەوەی لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدەین ، عەرەبەکان جەنگاوەر بوون ، قەدەغە بوو لە شارە کۆنەکان وەك مەدایەن و ئەسکەندەرییە نیشتەجێ بن ، داوا کرا لە ناوچە دابڕاوەکان لە شار و لادێکان نیشتەجێ ببن ، تاکو نەبنە کەمایەتی ، نەوەك بکەونە بەر هێرشی دانیشتوانە ڕەسەنەکە ٢.

ئەم سیاسەتە بە ڕادەیەکی زۆر بۆ کەرکووکیش ڕاستە، دەوڵەت هەوڵی دەدا هێزە جێ متمانەکانی خۆیان ، لە شاردا نیشتەجێ بکات ، تاکو ببن بە زۆربە لە ناو قەڵا ، بۆ ئەوەی ئەگەری دەست تێکەڵکردن و کودەتا نەمێنێت .

تورکمانەکان لە زووەکەوە ئیمتیازاتی تایبەتییان هەبوو لە شاری کەرکووك ، بۆ نموونە لە ساڵی ١٦٣٩ەوە دەرکردنی نەوتی کەرکووك بەخشرا بە نەوتچییەکان ((بە گوێرەی فرمانێکی کۆن دەرکردنی نەوتی کەرکوك درا بە خێزانی نەوتچی ٣ .

پاش لاواز بوونی دەسەڵاتی خەلافەت ، کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لە لایەن ئیتحاد و تەرەقیی ناسیۆنالیستییەوە ، زیاتر خەلافەت بەرەو تورکی بوون چوو ، ئیمتیازاتی

تورکمانەکانی کەرکووکیش پاش بەدەسەڵات گەیشتنییان چووە سەر ، پێگەیان بەهێزتر بوو لە شارەکە ((ئۆرستۆکراتییەتی تورکمانی ، بە تایبەت لە ناو کەرکوك دا ، سەری هەڵ دا . لە نفوزی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری گەورە بەهرەمەند بو . وە بەهۆی شۆڕشی ١٩٠٨ی ئیتحادییەکانەوەو ، گواستنەوەی دەسەڵات بۆیان ، نفوزی ئەمان لە ناو کەرکوك دا باشتر چەسپی ٤ .

باڵادەستی تورکمانەکان لە ناو شاری کەرکوك ، لە بوارەکانی کارگێڕی و بازاڕ و پەروەردە و خوێندن (( سیاسەت و ئابوری و فەرهەنگ)) ، بە تێپەڕ بوونی کات وایکرد زمانی تورکمانی ببێت بە زمانی ڕۆشنبیری ، ئابوری ،بەڕێوەبەرایەتی لە ناو شار . سیاسەتی بە تورکی کرنی دەسەڵاتی عوسمانی ، پێش بە دەسەڵات گەیشتنی ئیتحاد و تەرەقی ، ڕۆڵی باڵای بەخشی بە بەهێزکردنی زمانی تورکی لە کەرکوك ، ئەم هەنگاوە دەسەڵاتی ئاغاکانی لە شارەکە کەمکردەوە(( کورد بوون)) ، لە بەرامبەردا تورکمانی بەهێزکرد لە شارەکە . ئەم هەنگاوە ڕۆڵی کەمتر نەبوو لە هەنگاوەکانی دواتری ئیتحاد و تەرەقی .

لە کاتێکدا زمانی تورکمانی دەبێتە زمانی خوێندن و کارگێڕی و بازاڕ لە کەرکووك ، واتا زمانی خوێندەواران و بازرگانان و سەربازانی پلەو پایەی بەرز و دەسەڵاتدارانی شار ، لە گەڵیدا دەبێتە زمانی چینە داراکانی هەموو شار . تەنانەت هەژارانی نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی شار ، بۆ ئەوەی جیاکاری نەکرێت لە گەڵیان ، لەگەڵ خەڵکی دیکەی شارەکە ، بە ناچاری بە زمانی تورکی قسە دەکەن ، بۆ ئەوەی لە ئیمتیازاتی هاووڵاتی بوون بێبەری نەبن ، لەم قۆناغەدا هاودینی جێگە بۆ هاوزمانی لە شار چۆڵ دەکات ، بۆیە دەبینین زۆر کورد و عەرەب و کلدان زمانی دایکی خۆیان دەگۆڕن بۆ تورکمانی ، بەمەش تورکمانی دەبێتە زمانی مۆدەی شار و چینە باڵاکانی کەرکووك ، نەك تەنها لە بازاڕ ، بەڵکە زمانی تورکمانی دزە دەکاتە ئەودیوو دیواری حەوشەکانیشەوە ، خێزانەکان بە گەورەو بچوکەوە زمانی نەتەوایەتییان دەگۆڕن ، نموونەی لەم چەشنە زۆرە لە ناو گەلانی دیکەی جیهان ، ئەرستۆکراتەکانی ڕووس و میسر بە فەرەنسی دەئاخفتن ، بەمەش خۆیان لە تەواوی گەل جیاکردەوە ((خانەدانەکانی ئینگلیز و ڕوسیا بە زمانی فەرەنسی دەدوان ، بە گوێرەی گوزاریشی جۆن ڕێد لە بارودۆخی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەرکەسێك بە زمانی فەرەنسی بدوایا کرێکارانی شۆڕشگێڕ دەانگرت و



ڕەوانەی دادگای شۆڕشیان دەکرد ، چونکە ئاخاوتنی فەرەنسی دەربڕی ئەوە بوو ئەو کەسە سەر بە چینە باڵاکانی کۆمەڵگای ڕووسییە ٥ .

((بە ئەگەری زۆر ئەم دیفاکتە پاڵی بە ئەدمۆنزی نوسەری کتێبی (کورد و تورك و عەرەب)ەوە ناوە کە ، لە کتێبەکەی دا دەستەواژەی تورکمان بۆ ئەوانە بەکاربهێنێ کە ، لە گوند و شارەکاندا زۆرینەی دانیشتوان پێك ئەهێنن و بە تورکمانی قسە ئەکەن ، وە تورك یش ، بۆ ئەندامانی ئەو خێزانە ئەرستۆکریاتییانەی ، پاشماوەی فەرمانبەر و سەربازییە عوسمانییەکان بون و بە تورکی عوسمانی قسەیان ئەکرد . هەروەها بۆ ئەوانەشی کە، لە ناو شاری کەرکوك دا ببونە تورك ٦ .

گۆڕینی زمان خێزان و بنەماڵەی تێپەڕاندووە ، تەنانەت جاری وا هەبوو ، هەندێك عەشیرەت بە کۆمەڵ ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان گۆڕیووە و بوونە بە تورکمان (( ژمارەیەك بنەماڵەی کوردی ، یان بەشێك لێیان ، ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان گۆڕی بۆ تورکمان لەوانە : بنەماڵەی یاقوبییەکان (ئال یاقوب زادە)ی ناسراو ، کە لە بنەچەدا سەر بە عەشیرەتی زەنگەنەی کوردییە ٧ .

د.جەماڵ ڕەشید کۆمەڵێك هۆکار دیاریدەکات ، کە ڕۆڵییان هەبووە لە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی لە کوردییەوە بۆ تورکمان :

((لە واقیعدا بە تورکمانیکردنی کورد لەناو شاری کەرکوك لەبەر چەندین هۆ بووە لەوانە :

١- لەژێر کارتێکردنی دەسەڵاتی سەربازی و سیاسی و کارگێڕی و ڕۆشنبیری تورکی لە شارەکەدا هەر لەسەدەی شانزەهەمی زایینییەوە.

٢- سەرهەڵدانی چینێکی سەرمایەداری لە نێوان موڵکدارە تورکمانەکاندا لە ئەنجامی سوود وەرگرتن لە سامانی ئاژەڵی و کشت و کاڵی لادێیە کوردەکان لەناو بازاڕەکانی شار و قەبوڵکردنی چینی ڕەش و ڕووتی کورد لە بەرژەوەندی ئەوان بە ئارەزووی خۆیان .

٣- زاڵبونی تورکی وەك زمانی چینی ئەرستۆراتی بەسەر زمانی بازاڕی ناوخۆ لەسەردەمی عوسمانییەوە.

٤- هەولدانی چەند خێزانێکی کوردی–سوننی کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بە داوەتی هاتون و ملکەچی دەولەتی عوسمانیین بۆ ئەوەی بتوانن دوای دروستبمە وەربگرن .

٥- لە ڕێگەی تێکەڵ بوونی کۆمەڵایەتی و ژنهێنان.

ترسان لە گەڕانەوە بۆ حوکمی تورکی لە ڕیچگەی داواکردنی ویلایەتی مووسڵ لە لایەن تورکیاوە ٨ . زمانی کارگێڕی و خوێندن ، لە سەردەمی عوسمانییەکان ، لە شاری کەرکوك ، زمانی تورکی بوو ، تورکی بوونی زمانی خوێندن و کارگێڕییهاندەر بوو بۆ برەودان بە زمانی تورکی لەناو خەڵك ، بە تایبەتیش پاش ئەوەی بووە زمانی مۆدەی چینە باڵاکانی کۆمەڵ ((زمانی تورکی لەبەر ئەوەی زمانی دەسەڵات و خوێندن بو ، بەشێوەیەکی فراوان لە کەرکوك و دەوروبەریا بڵاو بووەوە ٩ .

گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی بۆ تورکمان ، تاکو ساڵانی پەنجاکان بەردەوام بوو لە کەرکووکدا ، سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکەن ، کە لە قوتابخانەی ئیمام قاسم ڕوویداوە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو ، بەوەی قوتابییەکی کورد ، خۆی بە تورکمان نوسیووە :

((یەکێك لەوانەی بەتورك نوسراون کابرایەك بوو بە ناوی عەلی یادگار ناوی لە جێیەك بە تورك نوسراوەو دواتر لە جێیەکی تردا بە کورد ، دوای گەڕانیش بۆم دەرکەوت کە کوردەو خەڵکی گەڕەکی زێویە بووەو ئەو کۆڵانەی کە ناوی یادگارە و لە نێو جەرگەی ئیمام قاسمدایە موڵکی ئەوان بووەو بۆیە بەناوی ئەویشەوە نا نراوە یادگار (١٠ ) .

ئەوە نەبوو زمانی تورکی تەنها زمانی دەولەمەندان و بازاڕ و ڕۆشنبیری خوێندەوارە کوردەکان بوبێت ، بەڵکە بووە زمانی نەتەوەو ئاینەکانی دیکەش ((مەزارەکەی ئیمامی زەینولعابدین کوڕی عەلی کوڕی حوسێن کوڕی عەلی ، کە تەلارێکی سێ گومەزە ، لەسەر گردێکی شوێنەواریی بەرز ، لە حەوت کم باکوری خۆرهەڵاتی شارۆچکەی داقوق ، لە ناوەڕاستی گوندێك دا کە ، بە ناوییەوەیە ، دروستکراوە ، زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەبن ، بەڵام زمانی باوی ئاخاوتنیان تورکییە (١١) .



((فەلەکانی کەرکوك کە دەوری ٣٥٠ خێزان ئەبون ، بە تورکی ئەپەیڤین و بە پیتی سریانی ئەیاننوسی ( پێشهات ژمارو ٩ ئاداری ٢٠٠٥ ل٩٠–تورکمان لە کوردستان و عێراق –د.کەماڵ مەزهەر– وەرگێڕانی مەحمود ڕەزا) .

دەسەڵاتی عوسمانی ، نەك تەنها زمانی نەتەوەیی خۆیان بەسەر دەزگاکانی کارگێڕیدا داسەپاند ، بگرە جیاکاری مەزهەبیشیان دەکرد لە بەرامبەر مەزهەب و ئاینەکانی دیکەی کۆمەڵ ، بەهۆی ململانێی عوسمانییەکان لەگەڵ سەفەوییە شیعەکان ، بۆیە هاوزمانە تورکمانە شیعەکانیشیان پەراوێز کرد ((تورکمانە سونییەکان باڵادەست بوون بەسەر بازاڕ و بازرگانی لەناو شاری کەرکوك (١٢) .

بەهۆی ئەوەوەی تورکمانی بوون و سونی بوون ، هۆکار بوو بۆ بەدەست هێنانی زۆر ئیمتیازات لە شاری کەرکووکدا ، بەهۆی ئەوەوەی هوشیاری نەتەوەیی لەناو خەڵکدا گەشەی نەکردبوو ، بۆیە ناسنامەی نەتەوایەتی گۆڕین سانا و ئاسایی بوو لەو سەردەمە ، بگرە کوردە گۆڕاوەکان زۆر تورکمانی توندڕەویشیان بەرهەم هێنا ((هەروەها تورکمانەکان زۆربەی پلە کارگێرییە باڵاکان ناو کەرکوك بە دەستیانەوە بوو، زۆر خانەوادەی کوردی ناسنامەی نەتەوایەتیان گۆڕیوە بۆ تورکمان تا فەرمانبەریان دەست کەوێت یان لە بازاڕدا ڕۆڵ بگێڕن (١٣) .

بەهۆی ئەوەوەی زمانی تورکی بە درێژایی چەندین سەدە زمانی ڕۆشنبیری و کارگێڕی بوو لە کەرکووکدا ، بۆیە ئینگلیزەکان لە دوای داگیرکردنی عێراق ، زمانی تورکمانیان لە سەرەتادا وەك زمانی کارگێڕی و ڕۆشنبیری هێشتەوە لە کەرکووك ((ئیدارەی داگیرکەری بەریتانیا بڕیاری داو دواتر حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان عێراق بڕیاری دا زمانی تورکی وەکو زمانی خوێندن و کارگێڕی لە کەرکوك بمێنێتەوە تاوەکو کۆتایی بیستەکان (١٤) .

ئەو تورکانەی لەسەر خاکی عێراق نیشتەجێ ببون ، بەهۆی ئەو یاسایەی لە دوای دامەزراندنی دەولەتی عێراقەوە دەرچوو ، هەموو کرانە عێراقی ، ژمارەیەك خەڵکیش بەهۆی شیعە بوونییانەوە ئەو مافەیان لە دەست دا ، چونکە دەسەڵاتی عوسمانی ماف مانەوەی هەمیشەیی و ناسنامەی عوسمانی نەدابوو پێیان ، بەهۆی شیعە بوونییانەوە ((ساڵی ١٩٢١ یاسای نوێ بۆ ڕەگەزنامە دەرچوو ، بە گوێرەی

ئەو بڕیارە کەسێك دەبێتە عێراقی ڕەگەزنامەی عوسمانی هەبوبێت ، یان ماف مانەوەی هەمیشەیی هەبووبێت لەسەر خاکی عێراق (١٥) .

زمانی تورکمانی تاکو ساڵی ١٩٣٠ز ، بە تاکە زمانی خوێندن مایەوە لە شاری کەرکوك ، لە دوای ئەو مێژووەوە ، ڕۆڵەکان گۆڕانکاری پێکرا ، ناسیۆنالستە عەرەبەکان ، زمانی تورکمانیان وەك زمانی خوێندن قەدەغەکرد ، ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی تورکمان لە کەرکوك ، لەسەرچاوەوە کانییەکەیان وشککردەوە ، لێرەوە قۆناغی پاشەکشە دەستی پێکرد ((خوێندن بەزمانی تورکمانی تاوەکو ساڵی ١٩٣٠–١٩٣١ لە کەرکوکدا بەردەوامبوو و لەساڵی ١٩٣٧ داو لە سەردەمی وزارەتی (یاسین هاشمی) دا زمانی تورکمانی قەدەغەکرا (١٦) . ئێستاش تورکمانەکان خەون بە گەڕانەوەی ئیمتیازاتە نەتەوەییەکانی ڕابردووەوە دەبینن ، غرور و لوت بەرزی نەتەوەییە توندڕەوییەکانیان لێرەوە سەرچاوەی گرتووە ، حەسرەت بۆسەروەرییەکانی ڕابردوو دەخۆن ، ڕابردووی پڕ لە شکۆو سەروەری و دەسەڵات ، خەون دەبینین بە گەڕانەوەی ، بەڵام چۆن هاتن بە میوانی بۆ شارەکە ، دوای دەسەڵاتی عوسمانی بوونەوە بە میوان لە عێراقێکدا ٥ سەدە دەسەڵاتداری بوون .

کورد لە شاری کەرکوك ، بەهۆی نەخوێندەواری و هەژاری و ستەمی نەتەوەییەوە ، لە تەواوی سەدەکانی ڕابردوو ڕۆڵی لاواز بوو لە شارەکە ، بە بەردەوامی بە پەراوێز کرابوون . هەرچەندە کەسایەتییە بەهێزەکانی کورد، وەك سەید ئەحمەدی خانەقا و شێخانی تاڵەبانی لە چەند سەدەی ڕابردوو ، هەندێك هەیبەتیان بۆ کورد لە ناو شارەکە گەڕاندەوە .

لە ناوەڕاستی بیستەکان بەدواوە ، ئەستێرەی شانسی کورد لە شاری کەرکوك لە هەڵاتندا بوو ، بەوەی نەوەکانی هەلیان بۆ ڕەخسا بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیان لە شارەکە بە زمانی دایك بخوێنن ، خوێندن بە زمانی دایك هەنگاوێك بوو بۆ ڕێگە گرتن لە پاکتاوی نەتەوەیی و کۆتایی هێنان بە لاوازی زمان ، داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە هۆکارێك بوو بۆ بەدەست هێنانی ئەم دەستکەوتە مێژوییە ((لە بەرواری ٢–٣–١٩٢٤ بڕیار درا هەموو پەرتوکی قوتابخانەکان کوردستان بکرێن بە زمانی کوردی . عەبدوڵڵە عەزیز و سەعید کابان کردیان بە کوردی ( ١٧) .



سەرباری وەرگێڕانی پەرتوکی قوتابخانە بۆ سەر زمانی کوردی ، فەرمانگەی پەروەردەی کوردیش لە کەرکوك دامەزرا ((هاوکات فەرمانگەی پەروەردەی کوردیش لە کەرکوك دامەزرێنرا ، کە سەرپەرشتی قوتابخانە کوردییەکانی دەکرد لە شارەکانی – سلێمانی – هەولێر – کەرکوك – قەزاکانی موسڵ (١٨) .

((یاسای زمانی ناوەخۆیی ژمارە ٧٤ی ساڵی ١٩٣١ ، کە لە الوقائع العراقیەی ژمارە ٩٨٩ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣١ بڵاوکراوەتەوە ، لەگەڵ ناتەواوییەکەشیدا دانی بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگا و خوێندن ، لە کەرکوکدا باوە (١٩) .

ئەم پاشەکشەیەی زمانی تورکمانی لە بواری پەروەردەو زمانی فەرمی کارگێڕی ، هەرچەندە ڕۆڵی زمانی تورکمانیان لاوازکرد لە شارەکە و پاشەکشەیان پێیکرد وەك تاکە زمانی زاڵ ، بەوەی ڕێگە بۆ چەند زمانی دیکە کرایەوە لە شارەکە ، لێ بە شێوەی گشتی زمانی تورکمانی باڵادەستی لە بواری بازاڕ و کارگێڕی ، تاکو دوای ساڵانی پەنجاکان هەروا مایەوە ، دووەم تێسرەواندن لە باڵادەستی زمانی تورکمانی لە شاری کەرکوك ، شۆڕشی ٥٨ لێی دا ، تا ئەو کاتیش ((کارمەندە گەورەکان بە تورکی قسەیان دەکرد (٢٠) .

هەر لە دوای دەرهێنانی نەوت لە شاری کەرکوك ، جیاکاری نەتەوەیی کرا لە دامەزراندنی فەرمانبەران لە بواری پیشەسازی نەوت ، لەناو هەموو نەتەوەکانی کەرکووك ، کورد لە هەموویان زیاتر بە پەراوێزکرا و بەشی خورا . پاکتاوی ڕەگەزی لە سەردەمی نوێ لەگەڵ دەرهێنانی نەوت لە شاری کەرکوك دەستی پێ کرد ، بە جیاوازی کردن لە نێوان نەتەوەکان لە دامەزراندنیان لە کۆمپانییای نەوت ، کرێکارانی کورد زۆر بە کەمی دامەزرێنران ، لە چاو ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە لیواکە . عەرەب و کریستانیان لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە هێنا و دایانییان مەزراند ، لە پاڵ تورکمان و هیندییەکان (( کۆمپانیای نەوتی عێراق (ئای –سی– پی) ماف دەرهێنانی نەوتی ناوچەی کەرکوکی وەرگرتبوو ، ژمارەیەك زۆری لە عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی لە دەرەوەی ناوچەی کەرکووکەوە هێنابوو و دایمەزراندبوون ، لە ناوچەیەك کە پێی دەگوترێت (عەرەفە) یان کەرکوکی نوێ بە سەدان خانووی بۆ دروستکردبوون و زۆربەی نیشتەجێیەکان لە خانوانەش ئاشوری و ئەرمەن و عەرەب و تورکمان بوون (٢١) .

ئەم جیاوازییکارییە لە دامەزراندن لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووك ، تاکو ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام بوو ، لەو ساڵەدا بەهۆی هاتنی داود جەنابی ئەفسەری پایە بڵندی چەپگەرا بۆ شاری کەرکووك ، لایەنگری بەهێزی لە کورد دەکرد ، ڕۆڵی کورد لە شارەکە بەرزبووەوە . دەبینین لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ ەوە ژمارەی کرێکارانی کورد لە کۆمپانییای نەوتی کەرکووك دەچێتە سەر ((ساڵی ١٩٥٨کۆی کرێکارانی نەوتی کەرکووك ٢٢٣٠ کرێکار بوو ، لە ساڵی ١٩٦٠ بوو بە ٣٤١٠ کرێکار ، کرێکارانی کورد لە ٨٠٠–٨٥٠ کرێکارەوە کە دەیکردە ٣٨٪ سەرجەم کرێکاران ، ساڵی ١٩٦٠ ژمارەیان بوو بە ١٢٥٠–١٣٥٠ کرێکار کە دەیکردە ٤٣٪ی سەرجەم کرێکاران ، کریستانیش لە ٤٠٪ ەوە بوون بە ٤١٪ ، بەڵام ئینگلیز لە ٣٪ ەوە دابەزین بۆ ١٪ (٢٢) .

تاکو بەرپابوونی شۆڕشی ١٤–تەموزی ساڵی ١٩٥٨ ، کورد ئازاد نەبوو لە کۆچکردن بۆ ناو شاری کرکووك و نیشتەجێ بوون تیایدا ، بەردەوام ڕێگری هەبوو لە بەرامبەرییان (( ئەفسەرە نەتەوەییەکان ، لە سەردەمی ڕەشید عەلی گەیلانیدا ، لە ماوەی کورتی تەمەنی دەسەڵاتداریەتیان ، ڕێگر بوون لە بەردەم کوردەکان کۆچ بکەن بۆ شار ، یاخود زەوی و خانوو لە شاردا بکڕن (٢٣) .

لە پاڵ بە دەست هێنانی مافی خوێندن بە زمانی کوردی ، لە ڕوی سیاسیشەوە کورد لە کەرکووك سەرکەوتنێکی دیکەی بەدەست هێنا ، ئەویش توانی زۆربەی نوێنەرانی ئەنجومەنی شاری کەرکووك بەدەست بهێنێت ((ساڵی ١٩١٩ئەنجومەنێك لە ١٢ئەندام پێك هێنرا بۆ شاری کەرکوك ، لە١٢ نوێنەر ٦ بیان کورد بوو ، لەو ٦ نوێنەرە ، ٤ یان لە( کنگربان –گل–کلار–کفری ) ، سەید ئەحمەد خانەقا دانیشتوی عەلەغێر( تەنیشت دبس) و کەرکوك ، هاوکات ٢ تورکمان لە ناو شاری کەرکوك ، ١ کورد جگە لە سەید ئەحمەد خانەقا ، ١ جولەکە ، ١ کلدانی دیاریکران (٢٤) .

پەیدا بوونی گەڕەکی تەواو کوردنشیینی لە کەناری شاری کەرکووك ( شۆریجە – ئیسکان – ڕەحیماوە _ ئیمام قاسم – ئازادی – حەسیرەکە – ..... ) ، هەروەها کوردەکان لە ناو شار بوون بە خاوەند بازاڕی سەربەخۆ ، پاشکۆیەتی کوردی لە بازاڕ بۆ دوکاندار و بازرگانە تورکمانەکان کەمکردەوە ، توانییان سەربەخۆییەك لە بازاڕدا بەدەست بهێنن ، بەمەش باڵادەستی بازرگانە تورکمانەکان



لە بازاڕدا لاواز بکەن ، زۆر بازرگانی چالاکی کورد پەیدا بوون ، توانیان ڕۆڵی ئابوری کارا لە شاردا بگێڕن ((بازرگانانی جو و ژمارەیەك بازرگانی مەسیحی . بازرگانانی کورد و تورکمان دەستیان بەسەر بازاڕەکاندا گرتبوو . زمانی کوردی و تورکمانی زمانی کڕین وفرۆشتن بوو . شۆریجە بازاڕێکی بازرگانی کەرکوکە تایبەتبوو بە کوردەکان (٢٥) .

لە چلەکان بە دواوە ، بەهۆی داباریینی شەپۆلی کۆچی جوتیارانی کوردەوە بۆ ناو شار ، لە قۆناغی بەشاربوونی کۆمەڵگەدا ، گۆڕینی زمان بۆ ئەو خەڵکە نەخوێندەوارە گران بوو ، بە تایبەت زۆربەیان لە گەڕەکە کوردنشینەکانی کەنار جێگیر بوون ، زمانی باو لەو گەڕەکانە کوردی بوو ، ئەو گەڕەکانە لە سەنتەری شارەوە دوور بوون کە تورکمانەکان زاڵ بوون بەسەریدا ، هاوکات گەشەسەندنی هوشیاری سیاسی (نەتەوەیی و چەپگەرا ) لە کۆمەڵگەدا ، زمانی چینی باڵاو نەتەوەی باڵایان ڕەتدەکردەوە ..... ، ئەمانە کاریگەری زمانی تورکمانیان لەسەر تاکی کورد کەمکردەوە ، گۆڕینی نەتەوەو زمانیان بەرەو کۆتایی برد . سەرباری ئەوەی نەوەیەك لە خوێندەوارانی کورد پێگەیشتن ، پلەی کارگێڕی بەرزیان لە شار بە دەست هێنا ، جێگەو ڕێگەی کوردیان لە ناو شاردا بەرزکردەوە ، کەسایەتی کوردی بەهێزی خاوەند هژمۆنیا لە شاردا پەیدا بوون نموونەیەك ( شێخ مارف بەرزنجی) .

پاش شەپۆلی کۆچی جوتیارانی لادێ ڕوو لە شار ، ئیتر ڕێگری زمان (تورکمانی زمانی شار و دەوڵەمەندەکان) لە ژێر شەپۆلی کۆچی بە کۆمەڵی جوتیارانی بێ زەوی کوردی زمان ڕوو لە شار هەرەس دەهێنێت ، ئەوە نامێنێت لە شاردا کوردی زمانی تەنها لادێی و مرۆڤە پلە دووەکان بێت ، تورکمانیش زمانی دەوڵەمەند و بازاڕ و فەرمانگەو دەوڵەت ، زمانی خانەدان و ئەفەندییەکان . هەرچەندە لە سەرەتاشەوە لەبەر ئەوەی کڕیاران زۆریان کوردی لادێی بوون ، یان لە شارەکانی دەورووبەرەوە دەهاتن بۆ کەرکوك ، بۆیە زمانیکڕین و فرۆشتن لە کەرکوك بەشی زۆری بە کوردی بوو ، لێ خاوەند دوکانەکان زۆربەیان تورکمان بوون .

## به توركمانیكردنی ناسنامەی شار

یەكێك لەو بابەتانەی توركمانەكان ، بۆ بە توركمانیكردنی شاری كەركوك ، زۆر ئاماژەی پێدەدەن و لە هەموو بۆنەكاندا دوبارەی دەكەنەوە ، ئەو وتەیەی ساتح حەسری ، باوكی ناسیۆنالستی عەرەبی و بەعسە ، لە پەرتووكی ( مذكراتي في العراق) باس لەوە دەكات ، كاتێك لە ساڵی ١٩٢١ كابتن ن– فاریل ( قائم باعمال وزاره المعارف) ی ئەوسا داوای لێكردووە بچێت بۆ كەركوك ، بۆ ئەوەی ببێت بە بەڕێوەبەری پەروەردە ، پێی وتووە : بچۆ بۆ كەركوك ، ببە بە بەڕێوەبەری پەروەردە ، لەوێ خەڵكەكە بە توركی قسە دەكەن (٢٦ ) .

ئایا قسەكردنی خەڵك بە زمانی توركی ، یاخود كەرتی زاڵبوونی زمانی توركمانی لە كەرتی پەروەردە ، هیچ نهێنیەكی تێدایە تاكو بكرێت بە موژدە گەورەكە بۆ بە توركمانی زانینی شارەكە ؟ ، سەدان ساڵ توركی لەم شارەدا زمانی فەرمانڕەوایی و ڕۆشنبیری بوبێت ، زمانی دەسەڵات و بازاڕ بووبێت ، چۆن نابێت بە زمانی باو لە بازاڕ و پەروەردە ؟ ، لە دوای ٣ ساڵ لە هەرەسی دەسەڵاتێك ٥ سەدە فەرمانڕەوا بوبێت لەو شارە ، لە بەرامبەر ئەمە كوردەكانیش زۆر وتەو پەرەگرافی كەسانی ناسراویان هەیە ، نموونەیەك میجەرنۆئیل لە نامەیكدا بۆ كۆكس مەندوبی سامی بەریتانی دەڵێت : اصر باصرار شديد بان ٧٥٪من سكان كركوك هم من الكورد الذين يميلون الى تاييد الشيخ محمود ولا يريدون المشاركه في الانتخابات ( ٢٧ ) . .

خەڵكی هەموو وڵاتانی سۆڤییەتی جاران بە ڕوسی ، وڵاتانی ئەفریقا بە فەرەنسی ، ئەمەریكای لاتین بە ئیسپانی ، كوردی دیاربەكر بە توركی ، كوردی حەلەب بە عەرەبی قسە دەكەن ، قسەكردن مانای بوونیان نییە بەو نەتەوەیە ، بەڵكە هەلومەرج ئەو زمانەی بەسەریاندا سەپاندووە ، توركمانی بوونی زمانی كەرتی پەروەردە و بازاڕ ، توركمان بوونی هاووڵاتیانی كەركوك ناگەیەنێت .

خوێندن و ئاخافتن ، بە زمانی توركی نیشانەی بە توركمانی كرنی ئەو تاكە ناگەیەنێت ، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت كورد لە زووەكەوە لە كوردستانی باكوور كۆتایی پێ هاتووە و هەموو بونە بە تورك .

تەنها كورد نەبوون لە ناو شاری كەركوك بە توركمانی دەیانخوێند ، بگرە ئەم دیاردەیە كلدان و جولەكەشی گرتەوە (( تەنانەت لە كەركوك لە قوتابخانەی



كلدانییەكان ٥٠ كوڕ و ٥ كچ دەیان خوێند ، جولەكەش ٦ قوتابی ، هەرچەندە ئیجازەشیان نەبووە و بە توركی خوێندویانە ( ٢٨ ) .

ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی ، توركی بوونی زمانی خوێندنی قوتابخانەكان ، پەیوەندی بە ناسنامەی توركی بوونی قوتابییەكانەوە نییە ، وەك چۆن دواتر زمانی عەرەبی سەپێنرا بەسەر هەموو قوتابیانی نەتەوەكانی دانیشتووی شاری كەركووك بە برا توركمانەكانیشانەوە .

هەروەها یەكێك لەو خاڵەی زۆر توركمانەكان ئاماژەی پێ دەدەن ، پاش ناوی توركی كەسایەتییەكانە ، بوونی پاشگری ناوی توركیش بە مانای بە توركمان بوونی ئەو كەسە ناگەیەنێت ، ئەوە مۆدەیەكی سەردەمی عوسمانلیەكان بوو ، خوێندەواران كە چوونە بۆ ئاستانە ، هەموو ئۆغلییەكییان(كوڕی) ناوە بە ناوەكانییانەوە . نائیب ئۆغلی ناوی یەكێك لە مزگەوتە ناسراوەكانی شاری كەركووكە ، دەكەوێتە ناوچەیەكی تەواو كوردنشینەوە ، خاوەندەكەی هەرچەندە ئەم نازناوەی هەڵگرتووە ، وەلێ كرمانجێكی عیار ٢٤ بووە (( نائیب ئۆغلی محەمەد ئەسعەد النائب ، خەڵكی گوندی گەڕاوە لە باشوری سەری ڕەش لە ساڵی ١٨١٥ دروستی كردووە( ٢٩) . ئەفەندی ، عەسكەری ، ڕۆژبەیانی هەموو كورد بوونە .

بەهۆی پەیوەندی تونتوتۆڵی بازرگانی لە نێوان شارەكانی سولەیمانی و كەركوك ، ، هەندێك لە بازرگانانی ناسراوی شاری سولەیمانی ، نازناوی توركمانیان هەڵگرتووە ((ئەم جۆرە پەیوەندییە بەهێزە ئابوورییانە وایكرد كە هەندێك لە خانەوادە بازرگانییە ناسراوەكانی سلێمانی نازناوی (( كەركوكی – كەركوكلی)) بۆخۆیان دابنێن (٣٠) .

## ئاماری ساڵی ١٩٥٧ و ململانێ گەورەكە

ئاماری سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ، كە تیایدا ناسنامەی نەتەوایەتی تاك دیاریكراوە ، ئەمڕۆ وەك گۆچانەكەی موسای لێهاتووە بۆ دیاریكردنی ناسنامەی شاری كەركووك ، هەر نەتەوەیەیە دەیەوێت بە دەستییەوە بگرێت و لە ڕێگەوەی بپەڕێتەوە بۆ

دەستگرتن بە سەر شارەکە ، بە هۆوەی لەسەر چاڵە نەوتەکانی کەرکووك دابنیشێت و گوڵی خۆی بگرێت .

تاکو ساڵی ١٩٤٧ ، لە عێراقدا ئاماری فەرمی ئەنجام نەدراوە ، دیارە لەو ئامارانەش(١٩٤٧–١٩٥٧) خەڵکانێکی زۆر لە ترسی سەربازی خۆیان ناونووس نەکردووە ((وەك دەزانرێت ئەو ئامار و ژمارانەی لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٤٧ پەیوەندییان بە ژمارەی عێراقەوە هەبووە تەنیا بە گۆترەو مەزەندە بوون ، کە دەوڵەتی عوسمانلی و هەندێك لە گەڕۆك و ڕۆژهەڵاتناسان و فەرمانبەرانی بەریتانیا لە عێراق لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو یاخود لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ، بە مەزەندە باسی ژمارەی دانیشتوانییان کردووە (٣١ ) .

ئەمرۆ ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ، کە کورد و تورکمان هەردووك هانای بۆ دەبەن ، بۆ سەلماندنی ناسنامەی نیشتمانی شارەکە ، بۆتە ئاماری فەرمی یەکلاکردنەوەی خاوەندارییەتی شارەکە (( سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ گونجاوترین سەرژمێرییە کە پشتی پێ ببەسترێت ، چونکە لە بارودۆخێکی گونجاوتردا کراوە (٣٢) . ناسیۆنالستە توندڕەوەکانی هەردوو نەتەوە ، چمکێکی ئامارەکەمان پێ نیشان دەدەن و بەشێکی دەشارنەوە ، تاکو لە ڕێگەوەی خاوەندارییەتی نەتەوەیی خۆیان بۆ شارەکە بسەلمێنن .

فێڵەکەش لێرەوە سەر هەڵدەدات ، دانیشتوانی ناوەندی شار ، وەك لە خوارەوە دەیبینین ، دانیشتوانە تورکمانەکانی ٥٢٥٩ کەسییان زیاتر بووە لە کورد ، بەڵام لە نیووەی کەمتری دانیشتووانی شار بوونە ، هەروەها بانگەوازێك بۆ سەرژمێری هاووڵاتییان بە زمانی تورکمانی بڵاوکراوەتەوە ، بەم هۆیانەوە دەیانەوێت مۆرکی تورکمانی بوونی شار بدەن لە کەرکووك ، نەتەوەکان دیکە بکەنە میوانی کاتی . هەرچی نەتەوەییە کوردەکانە ، چاو لە ئاماری ناوەندی شار دەپۆشن ، ئاماری هەموو لیوای کەرکووك بە لادێ و شار و شارۆچکەکانەوە دێننە پێشەوە ، ئەوە لە بیر دەبەنەوە ، لەو کاتەدا تورکمان لە ناوەندی شار و هەندێك شارۆچکە ، پێکهاتەیەکی دانیشتوانی گەورەو گرنگ بوونە .



**ئەم دوو بۆچوونە هەردووك دەیانەوێت ناسنامەی نەتەوەیەك بە شارەوە بنێن ، نەتەوەکانی دیکە تیایدا بکەن بە میوان ، ئەم بۆچوونە لە سەردەمێکدا کە سڕینەوەی گرووپی بچوکیش بووە بە ڕابردوو ، مرۆڤایەتی دژ بەم شێوە بۆچونانەیە ، ناتوانێت بچەسپێت ، بۆیە سەرباری ئەوەی بۆچونێکی ناڕەوایە ، خەونێکی بێ ئەنجامیشە ، جگە لە گرژی نەتەوەیی ، هیچ ئەنجام و بەرهەمێکی دیکەی لێ شین نابێت .**

**بە گوێرەی ئامارەکانی ئەم سەرژمێرییە پێك هاتەی نەتەوایەتی لیوای کەرکووك بەم شێوەیەی خوارەوە بووە : (( ساڵی ١٩٥٧ : کورد ٤٨,٢٪ ، عەرەب ٢٨,٢٪ ، تورکمان ٢١,٤٪ (٣٣ ) .**

پێك هاتەی نەتەوایەتی شاری کەرکووك بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ وەك ناو شار ، یاخود وەك لیوا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە :

| زمانی دایك | ناوشاری ك | دەوروبەر کەرکووك | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| عەرەبی | ٢٧١٢٧ | ٨٢٤٩٣ | ١٠٩٦٣٠ |
| کوردی | ٤٠٠٤٧ | ١٤٧٥٤٦ | ١٨٧٥٩٢ |
| تورکمان | ٤٥٣٠٦ | ٣٨٠٦٥ | ٨٣٣٧١ |
| کلدان و سریان | ١٥٠٩ | ٩٦ | ١٦٠٥ (٣٤) . |

بەڵام کورد لە ساڵی ١٩٥٧دا ڕێژەی لە ناوەندی شار و قەزاکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە :

| | |
|---|---|
| حەویجە | ٥٪ |
| کفری | ٥٣,٧٪ |
| دووز | ٥٤,٧٪ |

چەمچەماڵ ١٠٠٪

کەرکووک ٤٠,٩٪ ٪ (٣٥) .

ئەمەی خوارەوەش بەڵگە نامە گرنگەکەی ناسیۆنالستە تورکمانەکانە ، کە چگە لە بانگەوازێك بە زمانی تورکمانی ، دەربڕی هیچی دیکە نییە ، کەسیش هاشای لەوە نییە چەند سەدەیەك زمانی تورکمانی زمانی ڕۆشنبیری باو بووە لە شارەکە .




به عەرەبی لە خوارەوە

دولة العراق

وزارة الشؤون الاجتماعية

مديرية النفوس العامة

الإحصاء السكاني العام لسنة ١٩٥٧


نص الإعلان

عزيزي المواطن



اشتراكك في التسجيل ،يعتبر أساسا لقيام حياة جديدة وسعيدة .

– غلاف النص التركي من كراس تعليمات تسجيل الإحصاء السكاني الذي وزع في كركوك عام ١٩٥٧ –


شؤون اجتماعيه وزارتى
نفوس عموم مديرلكى
فني شعبه

تسجيل ايشنى كوره نلره مخصوص
تعليمات

( النص التركي )

((وپيقه تاريخيه هامه عن إحصاو ١٩٥٧))

ئەمەش بیرو بۆچوونی یەکێك لەو بانگەشانەی ناسیۆنالستە تورکمانەکانە ، بانگەشەی تورکمانی بوونی کەرکوك دەکەن : ((بە گوێرەی ئاماری ١٩٥٧ ناوەندی شاری کەرکوك ، ئەربیل ، موصل ، ٢٠ ناحیە تورکمانی بووە ( ٣٦) .

سەیری ئەم نووسەرە بکەن ، چ ئامارێك دەدات بۆ بونی ڕێژەی تورکمان لە شاری کەرکووك ، ڕێژەیەك تەنها لە ئەفسانەکان بوونی هەیە ، بەهەمان شێوەی ئەو نووسەرە کوردانەی باس لە ١٠٠٪ کورد بوونی کەرکووك دەکەن : ( ئەوەی ڕون و زانراوە تورکمان ٩٥٪ دانیشتوانی کەرکووکیان پێك دەهێنا تاکو ساڵی ١٩٦٠ (٣٧) .

لە ڕاستیدا ڕێژەی دانیشتوانی هەر نەتەوەیەك ژمارەی مرۆڤەکان دیاری دەکەن ، نەك ئەفسانەی نەتەوەیی و خەیاڵی شۆفینی .

((کەرکوك ڕۆژێك لە ڕۆژان کوردی نەبووە ، تا ببێتە بەشێك لە کوردستان ، کورد قەت زۆربەی دانیشتوانی کەرکوکیان پێك نەهێناوە ، زۆربەی کوردەکان ئاوارەن ، بەدوای کاردا هاتوون ، یاخود پاش ڕوخاندنی لادێکانیان هاتنە کەرکوکەوە و تیایدا جێگیر بوون (٣٨ ) .

بەڵام نووسەر لە خۆی ناپرسێت ، ئەدی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ چی لێ بکەین ؟ ، هەروەها ئەو لادێیانەی کوردیان تێدا نیشتەجێ بوونە ، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە چ پارێزگایەك بوونە ؟.

ئەم بۆچوونە نەتەوەییە توندڕەوانە هیچ خزمەتێك بە خەڵکی شارەکە ناکات ، جگە لە بە بەلقان کردنی شار ، بۆیە دەبێت سەرچاوەی ئەم بۆچوونانە لە چ نەتەوەیەکەوە بێت بە توندی پێشیان پێ بگرین .

کۆچی جوتیارانی کورد لە لادێوە بۆ ناوەندی کەرکوك ، قەترەیەك لە دەریای کۆچی جوتیاران بۆ شار لە جیهاندا

لادێ گەرای شارە ، هەر جەماوەری لادێیە کۆچ دەکەن بۆ شار و ڕێژەی شارنشینی لە کۆمەڵدا بەرز دەکەنەوە ، ئەم یاسا گشتییە هەر تایبەت نییە بە شاری کەرکوك ، بەڵکە هەموو جیهان بە قۆناغی گواستنەوە لە لادێنشینییەوە بۆ شارنشینی تێپەڕیووە ، لە مۆدێرنیتەدا شار گەشە دەکات ، باڵاخانەی گەورە پەیدا دەبێت ، بازاڕ بەرین دەبێتەوە ، ڕێژەی گوندنشینی و بارستایی ئابورییەکەی لە کۆی GDP کەم دەبێتەوە ، لە بەرامبەردا بارستایی ئابووری شار( پیشەسازی – خزمەتگوزاری) بەرزدەبێتەوە . کەواتە کۆچی جوتیارانی کەرکوك ، لە لادێوە بۆ ناوەندی شار ، دیاردەیەکی تەواو تەندروستە ، بەدەر نییە لە یاسای گشتی گەشەی شارنشینی لە ئاستی جیهانیدا ، کە ئەمەی خوارەوە نموونەیەکییەتی :

لە ساڵی ١٨٠٠ دا ژمارەی دانیشتوانی جیهان ٩٠٦ ملیۆن کەس بوو ، لەو ژمارەیە تەنها ٣٪ یان لە شارگەلێکدا دەژیان ژمارەی دانیشتوانیان لە ٥٠٠٠ کەس زیاتربوو .

سەرەتای سەدەی ١٩ ، لە هەموو جیهان تەنها ١ شاری ملیۆنی هەبوو ، ئەویش شاری لەندەن بوو (٣٩ ) .



ساڵی ١٩٠٠ ڕێژەی شارنشینی لە جیهاندا ، نزیك بە ١٣,٦٪ ی دانیشتووانی جیهان بوو ، ساڵی ١٩٢٠ بەرز بووەوە بۆ ١٩,٣٪ ، ساڵی ١٩٤٠ گەیشتە ٢٤,٨٪ ، واتە ٥٧٠ ملیۆن شارنشین ، لە کۆی ٢٢٩٥ ملیۆن دانیشتووانی گۆی زەوی ، ساڵی ١٩٦٠ دا ڕێژەی شار نشینی بەرز بووەوە بۆ ٣٣,١٪ (٩٩٠ ملیۆن لە کۆی ٢٩٩٠ ملیۆن ) ، لە ساڵی ١٩٧٠ دا گەیشتە ٨٦٠ ملیۆن . واتە لە ماوەی تەنها ٢٠ ساڵدا ، دوو بەرامبەر چووە سەر .

لە ساڵی ١٩٩٥ ڕێژەی دانیشتوانی شار لە جیهاندا ، تەکانی گەورەتری نا ، لە کۆی ٥٧١٦ ملیۆن دانیشتووی جیهان گەیشتە ٢٥٨٤ ملیۆن شارنشین ، واتە لەو ساڵەدا ٤٩٪ ی کۆی دانیشتووانی جیهان لە شارەکاندا دەژیان . ساڵی ٢٠٠٠ ڕێژەی شارنشینی ٥٠٪ ی تێپەڕاند ، بوو بە ٥١٪ ، کۆی ژمارەی دانیشتوانی شار لە جیهاندا گەیشتە ٣١٣٢ ملیۆن کەس .

وەك بینیمان تەنها لە ماوەی ٨ دەیەدا ، ڕێژەی شار نشینی ٧٠٠٪ چووە سەر ، لە ٣٦٠ ملیۆنەوە گەیشتە ٣١٣٢ ملیۆن لەساڵی ٢٠٠٠ .

((جاکارتای پایتەختی ئەندەنوسیا ، لە ساڵی ١٩٤٥ ژمارەی دانیشتوانی ٩٠٠٠٠٠ کەس بوو ، کەچی لەسەردەمی سوهارتۆ گەیشتە ١٥ ملیۆن (٤٠) .

ئەم گەشەکردنەی شار ، بە گوێرەی ئەستەمبوڵیشەوە ڕاستە ، تاکو ناوەڕاستی ئەم سەدەیە ژمارەی ملیۆنی پڕ نەکردبووەوە .

وەك ئاماژەمانپێی دا گوند گەرای شارە ، هەر گەشەکردنێکی شار و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی ، لە لادێ و لادێنشینی کەم دەبێتەوە . گەشەکردنی هەریەکەیان ، بە پوکانەوەی ئەوەی دیکە دەست پێ دەکات ، واتە دژ بە یەکترن .

ئەوە نەبێت تەنها کەرکوك بەهۆی بوونی نەوتەوە کەوتبێتە بەر شاڵاوی کۆچ کردن ، بەڵکە دیاردەی کۆچکردن ، دیاردەیەکی سەرتاسەری کوردستانی*** و عێراقی هەروەها جیهانیشە ، لە ساڵانی ١٩٤٧ بۆ ١٩٥٧ ، بە ڕادەی بێوێنە لە مێژووی خۆیدا بەرز بۆتەوە ((بە گوێرەی ئاماری ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٥٧ ، ژمارەی کۆچکردووان لە لادێوە بۆ شار ، ساڵانی پێش ١٩٤٧ گەیشتە نزیك بە ٣٠٠٠٠٠ کەس ، لە نێوان ١٩٤٧ – ١٩٥٧ گەیشتە نزیك بە ٤٥٠٠٠٠ کەس ، بەشی هەر ٣ شاری بەغدا و بەصرە و کەرکوك ، لەقۆناغی یەکەم ١٠٠٠٠٠ ، لە قۆناغی دووەم ١٦٠٠٠٠بوو . زۆربەیان لە گەڕەکەکانی کەناری شار ، لە خانووە خراپەکان نیشتەجێ بوون (٤١ ) .

لە عێراقدا ڕێژەی شارنشینی ، بەم شێوەیەی خوارەوە ، لە ماوەی سەدەیەکدا( ١٨٦٧–١٩٦٥) گەشەیکردووە، دیارە کەرکووکیش وەك بەشێك لە عێراق بەدەر نەبووە لەم ڕێژەی گەشەکردنە :

| سالْ | دانیشتوانی ع | ژ دانیشتوانی شار | ڕێژەی |
|---|---|---|---|
| ١٨٦٧ | ١,٢٨٠٠٠٠ | ٣١٠ | ٪٢٤ |
| ١٨٩٠ | ١٨٢٦٠٠٠ | ٤٣٠ | ٪٢٥ |
| ١٩٠٥ | ٢,٢٥٠٠٠٠ | ٥٣٣ | ٪٢٤ |
| ١٩٣٠ | ٣٢٨٨٠٠٠ | ٨٠٨ | ٪٢٥ |
| ١٩٤٧ | ٤,٨١٦٠٠٠ | ١,٨٦٤ | ٪٣٨ |
| ١٩٥٧ | ٦,٤٩٥٠٠٠ | ٢,٤٥٣ | ٪٣٩ |
| ١٩٦٥ | ٨,٢٦٢ | ٣,٦٤٧ | ٪٤٤ (٤٢) . |

سالْی ١٩٥٧ خالْی یەکلاکردنەوە نییە لە گۆڕانکاری دیمۆگراف ، بەلْکە خالْی گواستنەوەی بەردەوامە ، بۆ زیاتر بە شارنشینی کردنی دانیشتووان ، سەرەتای دەستپێکی گۆڕانکاری کۆمەلاْیەتی و دیمۆگرافی مەزنە ، لەو مێژووەدا بەشی زۆری هاوولاْتییانی عێراقی ، جوتیار و لادێنشین بوونە ، بەگەشەی کۆمەلْ و کەرتەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری ، جوتیاری و لادێنشینی ئەو زۆرایەتییە لە بەرژەوەندی چینی کرێکار ، چینی ناوەند ، کەرتەکانی دیکەی ئابوری(پیشەسازی — خزمەتگوزاری) ، ژیانی شارنشینی لە دەست دەدەن ((سالْی ١٩٥٧دا نزیك بە ٪٧٥ ی دانیشتوانی عێراق جوتیار بوون ، دەرەبەگەکان زیاتر لە ٪٧٥ زەوی ولاْتیان بەدەستەوە بوو . هەرچی کرێکارانە لە سالْی ١٩٥٧ ژمارەیان نیو ملیۆن بوو ( ٤٣ ) . لە خوارەوە چەند ئامارێك ، لە گۆڕانی ڕێژەی شارنشینی لە عێراقدا پێشکەش دەکەین ، هەرچەندە جیاوازی لە نێوان ڕیچژەکاندا هەیە :

| سالْ | ڕێژەی شارنشینی لە عێراقدا |
|---|---|
| ١٩٤٧ | ٪٢٦ |
| ١٩٥٧ | ٪٣٥ |
| ١٩٦٥ | ٪٥٠ |
| ١٩٧٧ | ٪٦٧ (٤٤) . |



| سالْ | ڕێژەی بە شاربوون لە عێراق |
|---|---|
| ١٩٥٧ | ٪٣٨,٣ |
| ١٩٧١ | ٪٥٧ |
| ١٩٨٧ | ٪٧٠,٢ (٤٥) . |

با بەراوردێك بکەین ، لە نێوان ڕێژەی شارنشینی لە هەریەکە کەرکوك و عێراق ، بزانین جیاوازییان چەند بووە ؟ ، بە چ ئەندازەیەك گەشەکردنیان هاوتەریبی یەکتر بووە ، چونکە گەشەی نزیك یاخود هاوتەریبی یەکتر (کەرکوك– عێراق) ، هەموو بەهانەیەکی نابەجێی نەیارانی کۆچی جوتیارانی کورد بۆ ناو شاری کەرکووك پوچەلْدەکاتەوە ، چونکە جوتیارێك لە دایك بووی هەمان پارێزگا بێت ، مافی سروشتی خۆیەتی لە شارەکە جێگیر بێت . نابێت ئەو تێبینییە لە یاد بکەین کە سیاسەتی پاکتاوی نەژادی بەعس و پرۆسەی ئەنفال و تەعریب ، ڕۆلْی خۆیان لە کەمکردنەوەی گوندنشینی هەبووە لە پارێزگای کەرکووکدا :

| سالْ | پارێزگای کەرکوك | عێراق(لادێنشینی) |
|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٪٦٧,٢ | ٪٦٦,٤ |
| ١٩٥٧ | ٪٦٠,٧ | ٪٦١,٠ |
| ١٩٦٥ | ٪٥١,١ | ٪٤٨,٩ |
| ١٩٧٠ | ٪٤٣ | ٤٩,٢ |
| ١٩٨٧ | ٪٢٤,٦ | ٪٢٩,٨ (٤٦ ) . |

| ساڵ | شارنشینی(ك) | دێ نشنی(كەركوك) |
|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٪٣٣ | ٪٦٧ |
| ١٩٥٧ | ٪٣٩ | ٪٦١ |
| ١٩٦٥ | ٪٤٨ | ٪٥٢ |
| ١٩٧٥ | ٪٥١ | ٪٤٩ |
| ١٩٧٧ | ٪٧٠ | ٪٣٠ |
| ١٩٨٧ | ٪٧٥ | ٪٢٥ (٤٧) . |

با بزانین یەكێك لە كەسایەتییە ناسراوەكانی توركمان ، چۆن ئاوەژووی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی دەكات ، بە چ شێوەیەك باسی ئەم گۆڕاكارییە دیمۆگرافییە دەكات لە كەركوك : ((تگور الحاله الاقتصادیه وازدیاد الحاجه الی الیدی العامله نتیجه نمو الصناعه النفگیه وازدیاد الانتاج النفگی وتوسیع منشأت الأنتاج والتكریر، مما احدپ تغیراً كبیراً فى الوچع الاجتماعی والپنی فى المدینه ، حیپ استخدمت شركه النفگ العراقیه اعداداً كبیره من المستخدمین والعمال، قامت بجلب معڤم الفنیین منهم من الآشوریین والرمن والعرب من خارج المنگقه إچافه إلى عدد قلیل من التركمان، فیما شكل الاكراد الڤین تركوا قراهم بحپاً عن سبل العیش الافچل فى المدینه أكپریه المستخدمین والعمال، ما نتج عن ڤلك، خلال فتره قصیره ، نشوو أحیاو شبه مستقله تحیگ بالمدینه من جهتیها الشمالیه الشرقیه والشمالیه الغربیه، مپل (رحیم ئاوا) على ارچ شفیقه خاتون، و(تبه) على گریق كركوك – اربیل، وحی (أزادی والاسكان) على گریق كركوك – السلیمانیه (یشیر مواقع هڤه الاحیاو الى المناگق الشمالیه التى نزحوا منها) قبل ان تتداخل بعچها البعچ ومع الاحیاو القدیمه التى أشغلت تدریجیاً من الاكراد النازحین، كحى الیهود بعد هجره هڤلاو إلى إسرائیل عام ١٩٤٧ وأحیاو التركمان الڤین تركوا المدینه تخلصا من الاچگهاد ، او الڤین ابعدتهم الانڤمه الحكومیه لشتى الاسباب، وكڤلك الحیاو التركمانیه القدیمه التى باع او اجر أصحابها بیوتهم فیها وانتقلوا إلى أحیاو جدیده فى المناگق التى تقع على گریق بغداد والمحگه فى الجهه



الجنوبیه والغربیه من المدینه وڤلك من جراو تحسن احوالهم الاقتصادیه والمعیشیه كنتیجه گبیعیه للنمو الاقتصادى التى شهدته المدینه والعراق بشكل عام ، وقد تم شراو أو استئجار معڤم تلك المساكن من قبل القرویین الاكراد ( ٤٨ ) .

نووسەرێكی دیكەی توركمان ، بەم شێوەیەی خوارەوە ، وەك لە پەرەگرافەكەدا هاتووە ، باسی ئەم كۆچڕەوییەی جوتیارانی كورد دەكات ، لە گوندەوە بۆ شار ، دایدەبڕێت لەو شەپۆڵی كۆچڕەوییەی لە چلەكانەوە لە لادێوە ڕوو لە شارەكان سەری هەڵدا ، وەك ئەوەی شۆرجەو ڕەحیماوەو زێوییەی و سەرچنار و جنگلاوەو .... لە دوای ١١ ئازار دروست بووبێتن ((خێزانە كوردەكان دوای ڕێكەوتنامەی ١١ ئازار هاتنە كەركوكەوە (٤٩) .

لێرەدا دەبینین نوسەرانی توركمان ، بە عەقڵێكی دوگمەوە سەیری ئەو گۆڕانكارییە دیمۆگرافییە دەكەن ، نازانن ئەمە گۆڕانكاری حەتمییە لە قۆناغی مۆدێرنەدا ، لە پرۆسەی گواستنەوەی كۆمەڵگا لە دەرەبەگایەتی– لادێنشینییەوە بۆ سەرمایەداری– شارنشینی .

جوتیارانی كورد كاتێك سەرچاوەی ژیان لە لادێ لە دەست دەدەن ، ناچارن ملی ڕێگا بگرنە بەر بۆ شار ، دیارە ئاراستەی كۆچیان ڕوو لەو شارەیە بەپلەی زۆر ، گوندەكەیان لە ڕووی كارگێڕییەوە بەشێك بووە لێی ، هەروەها بازاڕی گوندەكەشیان بووە ، ئاخر لەو شارە زیاتر شارەزایان لە شار و ناوچەكانی دیكەی وڵات نییە ، چونكە جوتیاران توێژێكی دواكەوتووی نەخوێندەواری دابڕاوبونە لە ڕابردوودا ، شاراوە نییە ئەگەر جوتیارانی سەرخاسە زۆربە یان تا كۆتایی خەفتاكانیش هەولێریان نەدیتبێت ، هەمان شت بۆ جوتیارانی ساڵەیی و بینینی سلێمانی ڕاستە .

جوتیارانی سەرخاسە و شوان ، شارەزای ئیمام قاسم و ئازادین ، ساڵەیی و شێخ بزێنی و ناو شوان شارەزای تەپەو ڕەحیماوەن ، گەرمیان و جەباریش شارەزای شۆریجە و گڵچییەكان و پریادی و موصەلان .. ... ، بۆیە بە پلە یەك ، بە شێوەی گشتی لەو گەڕەكانە نیشتەجێ دەبن لە بەری ناوچەكانیانەوەیە .

نەك تەنها بۆ ئەستەمبوڵیش هەمان شت ڕاستە ، كە زۆربەی دانیشتوونەكەی لە كۆچڕەوان پێك هاتووە ، لە نیو سەدەی ڕابردووەوە زیاتر ١٠٠٠٪ گەشەیكردووە ،

بەڵکە بۆ شارێکی وەك قاهیرەش هەر وایە   (( زیاتر لە سێیەکی خەڵکی قاهیرە لە دەرەوەی شار لەدایك بوونە ( ٥٠ ) .

(( لەندەن شارێکی کۆسمۆپۆلیتییە ، ساڵی ١٦٠٠ ژمارەی دانیشتووانی ٧٥٠٠٠ کەس بوو . هاونیشتمانیان لەناو شورایەك دەژیان شەوان دەرگاکەی دادەخرا . بەڵام هاووڵاتیانی دەوروبەر ، دوو ئەوەندە بوون ، خۆیان دەدا لە ١٥٠٠٠٠ کەس . هەر ٤ لە ١٠ هاونیشتمانی لەندەنی لە بنەچەی بێگانەیە ، ٢٥٪ دانیشتووان غەریبن (٥١ ) .

((لەندەن شارێکی کۆسمۆپۆلیتییە (( لە بان نەتەوەوە)) ( ٥٢ ) .



# کورد و تورکمان




ئەمەی سەرەوە ئەو نەخشەیە کە ناسیۆنالیستە تورکمانەکان کێشاویانە ، بەشە شینەکەی سنووری ناوچە تورکمانییەکانە .

ئەمڕۆ لەسەر سنووری کوردستان و ناسنامەی نیشتمانی کەرکوك ، جەنگێکی گەورەی ڕانەگەیەنراو لە ئارادایە . بە تایبەت لە سەر دیاریکردنی ناسنامەی نیشتمانی شاری کەرکوك ، وەك پشکۆی ژێر خۆڵەمێش هەر چرکە ساتێك کڵپە بسەنێت ، نەك تەنها شارەکە لە گڕی خۆیدا دەسوتێنێت ، بەڵکە خەونەکانی دیموکراسییەت لە گڕی خۆیدا دەکات بە قەرەبلووت .

خەونی تورکمانەکان ، لە لەژێر کاریگەری بیری تۆرانییەت ، لە قەبارەی خۆیان زۆر گەورەترە ، توندڕەوانە مامەڵە دەکەن ، ئەفسانەی سەیر سەیر لە سەر مێژووی

کەرکوك و قەبارەی بونی تورکمان لە شارەکە  درووست دەکەن ، تاکو ئەمڕۆکەش بە چاوو و دید و تێڕوانینی فەرمانڕەوایی ، سەردەمی عوسمانییەوە مامەڵە دەکەن ، خەون بە گەڕانەوەی مەرگی ئیمپراتۆریا مردوەکەوە دەبینن .
ئەمڕۆ تورکمانەکان لە عێراقدا ، وێنەیەکیان بۆ قەبارەی خۆیان کێشاوە ، لە سەردەمی لوتکەی دەسەڵاتیشیاندا ئەو ڕێژەیە خەون بوو : ((تورکمان بە کەمتر لە ١٣٪ ی دانیشتوانی عێراق ڕازی نابێت (٥٣) .
ڕێژەی دانیشتووان ، ئاماری فەرمی دیاری دەکات ، یاخود بڕیاردان و دروشمی سیاسی ، سەردەمی ئەوە نەماوە بەزۆر ئاین و زمانی دی بەسەر هیچ گەلێك بسەپێنرێت ، بۆیە ئەم هەڵوێست وەرگرتنە نا ماقوڵییەکی گەورەی پێوە دیارە ، بۆ کورد و هەر نەتەوەیەکی دیکەش هەمان بۆچوون ڕاستە ئەگەر داوای بکات .
ململانێی کورد و تورکمان لەسەر ناسنامەی کەرکوك ، ئەمڕۆ و سەدەی بیستی تێپەڕاندووە ، گەڕاوەتەوە بۆ مێژووی پێش زایین . لە کاتێکدا کورد لە ڕێگەی گۆتی و لۆلۆییەوە ناسنامەی کوردبوونی شار بە مێژوویی کەرکووکەوە دەنێت ، لە بەرامبەردا تورکمانەکان خۆیان دەبەنەوە سەر سۆمەرییەکان (٥٤) .
بەهۆی ئەوەی تورکمانەکان بە درێژایی چەندین سەدە دەسەڵاتی عێراق بە دەستیانەوە بووە ، ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر و پسپۆری بە ئەزموون و خوێندەواریی خاوەند بڕوانامەی باڵایان هەبوو ، بۆیە لە یەکەم حکومەتی عێراقیدا ، بەشدارییان پێکرا لە دەسەڵات ، بەڵام کورد بە پەراوێزکرا ، دیارە ڕاپەڕینی شێخ مەحموود و نەیاری سەید ئەحمەدی خانەقا ڕۆڵی کاریگەرییان گێڕا لە پەراوێزکردنی کورد . ئێستا تورکمانەکان ئەم بەشدارییە لە حکومەت وەك هۆکارێك بۆ ڕێژەی بەرزی ژمارەی تورکمان دەگێڕنەوە لە عێراق ((لە یەکەم حکومەتی عێراق لە ٢٥–١١–١٩٢٠ وەزیری کوردی تێدا نەبوو ، بەڵام وەزیری تورکمانی هەبوو . وەزیری تورکمان سید عزت باشا الکرکوکلی بوو ، کە لە بەرواری ٢٩–١–١٩٢١ داندرا .
کەرکوك و سلێمانی دەنگییان بە فەیصەڵ نەدا ، چونکە تورکمان داوای ئەمیری ئال عوسمانیان کرد بۆ کەرکووك ( ٥٥ ) .
وەلێ لە ڕاستیدا ، سەید ئەحمەد خانەقا و شێخ مەحمود ، ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە گۆڕینی ڕەوتی دەنگدان لە شاری کەرکوك . چونکە ئەوان دەنگدانیان بۆ دەسەڵاتی لایەنگر لە ئینگلیز ڕەتکردەوە .



کەرکوك شارێکی کۆسمۆپۆلیتییە ، بەڵام شارە کۆسمۆپۆلیتییەکانیش هەموو دەکەونە ناو جوگرافیایەکەوە ، بەشێکن لە نیشتمانێك ، لەندەن لە بەریتانییایە ، ڕۆتەردام لە هۆڵەندا ، نیورۆك لە وڵاتە یەکگرتووەکان ، کەرکووکیش لە کوردستانە .
لە ناو ئەو سنوورەی ناوی کوردستانە ، ئاساییە هەندێك پوازی کلدان و عەرەب و تورکمان لە قولاییەکەیدا هەبن ، بەڵام ئەو پوازانە نابێت بە ڕێگر لەبەردەم ناسنامەی نیشتمانی ئەو شوێنانە ، چۆن لە کوردستاندا عەنکاوە و نەهلەی کلدانی هەیە ، بەهەمان شێوە تسن و تازەو بەشیر و چقور و ئاوچی تورکمانیش هەیە .
ئەم پوازانە نابێت وەك لوغمێك هەمیشە لە هەڕەشەدا بێت ، ببێتە شێرپەنجە بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان .
دیارە هەردوو نەتەوەی کوردو تورکمان ، ئاماری تایبەتی خۆیان لە بەرامبەر ئەوی دی هەیە ، چۆن تورکمانەکان وەك بینیمان ٩٥٪ کەرکووك بە تورکمان دەزانن ، لە بەرامبەردا کوردیش قاموسی ئەعلام بەکاردەهێنێت ، تیایدا ئاماژە بە ٧٥٪ کوردبوونی دانیشتووانی کەرکووك دەکات، سەیرێك ئەم پەرەگرافە بکەن (( حاکمی سیاسی شاری هەولێر ، لە سەردەمی W.R. Hay لە داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیا دیاری کردووە کەرکوك ناوەندی کۆبونەوەی تورکمانە کە ژمارەی دانیشتوانی ٣٠٠٠٠ کەس بوو پێش جەنگی جیهانی یەکەم ، لە گەڵ بوونی زۆر گوندی تورکمان لە دەوروبەری (٥٦) .
کوردیش لە بەرامبەردا هانا دەبەن بۆ دەیان وتەو ئامار :((مێژوونوسی بەناوبانگی عەرەبی عێراقی ، عبدالرەزاق الحسنی لە کتێبەکەیدا (تاریخ العراق السیاسی)دەڵێ : (( کوردەکان لە عێراقدا لەو شار و گوندانەدا نیشتەجێن کە بە هێڵێکی ڕاست لە سنووری ئێران–عێراق دا ڕا دەست پێ دەکا ، لە (چیای حەمرین) ڕا تا (چیای شەنگار) درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە بە سنووری عێراق_تورکیا_سوریاوە دەیبەستێتەوە ( ٥٧ ) .
(( وو . ئاڕ .هاییش لە کتێبەکەیدا (سنتان ڤ کردستان) دەڵێت:(( بەشێوەیەکی گشتی ، هەموو ئەو زەوییانەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە باکوری ئەو هێڵەی لە مەندەلییەوە تا گەیشتنی زێی بچوك بەو ڕووبارە درێژ دەبێتەوە ، نیشتمانی کوردەکانەو گرنگترین دوو مەڵبەند کە دەکەوێتە باشووری زێی بچوکەوە :کەرکوك و سلێمانییە . شاری یەکەم ، وەکو هەولێر ، دانیشتوانی تورکیشی تێدایە ، بەڵام

ئـەوی دیکـەیان بەتـەواوەتی کوردنـشینە . هەردووکیـشیان مەرکـەزی یەکەیـەکی سیاسین( ٥٨ ) .

دەبینین وتەو ئامار و ئینسکلۆبیاداکان ، ناتوانن کێشەی ئـەمڕۆی کـەرکووک یـەکلا بکەنەوە ، بە برۆکسلکردنی کەرکووکیش ، شار دەکاتە زیندانی کردنی کوردستان لـە ناو عێراقدا ، هەرچەندە لە لایەن مام جەلال و کەسایەتی تورکمـانی ناسـراو عزیـز قـادر الـصامنجی ، پـشتگیری لـەم شـێوە چارەسـەر کـراوە . بـوونی پێکهاتـەی نەتەوەیی جیاجیا لە شاری کەرکوک ، واقعێکە ناتوانیین بەسەریا باز بدەین .

کورد ناتوانێت هاشا لە بوونی تورکمان و عەرەب و کریستانەکان بکات لـە شـارەکە ، هەرچـەندە کریـستانەکان مـەیلیان لـە پێکـەوە ژیـان لەگـەڵ کـورد زیـاترە وەك نەتـەوەکانی دی . تـەنها بـە ڕێك کـەوتن لـە گـەڵ ئـەو نەتەوانـە دەکرێـت کێـشەی شوناسی کەرکووك چارەسەر بکرێت ، بە تایبەت تورکمانەکان ڕێك کەوتن لەگـەڵیان زۆر قوورسە ، ئەوان شـەڕی تورکیـا دەکـەن لەگـەڵ کـورد . تاکـە چارەسـەر بـەلای منەوە ، بە بەرلین کردنی شارە نەك بـە برۆکسلکردنی ، واتـە دابەشـکردنی شـار ، نموونەی شاری وا زۆرە لە جیهاندا هـەر بەشـەی لـە وڵاتێکدایـە ، هەرچـەندە ئێـستا شـورایەکی ڕانەگەیـەنراو لـە دروسـت بونـدایـە . نابێـت کـەرکووك بکرێتـە زینـدانی کوردسـتان لـە نـاو عێـراق ، جیابوونـەوەی کوردسـتان بـە کـەرکووك ببەسـترێتەوە ، کێشەی کەرکووك ئاڵۆزترە لە کێشەی کورد .

گەڕەکە کوردییـەکان لـە بـاکوری خۆرهەڵاتـەوە ، بـەرەو باشـوری خۆرئـاوا ، تـاکو دەگاتە ناوەندی شار درێژ دەبنەوە . بەڵام عارەبـەکان ( ڕەسـەنەکان ) بـە زۆربـەی لە باشوری خۆرئاواوە کە بەرێکی دەشتاییەکاندایە جێگیرن ، ئەوانی دیکە لـە باشـور و باشوری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات . تورکمانەکانیش لە نزیك سـەنتەری شـار .... ، لـە هەندێك خاڵدا کورد و تورکمان تێکەڵ بەیەك دەبن ، لەو بارەدا ئـەزموونی هینـدسـتان و پاکستانمان هەیە لە جیابونەوە ، دەشێت ئـاڵوگۆڕ بکرێـت بـە ژمارەیـەکی زۆر لـە هاووڵاتییان بە داخوازی خۆیان .

چاڵە نەوتییـەکان کـەرکووك هـەموو دەکەوێتـە ناوچـەی بـاوەگوڕگوڕ بـەرەو دوبـز ، قەرەحەسـەن ، قادرکـەرەم ، ناوچـەی کفـری ، شـێروانە ، سـەرگەڕان ، هـەموییان ناوچـەی کوردنـشینن . بەهـەمان شـێوە ناوچـە کـشت و کاڵییـەکان و زەوییـە بـە



پیتەکان پارێزگاکە**** ، جگە لـە پـڕۆژەی حەویجـە و ناوچـەی تـازە ، زۆربـەی زەوییە بە پیتەکان دەکەونە ناوچە کوردنشینییەکانەوە .

باشـییەکی دیکـەی دابەشـکردنەکە ئەوەیـە ، ناوچـەی تورکمـان و عەرەبییـەکان هاوسنوری یەکترن ، لە تسەنەوە بۆ یایچی و تازە بەرەو حەویجەو پیاز و عەباسـی ، ئەمـەش بەشـکردنەکە سـانا دەکـات . کـورد دەبێـت دەسـت لـە خـەونی هـەموو حـەمرین هـەڵگرێت ، بـە مەجیدییـەو شـارع جمهـوری و موسـەڵا ڕازی بێـت ، ئـەو زمانەیەی کە لە جەرگەی کەرکووکەوە دەست پێدەکات ، بۆ حەویجەو پیاز و تـازە ، لە پێناو سەربەخۆیی واز لیَ بهێنێت . ئەزموونی بەرلین باشترین چارەسـەرە بـۆ کورد لە کەرکووك ، ئەگەر چاومان لە ئازادی و دەوڵەتە لە داهاتوو .

## ئەفسانەی یەکەم ڕۆژنامەی تورکمانی و ناسنامەی تورکمانی بوونی شار

تورکمانەکان زۆر باس لـە یەکـەم قوتابخانـە ، یەکـەم ڕۆژنامـە ، یەکـەم پەرتوکخانـە دەکەن لە شاری کەرکووك بە زمـانی تـورکی ، وەك بەڵگەیـەك بـۆ تورکمـانی بـوونی شارەکە ، بەڵام قەت خۆیان لەوە نادەن کە ((زانا ئاینییەکانی پـەنجاکانی کـەرکوك کوردبوون ، لە ٢٢ مەلا هەموو کورد بوون (٥٩ ) .

مزگەوتی دانیال پێغەمبەر بە دەست زانایانی کوردەوە بوو ( العسکریین) کە خـەڵکی گوندی عەسکەر بوون (٦٠ ) .

یەکەم چاپخانە لە عێراق کە بە هەڵم کاری دەکرد ، لە سـاڵی ١٨٦٩ لـە سـەردەمی مەدحەت پاشا هاتە عێراقەوە ، ڕۆژنامەی زەورا بـە زمـانی تـورکی یەکـەم ڕۆژنامـە بوو لە عێراق دەرچوو .

دە سـاڵ دوای ئـەو مێـژووە ، چـاپخانەی ولایـەت ، یەکـەم چـاپخانە بـوو هاتـە کەرکووکەوە . لـە سـەرەتادا چـاپخانەکە ، ڕاچێتە و نامـەی فـەرمی فەرمانگـەکان و پێداویستی شاری دابین دەکرد (٦١ ) .

# ڕۆژنامەوانیی کوردی لە کەرکووک

نووسینی: ڕەفیق سالّح

ەرکووک یەکەمین شاری کوردستانی باشووره، چاپخانەیەکی بەناوی (( چاپخانەی
ەت)) ەوە سالّی ١٢٩٦ ك (١٨٨٠) تێدا دامەزرابێ ، کە دواتر بەفەرمانی تەحسین پاشای
ویلایەتی مووسڵ گواسترایەوە بۆ شاری مووسڵ [1].
ەبەدوا (( محمد عون الله الکاظمي )) ی موتەسەریفی لیوای کەرکووك کە قوتابخانەی
ـنایع السلطانیة)) ی بنیات ناوە ، چاپخانەیەکی تایبەتیشی بەناوی (( الصنایع )) ەوە
ەردووەتەوە [2].

ڕۆژنامەی حوادث یەکەم ڕۆژنامە بوو ، لە سالّی ١٩١١ لە کەرکووك دەرچوو ، واتە دوای ٣٢ سالّ لە بوونی چاپخانە لە شاردا . بەڕێز نوسرەت مەردان دەلّێت : بە زمانی تورکمانی دەرچووە ( ٦٢ ) ، بەلاّم لە ڕاستیدا بە زمانی تورکی عوسمانی دەرچووە، کە زمانی فەرمی دەولّەت بووە .

دوای ڕاگەیاندنی دەستوری عوسمانی کە بە مەشروتە ناسراوە ، گۆڤار و ڕۆژنامە لە شارە سەرەکییەکانی عێراق کە بەغدا ،بەصرە، موصلّ و کەرکوکە دەرچوون ( ٦٣ ) .

((ڕۆژنامەی زەورا کە یەکەم ڕۆژنامە بوو لە عێراق لە بەغدا لە ١٦ – ٦ – ١٨٦٩ دەرەچوو ، بە قەبارەی ٨ لاپەڕە بە زمانی تورکی ( ٦٤ ) .

دەرچوونی ڕۆژنامە بە زمانی تورکی پەیوەندی بە پێکهاتەی نەتەوایەتی شارەکەو تورکمانی بوونی کەرکوکەوە نییە ، وەك ناسیۆنالیستە تورکمانەکان باسی لێوە دەکەن ، بەلّکە بڕیاری والی بووە : (( پاش ڕاگەیاندنی دەستوور لە سالّی ١٩٠٨ ، والی عوسمانی بڕیاری دا ، ڕۆژنامە تەنها بەزمانی تورکی بێت ، بەلاّم محمد پاشا



والی ئەوکات ، سالّی ١٩١٣ چاوی بە بڕیارەکەدا خشاندەوە ، بڕیاری دا بە زمانی عەرەبی و تورکی ڕۆژنامە دەربچێت (٦٥) .

تەنها لە کەرکووك ڕۆژنامە بەزمانی تورکی دەر نەچووە ، بەلّکە لە شاری بەصرە ١٢ ڕۆژنامە بە زمانی تورکی دەرچووە ، بەڕێوەبەر یاخود سەرنووسەرکانیان تورکمان بوونە (٦٦ ) . ئەمە لە کاتێکدا لە بەسرە تورکمان بوونی نییە .

دەرچوونی ڕۆژنامە بە زمانی تورکی ، لە سەردەمی عوسمانییەکان بە بەلّگەی تورکمان بوونی شاری کەرکوك دەزانن ، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا زمانی تورکی زمانی دەولّەت و زمانی فەرمی کارگێڕی و خوێندن بووە ، لە بەسرە لە کۆی ١٦ ڕۆژنامە ١٢ی سەرنوسەرەکانی تورکمان بووەو بە تورکی و عەرەبی دەرچوونە ((ڕۆژنامەی بەصرە لە بەرواری ١٨٩٩ لە شاری بەصرە دەرەچوو بە زمانی تورکی و عەرەبی ( ٦٧) .

بە هەمان شێوە ڕۆژنامەکانی (( الآتی ، مرقعە الهندی ، الفیچ الجدید، التاج، البصره الفیحاو، الرشاد، الدستور، صدی الدستور الایقاچ و اچهار الحق(٦٨) .

ئەگەر ڕۆژنامە لە بەغداو بەصرە و بە زمانی تورکی دەربچێت ، ئەوا لە کەرکووك و موصلّ ، زەمینەی دەرکردنی ڕۆژنامە بە زمانی تورکی زۆر لە بارتر بووە ، بەهۆی بەر بلاّوی بەکارهێنانی زمانی تورکمانی لە کەرکوك ، بوونی ژمارەیەکی زۆر تورکمان لە شارەکە .

ئەمەی خوارەوەش ناوی ئەو ڕۆژنامانەیە لە کەرکووك دەرچوونە :

(( حوادث یەکەم ڕۆژنامە بوو بە زمانی تورکی عوسمانی لە کەرکووك دەرچوو ، تاکو سالّی ١٩١٨ درێژەی کێشا ، ئاژانس لە ١٩١١ و معارف لە ١٩١٣ و کوکب معارف لە ١٩١٥ بەزمانی تورکی عوسمانی لە کەرکووك دەرچوونە . قۆناغی دووەم دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە ، نجمە لە ١٩١٨ بە زمانی عەرەبی و تجدد لە ١٩٢٠ بە زمانی تورکمانی چوار ژمارەی لێ دەرچوو ، کەرکوك ڕۆژنامەی شارەوانی کەرکووك لە سالّی ١٩٢٦ بە زمانی تورکمانی دەریکرد ،سالّی پێنجەم بەشی کورددی بۆ زیادکرا لە سالّی ١٩٣٠ ، صدی الشباب بە زمانی عەرەبی لە سالّی ١٩٣٢ ،ئایلەری لە سالّی ١٩٣٥ بە تورکمانی ، باسەرە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە سالّی ١٩٤٢ ، شیلان بە کوردی لە ١٩٤٢ ، چەمچەمالّ لە ١٩٤٦ بە کوردی ، دەنگی داس لە ١٩٤٩ بە کوردی ،الوحده بە عەرەبی لە ١٩٤٩ ... ( ٦٩ ) .

مەی (( کرکوک – کەرکوک )) :



٢- گۆڤاری (( شەفەق – بەیان ))



**سەرچاوەکان :**


١–((کەرکوک ژمارە ٢٢ –٢٣– زستانی ٢٠٠٤ – بایەخی چیۆپۆلەتیکی پارێزگای کەرکوک – پشتیوان حسێن کەریم و کارزان ئیبراهیم سالەح–ل٩١–٩٢)) .
٢–(جغرافية المدن– صبري فارس الهيتي –٢٠٠٢ –عمان–در الصفاء–ص٢٣).
٣–(( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٢٥).
٤–(( پێشهات ژمارو ٩ ئاداری ٢٠٠٥ ل٨٨–تورکمان لە کوردستان و عێراق – د.کەماڵ مەزهەر– وەرگێڕانی مەحمود ڕەزا) .





٥–(کورتە باسێکی هەمە لایەنە لەسەر زمان – عەلی مەحمود محەمەد – ل٣٥) .
٦–(پێشهات ژمارو ٩ ئاداری ٢٠٠٥ ل٨٦–تورکمان لە کوردستان و عێراق –د.کەماڵ مەزهەر– وەرگێڕانی مەحمود ڕەزا) .
٧–((پێشهات ژمارو ٩ ئاداری ٢٠٠٥ ل٨٩–تورکمان لە کوردستان و عێراق –د.کەماڵ مەزهەر– وەرگێڕانی مەحمود ڕەزا) .
٨–( سەنتەری برایەتی – ژمارە٢٢٠–٢٠٠١جەمال ڕەشید – ل٦٥).
٩–((پێشهات ژمارو ٩ ئاداری ٢٠٠٥ ل٨٩–تورکمان لە کوردستان و عێراق –د.کەماڵ مەزهەر– وەرگێڕانی مەحمود ڕەزا) .
١٠–( ( قوتابخانەی ئیمام قاسمی سەرەتایی ئیمام قاسم ١– ١٠ – ١٩٣٤ – گۆران فەتحی – کوردستانی نوێ – ژمارە ٣٢٤٤ – ١٨–٤– ) .
١١–(( پێشهات ژمارو ٩ ئاداری ٢٠٠٥ ل٩٠–تورکمان لە کوردستان و عێراق – د.کەماڵ مەزهەر– وەرگێڕانی مەحمو ڕەزا) .
١٢–(منطقة كركوك –محاولات تغيير واقعهاالقومي–د.نوري طالباني–لندن١٩٩٥–ص٢٩).
١٣–((منطقة كركوك –محاولات تغيير واقعهاالقومي–د.نوري طالباني–لندن١٩٩٥–ص٢٩).
١٤–(کەرکوک ژ٩–سیاسەتی گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی کەرکوک لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ– د.نوری تاڵەبانی ل٨).
١٥–( الثقافة الجديدة –عدد٢٧٠ – الجنسية العراقية منذ العشرينات–هادي الحسني– ص٥٩).
١٦–(سەنتەری برایەتی –ژمارە ٢٠ – هاوینی ٢٠٠١– کەرکوک : وەلید شەریکە–ل١٧٤).
١٧–( كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهد التالي – بقلم الملا جميل روزبياني – ترجمة انور مندلاوي – ئەنتەرنێت ).
١٨–( كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهد التالي – بقلم الملا جميل روزبياني – ترجمة انور مندلاوي – ئەنتەرنێت ).
١٩– سەنتەری برایەتی – ژمارە ٢٠ هاوینی ٢٠٠١– ل ٢٢٦ –کێشەی بە عەرەبکردنی کەرکوک لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ –د. ڕەفیق شوانی .
٢٠–(( المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢ – مطبعة الزهراء – ص٤١).

٢١–سەنتری برایەتی – ژمارە ٢٠ هاوینی ٢٠٠١ – کاریگەرینەوتی کەرکوک...... د.ئازاد نەقشبەندی – ل ٢٧).

٢٢–( پێکهاتەی نەتەوەیی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک – فەرهاد هەمزە محەمەد – هەواڵ ژمارە ١٤٦ ئابی ٢٠٠٥).

٢٣–(السياسات الحكومية بحق الكورد في كركوك خلال العهد الملكي١٩٢١–١٩٥٨ د.جبار قادر).

٢٤–(كركوك و توابعها حكم تاريخ والضمير –د.كمال مظهر احمد– جزء اول– ص١٠٥–١٠٦–١٠٧).

٢٥–((کەماڵ مەزهەر – کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣).

٢٦–( نظرة موضوعية الى الواقع القومي لمنطقة كركوك prof.dr .mahir ).

٢٧–((کەرکوک – ژمارە٢٤–بەهاری ٢٠٠٥–التركمان في العراق دراسة تاريخية ديموغرافية – د. عمر ابراهيم توفيق –ص١٦٧)).

٢٨–( موسوعة تركمان العراق – المدارس التركمانية في كركوك للفترة من ١٦٥٦ – ١٩٠٩ – نجاة كوثر اوغلو – ئەنتەرنێت ) .

٢٩–( كركوك ذمارة ٩ بەرواري هاويني ٢٠٠١ –المعالم الاثرية والتراثية في مدينة كركوك – ص ١٣١) .

٣٠–(کەماڵ مەزهەر – کوردستانی نوێ–ژمارە ٣٢٧٣).

٣١–(جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق –سەنتەری برایەتی– جوگرافییای دانیشتوان –د.خەلیل ئیسماعیل–ل١٧٨) .

٣٢–(جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق –سەنتەری برایەتی– جوگرافییای دانیشتوان –د.خەلیل ئیسماعیل–ل١٧٩ ).

٣٣–(كركوك –دراسات في التكوين القومي للسكان–د.خليل اسماعيل محمد– ص٢3).

٣٤– (منطقة كركوك –د.نوري طالباني –١٩٩٥ لندن –ص ٧٠).

٣٥–( ئەتلەسی کەرکوک – هەولێر ٢٠٠٥ – لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستان ).

٣٦–( اكبر قليجي – تركمان ونسبة السكانية ).



٣٧–( تاريخ مدينة كركوك –مراد اورهان – توركمانمن).

٣٨–( قارداشلق – نيسان ٢٠٠١ – عدد ٥٢ – كركوك و شهاده تاريخ – فاروق احمد).

٣٩–(( جغرافيا المدن – د.كايد عثمان – دار وائل للنشر – ص٦٧)).

٤٠– جزيره نێت ٤–١١–٢٠٠٤.

٤١–الحزب الشيوعي والمسالة الزراعية في العراق – نصير سعيد الكاظمي – مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي –طبعة الاولى١٩٨٦ –ص ١٧٦–١٧٧)).

٤٢–( – نشاة مدن العراق و تطورها – تاليف – د.عبدالرزاق عباس حسين ١٩٧٣ – معهد البحوث والدراسات العربية – ص٧٢).

٤٣–( صفحات في تاريخ العراق الحديث–كتاب اول –حامد حمداني).

٤٤– ( ص١٠٠ المدينة والحياة المدنية–الجزء الثالث–بغداد ١٩٨٨).

٤٥–(اربيل –دراسة ديموغرافية –اقتصادية–د.خليل اسماعيل محمد–٧٠).

٤٦– ( كركوك –دراسات في التكوين القومي للسكان–د.خليل اسماعيل محمد ص٦١).

٤٧–(ل٤٥– ئەتلەسی کەرکوک – هەولێر ٢٠٠٥ ).

٤٨–((كركوك عبر التاريخ– عزيز قادر صمانجي)).

٤٩–(على قلبجي–نهرين ١٦–٩–٢٠٠٣).

٥٠–(جغرافيا المدن – د.كايد عثمان – دار وائل للنشر – ص٥٦).

٥١–( حياه – ٥–٩–٢٠٠٥ ).

٥٢–( كن ليغنيستۆن – عمده لندن – الحياه ٢٠ – ٧ – ٢٠٠٥).

٥٣–( اكبر قليجى – تركمان ونسبه السكانيه ).

٥٤–( كركوك عبر التاريخ – عزيز قادر صابنجي).

٥٥–( شواهد على توركمانيية كركوك – العميد المتقاعد – ياوز نورالدين صابر اغا اوغلو).

٥٦–( كتابات – حلقة ١٠ – دراسة حقيقية حولة تعداد التركماني في العراق – عاصف سرت توركمن – ئەنتەرنێت ) .

٥٧–(( ل١٤٦ –تەرحیل تەعریب تەبعیس –ئەمین قادر مینە –١٩٩٩ چاپی دووەم ).

٥٨–(( تەرحیل تەعریب تەبعیس –ئەمین قادر مینە –١٩٩٩ چاپی دووەم ل١٤٦–١٤٧).

٥٩–(( گۆڤـاری كـەركوك ژ ٨ – بـەهاری ٢٠٠١ – زانـا ئاینییـەكانی پـەنجاكانی كەركوك كورد بوون – ل ١٢٧ –١٢٨) .

٦٠–(هوية كركوك – محمد علي قەرەداغی –ئاراس –ص١١).

٦١–(تاريخ الطباعة والصحافة في كركوك–١٨٧٩ ـ ١٩٨٥– عطا تـرزي باشـي يـؤرخ– نصرت مردان) .

٦٢–((تاريخ الطباعة والصحافة في كركوك–١٨٧٩ ـ ١٩٨٥– عطا ترزي باشي يـؤرخ– نصرت مردان).

٦٣–( تركمان العراق – تاريخ الصحافة التركمانيـة في كركـوك – حبيـب هـورمزلر – ئەنتەرنێت ) .

٦٤–( توثيـق بـدايات الـصحافة العراقيـة في العهـد العثمـاني – نـصرت المـردان – ئەنتەرنێت ) .

٦٥–(( تاريـخ الـصحافـه التركمانيــة فـي – كركوك – حـبيــب الهرمزي).

٦٦–(( تاريــخ الــصحافــه التركمانيـــة فـــي – كركـوك – حـبيـــب الهرمـزي– http://www.alturkmani.com/makalaat12.htm ).

٦٧–( توثيـق بـدايات الـصحافة العراقيـة في العهـد العثمـاني – نـصرت المـردان – ئەنتەرنێت ) .

٦٨–( توثيـق بـدايات الـصحافة العراقيـة في العهـد العثمـاني – نـصرت المـردان – ئەنتەرنێت ) .

٦٩–( كەركوك ژمارە ٢٤–بەهاری ٢٠٠٥–صحافه كركوك –صباح البازركان –ص١٨٥).

* وسجل التوثيق المـرقم ١١١ و٢٨٥ والخـاص بلـواء كركوك والمحفوظ في المديريـة العامة للوثائق الرسميـة الخاصـة بالجمهوريـة التركيـة، وفي مديريـة الوثـائق العثمانيـة بالذات يفصل الهوية الاثنية والدينية والإدارية والاجتماعية كوثيقة يمكن عرضها علـى الرأي العام العالمي ولا يمكن الخلاف عليها.



ففي عام ١٥٤٨، أي في عهـد الـسلطان سـليمان القـانوني نظـم هـذا الـسجل مـن ٨٣ ورقة.

اغجه لر، جوجوردی بوزورك، سوسلی، كـوك تبـه، جوجـوردی كوجـوك، تولكـدان، بابك، كوللوجه، قازان اوگاغی، قورت دليكی، كليباش، قلندر، سـوريتاش، كجينـه، قابجيكای . ومن أسماو بعـچ المراعـی والـسهول فی المنگقـه: قزلجـه قيـشلاق، اولـو قيشلاق، گوبراق، جوبوقلی، قزل دره، كوجـوك جينـار، قـاره بـولاق، تولـك خرابـه سی، بوكوت، بوغامش، كسوك جينار، كلين اغاجی، بيـات جـامی، تـوركمن بـاغی، قارا عنجير، ديوه بوينـو، نارلوجـه، قـوش دره، يارمجـه، گـاش بـولاق، اغـا بـولاق وايكيزجه.

ويمكن تلخيص النتائج المستوحاه مـن هـڎه الوپيقـه التاريخيـه الفريـده أن كركـوك كان يسكن فيها ٧٣٢٠ شخصا منهم ٣٣٠ غير مسلمون فی حين أن ٦٦٩٠ مـسلمون. وينقـسم غـير المـسلمون إلى ١٥٠ يهوديـا و١٨٠ مـسيحيا. بينمـا ٦٥٥٨ شخـصا مـن المسلمين كانوا أتراكا و٥٤ كرديا و٣٣ عربيا ( وپيقه لا يرقى إليها الـشك ... سـجل التوپيق الخاص بلواو كركوك–

لدكتور ماهر النقيب– استاڎ جامعی).

** ئەمستردام ٤٠٪دانیشتووانەكەی بێگانەیە ( العلاقات مع العـالم الاسلامی – بيـان ١٢–١١–٢٠٠٥ – جوزێف یۆریل )).

*** شارنشینییەتی لە شارەكانی كوردستان لە ساڵی ١٩٨٥

| شار | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| كەركووك | ٦٠١٠٠٠ | ٪٧٥,٤ |
| هەولێر | ٧٧٠٠٠٠ | ٪٧٧,٤ |
| سلێمانی | ٩٥٢٠٠٠ | ٪٧١,٥ |
| دهۆك | ٢٩٣٠٠٠ | ٪٧٤,٦ |
| كرماشان | ١٤٦٣٠٠٠ | ٪٥٦,٢ |
| دیاربەكر | ٩٣٥٠٠٠ | ٪٥٠,٥ |

( جوگرافیای كوردستان – د. عەبدوڵلە غەفور –٢٠٠٥–ل٢٣٢).

**** تێکڕای بارانی ساڵانە حەویجە (٢٥٨ملم – لە ماوەی ٢٨ ساڵ ) ، چەمچەماڵ ((٥٦٣ملم– لە ماوەی ١٨ ساڵ) ( جوگرافیای کوردستان – د. عەبدوڵڵە غەفور – ٢٠٠٥–ل٥٨).

تەنانەت تورکمانەکان گەورە عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکە ، کە گەورەترین مەلاکی ناوچەکەش بوون بە میوان دەزانن لە ناو شاری کەرکووک ، سەیری ئەم پەرەگرافە بکەن :

## العشائر والعوائل الكردية

١– الطالبان : سكنت شيوخ الطريقة الطالبانية مدينة كركوك قبل وفي منطقة المعروفة الان (التكية الطالبانية ) على اثر التوجيه الصادر من السلطان العثماني عبد المجيد في حينه ، حيث لاقت العشيرة الدعم المادي والمعنوي من قبل السلاطين العثمانيين لمكانتهم الدينية اولاً واهتمام و تعلق السلاطين بشيوخ الطرق الصوفية المختلفة بغض النظر عن انتمأتهم القومية والمذهبية والطائفية ؟

٢– خانقاه : سكنت العائلة التكية المعروفة بأسمها ( تكية خانقاة ) والمستخدمة حالياً كمدرسة دينية في ثلاثينات القرن الماضي بعد ان لاقت العائلة كل الدعم والاحترام من قبل اهل كركوك ولاسباب دينية بحتة اسوة بالعوائل الكردية الاخرى كالبرزنجة والطالبانية والجبارة .

٣– البرزنجة : سكنت عوائل متفرقة منهم مدينة كركوك مع منتصف القرن السابق (العشرون) ولاسباب دينية بحتة ايضاً بعد ان لاقت كل الدعم من قبل المسؤولين في الدولة الى جانب احترام وتقدير اهل كركوك العفوي واللامتناهي للسادة اصحاب الطرق الصوفية المختلفة على مر التاريخ وبألشكل الذي دفعهم الى تقاسم رغيف الخبز معهم.

٤– الكاكائية : استوطنت العشيرة منطقة داقوق وضواحيها بعد قيام الحكم الوطني في العراق وتنصيب ( فيصل ) ملكاً على العراق عام ( ١٩٢١ ) م تثميناً لمواقف شيوخ العشيرة المساند لقوات الاحتلال البريطاني التي دخلت العراق مع قيام الحرب العالمية الاولى ( ١٩١٤ ) م وتأييدهم بتنصيب ( فيصل ) ملكاً على العراق بعد طرده من سوريا ، حيث جلبوا الى كركوك من مناطق خانقين وقصرشيرين ومنحهم الامتيازات المختلفة



٥– جبارة : سكن اجداد الشيخ نجيب جباري مدينة كركوك وبالذات قلعتها الشامخة بداية القرن الثامن عشر ولاسباب عسكرية ودينية ايضاً ، حيث يشهدالتاريخ لهم مواقفهم البطولية بالتصدي للهجمات الايرانية المتكررة على مدينة كركوك وافشالهاأبأن الخلافة العثمانية ، حيث كرمت الخلافة العثمانية ممثلة بالسلطان عبد الحميد العائلة بأهدائها ( الشعرالنبوي ) والموجودة ليومنا هذا حيث يزار في الاعياد والمناسبات الدينية (( العشائر والعوائل التي ضيفتها كركوك عبر العصور– ابراهيم آوجي – موسوعة تركمان العراق)).

**سەرنجی ئەم ساڵنامانەش بدەن ،**

**کە نوسەرانی تورکمان بە گرنگی دەزانن :_**

سالنامه عام ١٨٩٢ ) عن كركوك ما يلي :

يحيط بمركز سنجق كركوك السليمانية شرقا ،كويسنجق واربيل شمالا ،والموصل غربا ،وقضاء الصلاحية (كفري) جنوبا ،وولاية بغداد من المنطقة الجنوبية الغربية.
يقيم في كركوك (١٢٤٦١) من المسلمين و(٢٢٩) من الكلدان و( ٣٨١) من اليهود.
يوجد في المدينة (٥٠٠٠) دارا سكنية، مبنى حكوميا واحدا،قلعة واحدة ،١١ مركزا للشرطة،٣٦ جامعا ومسجدا ،٧ مدارس دينية،١٥ تكية ،١٢ خانا،١٢٨٢ دكانا ومخزنا،٨ حمامات،١٥ مدرسة ابتدائية،مدرسة متوسطة ،١٢ مخبزا،١٥ طاحونة مائية،٣ كنائس،كنيس واحدا لليهود ،صيدلية واحدة،مستشفى واحدا،٣٠ محلجا ومغزلا. تتألف كركوك من ثلاثة احياء رئيسية: القلعة،الصوب الآخر (قارشي ياخا ) والقورية.وبهدف استمرار الحركة بين قسمي القلعة والقورية أثناء السيول وأمطار العارمة في الشتاء ، قام نافذ باشا ببناء جسر حجري.
تشتهر كركوك بالنفط وانتاج المرمر وفحم الزفت . الجزء الأعظم من سكان مدينة كركوك أتراك (كذا) يتحدثون التركية،وهناك قليل من العرب والأكراد . يبلغ عد الدور السكنية في القرى المحيطة بكركوك مثل تسان (تسن ـ تسعين) ،بشير،تازة خورماتو ٢٠٠ دارا.وعدد القرى التابعة لها ٥٣٢ قرية .(( وثيقة عثمانية نادرة عن كركوك– نصرت مردان)).

(( ويبلغ مجموع عدد سكان مدينة كركوك ٢٩١٤٠ نسمة ، منهم ١٢٤٦١ مسلم و٢٢٩ كلداني و٣٨١ موسوي . ومجموع كل هذا من الذكور ١٣٠٧١ نسمة و١٣٠٦٩ من الاناث و٣٠٠٠ من الاجانب .

في مدينة كركوك بناية واحدة متخذة لمركز الحكومة وبناية واحدة مخزناً لقوى الاحتياط من الجند واحد عشر مركزاً للشرطة ، وقلعة واحدة و٣٦ جامعاً ومسجداً و٧ مدارس و١٥ تكية وزاوية (رباط ) و١٢ خاناً و١٢٨٢ دكاناً ومخزناً و٥٠٠٠ بيتاً و٨ حمامات و١٥ مدرسة للبنين ومدرسة رشدية واحدة و١٢ مخبزاً ( فرن ) و١٥ طاحونة ماء و٣ كنائس ومعبداً واحداً لليهود وصيدلية واحدة وسوقاً مسقفاً واحداً ( قيصرية ) ومستشفى واحدا و٢٠ ورشة لحياكة القماش والكتان ومعمل حبل واحد .

ومناخ وهواء كركوك لطيف جداً ، ونادراً ما تصل درجة الحرارة في شهر تموز ٤٥ درجة . وازاء هذا الارتفاع في درجات الحرارة يكون المنام ليلاً على سطوح بيوت كركوك وسيلة مثلى للتهوية .

تنقسم مدينة كركوك الى ثلاثة اقسام : القلعة والصوب الكبير ( اسفل القلعة ) والقورية ( الصوب الصغير ) .

وفي القلعة توجد ثلاثة أحياء ، وهي حمام وأغالق وميدان . وفي الصوب الكبير توجد ثمانية أحياء ، وهي جاى وجقور ومصلى وبولاق واوجى واخي حسين (٢) وامام قاسم وبريادى . وفي قورية ثلاثة أحياء كبيرة هي بكلر وشاطرلو وصارى كهية .

واهالي كركوك عموماً أتراك ويتكلمون التركية ، وهناك نحو الغرب بعض مجاميع من العرب والكرد وقليلاً من الفرس .

بين القلعة والقورية هناك نهر صغير تجف مياهه صيفاً . وقد أنشأ المشير نافذ باشا على النهر جسراً حجرياً جميلاً ذا ١٦ منافذ لانسياب المياه .

وعلى بعد ٦ ساعات من شمال كركوك ينبع ( ٤ ) جداول صغيرة ، وهي قورية وتسعين وزاوية وبيلاوه ، لسقي وارواء المزروعات والبساتين وفوائدها كثيرة لا تحصى لكركوك .

: انظر ( موصل ولايتى سالنامــه سى ، ١٣١٢ قمري ، ١٣١٠ رومي ، ١٨٩٤ م ، مكتوبى ولايت مميزى عزتلو صادق افندى معرفتيله ترتيب وطبع اولندى ، موصل ولايتى مطبعه سى . *ص ٢٩٨ – ٣٠٣ *((*كركوك في سالنامة الموصل* – نجاة كوثر أوغلو))



**ئەمەش وەڵامی د. جەبار قادرە بۆ ئەو نووسەرانە**

((فبعد إعلان الدستور عام ١٨٧٦ مثلا ، أخذت السالنامات تنشر و بصورة دورية ، نص القانون الأساسي (الدستور العثماني) ، حتى بعد حل المجلس و تعليق العمل بالدستور، مسبوقا برسالة التكليف التي أرسلها السلطان عبدالحميد الثاني (١٨٧٦ – ١٩٠٩) الى مدحت باشا يطلب منه فيها اعلان الدستور(٢).

. وفيما يتعلق بالولايات العراقية فإن ولاية بغداد بدأت منذ عام ١٢٩٣ هجري (١٨٧٦ م) بإصدار سالنامة خاصة بها. أما ولايتا البصرة و الموصل فقد بدأتا بإصدار سالناماتها منذ عام ١٣٠٨ هجري (١٨٩٠ – ١٨٩١ م) (٣). وقدر تعلق الأمر بسنجق كركوك فإن السالنامات الصادرة عن ولاية الموصل تتضمن معلومات مهمة لا بد للباحث في تاريخ المنطقة أن يطلع عليها . ما يهمنا هنا ان ولاية الموصل أصدرت خمسة أعداد من السالنامت الخاصة بها. صدر العدد الأول عام ١٣٠٨ هجري (١٨٩٠ – ١٨٩١ م) و العدد الثاني عام ١٣١٠ هجري (١٨٩٢ – ١٨٩٣ م) . أما العدد الثالث فقد صدر عام ١٣١٢ هجري (١٨٩٤ – ١٨٩٥ م) والعدد الرابع عام ١٣٢٥ هجري (١٩٠٧ – ١٩٠٨م)، أما العدد الخامس والأخير فقد صدر عام ١٣٣٠ هجري (١٩١٢ م) من حقنا أن نتساءل أية سالنامة يشير الى معلوماتها السيد نصرت مردان ؟

و حول التركيب القومي لسكان سنجق كركوك أكتفي بالأشارة الى مثال واحد فقط. فقد قدرت سالنامة ولاية الموصل لسنة ١٣٣٠ هجري (١٩١٢ م) عدد سكان لواء كركوك عموما ب ٩٤٥٨٨ نسمة و مجموع سكان قضاء مركز كركوك وحده ب ٤١١٣٧ نسمة معظمهم من المسلمين الذكور. و حسب السالنامة كان الكرد يشكلون أكثرية سكان السنجق (٥). وقلما كانت السالنامات تشير الى الأنتماء القومي للسكان بل كانت تؤكد دائما على إنتمائهم الديني مع الأشارة الى اللغة السائدة و التي كانت بطبيعة الحال التركية العثمانية في كركوك و غيرها من الولايات الخاضعة للسيطرة العثمانية.

فقد ضمت في القرن السادس عشر ١٦ سنجقا ، إرتفع عددها في منتصف القرن التالي الى ٣٢ سنجقا، و التي كان أكثرها عبارة عن قلاع على رؤوس الجبال و عند المضايق المهمة ، وقد اندثر معظمها بفعل الحروب المستمرة بين العثمانيين و الأيرانيين أو بين

الأمراء الكرد أنفسهم . و من بين أشهر سناجق شهرزور الى جانب كركوك المركز، كانت أربيل، حرير، كوي ، شماملك، سهل مخمور، أوشنو، سروجك، شهرزور، شهربازار، مركة، هزارمير ، شميران، قرداغ ، قزلجة، انجيران، جبل حمرين و سناجق أخرى لا تعرف مواقعها الآن (٧)(( السالنامات العثمانية و حكاية الوثائق النادرة عن كركـــوك - )) الــــدكتور. جبـــار قـــادر

٦

## ئایا کەرکووك لە بارە بێ بە پایتەختی کوردستان؟

پایتەخت جەمسەرگەری هەستی نەتەوایەتی و ئامرازی پێکەوە بەستنی ڕەگەزە جیاوازەکانی نەتەوەیە ، هێمایەکی نیمچە پیرۆزە لای خەڵکی وڵاتەکە . پایتەخت لە جیهانی سیاسەتدا ، ڕۆڵی دڵی وڵات دەگێڕێت ، بۆیە تەندروستی دڵ چۆن بۆ مرۆڤ لە هەموو بەشەکانی دیکەی جەستە گرنگترە ، لە گەڵ ڕاوەستانیدا ژیان کۆتایی پێدێت ، بەهەمان شێوە پایتەختیش هەر وایە ، لەگەڵ هەر کارەساتێك کە بە سەریدا دێت ، چارەنووسی نیشتمان دەکەوێتە مەترسییەوە .

دیاریکردنی پایتەخت بۆ وڵات وەك دیاریکردنی دڵە بۆ جەستە . ئەگەر بتەوێت دڵ بۆ نیشتمانەکەت دیاری بکەیت ، دەبێت بە دوای باشترین پارچەی وڵاتدا بگەڕێیت ، بۆ ئەوەی بە سانایی بە ڕوداوەکان نەلەرزێت ، دیاریکردنی دەبێت دور بێت لە سۆز و هەڵچوون .



پایتەخت هەر سەنتەری کارگێڕی وڵات نییە ، بەڵکە لە بەرامبەر دەرەوە ، هەیبەتی قەوارە سیاسییەکەی دیاری دەکات ، چەندە جوان و پێشکەوتوو و دەوڵەمەند بێت ، ئەوەندە پۆینتی وڵات لە دەرەوە بەرز دەکاتەوە ، ناوداری برۆکسل بۆ بەلجیکا بووە بە نیعمەت ، قاهیرەش بۆ میسر .

لەگەڵ لە دەست دانی پایتەخت ورەی دەوڵەت دەڕوخێت و هەرەس دەهێنێت ، کەوتن و گرتنی پایتەخت نیشانەی کەوتنی دەوڵەتە ، گرتنی قوستەنتنییە لە لایەن عوسمانییەکانەوە ، کریستانی لە دیوی ئاسیا هەڵتەکاند ، بەڵام نەگرتنی ڤێنا نەمسای لە ڕوخان پاراست .
پاش گرتنی پایتەختی وڵات ، سەرباری ئەوەی ورەی دەوڵەت دەڕوخێت ، ئەگەری لە دەستدانی شەرعییەتی سیاسیشی هەیە .
ئەگەر پایتەخت دڵ و هەیبەت و هێمای وڵات بێت ، دەبێت لە دیاریکردنیدا وردبین بین ، بە تایبەت بۆ کورد زۆر هەستیارە ، کە بەدەست بێ دەوڵەتییەوە دەناڵێنێت ، دەبێت هەست و سۆز زاڵ نەبێت لە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی پایتەختدا .

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت لەسەری بووەستم ئەوەیە ، ئایا کەرکووك بە کەڵکی ئەوە دێت لە ئایندەدا ، کورد بیکات بە دڵی فەرمانڕەوایی خۆی ؟، ئایا لە ناو شورای کەرکووکدا دەسەڵاتی پارێزراوو سەقامگیر دەبێت ؟ ، هەست بە ئاشتی و ئاسایش دەکات ؟ .

بۆ ئەوەی لە ئێستاوە کورد بۆ ئایندە بناغەی دەوڵەت دابنێت ، دیاریکردنی پایتەخت ، سنووری کوردستان ، نوسینەوە و پەسەندکردنی دەستوور ، پایە گرنگەکانن بۆ گەیشتن بەو خەونە مێژوییە .

کوردستان هەموو تایبەتمەندییەکی هەرێمی جوگرافیای هەیە ، کە پێش مەرجە بۆ بوون بە دەوڵەت (( هەرێمی جوگراڤ ئەو پارچە خاکەیە ، کە دیاردەیەك یان چەند دیاردەیەك جوگرافیاییان پێك دەچێت تا ئەو ڕادەیەی وا لەو پارچە خاکە دەکات ، تایبەتمەندییەکی وایهەبێت لە پارچە خاکەکانی دەورو بەر جودای بکاتەوە (١) .

ئەو هەرێمە جوگرافیایە دەبێت ، خاوەند چەند تایبەتمەندییەك بێت ، گرنگترینیان لەمانەی خوارەوە کورت دەبێتەوە :

(( سەرنجامی هەموو هەرێمێك دەبێ :

– سنووره ئیقلیمیەکەی و جموجۆڵ و چالاکیە جیاجیاکانی خەڵکەکەی لەگەڵ یەکتردا بگونجێن .

–پایتەختێکی ئیقلیمی هەبێ کە وەك ناوەندێك لانی کەمی پێداویستییەکانی دانیشتوانەکەی دابین بکا.

–سنووره ئیدارییەکەی لەگەڵ دیاردە سروشتی و مرۆییەکاندا بگونجێ ( ٢ ) .

کەواتە بوونی پایتەخت یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی بوونی هەرێمی جوگرافیا . پایتەخت ئەو شارەیە لە وڵات یاخود هەرێم ، فەرمانی کارگێری هەرێم یاخود وڵاتی پێ دەسپێردرێت ، دەزگا کارگێڕی و سیاسییە سەرەکییەکانی وڵات لەو شارەدا کۆدەبنەوە ، هەرچەندە لە زۆر وڵاتدا پایتەختی ئابوری و سیاسی جیان لە یەکتر ، هۆڵەند ، سویسرا .... .

پایتەخت بۆ دانیشتووانی وڵات خاڵی شانازییە ، هێزی خۆیان لە گەشەی پایتەخت و بەرزی ئاپارتمانەکانی و جوانی و پاکی شەقامەکانی ، بەریزی ڕوپێوەکەی ، چڕی دانیشتوانەکەی ، دەوڵەمەندی دانیشتووانەکەی ، دڵڕفێنی و شوێنی گەشت و گوزار و ژمارەی گەشتیاران و مەزنی کۆبونەوە نێو دەوڵەتییەکان تێیدا دەبیننەوە .

ڕوو دەرەوەش ، پەنجەرەی وڵاتە ڕوو لە دەرەوەی خۆی ، نیشانە سیاسییەکەیەتی ، هێمای پێشکەوتن و گەشەکردنییەتی .
تایبەتمەندییەکانی پایتەخت

پایتەخت دەبێت خاوەند کۆمەڵێك تایبەتمەندی باش و گونجاو بێت لە ناو سەرجەم شارەکانی وڵات ، بۆ ئەوەی لەناو هەموویان ئەو هەڵبژێردرێت بۆ هەڵسان بەو ئەرکە



گرنگە کارگێڕییە ، دەتوانین بەشێك لەو تایبەتمەندیانە ، کە پێویستە لە پایتەختدا بوونی هەبێت ، لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە :

– شوێنی شار : لە زۆربەی بوارەکاندا ، پایتەخت لەو شارانە هەڵدەبژێرێت ، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی هەرێمەوە (چەقی قورسایی ئەندازەیی ) ، بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە هەڕەشەی دەرەوە و هاوسەنگی لە نێوان بەشەکانی وڵات ڕابگرێت .

گرتنی پایتەخت زۆرجار خۆ بەدەستەوەدانی وڵات بووە ، دوای گرتنی پاریس فەرەنسا خۆی بەدەستەوە دا ، بۆیە جێگەی شار لە وڵات گرنگی خۆی هەیە بۆ دیاریکردنی پایتەخت ((ناوەڕاستی لە ڕووی نمونەییەوە پێویستە پایتەخت بکەوێتە ناوەڕاستی وڵاتەکەوە ، بکەوێتە چەقی ئەندازەییەوە ، ڕەنگە ئەم شوێنە پارێزگاری بۆ شارەکە دەستەبەر بکات لە بەرامبەر مەترسی و هێرشە زەمینییەکان ، یان بۆ ڕاگرتنی جۆرێك لە هاوسەنگێتی لە نێوان بەشەکانی دەوڵەتەکەدا ، هەرلەبەر ئەمەشە لە باری ئاساییدا پایتەخت دوور دەخرێتەوە لە سنووره ووشکانی و ئاویەکان ، لەبەر ئەمە بوو دوو پایتەخت گوێزرایەوە لە ئەستەنبوڵەوە _کە شوێنێکی زۆر پەراوێز بوو –بۆ ئەنقەرە لە ناوەڕاستی تورکیادا ، مەدرید لە ناوەڕاستی ئیسپانیادایە ، ڕۆما لە ناوەڕاستی ئیتاڵیاو .........( ٣ ) .

لەبار بوونی شوێنی شار ، سەرکیترین خاڵە لە دیاریکردنی پایتەختدا ((بەلای زانا (فۆن کۆڕنیش)ەوە مەرجی سەرەکی شوێنی پایتەخت(شوێنی دیار–موقع بارز)ە . چونکە پایتەخت بە تەنها ((نوسینگەی سەرەکی)) ناوخۆ نیە، بەڵکە پەنجەرەکی والآیە لەسەر جیهانی دەرەوە ، دیاری کردنی شوینی پایتەخت دوو بیرۆکە کێش دەکات : فەرمانە ناوخۆییەکەی کە وەك ڕێکخەری ئاوازەکان وایە بۆ هەرێمی دەوڵەتەکە ، فەرمانە دەرەکیەکەشی وەك لێپرسراو یان خاوەن فرمان(ولی امر)ی دەوڵەتەکەیە لەگەڵ دەوڵەتانی تردا ( ٤ ) .

لەم بوارەدا کەرکوك بەهۆی پەرپیەکەی ، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر سنووری کوردستان ، خاڵی تەماسی کێشە نەتەوایەتییەکانە لە عێراق ، هێشتا کێشمەکێش و ململانێکان نەگەیشتوونە بە ئەنجام لە سەر ناسنامەی نیشتمانی شارەکە ، بۆیە

لەم بوارەدا کەرکووک لەبار نییە بۆ دیاریکردنی بە پایتەختی کوردستان ، لاەازترین شوێنە .

زۆر وڵات هەیە بەهۆی سەرپەڕی ئەو شارانەی کە مایەی شانازی نەتەوەو وڵاتە تیایدا ، لێ نەکراون بە پایتەخت ، نموونە ئەستەنبووڵ ((هەڵبژاردنی ئەنقەرە بۆ پایتەختی تورکیا دوای ئەستەنبووڵ ، ڕاستکردنەوەی شوێنە سەرپەڕییەکەی ئەستەنبووڵ بوو .. )) ، هەرچەندە ((هێشتا ئەستەنبووڵ جوانترین و گەورەترین شاری تورکیایە ، پلەو پایەی نەتەوایەتی و کولتوری لە دەست نەداوەو هەر بە ڕێز و ستایشەوە سەیری دەکرێت )) . بۆیە دەشێت کەرکووک پایتەختی سیاسی کوردستانیش نەبێت ، بەڵام ببێتە هێمای نەتەوە و پلەو پایەی بەرز لەناو هاووڵاتیانی کورد داگیربکات .

گواستنەوەی پایتەخت لە پترسبۆرگەوە بۆ مۆسکۆ نموونەیەکی دیکەیە . بۆیە دەشێت شارێك پلەو پایەی بەرزی لای نەتەوە هەبێت ، وەلێ نەکرێتە پایتەخت ، بەهۆی لەبار نەبوونی جێگەکەی و لاوازی پێگەی سەربازییەکەی .

هەڕەشەی دەرەوە ، بوونی ململانێ لە سەر ناسنامە ، لەبار نەبوونی شوێنی لە ڕوی جوگرافیاوە وا دەکات شانسی بە پایتەختی بوونی کەرکووك لاواز بکات . هەرچەندە کەرکووك جێگەی بەرزی هەیە لای کورد ، بۆتە هێمای یەکێتی خاك و نەتەوە ، بەڵام شوێن و جوگرافیا هەموو ئەو پیرۆزییانە دەسڕێتەوە .

ڕاستە کەرکوك بەهای نەتەوایەتی و هەرێمایەتی گرنگی هەیە ، دەکرێت بکرێتە سەنتەری یەکێتی وڵات ، پایتەختی یەکێتی نەتەوایەتی ، بەڵام نەك پایتەختی سیاسی .

– گەورەترین شار لە وڵات : هەرچەندە لە زۆربەی وڵاتان پایتەخت گەورەترین شاری وڵاتە ، بەڵام مەرج نییە هەموو کات وا بێت ، واشنتۆن بچوکترە لە نیورۆك ، ئەنقەرە لە ئەستەمبوڵ ، پەکین لە شەنگەهای ، بەرازیلیا لە ساوباولۆ .



لەم بوارەدا کەرکووك بەم باروۆخەی ئێستاوەی ، نە گەورەترین شاری کوردستانی باشوورە ، نە جوانترینیشە ، نە پێشکەوتووترینە ، مێژوو و نەوت و کێشمەکێشی نەتەوەکان لەسەری لە هاوکێشەکە دەرکەینە دەرەوە ، کەلاوەیەکی مەزنی لێ دەمێنێتەوە .

– سنوور : هاوسنوری پایتەخت لەگەڵ دەرەوە ، لە گەڵ هەر دەسکارییەکی سنووردا ، پایتەخت دەلەرزێنێت ، جێگەو ڕێگەی سیاسی وڵات دادەبەزێت ، بۆیە دوور بوونی پایتەخت لە سنوورەوە بۆ وڵات زۆر گرنگە ، بە تایبەت کورد کە بە دوژمن ئابلوقە دراوە ، هاوسنووری کەرکووك لە گەڵ دەرەوە و پوازە نەتەوەیەکانی ناو کوردستان ( تورکمان – عەرەب – سریان ) وا دەکەن لەم بوارەدا کەرکووك لە بار نەبێت بۆ بوون بە پایتەخت .

– ئاسایشی گشتی : هێمنی و ئاسایش بۆ پایتەخت گرنگە ، ململانێی نەتەوایەتی توند لە نێوان کورد و تورکمان و عەرەب لەسەر باڵادەستی لە شاری کەرکووکدا ، بوونی ئەو ڕادە بەرزەی تورکمان و عەرەب لە شارەکە ، جێگەو ڕێگەی کورد لە ناو شارەکە لاواز دەکات ، جێگەو ڕێگەی لاواز لە پایتەختدا ، دەربڕی لاوازی حکومەت و دەسەڵاتیش دەگەیەنێت ، ئەدیس ئەبابا نموونەیەکە بۆ ئەمە .
بۆیە کەرکووك لەم بوارەدا پوینتی زۆر لاوازە بۆ بوونی بە پایتەخت . سەرباری ئەوەی هیچ کام لەو نەتەوانە ، ئامادە نین قەبوڵی ئەوە بکەن ، کەرکووك ببێتە پایتەختی کوردستان ، ئەوان ناوەکەی لە بنەچەوە ڕەت دەکەنەوە .

– گونجاوی ئاووهەوا : سازگاری ئاووهەوا گرنگە بۆ نیشتوجێ بوون و دیاریکردنی پایتەخت ، لە وڵاتە گەرمەکان پایتەخت لە هێڵی ئیستوایی دور دەخرێتەوە نموونە ، خەرتووم ، قاهیرە ، هیندستان ، نایجیریا ، لە ناوچە ساردەکان بەدوای ناوچەی گەرما دەگەڕێن ، ئۆسلۆو ستۆکهۆڵم ، لەم بوارەدا ئاووهەوای کەرکووك زۆر لە بار و گونجاوە .

– ئەکیومین : مەرج نییە هەموو کات ناوەڕاستێتی ئەندازەیی دڵە زیندووەکەی دەوڵەت بێت ، ئەگەر پایتەخت نەکەوێتە ناوەڕاستی ئەندازەییەوە ، ئەوە دەکەوێتە

ناوەڕاستی ئەكیومینەوە . ئەوەی ئەكیومێنی دەوڵەت دیاری دەكات (شوێن ، بەرزو نزمی ، ئاووهەوا).

لە وڵاتێك ئەكیومینەكەی كەناری بوو ئەوا پێویستە پایتەخت لە ناوەڕاستی ئەودا بێت وەك ئۆسلۆ و ستۆكهۆڵم . یاخود ئەكیومینی كەناری بەپیتی زەوی و سەر ڕووبار وەك قاهیرەو لەندەن و باریس ( ٥ ) .

– باری ئابوری دانیشتووانەكەی : دەوڵەمەندی دانیشتووانی پایتەخت وا دەكات ببێتە بازاڕێكی بەكاربەری باش ، ئەمەش وا دەكات پیشەسازییە ئارایشییەكان بەرەو پایتەخت بێن بۆ نموونە پاریس ، بەڵام خەڵكی كەركوك هەژارترین جەماوەری كوردستانن ، تایبەتمەندییەكی خەڵكەكەی ئەوەیە پاشەكەوتكەرن زیاتر نەك بەكار بەر ، باشترین شاری بەكاربەر لە كوردستان شاری سلێمانییە .

– پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە : پەیوەندیكردن بە دەرەوە گرنگە لە دیاریكردنی پایتەخت ، ئەو شارانەی ڕوو لە دەرەوەن باشترن بۆ پەیوەندی ، لە بەر ئەوەی كوردستان كەناری دەریای نییە ، بۆیە لەم بوارەدا هەژارە شاری گونجاوی نییە .

– باری سروشتی شاری : بوونی جێگەی سروشتی لە بار بۆ داكۆكی كردن ، لە كاتی هێرشدا گرنگە بۆ پایتەخت ، بە تایبەت بۆ كوردستان ، لەم بوارەدا كەركوك زۆر هەژارە ، لە هەرچوار لاوەی دەشتاییە ، بە بوونی هەندێك تەپۆلكەوە ، لەكاتی پەلاماردا جێگەكەی شوێنی بەرەنگار بوونەوەی تێدا نییە .

لە كۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ، كەركوك شارێكی لەبار نییە بۆ دیاریكردنی بە پایتەختی كوردستان ، پێویستە سۆزی نەتەوەیی و شارچێتی بەسەر دیاریكردنی دروشمە سیاسییەكانمان زاڵ نەبێت ، تاكو پێمان بكرێت ڕپالیستییانە بیر بكەینەوە ، ئەگەر دەمانەوێت پایتەختێكی بەهێز بۆ كوردستان دیاریبكەین لە ئایندەدا ، پایتەختی بەهێز دەربڕی وڵاتی بەهێزە .



٣٤٪ داهاتی دەوڵەت ، ١٣٪ دانیشتووان ، ٢١٪ دانیشتووانی شارنشینی ، ١١٪ كرێكاران ٣٠٪ سەرمایەگوزاری ، ٤٠٪ بازرگانی ، ٢١٪ بەرهەمی نەتەوەیی وڵات دیاری دەكات ( ٦ ) .

**سەرچاوەكان :**


١– ((دیاریكردنی سنووری جوگرافیی هەرێمی كوردستانی عێراق –پرۆفیسۆر د.خلیل ئیسماعیل محەمەد – جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق –سەنتەری برایەتی–ل١١).

٢– (( ل١٣–دیاریكردنی سنووری جوگرافیی هەرێمی كوردستانی عێراق –پرۆفیسۆر د.خلیل ئیسماعیل محەمەد – جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق –سەنتەری برایەتی).

٣– ((دەوڵەت و كێشە نێودەوڵەتیەكان

د.عەبدواڵڵە عەتەو ی– لە عەرەبییەوە –جەزا تۆفیق تاڵیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد –سەردەم ٢٠٠٣–سلێمانی –ل٨٩–٩٠).

٤– (دەوڵەت و كێشە نێودەوڵەتیەكان –د.عەبدواڵڵە عەتەو ی– لە عەرەبییەوە – جەزا تۆفیق تاڵیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد –سەردەم ٢٠٠٣–سلێمانی ل٨٩).

٥– (( دەوڵەت و كێشە نێودەوڵەتیەكان –د.عەبدواڵڵە عەتەو ی– لە عەرەبییەوە –جەزا تۆفیق تاڵیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد –سەردەم ٢٠٠٣–سلێمانی )).

٦–( الاتراك الیوم – اندرو مانغو – جزیرة نیت – ٩–١–٢٠٠٥).







| | | |
|---|---|---|
| ٢– كركوك والتگهير العرقى | ديكۆمێنت | و: رەعد بابان |
| ٣– مانيفێستەكانى پووچى | هۆزان | مەهدى زريان |
| ٤– شيعرى هەڵبژاردە بۆ منداڵ و گەورە | هۆزان | لەتيف هەڵمەت |
| ٥– بەرەو شێت بوون | هۆزان | عومەر سەيدە |
| ٦– دڵۆپە | هۆزان | يوسف لەتيف |
| ٧– ماچ | كۆمەڵە دەق | بەكر دەروێش |
| ٨– چاوبڕكێى سەر زورگەكان | چيرۆك | حەمە سەعيد زەنگنە |
| ٩– داوەتى كۆچەريان | چيرۆك | حەمە كەريم عارف |
| ١٠– ناسنامەى دەق | رەخنە و لێكۆڵينەوە | د. فوئاد رەشيد |
| ١١– شرۆڤەيەك لە بازنەدا | گوتارو رەخنە | سەردار جاف |
| ١٢– – تەكنيكى گێڕانەوە لە چيرۆكەكانى مارف بەرزنجيدا | لێكۆڵينەوە | شوكريە رەسوڵ |
| ١٣– گەڕانەوە بۆ حەيفا | چيرۆكى وەرگێردراو | ئەحمەد عارف |
| ١٤– سۆسيۆلۆژياى شيعرى كوردى | لێكۆڵينەوە | د. ئازاد عەبدولواحێد كەريم |
| ١٥– لە هەردەكانى كوردستانەوە بەرەو بيابانى عەرەب | رۆمان | جەليل محەمەد شەريف |
| ١٦– بانێژەى خەمەكانى شارەكەم | هۆزان | بورهان بەرزنجى |
| ١٧– عەورەتى گەلا | هۆزان | سيروان ناشاد |
| ١٨– هونەرى رۆژنامەنووسى لە گۆڤارى نزاردا | لێكۆڵينەوە | شوان خورشيد |
| ١٩– ژوانى عەشقدارى | شانۆگەرى | وريا شەهاب |
| ٢٠– ئۆپەرێتەكانى هەزارەى سێيەم | هۆزان | بورهان ئەحمەد |
| ٢١– ئێوارەيەك نايەمەوە | هۆزان | لەتيف فاتيح فەرەج |
| 2٢– سيفرى ئاگر | هۆزان | كەريم دەشتى |
| 23– لە روانگەى زماننانسييەوە | لێكۆڵينەوە | و: د. ئازاد ئەمين باخەوان |
| ٢٤– گورگ | چيرۆكى وەرگێڕدراو | و: عەلى بەرزنجى |
| | | – خاليد مەجيد فەتحوڵڵا |

٣٣– دەروازەيەكى م

٣٤– ئەشكەوتى خوێ

٣٥– مەرگى نووسەرو
رۆشنبيرى

٣٦– منداڵێك بووم لە

٣٧– خۆشنووسانى ك

٣٨– بەرسيلە عيشقى

٣٩– مانگ

٤٠– چەمك و ستاتيك

٤١– ئەرشيفەكانى ف

٤٢– ئەو نامانەى بە

٤٣– هەقايەتى داپير

٤٤– دەروازەيەكى م

٤٥– كورد لە سێبەر

٤٦– زەمەنێك بۆ خە

٤٧– گەلا رژاوەكان

٤٨– كچەكانى حەوا

٤٩ – كرمەزاڵ

٥٠– گێژاو

٥١– ئەفسونى ئاوێنە

٥٢– يارێكم هەيە لە

٥٣– هاوارێك ...هەر

٥٤ – شارێكي قاوەيي